# هەزار مێرد

ژمارە (١١)

ساڵی سێیەم

ئاداری ٢٠٠٠

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە،
لە شوێنەوار و مێژوو و کەلەپووری کوردستان دەدوێ





وەزارەتی رۆشنبیری
حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات

# هه زار مێرد

ژماره: ١١

سالی سێیه‌م

ئاداری ٢٠٠٠

وه‌رزه گۆڤارێکی زانستییه له شوێنه‌وارو مێژوو و که‌له‌پووری کوردستان ده‌دوێ

وه‌زاره‌تی رۆشنبیری حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان ده‌ری ده‌کات

خاوه‌نی ئیمتیاز: وه‌زاره‌تی رۆشنبیری

سه‌رنووسه‌ر: د.نه‌به‌ز مه‌جید ئه‌مین

سکرتێری نوسین: که‌مال نوری مه‌عروف



ده‌سته‌ی نووسه‌ران:

د. که‌مال عه‌لی

د. دلێر ئه‌حمه‌د

سازان حسین

رافده عه‌بدوڵڵا

نه‌سرین خواکه‌رم

هاشم حه‌مه عه‌بدوڵڵا

په‌خشان عه‌بدوڵڵا محه‌مه‌د

وفاء خه‌لوق سه‌عید



ناونیشان: سلێمانی.. وه‌زاره‌تی رۆشنبیری .. به‌ڕێوه‌به‌رێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنه‌وه

ژماره‌ی ته‌له‌فون ٢١٣٧٦



# هزارمیرد

العدد : ١١

السنة الثالثة

آذار ٢٠٠٠

مجلة علمية فصلية تبحث في تاريخ و آثار وتراث كوردستان

تصدرها وزارة الثقافة في حكومة اقليم كوردستان

صاحب الأمتياز: وزارة الثقافة

رئيس التحرير: د.نبز مجيد امين

سكرتير التحرير: كمال نوري معروف



هيئة التحرير:

د. كمال علي

د. دلير احمد

سازان حسين

رافدة عبدالله

نسرين خواكرم

هاشم حمه عبدالله

پەخشان عبدالله محمد

وفاء خلوق سعيد



العنوان : السليمانية .. وزارة الثقافة .. المديرية العامة للطباعة و النشر ..

رقم التلفون : ٢١٣٧٦

بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی
ژمارە /
بەروار / /
کتێبخانە

# هەزارمێرد

ژمارە ١١
ساڵی سێیەم
ئاداری ٢٠٠٠

وەرزە گـۆڤـارێـکی زانـسـتـیـیـە،
لە شوێنەوار و مێژوو و کەلەپووری کوردستان ئەدوێ
وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات

## نـــاوەڕۆك


| ژ | بابەت | نووسەر/وەرگێڕ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ١ | وتەیەك | وەزیری ڕۆشنبیری | ٣ |
| ٢ | مێژووی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك | ئەژی | ٤-٢٣ |
| ٣ | کفری شاری بەرەبەیانی مێژوو | حەسەن عەلی سەلیم | ٢٤-٢٩ |
| ٤ | هونەری بیناسازی لە زەقورەی عەگەرگوفدا | هاشم حەمە عەبدوڵلا | ٣٠-٣٦ |
| ٥ | دوین | عبدالرقیب یوسف | ٣٧-١١٥ |
| ٦ | گرنگی لێکۆڵینەوە و خوێندنی زانستی مۆزەخانەکان | شاری السماوی /و: حەسەن عەلی عەبدولکەریم | ١١٦-١٢٥ |
| ٧ | چاوگێڕانەوەیەك بە ڕابوردووی مێژووی زەردەشتدا | حەسەن عەبدولکەریم | ١٢٦-١٣٧ |
| ٨ | ناز خاتون کچی ئەمیری کوردستان | مێژوونووسیکی کورد | ١٣٨-١٤٠ |
| ٩ | کوردەکانی عێراق | نوسینی ئەدمۆنز / و: سەلمان عەلی | ١٤١-١٥٥ |


## المحتويات


| ت | الموضوع | الكاتب | الصفحة |
|---|---|---|---|
| ١ | الگوتيون سكان كردستان القديمه | رافده عبدالله قرداغي | ١٥٧-١٦٢ |
| ٢ | باربوتين من ياسين تپه | وفاء خلوق سعيد | ١٦٣-١٦٧ |
| ٣ | تل بكراوا | پەخشان عبدالله محمد | ١٦٨-١٨٣ |
| ٤ | وسائل نقل المعلومات في الدولة الايوبية | د. نبز مجيد امين | ١٨٤-٢٠٥ |
| ٥ | الطرز الفنية للاختام الخورية الميتانية | نسرين خواكرم | ٢٠٦-٢١١ |
| ٦ | معاهدتان من زمن الدولة الميتانية | بشرى نعمت احمد | ٢١٣-٢١٦ |



نەخشەی بەرگ و دەرهێنانی هونەری : ئاشنا عبدالله

بەرگی پێشەوە : بەرگی یەکەمی (١٠) ژمارەی ڕابوردوو

بەرگی پاشەوە : بەرگی پاشەوەی (١٠) ژمارەی ڕابوردوو

کۆمپیوتەر : هوشیار حمە غریب

نەخشە سازی : ئەهلە ڕۆکسی

سەرپەرشتیاری چاپ : حەسەن عەبدولکەریم

چاپخانەی : تیشك

چاپی بەرگ : چاپخانەی دلێر

تیراژ : ٥٠٠ دانە

## ئاسۆی هاوکاری

لە دوا ژمارەی ساڵی ١٩٩٩ ی گۆڤاری ( هەزارمێرد) ا سەبارەت بە چاوەڕوانیمان بۆ هاوکاری کردنی (یۆنسکۆ) لە بابەتێکدا خاڵێکم نووسیوە :

( لە هەموو جیهاندا یۆنسکۆ هاوکاری دەکات بۆ گەشە پێکردنی ڕۆشنبیری و زانستی گەلان تەنها لە کوردستان نەبێت. ڕۆشنبیری و شوێنەوار تا ئێستا لە کۆمەکی ڕێکخراوە بیانییەکان بێ بەش بوون ) ڕاستی تا ئێستاش مەسەلەکە وەك خۆی ماوەتەوە بەڵام پاش هەوڵ و کۆشش و پەیوەندییەکانی ئەم دواییە ، گەش بینم لە ئایندەی نزیك دا ڕێگا چارەیەکی گونجاو دەدۆزرێتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە تواناو شارەزایی و دەسەڵاتی فراوانی (یۆنسکۆ) لە بواری ڕۆشنبیری و شوێنەواردا ، کە پێویستیەکی زۆریان بە هەموو جۆرە هاوکارییەك هەیە .

دیارە ئەو دەزگا بیانییانە یاسا و ڕێ و شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ مامەڵەکردن و، شێوەی بیر کردنەوەیان لەگەڵ بۆچوون و بیر کردنەوەی ئێمەدا جیاوازی تێدایە. دەبێ خاڵی هاوبەش بدۆزرێتەوە بۆ لەیەك گەیشتن و شێوەی خستنە بەرچاوی داخوازییەکان و چۆنیەتی باس کردنی دەوری خۆیان دەبێت لە زوو گەیشتن بە ئەنجامی دیار و بەکەڵك .

دوای دیدار و کۆبوونەوەکانی ئەم دواییە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو دەزگایانەدا بۆمان ڕوون بویەوە بەباشی لە کێشەکان گەیشتوون و دەیانەوێ بە شێوازی تایبەتی خۆیان هاوکاری بکەن . بەڵێنیان داوە ئەو کارەش ئەنجام بدەن .

هاوکاری برایان لە وەزارەتی مرۆڤایەتی و پەروەردەش لەو بوارەدا جێگای پێزانینە .

تا ئەو بەڵێنانە ئەگاتە پلەی جێبەجێ کردن بە توانای خۆمان بەرنامەکانمان جێبەجێ دەکەین و ئاشکراشە کۆمەکی دەرەکی بۆ ڕۆشنبیری شوێنەوار بەو شێوەیەی چاوەڕوان دەکرێت یاریدەرێکی گەورە دەبێت بەرەو گەشە کردن و پێشکەوتنێکی بەرچاو و فراوان لە گشت بوارەکانی ڕۆشنبیریدا و زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەکات .

گۆڤاری هەزار مێردیش وەکو بەشێکی گرنگ و کاریگەری ڕۆشنبیری شوێنەوار ناسی کە هەوڵ دەدات بۆ ناساندن و ساغ کردنەوەی مێژوو و کەلەپور و شوێنەواری گەلەکەمان سەر بەرزانە بۆ پێشەوە دەڕوات ، بە هیمەتی ئەو خوشك و برایانەی بەشداری دەکەن لە نووسین و لێکۆڵینەوە و دەرهێنانیدا. ئەم ژمارە نوێیەی ساڵی نوێ لە بەرگێکی نوێ و ناوەڕۆکی بە پێز و سوود بەخشدا جارێکی کە دەکەوێتە بەر دەست خوێنەران. هیوا دارین هەزارمێرد کەلێنێك لەمەیدانی شوێنەوار و مێژووی گەلی کوردستاندا پڕبکاتەوە .

وەزیری ڕۆشنبیری

# مێژووی هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك

(( بەشی یەکەم ))

## هونەری بیناکاری و نەخش و نیگاری سەردەمەکانی پێش مێژووی ناوچەی کەرکوك

نووسینی : ئەژی

هونەری بیناکاری و نەخش و نیگار شیوازێکی چەسپاوی ژیانی مرۆڤایەتی‌یە و شوێنێکی دیاری کراوی هەیە لە بناغەی شارستانیەتی مێژووە جۆربە جۆرەکاندا...

دەتوانین هونەری بیناکاری دابنێین بە بنەڕەتی هەموو هونەرەکانی دی ، چونکە بناغەی هەموو کارەکانی ترە لە بنیات نانی شارستانی‌یەتی هەر شارێك یان ناوچەیەکدا ...دامەزرێنەری بناغەیە بۆ دۆزینەوەی ڕابردووی هەر گەلێك ئەگەر بە دوای شارستانی‌یەتە بنەڕەتەکەیدا بگەڕێین.

کاتێك باسی هونەری بیناکاریَ و نەخش و نیگاری ناوچەی کەرکوك دەکەین ، زنجیرەیەکی مێژوویی بنەڕەتی بیناکاری ئەو شارەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چۆن سەردەمە مێژوویی‌یەکان دەوریان بینیووە لەدروست بوونی ئەو ناوچەیەدا لە پێکەوە نانی شارستانی‌یەتێکی مێژوویی سەردەم ... وە دەگەینە ئەو ڕاستی‌یەکە هونەرەکە بەپێی سەردەمە مێژوویی‌یەکان هەنگاوی ناوە ، بەلأم لەگەلٚ سەردەمەکاندا کارتێکردن و جوانکاری ( الابداع) دەورووپشتەکەی و ناوچەکەی مۆرکێکی تایبەتی خۆی وەرگرتووە ، کە بە شارستانی‌یەتی ناوچەکە خۆی ناسراوە و دەناسرێتەوە لە ناو شارستانی کوردستان و عێراقدا.((نەخشکاری یەکێکە لەو هونەرانەی کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بایەخی پێ داون و دەست ڕەنگینی خۆی تیاندا خستۆتە کار ، بۆیە دەشێ بکرێ بە بەلٚگەیەکی دیکەی پێشکەوتنی شارستانی‌یەتی و بلیمەتی ئەو ئەندامانەی کۆمەلٚ ... [1]

چونکە هونەری بیناکاری بە گشتی هیچ جوانی‌یەك نادات ئەگەر هونەری نەخش و نیگاری تێدا بەکارنەهێنرێت کە ئەو کاتە جوانکاری و بەدەوکاری‌یەکی ( الابداع) تر دەدات بە هونەری بیناسازی‌یەکە ... ئەمەش وا دەکات بیناکاری و نەخش و نیگار و کۆتەلٚ و گۆزەکاری و هەلٚکۆلٚین ، هەریەکە تەواو

کەری ئەوی تر بێت بۆ تەواو کردنی جوانکاری هونەرەکە .

(( ئەگەر سەرنجێکی نموونەکانی ئەم هونەرە بدەین لە کوردستاندا ، بۆمان دەردەکەوێت کە یەکجار بەهێز و جوان و بەرزن و دەکەونە نێو خانوو و دیوەخان و جێگەی دانیشتنی شارەکانەوە ... ئەم نەخشانە یان گەچین ، یان لە دار کراون وەکو نەخشی دەرگا و پەنجەرەی دار و عورووسی و سەندوق و شتیٚ لەم بابەتە ، یان لەسەر بەردی وەك مەڕ مەڕدان ، یان لە پارچە شووشەی بچووکی ڕەنگاو ڕەنگ سازکراون ))[٣] بۆیە بمانەوێت یان نەمانەوێت نەخش و نیگار و هەڵکۆڵین وەکو هونەری بیناکاری قۆناغی جۆربەجۆری بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم سەردەمەی ئێستامان ، وە شان بە شانی بیناکارییەکە قۆناغەکانی خۆی قۆستۆتەوە و توانیویە کە توانا و قووڵ و باسکی دیاری بکات بوونی نەخش و نیگار و هەڵکۆڵین و جۆری ئەو ڕەنگانە و قەبارەی ئەو نەخشەی کە تێدا بەکارهاتووە ، وای کردووە بتوانین مۆرکێکی جوانی ئەو هونەرە بدۆزینەوە لە نێوان هەزاران نەخش و نیگار و بیناکاریدا لە ناوچە جۆر بەجۆرەکانی کوردستان کە ناوچەی کەرکوکیش بەشێکە لەو وڵاتە فراوانە کە مۆرکی کوردستانی و مۆرکی ناوچەیی خۆی هەیە ...

لێرە بە دواوە هەوڵدەدەم هونەری بیناکاری و نەخش و نیگار و گۆزەکاری و هەڵکۆڵین شی بکەمەوە لە ناوچەکانی ( کەرکوك ) بە تایبەتی شوێنەکانی ( کەرکوك ) و ( ئاڵتون کۆپری ) و ( تازە ) و (داقوق ) و ( دووز ) و ( چەمچەماڵ ) و ( مەتارە ) ...

(( سەرەتاکانی هونەری بیناکاری سەردەمی بەردینی کۆن لە ناوچەی کەرکوك ))

(( ئەوەی تا ئێستا گرنگە شتێکی ئەوتۆ نەدۆزراوەتەوە بگەڕێتەوە سەردەمی بەردینی کۆنی ژێرەوە ، تەنها شتێکی پارچە پارچەی ڕووکاری لەم لا و لەولا دۆزراوەتەوە .... ))[٣] بۆیە ئەوەی پێویستە و گرنگی هەیە بۆ باسەکەمان لەو سەردەمەدا ، ناوچەی دۆزراو (بەردە بەڵکە ) یە .

(( لە دووری سێ کیلۆمەتر کەوتۆتە سەرووی ڕۆژهەڵاتی ( چەمچەماڵ)ەوە ، وە لە دووری (٢٠٠ ) مەتر لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی کەرکوکەوە ... لە لێژاییەکی ، لقێکی کورتی لقەکانی (چەشیرواسو) کە ڕێ دەکات بەلای خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە ، هاوگونجاو لەگەڵ دەشتی ( چەمچەماڵ ) بۆ ( باسەرە ) ، وە لە دوایدا ئەشکێتەوە بۆ خوارووی ڕۆژئاوای ، بۆ لای ڕووباری داقووق ))[٤]

(( بریتییە لە یەك پارچەیەك لە بەردی (کلس) ، کەشێوەیەکی ڕێك و پێکی نییە ، وە لەوانەیە کە لوولەکی بووایە ئەگەر تووشی خووران و داتاشین نەبوایە لە لاکانییەوە ، هەروەها لە ژێرەوەی درێژییەکەی چوار مەترە وە دەورەکەی لەپانترین شوێنی دیسان چوارمەترە، بەلام دەوری بەشی ژێرەوەی

بریتییە لە دوومەتر و بیست سانتمەتر



(٢،٢٠ ...)) (٥).

بڕوانە وێنەی ژمارە (١) .

(( ئەم شوێنە بریتییە لە یەك چینی شارستانی ژێر کەوتوو لە ژێر چینێك لە لیتە و زیخ بە قەبارەیەتی پێنج پێ ، کەتێدا هەندێك کەرەستە و ئامرازی بەردینی تێدا دۆزراوەتەوە ، کە داپۆشیوە ، نیشتووی کلس ڕەنگ سەوز ، وە لە دوایدا بە ڕەنگی سووری کایی ( تبنی) ، بەلام چینی بەردی زۆر بە چاکی یەکی گرتووە ، بۆتە پارچەیەکی یەکگرتووی زۆر بەهێز ...

بۆیە لێکۆڵەرەوەکان گەیشتوونەتە ئەوەی کە:- ئەم کۆتەڵە تەنها بریتییە لە پاشماوەیەکی سروشتی بۆ شوێنێکی خۆ پاراستن کە هۆیەکانی ڕامالین و داخوراندن کاری لێ نەکردووە . وە ئەو کەرەستانەی کە لەسەر ڕووی ئەو شوێنە دۆزراوەتەوە لە کاتی خۆیدا لەژێر چینی ئەو بەردە دابووە ، بەلام بەهۆی هۆیەکانی ڕامالین و داخوراندن هاتۆتە سەر زەوی لە سەردەمەکانی داهاتوودا ، وە پاشماوەکانی مرۆڤی بەردین لەوناچەیەدا دابەش دەکرێتە سێ بەشەوە : - یەکەمیان بریتییە لە کەرەستەی چەوی ، دووەمیان پاچی دەستی سێیەمیان بریتییە لە کەرەستەی بەردە ئەستێ ( صوان) ، بەلام کەرەستە چەوییەکانی هەموو بریتییە لە بەردی ( کلس و گەچی) ، کە هەمووی لە جۆری کلسی ڕووبارەکەیە لە شێوەی تۆپی و هێلکەیی ، وە هەنگاوەکانی دروست کردنی بریتییە لە تونکڵی لێوارەکان یان ڕووی چەوەکە بە کڕاندنی دوو پریشك یان زیاتر لەناوەڕاستی یەوە ، یان هەیانە بە پریشك کردنی دوو ڕووی لەیەك چوو لە لێوارەکەی...)) (٦)

وە کەرەستە ئەستێ ( صوان ) ووردەکارەکانی کە زۆربەی پیشەسازی (بەردە بەڵکە) پێك دەهێنێت لە جۆرەهای جیاواز لە کرکرە (مقاشط) ی سادە دروست کراو لە پارچەی ئەستێ کە هیچ شێوەیەك ناگەیەنێت ، هەروەها لە جۆرەها پریشك و پارچە ، کە لە لێوارەکانی یا زیاتر لە لێوارێك ، هیچ شتێك ناگەیەنێت کە بۆ چ جۆرە بەکارهێنانێك بەکار هاتووە.

بەلام نێرەك ( لب ) جۆرەهایە ، هەیە (پەپکە- قەوان) شێوەیە کە جۆرەها ڕووی

هەیە ، وە زۆری ئەم جۆرانە یان شێوە بچووک یان مام ناوەندییە ... بەلام پاچە دەستییەکانی ، هەندێکی دروست کراوە لە پریشکی گەورە کەزۆر کەمە تیایاندا هەبێت پاچەکانیان شێوەیەکی باش و تەنکی هەبێت ، چونکە زۆری پاچەکان شێوەیەکی سادە و نارێکە ( غلیظة) ، کە سەرەتاکانی لە سەر شێوەی دڵ یان لۆزەیە ، وە ژمارەیەکی کەی لە جۆری درێژە [٧]. وە وا باوەڕ هەیە کە پاچە دەستییەکانی ( بەردە بەڵکە) دەگەڕێتەوە سەردەمێکی پێش سەردەمی ئەشکەوتی(زرزی) و ( هەزار مێرد ) نزیک لە سولەیمانی یەوە .. وە خاڵێکی گرنگ ئەوەی لە ( بەردە بەڵکە) دا بەچاو دەکەوێت ئەگەر بەراووردی بکەین لەگەڵ ناوچەکانیتری هەمان سەردەم ، سەردەمی ( ئەشیلیە) ، ئەوەیە کە ( بەردە بەڵکە) پاشماوەی حەوانەوەی مرۆڤی تێدانییە ، چونکە ناوچەکانی تر مرۆڤ بە دەستی خۆی مۆڵگەکەی دروست کردووە ، لە کاتێکدا کە بە هار بووە یان کەش و ئاوو هەواکەی خۆش بووە دەستی کردووە بە بزاوتن و گواستنەوە لە شوێنێکەوە ؛ بۆ شوێنێکی تر وە لەگەڵ خۆیدا مۆڵگەکاتییەکەی گۆاستۆتەوە کە زۆر سانا بووە لە دروست کردنەوەیدا ، وە مرۆڤ لە و سەردەمەدا مۆڵگەکەی بە جۆرێك دروست کردووە لە شێوەیەك کە لە ژێر زەوییەوە بێت لە قووڵییەکی دیاری کراو و سەرەوەی بە تەختە داپۆشیوە ، بانی گرتووە بە پێستی گیانداران و هێسك و پروسکی پاشماوەی گیاندارەکان ...))[٨] ئینجا دەگەینە ئەو ڕاستییە کە نەبوونی مۆڵگەیەکی دیاری کراو لە ( بەردە بەڵکە) ، بوونی ئەشکەوتی جۆر بە جۆر لە ناوچەکەدا وای کردووە کە مۆڵگەی حەوانەوەی بووبێت و لە کاتی بزاوتندا ئەشکەوتێکی تری دیبیتەوە بۆ ئارام گرتن .

ئەشکەوتی پاڵە گەورە : -

(( کەوتۆتە دووری بیست میل لە ڕۆژهەلاتی (چەمچەماڵ ) [٩]وە کەوتۆتە سەرووی ڕۆژهەلاتی شوێنی ( کەریم شایەر ) ەوە ، وە (پاڵەگەورە ) پێك هاتووە لە سێ ئەشکەوتی لێك نزیك بوو ، وە دەرگاکەی پێك هاتووە لە سێ گۆشەیەکی سەرە و ژێر ، وە فراوانترینیان کە وتۆتە لای دەستە ڕاستەوە ، پانییەکەی نزیکەی (٣,٥) مەترە و قوڵییەکەی نزیکەی هەشت مەترەو بەرزییەکەی یەك مەترە ، وە لە ناویدا ژمارەیەك گۆزەی شکاوی ماوەی ( نەینەوا) و ( هۆری) نیوەی یەکەمی هەزاری دووەمی پێش زایین تێدا دۆزراوەتەوە ، لەگەڵ چەند پریشکێکی ئەستێی ))[١٠]

(( هەر چەندە کە چەند ئەشکەوتێك دۆزراوەتەوە لە سەرووی عێراقدا بەلام ئاسەوار زانەکان هیچ وێنە یان هۆنەری هەڵکولینیان نەدۆزیوەتەوە هەروەکو ئەوەی کە دۆزراوەتەوە لە خوارووی ( فەرەنسا ) و سەرووی ( ئیسپانیا ) و ڕۆژهەلاتی ئەوروپا..))[١١]

لەوانەیە لەوەختی خۆیدا وێنە و هێڵی جۆربەجۆر کێشرابێت لە ئەشکەوتەکانی ( شانیدەر ) و ( هەزارمەرد ) و ( پاڵی گەورە ) و ( زرزی ) ... چونکە زۆری ئەو کەرەستانەکە دۆزراوەتەوە ڕوویەکی ( تجریدی ) هەبووە لە سەرەتا دا ، بەڵام زاناکان گەیشتونەتە ئەوەی کە لە ڕابردوودا دیوارەکانی ئەم ئەشکەوتانە تووشی کارەساتی سروشتی و باو باران و لافاو بوونە ، یان کەڵەکە بووی خوێناو و ڕواندنی گیای درێژ لە نێوان بەردی ئەشکەوتەکەدا ، بۆتە هۆی لە دەسدانی ئەو ئاسەوارە بە نرخانە یان ، لە ناو دانی وێنەی سەر دیوارەکان لە وانەیە لە کاتی خۆیدا بوونی هەبووبێت [١٢] دۆزرانەوەی کەرەستەیەکی زۆری جۆربەجۆر لەو ناچەیە دەمانگەیەنێتە ئەوە کە شوێنی بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتی بووە و ژیانی تێدا بە بەردەوامی گەشەی کردووە .... هەردەم ئاوەدانی پێوە دیار بووە.

سەرەتاکانی هونەری بیناکاری بەردینی ناوەڕاستی ناوچەی کەرکوک لە کەریم شایەردا (( کەریم شایەر شوێنەکەی لەلای گردەکانی چەمچەماڵ لە دووری دوو کیلۆمەتر لە لای سەرووی ڕۆژهەڵاتی‌یەوە ... [١٣] . ڕووبەرەکەی نزیکەی دەهەزار مەتر دووجا دەبێت [١٤] ، کە دەکاتە نزیکەی ئێکرنێک [١٥] ، وە ماوەی سەردەمەکەی دەگەڕێتەوەسەرەتای چەرخی بەردینی ناوەڕاست لە دوای ماوەی (زاوی – چەمی) [١٦] لە بەرئەوە دەبینین جۆرێکی جیاوازە لە سەردەمی بەردینی ناوەڕاست کە تایبەت مەندی‌یەکی هەیە لە جۆری ئەو کەرەستانەی کە دۆزراوەتەوە لێی.

((چونکە پلەپلەیە دانیشتوانی ( کەریم شایەر) لە کۆکردنەوەی میوەهات و سەوزە ، گەڕاونەتەوە سەر ژیانی کشتوکاڵی لەم سەردەمەدا و هەر بە یەکجاری لە ئەشکەوت دوور کەوتونەتەوە [١٧] لە بەر ئەوە لە ڕووی دابەشکردنەوە کەوتۆتە نێوان ( پاڵە گەورە ) و ( چەرمو) ، وە هەر لە بەر ئەوە دەبینی ئەو ئەو ناوچەیە زنجیرەیەکی نەپچڕاوی سەردەمە بەردینەکانە.

(( ئەم شوێنە کەوتۆتە سەر دووری‌یەکی دیاری کراو ، پێک هاتووە ، لە چینێکی نیشتەجێی تەنیا ، کە کەوتۆتە ژێر گردەکەوە ڕاستەوخۆ ( لە ژێر داپۆشراوەی لیتەکەوە) ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە مرۆڤ ژیانی ئەشکەوتیان بەجێ هێشت و بەرەو ژیانی نیشتەجێی هەنگاویان نابێت ، وەکو ئەوەی دێ یان دروست کردبێت [١٨] ... دۆزینەوەی شۆستەیەکی چەوی نا ئاسایی بە تەواوەتی درێژەوە بوو لەناوچەکەدا ، وە زەوی‌یەکەی وا دەگەیەنێت لە بوونی کوختی دیاری کراو لە ناوچەکەدا ، بەڵام هەرچەندە تا ئێستا نەخشەی نیشتەجێ بوونی تێدا نەدۆزراوەتەوە بە شێوەیەکی ڕوون و دیاری کراو ، ... ئەگەر هاتوو وا دابنێین کە شوێنی (کەریم شایەر ) ناوچەیەکی نیشتەجێیی نیمچە کۆچەری بێت ، کە ئەمە وا دەگەیەنێت

ڕاستی‌یەکە بەرەو پێشکەوتن ، بەرەو ژیانی نیشتەجێی‌ی بەردەوام ( مستدیم ) [19] (( بەڵام ناتوانین بگەینە ڕاستی‌یەکی تەواو لە شێوەی دروست کردنی خانووی ( کەریم شایەر)دا .. کە ناوچەکانی تری هەمان سەردەمی (کەریم شایەر) شێوەیەکی دیاری کراوی هەیە لە خانوو دروست کردن دا .. بەڵام دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستیە کە خەڵکی (کەریم شایەر ) کۆچی زستان و هاوینیان کردووە ، کە لە زستاندا خۆیان کوتاوەتە ئەشکەوتە بەردیەکان دا و لە هاویندا هاتوونە دەرەوە و زستان خۆیان پاراستووە لە سەرما و باو باران ، بۆیە ڕێی تێدەچێت ( ئەشکەوتی پاڵە گەورە) نزیکترین شوێنی دانەی خەڵکی (کەریم شایەر) بوو بێت لە هاویندا هاتبوونە دەرەوە شێوەی ژیانێکی نیو نیشتەجێیان دروست کردبێت . بۆیە شێوەی هاتووچۆیەک بووە لە نێوان ( پاڵە گەورە ) و ( کەریم شایەر) دا، ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەوەی کەبۆیە بایەخیان بە شێوەی بیناکاری‌یەکی ڕێک و پێک دیاری کراو نەداوە، چونکە لە ماوەی وەرزەکاندا کۆچ ڕەویان کردووە و خۆیان لە (پاڵە گەورە ) دا مەڵاس داوە .

((ئاسەوار ناسەکان چینێکی بەرد ڕێژیان دۆزیوەتەوە کە شێوەیەکی نی‌یە ، وە هەر بەرێکی بەقەدەر قەوپایەتی دەستێك دەبێت ، هەروەها پاچی بەردی و داسیان دۆزیوەتەوە ، وە لەو باوەڕەدان کە تیژی داسەکەیان بەکارهێناوە بۆ بڕینی قامیشەڵان بۆ دروست کردنی خانوو، هەروەها کۆمەڵە بەردی ئاگریان دۆزیوەتەوە لەگەڵ چاڵی دیاری کراو بۆ شاردنەوە ، هەروەها دۆزینەوەی پارچە بەردی دەستاڕ و دەستاڕی قازمەی بەردی پریشکدار ، ئەمانە هەمووی ئەوە دەگەیەنێ کە کشتوکاڵ لە سەرەتا دابووە .. وە کەرەستەی ئارایشت دۆزراوەتەوە ، وەکو میر و ملوانکە و بەردی حەپۆلە و دڵی ، وە دۆزینەوەی دەنبووسی ئێسکی ژمارەکەم و سادە [20] وە دەتوانین هاوشێوەی (کەریم شایەر ) لە ناوچەی ( ملفعات ) بدۆزینەوە لە سەر ڕێگای ( کەرکوك - هەولێر) ، وە لەم شوێنەدا خانووی هەڵکەنراو دۆزراوەتەوە لە ژێر زەوی کە پێك هاتووە لە دیواری خڕ کە لە سەر بەرد دروست کراوە کە بەردەکەی قوقز نی‌یە وە دررێژەکەی لە زیخ و بەرد دارێژراوە [21] ، وە شوێنی هەندێکی بە پەرژین دەورە دراوە ، وە ئەو شتانە کەدۆزراوەتەوە پێك هاتووە لە ئەزامیل و هاوەنانی بەردی .... )) [22]

((گەشە کردنی هونەری بیناکاری لە چەرمۆدا))

(( قەڵای ( چەرمۆ ) کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵەوە لە دووری پانزە کیلۆمەتر وە لە دووری سیٚ و پێنج (٣٥ ) کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە ، وە توانرا کە پاشماوەی دێیەکی کۆن بدۆزرێتەوە لە ڕووبەری ( ١٤٠٠ ) مەتری چوار گۆشە وە بەرزی لە سەر ئاستی دەشتەکەی تەکی‌یەوە

نزیکەی (٢٣) پێ بەرزە [٢٣]، کە ڕووبەری ئەم شوێنە ( ٩٠ X ١٤٠) مەترە ، وە قوڵی پاشماوە ئاسەوارییەکەی نزیکەی (٧ م) لە بەرزترین لوتکەی گردەکەوە [٢٤] هەروەها کەوتۆتە سەر دۆڵێك کە یەکێك لە لقەکانی ڕووباری عوزێمی پێدا دەڕوات ئەویش ڕووباری داقوقە ... [٢٥] وە بە دەستە ڕاستی ڕێگەی نێوان ( کەرکوك ) و ( سولەیمانی ) و دەستە چەپی ڕێگەی نێوان(چەمچەماڵ) و (سەنگاو) کەوتوەتە سەر،لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکاندا ئەم شوێنەوارە بە ( چەرمۆ)ەوە واتە سپی داتاشرابێت ، چونکە تا ئەمڕۆش لە ناوچەی چەمچەماڵدا دێیەکی نزیك ئەم شوێنەوارە هەیە بە قەڵای ( چەرمۆ) ناو دەبرێت [٢٦] بڕوانە وێنەی ژمارە (٢) شوێنەواری (چەرمۆ) لە چلەکاندا لە لایەن



فەرمانگەی پاشماوە دێرینەکانی عێراقەوە دۆزرایەوە . لە ساڵی (١٩٤٨) ی زایینی نێردەیەکی هاوبەشی پسپۆری پاشماوە دێرینەکانی سەر بە (ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ئەمریکی ) و زانکۆی (هارفۆرد) ، سەرکاری نێردەکە کۆنەناس پرۆفیسۆر ( ڕۆبەرت بریدوود) بوو ، پسپۆرە لە زانستی نەژاد و شارستانی پێش مێژوو سەرەڕای ئەوەیش ئەندازیارێکی لێ هاتووی ئاوەدان کاری بوو ، لەم ئەرکانەدا (لندا بریدوود) خانمی خێزانی یارمەتی دەدا کە ئەویش پسپۆڕ بوو لە توێژینەوەی پاشماوە دێرینەکانی پێش مێژوو ، هەروەها خاتوو ، ( سارلوت ئۆتن) وێنەگری ئەم نێردەیە بوو ، دکتۆر ( فەرەج بەسمەچی) یش نوێنەری کارگێڕی پاشماوە دێرینەکانی عێراق بوو ، ئەم نێردەیە یەکەمین جار (٢٤ ) ی مایسی بەهاری (١٩٤٨ ) ی زایینی دەستی بە پشکنین و هەڵکەندنی شوێنەواری ( چەرموی) کرد بە تایبەتیش لە گۆشەی باکووری گردەکەدا ، ماوەی یەك هەفتە کاریان لێ دەکرد . دووبارە لە ئەیلولی (١٩٥٠) زاینیدا دەست کرایەوە بە نۆرین و هەڵکەندن جار و بار تا ساڵی (١٩٥٥) زایینی پشکێنراوە نێردەکە ئەوەی بۆ دەرکەوت ئەم شوێنەوار نشینە لە شازدە چین نیشتەجێ بوون پێك هاتووە تا قوڵی (٢٣ ) پێ پاشماوەی دێرینی لێ دۆزیەوە [٢٧] .

چەند ژمارەیەك دانراوە بۆ دیاری کردنی مێژووی شارستانیەتی ( چەرمۆ) ، ( ... نزیکترینیان لە ڕاستیەوە کە پشکنینی زانستی دیاری کراوە بە هۆی ڕشتەی ڕادیۆ کاربۆن -١٤ ) وە ساڵی ( ٦٧٥٠ پ.ن) [٢٨] بەڵام بە هۆی لێدانی تیشك لە سەر گوێچکە ماسییەکانی ئەم ناوچەیە ساڵی (٤٧٥٠پ.ن) بۆ دانرا ، وە لێکۆڵینەوەی دووبارە لە سەر خەڵوز ژمارەی زیاتری بە دەستەوە دا ، وە

بەڕێز (بریدوود) ساڵی (٦٥٠٠پ.ن) بۆ دانراوە[٢٩]))... بەلآم زۆری لەو باوەڕدان لە ساڵی (٦٧٥٠) یان زیاتر دادەنێن بۆ شارستانیەتی (چەرمۆ) ((لێکۆڵەرەوەکان توانیویانە کە شانزە چینی ئاسەوار یان نیشتەجێیی لێ بدۆزنەوە[٣٠].

هەندێك ژمارە ماڵەکانی (چەرمۆ) لە بەرەبەیانی شارستانیەتی دا بە نزیکەی (٥٠) ماڵ داناوە و ژمارەی دانیشتوانیشی خۆی لە (٣٠٠) کەس داوە[٣١].

یان هەندێکی ژمارەی دانیشتوانی بە نزیکەی (١٥٠) کەس داناوە، وە ژمارەی خانووەکانی بە (٢٥ – ٣٠) خانوو دادەنێت، کە نزیکەی (٢٥) خانووی لێ دۆزراوەتەوە کە جێگەی نیشتەجێ بێت[٣٢] (چەرمو) یەکێکە لە کۆنترین مەلبەندەکانی ئینسان (مرۆڤ) لەم چەرخانەدا، هەروەها (میتاڵ – معدن) لەم چەرخانەدا بەکاردێ بە تایبەتی (مس) و (مسگەری) پەیدا دەبێت، دەبێت (١٦) چینی شارستانی لە شارۆچکەی چەرمۆدا دۆزراوەتەوە کە هەر چینەی هی چەرخێکە لە چینی یەکەوە هەتا چینی دە هی دەورەکانی بەردە وە هەر بەرد بەکار هاتووە بۆ کاروباری ژیان بەسەر بردن، لە چینی یانزەوە گڵ پەیدا دەبێت واتە پێنج چینەکانی دوایی لە چەرخی گڵ و میتاڵ دایە، کە دیارە ئەم شوێنە لە دەوری بەردی کۆنەوە ئاوەدان بووە، کە نزیکەی دە هەزار ساڵ پێش زایین بووە، بە گشتی شارۆچکەی چەرمو وێنەی

شارۆچکەیەکی پێش کەوتوو پڕ بە پیت و بەرەکەتی چەرخەکانی (٧–٦) هەزار ساڵی پێش زایینییە لە کوردستاندا، بەڵکو یەکێکە لە کۆنترین شارۆچکە ئاوەدانەکانی جیهان[٣٤] کە یانزە چینی ژێرەوەی لە چینی یەکەمی ژێرەوە هیچ شوێنەوارێکی گۆزەکاری تێدانییە، کە ئەمەش سەردەمی کۆنی سەدەی بەردینی نوێ دەگەیەنێ، تێیدا پیشە سازی گۆزەکاری بەکار نەهاتووە کە پێی دەوترێت سەردەمی پێش گۆزەکاری نموونەی ئەم سەردەمەش لە (ئەریحا) لە (فەلەستین) و (جتل هیوك) لە (ئەنادۆڵ) دۆزراوەتەوە[٣٥].

دەتوانین بڵێین شارستانی چەرمو دەچێتەوە سەر چاخی بەردینی نوێ لە رووی ئابووریەوە بەلآم لە بەر ئەوەی گڵ کاری نەبووە، ناتوانین بڵێین کە گەیشتۆتە قۆناغی چاخی بەردینی نوێی پێشکەوتن، هەرچەندە کە ئەویش هێشتا پێویستیبە بەڵگە و بە سەلماندنێکی وردی زۆر ترە[٣٦].

((بە پێی دەستنیشان کردنی (جاکێت) و (وولی) ئەوەیان بەدەر خستووە کە ڕێژەی (١٥٠–٢٠٠) کەس هەبووە، کە ڕێژەی پیشەکار لە یەك نیشتەجێدا بریتی بووە لە پێنج کەس لە خانوویەکدا. هەروەها پیرۆی (نظام) جم و جووڵ گەشەی کرد بوو، چونکە بەخێو کردنی گیانەوەر وای لێ کردبوو کە بەکاری بهێنین بۆ گواستنەوە و جووڵە ئەمەش لە دیاردەی دۆزینەوەی ئاسەوارەکانیاندا بە دەردەکەوێت، کە ئەویش لە بەر بوونی

دۆزینەوەی شووشەی بورکانی ( زجاج البرکان) لە ( چەرمو) دا ، کە لەوانەیە لە ئەرمینیاوە لە وڵاتی ئەنادۆڵەوە هێنرابێت[٣٧].
لەم ماوەیەدا مرۆڤ گەیشتبووە هەوڵ بۆ دابرانی پاشەڕۆکانی لە ناو خانووەکە و بەکارهێنانی لە کاری تایبەتمەندێتی داو لە باری جیاوازدا ، هەروەها دۆزینەوەی شوێنی چێشت لێنان کە جۆرێکە لە سەرەتای تەنوور، وە بوونی شوێنی شاردنەوە و خەوتن و گوزەران کردن . هەوڵی چارەسەر کردنی شوێن گەیی داوە بۆ سەربانی خانووەکەی تا بۆ ئەوەی تایبەتمەندیەکی جوگرافیایی و سروشتی و ئاو وهەوایی هەبێت ئەویش بەبەکارهێنانی سەربانی لار (المائلە) وە لە یەك لاوە یان لە دوولاوە بڕوانە( وێنەی ( ژمارە ٣)) . بەڵام بەهۆی ڕێژەی کەمی



ژمارەی دانیشتوانەوە بایەخیان نەداوە بە پێڕۆی ڕێگاو بانەکانی گەڕەکەکان بۆیە نەبینین نا ڕێکی پێوە دیارە [٣٨] هەروەها دۆزینەوەی ئامرازی ناو ماڵ لە چەرمۆدا ئەوە دەسەلمێنێ کە پێش کەوتنیان بە دەست هێناوە لە گۆڕانکاری مادی لە چاو چاخەکانی پێشووەوە ...))[٣٩]



توێژەری نەرویجی (فریدیك بارث) لەم رووەوە دەڵێ : - خانووەکانی چەرمۆ بناغەیان لە سەر بەردی سروشتی داناوە لە قوڕ و بەرد دروست کراون ، شێوەی خانووەکانیان لە پێشا خڕ بووە پاشان ژووری لاکێشەییان دروست کردووە .

(( (بریدوود) و هاوڕێکانی بۆیان ڕوون بۆوە وە کە دیواری خانووەکانیش بە قوڕ کەف ماڵ کراوە بە دار و قامیش سەربانیان گرتووە و قوڕیان کراوە ، ناوەوەی ژوورەکانیش تەیمانی قامیشیان تێدا ڕاخستووە بە قوڕ سواغیان داوە ، لە هەر خانوویەکدا لە(٣-٧) ژووری تیا بووە ، هەر ژووریێ (٥-٦) ، لەم خانووەنانەدا تەنوور و کوانگی تێدا بووە ، مردووەکانیش بە زۆری هەر لە نێو ژووری خانووەکاندا ناشتوویانن ، بە کورتی خانوەکانی ( چەرمو) هونەری ساکاری ئەندازیاریان پێوە بووە [٤٠].

ئەگەر بڕوانینە چینی دۆزراوەی پێنجەم دەبینین کە بنکەیەکی بەردی هەیە ، هەروەها دۆزینەوەی قامیش لە زەوی‌یەکەی کە بوونی خۆڵەمێشێکی سپی بەجێ هێشتووە وە بەڵگەی بەکارهێنانی تەیمانی قامیشە لەو کاتەدا ... ( بڕوانە وێنەی ژمارە٤ ) .





هەروەها ئەگەر سەیری وێنەی ژمارە (٥ ) بکەین دەبینین دۆزرانەوەی ماڵێکی تەواو کە ژێرەوەی بە بەرد بەرد ڕێژکراوە ، وە دۆزینەوەی (٣ ) کوانوو ، کە وەکو بنکەی تەنووری ئێستا وایە وە خانووەکە پێک هاتووە لە ژووری ناوەکی وە ژووری دەرەکی، کە لەوانەیە دووەم شوێنی حەوانەوەی گیانداران بێت ، لەوانەیە ئەم خانووانە بگەڕێتەوە بۆ پێش (٨٠٠٠ ساڵ ) .

وە ئەگەر سەیری وێنەی ژمارە (٦ ) بکەین دەبینین دیوارەکەی بە بەرد و قوڕ دروستکراوە لە شێوەی کەند ماڵ دایە وەکو دێیەکانی ئێستای کوردستان ، کە ئەم دروستکراوە مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە لە نێوان (٥-٦ ) هەزار ساڵ پێش زایین [٤١].

**قاپ و قاچاغە قوڕینەکانی چەرمو**

(( نێردەی ئەمریکی لە ئەنجامی پشکنین و هەڵکەندن ئەوەی بۆ ڕوون نەبۆوە کە شوێنەواری ( چەرمو) لە ١٦ چین نیشتەجێ بوون پێکهاتووە ، تا ناخی ٢٣ پێ بەڵگە و پاشماوەی دێرینی لێ دەست گیر بوو بە بۆچوون و لێکدانەوەی ( بریدوود) ، پێک هاتنی ئەم ١٦ چینە (٤٠٠ ) ساڵی خایاندووە لە چینە هەرە ژێرەوەی تا یانزەهەمینی چینی ، قاپ و قاچاغی قوڕینی لێ نەدۆزرایەوە ، ئەو



یانزه چینەش سەرەتای نیشتەجێ بوون لە سەردەمی بەردینی کۆنەوە دەگەیەنێت، کە هێشتا قاپ و قاچاغیان لە قور نەزانیوە دروست بکەن ، بۆیەش بەم چاغە دەوترێت (پێش قاپ و قاچاغی قوڕین) بەڵام لە پێنج چینەکەی سەرەوەی‌دا قاپ و قاچاغی قوڕین و چینی و سەخسی قوڕینی لێ دۆزراوەتەوە ، ئەم قاپ و قاچاغانەش بەشی زۆری ئەو پاشماوە دێرینانەن کە لە چەرمو دۆزراونەتەوە تەنانەت نزیکەی یەك ملیۆن پارچە چینی و سەخسی قاپ و قاچاغی لێ دۆزرایەوە ، سێیەکی ئەم پارچانە لە مۆزەخانەی بەغدان و دوایش نێردرا بۆ زانکۆی شیکاگۆ ، لە چینی هەرە بنەوەدا پارچە قاپ و قاچاغی بەردین کە لە بەردەئەستێ و جۆرە بەردێکی گرکانیی تورکی ( زجاج البرکان) دروست کراون لێی دۆزراوەتەوە ئەمیش پەیوەندی بازرگانی چەرمو لە گەڵ دانیشتوانی هەرێمی تورکیا دەگەیەنێت.

وە بەشێکی ئامراز و قاپ و قاچاغیان لە بەردی نەرم تاشیوە بەلأم بەکارهێنانی بەردی نەرم بۆ سەردەمێکی نزیك دەگەڕێتەوە. ( لندا) خانم دەڵێ(( قاپ و قاچاغە قوڕینەکانی بایەخێکی تەواویان هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی پێش کەوتنی تەکنیکی پیشەسازی ، بەڵام ئێمە لە بەر ئەوەی بەم پشکنینەوە خەریکین ، هەرئەوەمان بۆ دەکرێت جیایان بکەینەوە ، ماوەی لێکۆڵینەوەمان نییە تا نەگەڕێینەوە ئەمەریکا)) بە کورتی بۆ یەکەمین جار دانیشتوانی چەرمو لە قوڕ قاپ و قاچاغیان دروست کردووە تا هاتووە جۆری نایابتر و قەشەنگ تریان دروست کردووە تەنانەت فێری ڕەنگ و نەخشاندنیشی بوون [٤٢].

قاپ و قاچاغەکانی چینی پێنجەم و چوارەم باشترین جۆری قاپ و قاچاغن، کە بریتین لە جۆری بۆیەکراو بە ڕەنگی سوور کە ژێرەوەی زەردێکی تاریکە بەلای سووربـاودا دەچێت کە نەخش کراوە بە هێڵی پچڕ پچڕ ، کە ئەمە بە قاپ و قاچاغی چەرموی ڕەنگ کراو بە ناوبانگە ، جۆری ئەمە لە ناوچەی تەپە کوڕان لە ئێران دۆزراوەتەوە کە لە دەوری ٦٠٠٠ هەزار پ.ز واز لە بەکارهێنانی هێنراوە بەلأم قاپ و قاچاغەکانی چینەکانی تر بریتییە لە جۆری زبر کە بە دەست دروست کراوە و خۆگێل کراوە لە بەکارهێنانی نەخش و نیگار وە سوور کردنەوەی( فخر) باش نییە، کە ئەمە تایبەتمەندی قاپ و قاچاغی چاخی بەردینی نوێیە ، بە شێوەیەکی گشتی هەروەها لە چەرمودا کۆمەڵێك دەفری دۆزراوەتەوە لە لێوارەکانی قەوی و شێوەی دروست کردنەکەی بێ بایەخە ، هەروەها توانای بەرگری کەمە بەهۆی دابەزینی پلەی گەرمای ئەو کورەیەی کە تێیدا سوور کراوەتەوە زۆری شێ تێدایە ، پاك نییە ؛ وە باش نەشێلراوە وە زۆریان دەفری بێ ڕەنگ و بێ نەخش و نیگارن بەڵام گۆزەکاری ڕەنگاو ڕەنگ زۆر کەمە ، وە نەخشەکانی پێك هاتووە

له مێلی بچڕبچڕ كه به ڕەنگی ڕەش یان سوور ڕەنگ كراوه ، وه هەندێك نموونەی شێوەیەكی دیاری هەیه له نەخشەكانی كه نزیك دەبێتەوه له شێوەی گیانداری كه له هەندێ: كاتدا وا دەگەیەنێت له بارێكی جوڵەدایه (٤٣) ، بڕوانه وێنەكانی ژماره (٧) .




كۆتەڵەكانی چەرمو

ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێت له سەردەمی بەردینی نوێ و سەردەمی چەرمو دا دۆزینەوەیەكی زۆری كۆتەڵی مرۆیی و گیانداری جۆربەجۆر ( له چەرمودا نزیكەی پێنج هەزار كۆتەڵ دۆزراونەتەوه كه زۆربەیان به جۆرێكی باش سوور نەكراوەتەوه وه سوور كردنەوەكەی زۆر كەمه كه بەشێكی به ڕەنگی سوور ڕەنگ كراوه ، كه بەشێكیان ئەوه دەگەیەنێت كه به خواوەندی دایك ناو ببرێت به سك پڕی و قەڵەوی كۆتەڵەكەوه ، كه دەلالەت له سەردەمی بڵاو بوونەوەی پەرستنی دایك دەكات هەروەها كۆتەڵەكانی چەرمو دابەش دەكرێنه دوو جۆر له شێوەی مرۆیی و گیانداری [٤٤]... وه جۆری گیانداریەكەی بریتی‌یه لەو جۆرانەی كه له ناوچەكەدا بەكار هاتووه و بەخێو كراوه بڕوانه وێنەی ژماره (٨) .



(( بەکارهێنانی پیشەسازی گڵ کاری بۆ یەکەم جار لە چەرمو دادەنرێت بە پیشەسازیەکی سەرەکی ، بۆ تەواو کردنی سروشتی کۆمەڵگای کشتوکاڵی، بە تایبەتی لە سەرەتای بەکارهێنانی کشتوکاڵ دا چونکە گواستنەوەی لە ئەشکەوتەوە بۆ خانوویەکی سادە لە قوڕ دروستکراو وە کۆبوونەوەیان لە کۆمەڵگایەکی تا ڕادەیەك نیشتەجێ بوون ، دادەنرێت بەکارێك بۆ کەسەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

چونکە پیشەسازی گۆزەکاری دادەنرێت بە هەنگاوێك بۆ دیاری کردنی سروشتی هەڵسوکەوتی کەسەکانی لەگەڵ ژینگە تازەکەدا ... چونکە گۆرانێکە لە دەفری بەردیەوە بۆ دەفری ( گڵ کاری) ، هەروەها بەکارهێنانی بۆ ئاڵوگۆر ، کە ئەمە دەمانگەیەنێتە بەیەك گەیشتنێکی خەڵکی چەرمو لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی ئاوەز ، وە بەکارهێنانی ڕەنگ کردن و نەخش و نیگار مانای وەرگرتنی ئاوەزیانە بۆ تێگەیشتن و تاقی کردنەوە و تایبەتمەندێتی هەرچەندە گڵ کاری لە چەرمۆدا سادەیە و بێ هێزی پێوە دیارە [٤٥] ..

(( وە ئەوی سەرنج ڕادەکێشێت لە پیشەسازی چەرمو : -

بەکارهێنانی شووشە بورکانیەکان کە ئەمەش دەلالەت لە بوونی ئاستی بەرزی خەڵکی چەرمو دەکات لە بەکارهێنانی شووشەی بورکانی چونکە بەکارهێنانی لە دروست کردنی دەفریەکاندا پێویستی بە توانایەکی زۆر هەیە لە پێکنانی ئەو دروست کردنەدا [٤٦].

گۆڕانکاری هونەری بینا کاری سەردەمی بەردینی – کانزایی .

((سەردەمی بەردینی نوێ کۆتایی هات لە عێراق و هەندێك دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی خواروو لە نێوان ( ٥٦٠٠ بۆ ٥٠٠٠ ) هەزار ساڵ پێش زایینی وە سەرەتای پێشرەوی شارستانیەتێکی تر کە سەردەمێکی لێك جوی مێژوویە لە سنووری (٣٥٠٠ ) ساڵ پێش زایین وە ئەو ماوە کاتی‌یەی لە نێوان ئەو دوو مێژوویەدایە (١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ ) ساڵ دادەنرێت بە سەردەمێکی زۆر گرنگی پێشکەوتووی مێژوویی لە دۆڵی نێو دوو ڕووباردا ( میزۆپۆتامیا) دا بە شێوەیەکی تایبەتی و دەوڵەتەکانی ڕۆژهەلاتی خواروو بە شێوەیەکی گشتی، وە لێکۆڵەرەوەکان چەند زاراوەیەکیان بۆ بەکارهێناوە گرنگترینیان (سەردەمی بەردینی کانزایی ) کە ئەم زاراوەیە ئەوەدەگەیەنێت کە دانیشتوانی (میزۆ پۆتامیا) گەیشتوونەتە سەردەمی دۆزینەوەی ( میتال – کانزا) ، بەلام لە سەرەتادا نەگەیشتوونەتە بە کارهێنانی هەتا ئاوەڕاستیشی بەلام تەنها بایەخیان بە بەکارهێنانی بەرد داوە لە دروست کردنی کەرەستە و ئامرازەکانیاندا هەروەها لەم سەردەمەدا بووبە هۆی زۆر بوونی دێی کشتوکاڵی و فراوان بوونی گەلێکی گۆڕایە

سەر فراوانکردنی شاری مێژوویی و بووبە ناوبانگ دەرکردنی لە سەردەمە مێژووییەکانی لەوەودوا وە فراوان کردنی ئەو کشتوکاڵەی لە سەردەمی بەردینی نوێ دا هەبووە وایان لێ دەهات زیاتر بەرهەم بهێنن زیاتر لە پێویستییەکانیان وە زۆری بەرهەمەکانیان بەکارهێنا لە ئاڵو وێردا وە سەرهەڵدانی چینی نوێ لە پیشەسازی و پیشە دەستییەکان وەکو گۆزەکار و بازرگان بە مانایەکی تر ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا دابەشکردنی کار ڕوویداوە ، وە نیشتەجێ بوون لە دەشتاییە کشتوکاڵیەکاندا ، وە سەرهەڵدانی گۆزەکاری ڕەنگاو ڕەنگ بەنەخش و نیگاری جۆراوجۆر .. کە هەندێ: لە لێکۆڵەرەوەکان بە سەردەمی گۆزەکاری ڕەنگاو ڕەنگی دادەنێن [٤٧] .

وە لەم سەردەمەدا کشتوکاڵ بایەخی زیاتر دەدا بە ئاودێری بەهۆی هەڵگرتنی ڕووبار و لقەکانییەوە ، کە ئەمە بووبە هۆی پێشکەوتنێکی گەورە لە ژیانی دانیشتوان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و سیاسیدا [٤٨] .

وە گۆزەکاری لەم سەردەمەدا شێوەیەکی ناسك و بۆیە کراو بە چەند ڕەنگێك وە بە نەخش کردنی بەچەند نەخش و نیگارێکی ئەندازەیی جوان [٤٩] .

( جۆرج ڕۆ ) دەڵێت : –

هەموو ئەو شتانە چەرموومان دەخاتە بیر بە سەردەمەکەیەوە ، بەڵام کاتێك سەیری گۆزەکاری بە نەخش دەکەین سەردەمێکی مێژوویی لە چەرمو بەرزترمان ( باڵاتر ) بە بیر دەهێنێتەوە [٥٠] ئەوەی سەرنج ڕادەکێشن ئەوەیە کە ناوچەیەکی زۆرمان وەبیر دەخاتەوە و لە سەر هەڵدانی شارستانی (بەردینی – کانزایی) وەکو ناوچەکانی ( مەتارە ، قادیشی گەورە ، قادیشی بچوك ) گردی ( مەتارە ) بۆیە ناونراوە بە ناوی دێی ( مەتارەوە) کە (٣٨ کم) لە خواروی شاری کەرکوکەوەیە کە شوێنێکی بچووکی هێلکەی شێوەیی هەیە کە ڕووبەری بنکەکەی (٢٠٠ م ) دەبێت وە بەرزی بە درێژی (٨ م) لە سەر ئاستی زەوییەکانی دەورووبەر [٥١] .

(( نێردراوی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی سەر بە زانکۆی شیکاغۆ هەستا بە هەڵکەندنی گردی مەتارە بە سەرۆکایەتی دکتۆر (بریدوود) وە لە کاتی هەڵکەندا کەوتە دۆزینەوەی پاشماوەی سەردەمەکانی پێش مێژوو ، وەکو ئەوەی لێکچووە لە شارستانیەتی دۆزراوەی گردی (حەسونەی) لای موسڵ )) .

وە کارەکانی ئەم نێردەیە پێك هاتبوو لە لێکۆڵینەوەی چینەکانی نیشتەجێ بوون لە (مەتارەدا) و جێگیر کردنی سەردەمەکانی بە پێی مێژوو، ئەویش بە هەڵکەندنی چاڵێکی تەسکی بە پەیژەدا لە لای ڕووی ڕۆژهەڵاتی گردەکە لە سەرەوە بۆ ژێرەوەی گردەکە وە ڕۆیشتنی لە سەر گردەکە بە دوو چاڵ ، وە کارکردن لە چاڵێکیدا هەتا خۆڵی زەوییە ڕووتەکە و ، وە واز لێهێنانی دووەم چاڵ هەتا دوو چینی سەرەوە [٥٢] .

(( بۆیە گردی ( مەتارە) دادەنرێت بە نموونەی هونەری بیناکاری لای دێی ( حەسونە) ، کە دەگەڕێتەوە نزیکی ئەو ماوەیە... کە خانووەکانی وەکو ئەوەی ( حەسونە) کەوتۆتە گەرەکی تەسک و دیواری هەندێك خانووەکان کەوانەیی بریویەتی و بنمیچەکەی کەوانەیی‌یە[٥٣]، هەروەها ئەگەر سەیری هونەری گڵ کاری بکەین دەبینین لێکچوونێك



هەیە لەنێوان ( حەسونە ) و (مەتارە) دا ، چ لە ڕووی شێوەی هونەری و نەخش و نیگار جۆری بەکارهێنانی ڕەنگدا.

وە نێردەکە توانی کە کێردێکی درێژ بدۆزێتەوە کە دروست کراوە لە شووشەی بورکانی ڕەش کە بەناوبانگە بە (ئەبسید) کە درێژی‌یەکەی (٢٦,٥سم ) ە وە پانی‌یەکەی (٣,٥ سم ) کە نموونەی ئەمە نی‌یە لە مۆزەخانەی عێراقدا کە لە کاتی خۆیدا جوتیارێك لە گردەکەدا بە ڕێکەوت دۆزیبوویەوە ، وە دۆزینەوەی پارچەیەکی بچووك لە ( رخامی سپی ) کە هەر دوو لایەکەی بڕاوە لە شێوەی جەرە ، کەلەوانەیە پارچەی بەکارهێنانی خواردن دروست کردبێت [٥٤] لە بەر ئەوەی توانرا کە دێیەك بدۆزرێتەوە کە بینات نراوە لە سەردەمی ( حەسوونە) ، نزیکەی پێنج هەزار ساڵ پێش زایین کە توانرا پێنج چینی نیشتەجێ بوون بدۆزرێتەوە کە چینی ژێرەوە کە لەسەر گردێکی خوار دۆزراوەتەوە هەندێك چاڵی لێ دروست کراوە کە هەندێك لە چاڵەکانی لاکێشەیی‌یە وە هەندێکی تری بازنەیی‌یە وە ئاگریان تیا کردۆتەوە لە ناوەوە بۆ ئەوەی دیوارەکانی قاڵب بگرێت، کە لەوانەیە شوێنی پاراستنی دانەوێڵەو جۆرەکانی بوبێت ، کە ئەمە لەوانە نی‌یە جێگەی نیشتەجێیی بووبێت چونکە زۆر بچووك بووە هەروەها توانرا کە چوار چینی تر بدۆزرێتەوە کە هاو سەدەی (حەسوونە) یە بێجگە لە دۆزینەوەی پاشماوەی سەردەمی بەردینی نوێ ، پێك هاتووە لە شێوەی جۆربەجۆری گۆزەکاری ئەو سەردەمە بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی‌یەوە لە درشت و خەرزی شکاوە و چەماوەی شەپۆل شەپۆل هەروەها دۆزینەوەی گڵ کاری کە ئەمە وا دەگەیەنێت بگەڕێتەوە سەردەمی حەسوونە.

هەروەها نێردەکە ، کەوتە دۆزینەوەی دیواری قوڕی لە بەرزترین خاڵی گردەکەوە ، کە ئەمە تاکە لەوجۆرە لەو شوێنەدا چونکە ناوچەی

(قـــەرەتیاغ) دادنرێـــت بـــە ناوچەیـــەکی نیشتەجێی (حەسوونە) کە ئەمەش دەلالەت لە بلاوبوونەوەی ئەو شارستانی‌یە دەکات لە خوارەوەیی‌دا ... ))

وە گرنگترین شت ئەوەی کە لێی دۆزرابێتەوە پارچەی گڵ کاری جۆربەجۆری سەردەمی (حەسونە و سامەرا) لەگەڵ دۆزینەوەی جەرە و دەفر و پارچە هێسکی لە شێوەی دەرزی و (مقاشـط) و بـەکرەی قـوڕی (اقـراص) بـۆ بەکارهێنانی تـەون کاری لەگـەڵ دۆزینـەوەی هێسك و پروسکی مـرۆڤ بۆیـە توانـرا لـەم ناوچەیـەدا کـە لـە سـیانزە خـاڵدا چـاڵ هەڵبکەنرێت وە بێجگە لە چاڵی درێژی کە لە کۆتاییدا ژمارەیەك ژوور دۆزرایـەوە هێندێکی دروست کـراوە لـە قـوڕ وە هـەندێکی خشـتی قوڕی بەکارهاتوون [٥٥].

وە نموونـــەی لێـــك چوونـــی شارســـتانی (حەسـونە) بێجگـە لـە مـەتارە لـە (قادیشـی گـەورە و قادیشـی بچـووك)یـش دۆزراوەتـەوە هەروەها لە گەلێك شوێنی تری کەرکوك وەکو ناوچەی (لەیلان ، کفری ، کەلار ، حەویجـە ، شوان ) کە هەندێکیان دەگەڕێنەوە سەردەمی (چـەرمو )یـش ، بـەڵام چونکـە تـا ئێسـتا لێکۆڵینەوە ی پێویست نەکراوە بۆیـە زانیاری تـەواومان بـە دەسـتەوە نیـە بـۆ بـەراوردی هونەری بینا کارییەکە ، گـەلێك شـوێنی ئـەم ناوچانە کەوتۆتە بەرکاری تێك دان و خاپوور کردن و دزیـن و ئـاودیو کـردن بـۆ سنووری هەندەران...

دەتوانین بگەینە ئەم ڕاستی‌یانەی خوارەوە :-

١-دیـارە و ئاشـکرایە وێنـەی شارسـتانی چەرمو و ئەو نەتەوانەی (چەرمو) هەر لە ژووروی ( میزۆپۆتامیا ) دا گیر نەبوون و بلاوبونەتەوە بە گوێی ڕووبارەکاندا بەرە خوار. پرۆفیسۆر ( بریدوود) ، ( ٦٧٥٠ ) ساڵی پێش زایین دانـاوە بـۆ داهـاتنی گلێنەو گڵ لە ( چەرمۆ ) و ( ٦٠٠٠ ساڵ ) بۆ کۆتایی شارستانی چەرمو وە ٥٨٠٠ بۆ پەیدا بوونی شارستانی (حەسوونە) ، کـە یەکـەم شارسـتانی‌یە لەدەشـتەکانی میزۆپۆتامیـای ناوەڕاسـت و لـە پێـش (حەسـوونە)دا هیـچ کۆنینەیـەکی دەوری بەرد لە ناوچەکانی بەرەو خوار کوردستان نەدۆزراوەتـەوە ، دووەم شـوێن خـوار (حەسوونە)یە کە گردی ( صیوان) ە ، (تل الصوان) نزیك (سامەرا) کە شارستانیەتی ئـەم دوو ناوچەیـە نـاونرا شارسـتانی ( حەسوونە) خانوو ماڵی ئـەم دوو شـوێنە وەك خانووەکـانی چـەرمو ، لـە خشـتی قوڕی و بەرد دروست کراون بە وێنەیەکی وا جـوان کـە ناچێتـە ئەقڵـەوە کـە نەتەوەیـەکی بیابـانی دروسـتی کردبێـت چونکە ئەو نەتەوەیە کشتوکاڵ و جوتـی کردووە دەغڵ و دانی چاندووە حـەیوانی دابەستووە خانوەکـانی گـەورە و فـراوان بـووە ژوورەکـانی لـە دەوری حـەوش و باخچـە دروسـت کـراون دایکـە خوایـان پەرستووە ، کـە خـوای پیـت و بەرەکـەت

بووە وەك خواكانی چەرمو وە مردوویان لە ژێر زەمینی خانووەكاندا ناشتووە و گڵ كاری و گڵێنەكانیان وەك هینەكانی (چەرمو) بووە بە گوێرەی لێكدانەوەی (رادیۆ كاربۆن) ئەم شارستانیەی حەسوونە و گردی ( صیوان ) ( ٦٠٠٠ ساڵ پ.ز) بۆ دانراوە كە دەكەوێتە كۆتایی شارستانیەتی (چەرمو) وە گڵێنەكانی ئەم دەورە وەك ئەوانەی چەرمویە لە وێنە و چەشن دا كە بریتی‌یە لە كوپە و گۆزە و دیزەی سوور و كەندوی گەنم لە ناو ژوورەكاندا دانراون هەندێك بە قیر یان قسڵ و گەچ سواغ دراون یان بە رەنگی سوور ، لە گڵێنەكانی ( تل صوان) سامەرا ڕەنگی قاوەیی و ڕەش بەكار هاتووە لەگەڵ سوور بێجگەلەوەی ڕەسم و هەیكەلەكانی كۆتەڵ لە قوڕ و بەرد دروست كراون ، نیشانەی هونەرێكی بەرزترە لە هی حەسونە كە گەڵێ بە ووردی هەستی بزوتنەوە و جوڵان و گیانلەبەری تێدا دەكرێ [٥٦] .بۆیە دەگەینە ئەو راستیە كە شارستانی (چەرمو و حەسونە و سامەرا) و هەروەها سەرهەڵدانی گۆتیەكانیش لەو دوا وە زنجیرەی ئەو سەرهەڵدانە مێژووەن .

٢-دەگەینە ئەو ڕاستی‌یە كە ئەم ناوچەیە (كەركوك) هەر لە بەرەبەیانی شارستانی بەردینەوە بەردەوام بووە و لێك پچڕانی تێدا نەبووە ، چونكە سەردەمی بەردینی كۆن و ناوەڕاست و نوێ و كانزایی دۆزینەوەی زۆری ئەم سەردەمانە بەڵگەی ڕاستی قسەكەمانە ، هەروەها شوێنێكی وەكو (چەرمو) كە سەرهەڵدانی هەموو سەردەمەكانی پێوەدیارە كە یەك لەدوای لەیەك سەردەمەكانی زیندو بۆتەوە .

٣-بەهۆی بەردەوامی شارستانییەتی سەردەمە بەردینەكان وای كرد كە خۆئامادە دروست كردنێك پێك بهێنن بۆ شارستانیەتی هونەری بینا كاری سەردەمە مێژوویی‌یەكانی (گۆتی و لولویی و سۆمەری و ئەكەدی) ، بۆ گەشە كردنی ناوچەیەكی وەكو كەركوك بۆیە دەشتایی چی‌یەكانی كەركوك بوونە جێگەی گەشە كردنی هونەری بینا كاری نەخش و نیگار .

٤-بەهۆی ئەو شۆڕشە پیشەسازی و كشتوكاڵی و كۆمەڵایەتی‌یەی كە لە چەرمودا سەری هەڵدا بوو بوو بە هۆی سەرهەڵدانی هەنگاوی هونەری بینا كاری و نەخش و نیگار چونكە ئەو هونەرە بیناكاری‌یەی لە (چەرمو) سەرەتای دروست كردنی خانو بوو بۆ نیشتەجێ بوون و كاركردن بە پیشەی كشتوكاڵی و پیشە سازی كە لە پێش چەرمودا لە كاری گەڕۆك و كۆچ دا بوون بۆیە بیر كردنەوە لە بیناكاری زۆر مەحاڵ بوو بەڵام هەنگاوی بیناكاری بەرەو پێشەوە چوو لە(حەسوونە) ( قادیش ، مەتارە) .

٥-دەتوانین گونجاندنی باری ئاو و هەوا لەناوچەکەدا بە کارێکی گرنگی گەشە کردنی هونەری بینا کاری دابنێین چونکە ئەگەر ئاو و هەواکەی لە بار نەبوایە مرۆڤی ( چەرمو ، حەسونە و مەتارە ) بیریان لە هونەری بینا کاری نەدەکردەوە چونکە بە پیتی زەوی‌یەکەی وای کرد کە هونەری بیناکاری گەشە بکات شان بە شانی شارستانیەتی کشتوکاڵی‌یەکە....

٦- ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لە هونەری بیناکاری ناوچەکە لە سەردەمەکانی پێش مێژوو نەبوونی سەرهەڵدانی نەخشە و نیگاری بیناکاری‌یە کە ئەم جۆرە تەرزە (طراز) بەرچاو ناکەوێت لە چەرمو مەتارە و قادیش و حەسوونە)، بەلام زیاتر ڕەنگی داوەتەوە لە هونەری گڵ کاری دا .

٧- بەکارهێنانی ( قوڕ و بەرد ) و (قامیش و زەل ) وەکو کەرەستەیەکی زۆر پێویست بەکار هاتووە ، هەر لە سەرەتای هونەری بیناکاری لە دوایدا بەکارهێنانی (قیر ، قسڵ) لە هونەری بیناکاری بەلام بە شێوەیەکی زۆر تەسک و کەم، وە بەکارهێنانی بەرد لەبنەرەتی دروست کردنی خانووەکاندا .

٨- بەکارهێنانی لاری لە سەر شێوەی سەری خانووەکاندا بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ گۆڕانی باری ئاو و هەوا لە بەرامبەر باران و بەفر لە هەوادا ، تا بۆئەوەی بەرگەیەکی باش بگرێت لە بەرامبەر گۆڕانەکانی ئاوو هەوادا .

٩-بوونی لێك چوون لە هونەری بینا کاری لە نێوان (چەرمو) لەگەڵ ( چایونۆ) لە تورکیا کە ئەمە لە خۆیدا دەمان گەیەنێتە ئەوەی لێك گەیشتنێك هەیە لە گەڵ هەردوو ناوچەکەدا چ لە ڕووی پێشکەوتنی کشت و کاڵ و هونەری بیناکاری دا[٥٧].

١٠- وە دەتوانین نموونەی چەند ئەشکەوتێکی تر بدۆزینەوە بێجگە لە (پاڵەگەورە) وەکو ئەشکەوتەکانی ( کوڕ کچان) و ( پتە و پیرەچن)ی ناوچەی ئاغجەلەر ( ئەشکەوتی کەمتیار ) و ئەشکەوتی ( گلهر ) نمونەیەکی ئەو جۆرە ئەشکەوتانەن .

سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی یەکەم :

---

[١] بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد ، لە پێناوی کۆکردنەوە و زیندوو کردنەوەی کەلەپوری کوردیدا، عبدالرقیب یوسف ، بلاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر ، سالی ١٩٨٥ ، چاپخانەی کامەران ، سلێمانی ، لاپەرە (٧٦).

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[٣] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، مجلە المجمع العلمی الکردی ، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی : ( عصور ما قبل التاریخ في وادي الرافدین علی ضوء التنقیبات الاثریة في کردستان العراق ) نووسینی ، طه باقر ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، سالی ١٩٧٣ ،

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، لاپەڕە (٥٨٦).

[٤] گۆڤاری ( کاروان ) ، ژمارە (١٣) ، تشرینی یەکەم ، ساڵی ١٩٨٣، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی : - ((من المواقع الاثرية في كردستان ( بەردەبەڵکە) ، نووسینی کمال نوری معروف لاپەڕە (١٣٢) .

[٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (١٣٢)، هەروەها بڕوانە : - ( الكشاف الاثري في العراق ، د. قحطان رشيد صالح ، بغداد ، ساڵی١٩٨٧، لاپەڕە (٧٦) .

[٦] گۆڤاری کاروان ، ژمارە (١٣) ، هەمان ژمارەی پێشوو لاپەرە (٤).

[٧] هەمان سەرچاوە پێشوو ، لاپەڕە (١٣٤).

[٨] الكشاف الاثري في العراق ، لاپەڕە (٨٥) .

[٩] گۆڤاری کاروان ، ژمارە ١٣ ، لاپەرە ١٣٤

[١٠] گۆڤاری کاروان ، ژمارە ١٦ ، لاپەڕە(١٤٨) .

[١١] گۆڤاری کاروان ، ژمارە ١٦ ، کانوونی دووەم ، ساڵی دووەم ، ١٩٨٣ ، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی : - (( من المواقع الاثرية في كردستان ( کەریم شاهێ) ، نووسینی کمال نوری معروف لاپەڕە (١٤٨).

[١٢] تاريخ الفن العراقي القديم ( الرسم و النقوش الجدارية و الفخارية و الحجرية و علاقتها بفنون الاطفال ) ، نووسینی ، محمد حسين جوري ، ساعدت وزارة الاعلام العراقية على نشره، مطبعة نعمان ، النجف الاشرف ، ساڵی ، ( ١٩٧٤ م - ١٣٩٤ هـ ) ، الجزء الاول ، لاپەڕە (٤١) .

[١٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٤٣) .

[١٤] المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة ( المرحلة الرابعة).

[١٥] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٤) ، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی : - ( کوردستان لە دوا دوای چاخی سەهۆڵبەندانەکەدا). نووسینی ( فوئاد حەمە خورشید ) و ( مەریەم عەزیز فەتاح ) . حوزیران ، ساڵی (١٩٨٧) ، لاپەڕە (٨٨). هەروەها بڕوانە بۆ زانیاری دەربارەی ڕووبەرەکەی ،گۆڤاری ( کاروان ) ، ژمارە (١٦) ، کە ڕووبەرەکەی بە (٥٥٠) مەتر دووجای داناوە.

[١٦] العراق القديم ، جورج ، ترجمة و تعليق حسين علوان حسين، وزارة الثقافة و الاعلام - العراق ، ١٩٨٤ ، لاپەڕە (٧٧) .

[١٧] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٦٠٠).

[١٨] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١١) لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی : - ( مرۆڤی چاخی بەستەڵەك) ، نووسینی ( دکتۆر جەمال ڕەشید ئەحمەد ) ، لاپەڕە (٦١).

[١٩] گۆڤاری کاروان ، ژمارە ١٦ ، لاپەڕە (١٤٥).

[٢٠] العراق القديم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٧٧).

[٢١] گۆڤاری کاروان ، ژمارە ١٦ ، ل ١٤٦.

[٢٢] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠٠.

[٢٣] العراق القديم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٧.

[٢٤] حضارة العراق ، الجزء الاول ، ل ١٢١ .

[٢٥] المرشد الى المواطن الاثار و الحضارة ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل (١٤-١٥).

[٢٦] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٠٥.

[٢٧] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٥٥-٥٦) ، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی ، (( یەکەمینی لانکەی مرۆڤایەتی) ، نووسینی ( ڕەزا شوان) ، ل ٣٤.

[٢٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل (٣٤،٣٥).

[٢٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤.

[٣٠] العراق القديم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٨.

[٣١] مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة ، الجزء الاول ، الوجيز في تاريخ حضارة وادي الرافدين ) ، نووسینی

، ( طه باقر ) ، منشورات دار البيان (٥٣) ، الطبعة الاولى ، ( ١٩٧٣ ، ١٣٩٣ ) مطبعة الحوادث ، بغداد ، ل ١٩٣.

[٣٣] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٥٥- ٥٦) ، ل ٣٤.

حضارة العراق ، بەرگی سێیەم ، ل ٧٩.

[٣٤] تاريخ فن العماره العراقيه في مختلف العصور ، نووسینی ( شريف يوسف ) ، دار الرشيد للنشر ) ١٩٨٢ ، ل ٣٨.

[٣٥] گۆڤاری ڕەنگینی ، ژمارە (٥٠) ، ساڵی ١٩٩٢ ، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی : - وولاتەکەی خۆت بناسە ( کوردستانی پێش مێژوو ) . بەشی سێیەم ، دەربارەی قەڵای ( چەرمو ) ، ل٦ .

[٣٦] گۆڤاری ، کۆڕی زانیاری کورد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە (٦٠٥) .

[٣٧] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٤) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٩.

[٣٨] حضارة العراق ، الجزء الاول الثالث ، ل ٢٩٣.

[٣٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩٤.

[٤٠] گۆڤاری کۆڕی زانیاری هەمان سەرچاوە ل٦٠٧ .

[٤١] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ( ژمارە (٥٥-٥٦)، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل (٣٤-٣٥).

[٤٢] گۆڤاری ( اهل النفط) ، کانوونی دووەم ، ساڵی ١٩٥٢ ، السنة الاولى ، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی. ( اهل النفط تتحدث في جرمو مع الباحثين ( لان ادام عرف النفط ) ، نووسینی ( عبدالستار فوزي.

[٤٣] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٥٥-٥٦) ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل (٣٥-٣٦).

[٤٤] گۆڤاری ( شانەدەر ) ، ژمارە ٦ ، حوزیرانی ١٩٨٨ ، ساڵی دووەم ، ساڵی (١٩٩٨) ، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی : - ( فخار - ماقبل التاريخ و العصور التاريخية ، اشكاله و الوانه و زخارفه )، نووسینی زبير بلال اسماعيل ، ل ٥٩.

[٤٥] گۆڤاری افاق عربيه، ژمارە (١١) ، ل (١٠١-١٠٣-١٠٤ ) .

[٤٦] حضارة العراق ، الجزء الثالث ، ل ، (١٠، ١٦).

[٤٧] گۆڤاری ( العربي ) الكويتي ، ژمارە ١٤٥ ، كانون الاول ١٩٧٠ ، لێکۆڵینەوەیەکە بە ناونیشانی. (الصناعة في العصور الحجرية الحديثة) ، نووسینی ، يوسف زعيلاوي ، ل ١٢٤.

[٤٨] گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی دووەم ، بەشی دووەم ، ل (٢٦، ٢٧، ٢٨).

[٤٩] تاريخ فن العماره العراقيه في مختلف العصور ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٤

[٥٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٤.

[٥١] العراق القديم ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٩.

[٥٢] گۆڤاری سۆمەر ، ژمارە ٤٤ ، جلدی (١-٢ ) ، ل ١٧.

[٥٣] گۆڤاری سۆمەر ، جلدی چوارەم، ل ٣١٠.

[٥٤] حضارة العراق، بەرگی سێهەم ، ل ٨٥.

[٥٥] گۆڤاری سۆمەر ، جلدی پێنجەم ، ل ٣١٠.

[٥٦] الكهف الاثري في العراق ، دكتور قحطان رشيد صالح ، ل ٩٢ .

[٥٧] گۆڤاری کاروان ژمارە ٦٢ کانونی دووەم و شوبات ، ساڵی ١٩٨٨ ، لێکۆڵینەوەیەك بە ناونیشانی سۆمەریەکان ئاری بوون .

(٥٨) نشوء الحضارة ( ديفد و جوان اوتس ) وەرگێڕانی ( لطفي الخوري ) ، دار الشؤون الثقافية العامة ، سلسلة المائة كتاب الطبعة الاولى ، ١٩٨٨ ، دار الحرية للطباعة بغداد (١٧٧-١٧٨).

تێبینی : هەرچەندم کرد کە زاراوەیەکی تایبەتی بە (زجاج البركاني ) بدۆزمەوە کە جێگەی متمانە بێت تەنها شووشەی بورکانی بوو بۆیە ئەوەم زیاتر بەکار هێنا.. هەرچەندە زاراوەی تریش هەیە بەڵام زیاتر جێگەی خۆی ناگرێت.

# کفری شاری بەرەبەیانی مێژوو و لە یادکراوی ئەمڕۆ

حەسەن علی سەلیم

ئەگەر بە وردی ئاوڕێك لەهەزارەکانی ڕابردووی مێژووی کوردستان بدەینەوە دەرئەکەوێت کە دانیشتوانی ناوچەکانی خۆرهەلآت هەمیشە لەمەلآسدا بوون ، بۆ ئەوەی هەل بەدەست بهێنن لە ناوچە شاخاویەکانەوە هێرش بکەنە سەر پێدەشتەکان ، جا لە بەر کەمبونی خۆراك یا زۆربونی ژمارەی سەرنشینان و کەمی زەوی کشتوکاڵی بەهۆی سروشتی شاخاویەوە ، هاتونەتە خوار وە دەستیان کردووە بە نیشتەجێ بوون و دێهات وشاریان دروست کرد ، دوور نیە ئەمەسەرەتایەك بێت بۆ دروست بوونی چەند شارێك .

کفری یەکێکە لەو شارە دێرینانەی پێویستە گرنگیەکی باشی پێ بدرێت بە ئامادە کردنی لێکۆڵینەوە و تیشك خستنە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ( ئابووری - ڕۆشنبیری - کۆمەلآیەتی ) دانیشتوانەکەی .ئەم شارە دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیاکانی - دەرەوشکەو ، جۆبەداغ - گلابات کەبەرزاییان لە نێوان ٢٠٠-٣٠٠ مەترێکە لە پایینەوە دەشتێکی لیتەیی‌یە و لە ژووریشەوە زۆرگ و هەرد دەوری داوە.



**ناوی کفری و گرنگی جێگاکەی**

لە دەستنیشان کردنی ناوی کفریدا چەند راو بۆچوونی هەیە یەکەمینیان ئەوەیە دەڵێن گوایە جێگای کفری ئێستا جەنگەڵ بووە و بە زۆری داری ( کفری ) تیادا رواوە ، یا لە (قیر - کیرۆ) بێ ، ئەم کێرۆیە لە زوبانی بابلی و ئاشووریدا بە قیر هاتووە ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە لە هەردە و قاتەکانی کفری دا کەدەکەوێتە رۆژهەڵاتی شارەکە نزیك گوندی (ناصالح ) کانزای قیری تیا دا بووە و تا ئێستاش ماوە، هەر لە سەرەتاکانی مێژووە وە لەوێ قیر دەرهێنراوە و رەوانەی شاری بابل کراوە .

لەجەنگی جیهانی‌یەکەمیشدا سوپای ئەڵمان سوودیان لەم قیرە وەرگرتووە و بەرێگای هێڵی ئاسن لەئاسکی کفری‌یەوە بۆ سوودی پیشەسازی هەواڵەی ئەڵمانیایان کردووە ، کفری لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا ناوی (کیماش) بووە ؟ لەو سەردەمانە دا کە گۆتی‌یەکان دەسەڵاتیان لاواز بوو چەند پاشانشینێك قوت بوونەوە وەك ( ئۆربیلوم - اربیل) ( خارشە - دوزخورماتو ) ، ( شموروم - ئاڵتون کوپری)، ( کیماش - کفری) واتە کفری لەو سەردەمانەشدا هەبووە.

**سنوور و جێگای کفری و چەند تێبینی‌یەك:**

ئەگەر سەرنجێکی ئاسکی کفری و شوێنەوارەکانی بدەین ئەو چەند وچوونانە هەڵئەگرێت ، کەلەسەر ئەگەری جێی گۆڕینی شارەکەیان کردووە، د. مکرم تاڵەبانی لەکتێبی ابراهیم خان دا دەڵێت ( هۆکاری سەرەکی ئەم جێگۆرکێ‌یە دوورنی‌یە هەرەس هێنانی بەربەستەکەی قوشە چاپان بووبێت تاشە بەرد و تاوێرەکانی کە پاشماوەی ئەو بەربە ستەن لە چەمەکەدا ماون ) بەڵام رای تر هەیە کە جێگۆرینی خودی رووبارەکە شارەکەیشی گۆڕیبێ ، کەسانی تریش پێیان وایە کە لە ئاکامی پەلامار و شەڕ و شۆڕی زلهێزەکانی سەردەمانی فارس و رۆمانەکان شارەکەی بەرەو رۆژهەڵات گواستبێتەوە و پشتی بە چیاکانەوە لکاندبێت ، ئەم رایەیان بەدوور نازانم چونکە هەر لەوکاتەوە گیانی خۆراگری و خۆبەدەستەوە نەدان لەدڵ و دەروونی خەڵکی ئەم شارو ناوچەدا چرۆی کردووە و بە درێژایی مێژوو سەلماندویانە کەفێرگەی خۆراگرین.

کفری دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کەرکوکەوە ، لە خۆرهەڵاتیەوە بە سنووری پارێزگای سلێمانی‌یەوە لکاوە ، لە خواریەوە پارێزگای دیالە و ، پارێزگای بەغدایە ، ئەم شارانەش دەکەونە دەوروبەری ، لە خۆرهەڵاتەوە کەلار ، لە خۆرنشینەوە ناحیەی قادر کەرەم و قەزای دووز ، لە باکووریشەوە دەربەندیخان و سەنگاوە .

چەند گەریدەیەك بەم شارە دا گوزەریان کردوە و تێبینیان لە میانەی سەردانەکانیان دا تۆمار کردوە لەوانە :-

١- نیبۆر : لە ئازاری ١٧٦٦ ز بەرێگەی بەغدا لە یەنگەجەوە رۆژی ٧ ی ئازاری ئەو ساڵە گەیشتۆتە کفری و بە ( کرفە) ی ناو بردووە گوایە یەکێك لە خەلیفەکانی عەباسی سەردەمی سامەرا دروستیان کردووە.

٢- جیمس بیکنغهام ، لە ساڵی ١٨١٦ ز لە رێگای موسڵ و هەولێر و کەرکوکەوە

هاتۆتە کفری و یاداشتێکی تۆمار کردووە و تیای دا دەڵێت ( کفری کەوتۆتە دەشتایی یەک لە دامێنی زنجیرە شاخێکی وشک و برنگەوەشارەکە لەناو شوورەیەکدایە ، خانووەکانی بە قوڕ و وردە گەچ دروست کراون جۆگە ئاوێکی ڕوون لە ڕۆژهەڵاتیەوە دەچێتە ناو شار و جۆگەلەی زۆری بۆ ئاودان لێ ئەبێتەوە بە ناو کووچە و کۆڵانەکانی شاردا و دەبنە هۆی پاک و خاوێنی شارەکە تا ئێستا لە زۆر شوێنی شارەکەدا ئاسەواری ئەو جۆگەلە ژێر زەمینیانە دەبینرێت پڕ بوونەتەوە لە ئەنجامی کەم بونی ئاو.

٣-گەریدە ڕیچ ، ساڵی ١٨٢٠ لە گەشتێکیدا لە بەغداوە بەرەو سلێمانی ڕۆژی ٢٦ نیسان گەیشتۆتە کفری و ٣ ڕۆژ تیایدا ماوەتەوە بە دەوروپشتی دا گەڕاوە و لە شوێنەوارەکانی وردبووەتەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردوە کە جاران ئەم شارە لەناو شاخەکانی ڕۆژهەڵاتی دا نیشتەجێ بووە ، بەهۆی بوونی ژمارەیەک شوێنەوار و ئەشکەوت

**شوێنەوارەکانی کفری .**

لە دەوروبەری کفری دا چەند شوێنەواری دێرین هەن گەواهی ڕەگ داکوتاوی مێژووی ئەم ناوچەیە دەسەلمێنێت و شارستانیەتی مرۆڤی سەردەمانی خۆی بەرز ڕادەگرێت لەوانە : -

١-شوێنەواری ( قەرە ئۆغلان ) کە پێشتر ناوی ( داوی خانە ، یا دەهۆڵ خانە ، یا دۆڵی خەنە ) بووە چەند جارێک سوپای عوسمانی و بابانەکان لەوێ بەیەکدا هاتوون.

٢-لە سەر لوتکەی باوەشاسوار شوێنەواری گردێکی دەست کرد هەیە .

٣-گردی ئاسکی کفری لە ٨-١٠ کیلۆمەتری خوارووی کفرییەوە یە درێژی گردەکە ٤٠٠ پێ و پانیەکەی ٣٠٠ پێیە و بەرزیشی ٥٠ پێیە هەروەها لەو شوێنەوارانە پاشماوەی ٧ خان و چەند خانویەکی کەلتووری ( تراثی ) لەگەڵ ١٨ ئاسیاو دا. تا ئەم چەند ساڵەش هەندێک لەو ئاسیاوانە مابوون.

٤-ئەوەی پێویستە بووترین زۆرینەی ئەم شوێنەوارانە بەڵگەی ساسانیيان تیا دۆزراوەتەوە و پێویستە لە لایەن شارەزایانەوە لێکۆڵینەوەی چڕ و پڕیان لە سەر بکرێت و بە شێوەیەکی زانستیانە کنە و پشکنینیان تیادا بکرێت تا مۆزەخانەکانمانی پێ دەوڵەمەند بکەین.

**گرنگترین تیرە و هۆز و بنەماڵەکانی کفری:-**

ئەو تیرە و هۆزانەی لە دەورو بەری کفری و ناو شارەکەدا نیشتەجێن ئەمانەن:

١-هۆزی جاف : لە سەر قەڵاوە و دیهاتەکانی بەرەو ئێران کشاون .

٢-دەلو : لە ئاواییەکانی ڕۆژهەڵاتی کفری نیشتەجێن.

٣-زەنگەنە : لە ئاواییەکانی بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی باشوورن.

٤-بەیات لە دووری چل کیلۆمەترێک لە ژووری کفرییەوە تا دووز خورماتوو لەو

ناوەشدا چەند تیرەیەکی عەرەب وەك (لهێب) ، (جبور) ، (کەرەوی) هەن.

***بنەماڵەکانی کفری***

١-بنەماڵەی بابان

لە پاش دامەزراندنی ئەمارەتی بابان و پەرەسەندنی و گەیشتنی دەسەڵاتی تا شاری کفری و لەوێوە تا چیای حەمرین ساڵی ١٨١٢ یەکێك لە ناودارانی میرنشینی بابان بە ناوی (قادر پاشا) لە کفری نیشتەجێ بوو لە گەڵ برایەکی دا بە ناوی اسماعیل بەگ چەند خانویەکیان دروست کرد لەو ساتەوەناوی یەکێك لە گەڕەکەکانی کفری بەناوی (اسماعیل بەگەوەیە) لە پاش ئەوان (مەجید پاشای کوڕی قادر پاشا) کۆشك و تەلارێکی گەورەی بۆ خۆی دروست کرد و کاروانسەرایەکی گەورەیشی لە پاینی شارەوە لە سەر ڕێگای سلیمانی دروست کرد لەگەڵ باغێك دا کە بە باغی پاشا ناوبانگی دەرکردبوو ، بنەماڵەی پاشا لەگەڵ هۆزی جاف و سەیدەکانی کفریدا خزمایەتیان کرد بوو ، کچی مەجید پاشا دراوەتە سەید حوسەین ئاغا و جەمیل بەگی مەجید پاشایش شەمسە خانی کچی سلیمان بەگی حەمەپاشای جافی خواستوە.

٢- بنەماڵەی سەیدەکانی کفری. ناسراوترین پیاوی ئەم بنەماڵەیە ( سەید عومەر ئاغای گەورە ) بووە مەزەندە دەکرێت لە سەرەتای سەدەی ١٩ دا هاتبێتە کفری لەگەڵ تیرە و تایفەکانی کفری دا ژن و ژنخوازیان کردووە و یەکێك لە گەڕەکەکانی ئەم شارە بە ناویانەوەیە .

ئەم بنەماڵەیە لەساڵی ١١٩٥ ك بە فەرمانی سلیمان پاشای والی بەغدا دێهاتەکانی (هەردو بەلەگە ، قووری چای ، بەکرە شەل ، یان لە سەر تاپۆ کراوە ئەو بەلگەیە ئێستا لەماڵی پارێزەر کاك طالب ئاغای کەسایەتی ناسراوی کفری و ئەم بنەماڵەیە پارێزراوە ، کە تەمەنی ئەو بەلگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٣٥ ساڵ بەر لە ئێستا.

٣- بنەماڵەی ( وەنداوی - وەناوی )

مێژووی ئەم بنەماڵەیە بووەتە بەشێك لە مێژووی کفری هەندێك دەڵێن ناویان لە (وەند)ەوە هاتووە واتا ئازا یا جێگا و شوێن ، ڕووباری وەند ، هەندێکی تریش دەڵێن لە قەلا و ناوێلەی ناو داودەوە هاتوون بەشێکی زۆریش لە خۆیان لە سەر ئەوە ڕێکن کە باپیرە گەورەیان لە شاری ( وان )ی کوردستانی تورکیاوە کۆچیان کردووە لە کفری و دەوروبەری دا گیرساونەتەوە.

## بازاری کۆنی کفری، ئاڵوگۆری بازرگانی سەردەمی خۆی

هەر لە بەرە بەیانی مێژووە وە ئەکەدیەکان و ئاشوورییەکان لە سەر خاکی سوبارتو جەختیان لە سەر بەردەوامی جووڵانەوەی بازرگانی دەرەکی کردووە بۆ بەدەستهێنانی مس و هاوێتەکانی بۆ کار و کەرەسەی سەربازی و گواستنەوەی بۆ شارەکانی بابل و هاوچەشنەکانی لەگەڵ ئەو ئاڵ و گۆڕانەدا کاری بازرگانی تر هاتۆتە ئاراوە و چەند گوند و شارێك لەو ڕێگایانەدا دروست بوون دوورنییە کفری یەکێك بێت لە و شارانە و ڕۆڵی خۆی بینیبێت لە هەموو سەردەمەکاندا کە دواینیان سەردەمی عوسمانی و ئیمارەتی بابانە ، بەڵگەشمان قەیسەری کۆنی کفرییە کەتەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٨٢٥-١٨٥٠ کە لەو سەردەمەدا نزیکەی ١٥٠ دوکانی تیادا بووە و بە دەستی وەستا باشیەکی ئازربایجانی بە ناوی وەستا ( محاو - احمد ) دروست کراوە بە قایە و گەچ - ئەم پیشەوەرانەشی گرتبووە خۆی.

دارتاش، ئاسنگەر ، خومچی ، هەلاج و سەراج ، خـەیات ، نالبـەند ، بازرگـان ، وردە والـە فرۆش ، مزگـەر ، جگـە لـە مانـە ( ٤ ) خـانی (کاروان سەرای ) تێدا بووە کە ئەمانەن

١- خانی خەڵوزەکە.

٢- خـانی حـاجی ڕەووف بازرگـانی گـەنم و جۆیشی تیادا کراوە.

٣- خانی مەلا عەباس بە خانی گەنم ناسراوە

٤- خانی سید محسن ئاغا ( خانی خورما )

٥- خانی سید محسن ئاغا ناسراو بە خانی خوێ.

لەگـەڵ چـەند خـانێکی تـردا کـە بەداخـەوە جێگایـان خەریکـە ئەسـڕێتەوە و بـە پێـوە نەماون ، ئەم خانانە بریتیبوون لە حەوشەی پـان و بـەرین و چـەند ژوورێـك هـەندێکی تەرخان کرابوون بۆ میوان و خاوەن ولاغەکان ئەوانی تریش بۆ تەویلە.

بـەڵێ لـەو کاتانـەوە بـازاڕی کفـری جـۆش و خرۆشـی خـۆی هـەبووە هـەر لـە بنـاری قەرەداغـەوە - سـەنگاو ، دیـوی دەربـەندیخان رووی ئەکردە ئەم شارە ، جگە لەوەی کفری چەقی ڕێگای بازرگانی نێوان بەغدا و کەرکوك و بەسـرەیش بـووە، لـە بازاڕەکـانی دا شـتی نایـاب پیشـان دەدرا بـۆ فرۆشـتن، وەك (سـەماوەری وارشـۆ ، قـۆری ئەسـتراخان ، قەدیفـەی فەڕەنسـی ، جۆخـی ئینگلـیزی ، شووشـەواتی نەمسـاوی ، شـاڵ و ڕایـەخی ئێرانی ، حەریری چینی ، بەهاراتی هینـدی ، مـەرجانی ئـەندەنۆزی ) هـەر بـەهۆی ئـەو بازرگانییەشەوە بووە کە لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە چەندین بنەماڵە ڕوویان کردۆتە ئەم شارە و تیای دانیشتەجێ بوون .

## ئەرکەکانی ئەمڕۆ بەرامبەر بەم شارە

شارێك خاوەنی ئەم هەموو مێژووە پڕ شکۆیە بێـت بەشـێکی گرنـگ و جیانـەکراوە لـە شارستانیەتی ئەم وڵاتە ، لە ڕووی زانستیوە مەڵبەندی خەڵکانی ڕۆشنبیری پیاو ماقووڵ و زانای ئاینی و لانەی ڕاپەڕینی ابراهیم خانی دەلۆ بووبێت جێی سەرهەڵدانی کۆمەڵەی هیوا و هەموو پارتە نەتەوەیی و ئازادی خوازەکانی گەلەکەمان بووبێت لە سەرەتای شۆڕشەوە تا ئـەمڕۆ لـە ناوچەکـەدا خـاوەنی گـەورەترین قوربانی و خۆڕاگری و هەڵگری مەداڵی شەڕی دەسـتەو یەخـەی دوژمـن بـەزێنی سـەرقەڵا بووبێت حەیفە ببێتە شاری وێرانی و لە بیر چوون.

بۆیـە هـەموو قـەرزاری کفریـن کەدەسـتی ئاوەدانی و گەڕانەوەی ڕۆژە پرشنگدارەکانی بگاتێ بە دروستکردنەوەی قەیسەری و بازاڕە کۆنەکەی و خانـەکانی لەگـەڵ چاککردنـەوەی چەند خانوویەکی دێرین دا .

هـەروەها بـە ئـەنجام گـەیاندنی بیرۆکـەی بەربەستی کفری و ئاوەدان کردنەوەی گوندی ئیمام محمد و ئەوبەری چەم و بەستنەوەی بە ڕێگایەکی قیرتاو کراو بە سلێمانیوە لەگـەڵ کردنەوەی چەند کارگەیەکدا بگونجێ لەگـەڵ بەرو بوومی ناوچەکەدا .

ئەمانە هەموو خۆزگەن ، مێـژووی ئـەم شارە سەروەرییەکانی لە خۆزگەکانی گەورەترن.

سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە


١- شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلو / مستەفا نەریمان

٢- بیرەوەری یەکانی ژیانم / مستەفا نەریمان

٣- ابراهیم خان . ثائر من کردستان / مکرم طالبانی

٤- نرام سین ملك جهات العالم الاربعە د. فوزی رشید

٥- فایلی کەرکوك - گۆڤار ژمارە ( ١ ) هەولێر

٦- جەریدە الاتحاد العدد ٣٤٧

٧- ڕۆژنامـەی هـەرێمی کوردسـتان ژ ١٦٥ لـە ١٩٩٩/١٢/١٣

٨- العراق الشمالی عبداللە حسن عبدالهادی الدفتر





# هونەری بینا سازی لە زەقورەی عەگەر گوف دا

**هاشم حەمە عەبدوڵا**

لە هەردوو ژمارەی ٨،٧ گرڤاری هەزار مێردا دوو بابەتمان لە سەر کاشییەکان نووسیوە. لێرەدا هەوڵ ئەدەین کورتەیەك لە سەر هونەری بیناسازی زەقورەی عەگەر گوف بنووسین.

بەر لەوەی بچینە ناو ئەو باسەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کاشییەکان دوای ئەوەی دەسەلاتی ولاتی بابلیان گرتە دەست لە سەردەمی ( ئاگوم کاکریمەدا ١٦٠٢ – ١٥٨٥ پ.ن) دەستیان کرد بە دروست کردنی پەرستگا بۆ خواوەندە نەتەوەییەکانیان و تازە کردنەوەی پەرستگای خواوەندەکانی دیکەی ولاتی سۆمەر و ئەکەد وەك پەرستگا بەناوبانگەکەی خواوەندی مەردۆخی بابلی ( ئاساگیلا) و پەرستگای ( ئینانا) ی سۆمەری واتە عەشتاری بابلی. [1] ئەمە یەکێ بووە لە رەوشتی شارستانیەتی کاشییەکان و برەویان داوە بە هونەری بینا سازی گەشە کردنی باری ئابووری و چاك کردنی زەوی و زار بە درێژایی ماوەی دەسەلاتیان کە فەرمانڕەوایی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیان کردووە وەك دەوڵەتێکی یەك پارچە بە جۆرێك کەتوانیان ناوی ولاتی بابل و سۆمەر بگۆڕن بۆ (کاردونیاش ).

دیارە کاشییەکان درکیان بەوە کردووە کە پێویستە مێژوویەك بۆ خۆیان تۆمار بکەن و چەند کارێکی گرنگ ئەنجام بدەن بۆیە بڕیاریاندا پایتەختێکی تر لە پاڵ بابلدا بۆ خۆیان بنیات بنێن.

لە ناوەڕاستی دەسەلاتی بنەماڵەی کاشییەکاندا پایتەختێکی گەورەیان بنیات ناو ناویان نا ( دور – کوریگالزو) بەدووری ٢٥کم خۆرئاوای بەغداد ، بە پێی ناوەکەی دەردەکەوێت کە کوریگالزۆی یەکەم ( ١٤٣٨ – ١٤١٢ پ.ن) بنیاتی ناوە بەلام مامۆستا تەها باقر وای بۆ دەچێت کە مێژووی دروست کردنی ئەم شارە بۆ سەدەی ١٥-١٤ ی پێش زایین بگەڕێتەوە [2].

( دور کوریگالزۆ ) یان شاری کوریگالزۆ ئێستا پێی دەوترێ عەگەرگوف و لە دوورەوە پاشماوەی زەقورەکەی دەبینرێت ، عەگەرگوف وشەیەکی ئارامیە و بە مانای شوێنی قامیش دێت، ئەم شارە گەورەیە تاکو سەردەمی ئیسلامی نیشتەجێ و ئاوەدان بووە ، ئەمەش لە کاری کنە و پشکنین دا دەرکەوتووە. چۆنیەتی دروست بوونی زەقورە: –

---

[1] د. جمال رشيد ، د. فوزي رشيد ، تاريخ الكرد القديم ، اربيل ، ١٩٩١ ص ٦٢.

[2] طه باقر ، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة ج١ . ص ٤٥٤ ، بغداد دار الشؤون للثقافة .

زەقورە شوێنی حەوانەوەی خواوەندەکانە ، لە کاتی هاتنە خوارەوەیاندا بۆ سەر زەوی و دابەزینیان بۆ پەرستگاکانی سەر زەوی ، زەقورە لە بینایەکی پتەو لە خشتی کاڵ دروست کراوە و لە چەند چینێك پێك هاتووە ، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە وڵاتی نێوان دوو ڕووباردا بەکارهاتووە ، پەرستگایەکی باڵا لە لوتکەکەیدایە و پەرستگایەکی تر لە خوار زەقورەکەدایە ، لە سێ لاوە بەهۆی پلیکانەوە دادەبەزنە خوارەوە بۆ پەرستگاکانیان ، چەندین ڕاو بۆچوونی جیا لەسەر دروست بوونی زەقورە هەیە بەڵام ئەوەی زیاتر ڕوون و ئاشکرایە کە سۆمەرییەکان بە پێی ئەوەی لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری خۆرهەڵاتی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەوە بەرەو ناوچە دەشتاییەکان کشاون و پەرستگای خواکانیان لە شوێنی بەرزدا بووە ، ئەم نەریتەیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە بۆ دەشتاییەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار ، لە کاتێکدا ئەو هەرێمە دەشتاییە و بەرزی تێدا نییە لە سەر سەکۆی دروست کراو پەرستگای خواکانیان بنیات ناوە ، شوێنی ئەم پەرستگایانەش پیرۆز بوون بۆیە هەر لە هەمان شوێن پاش ماوەیەکی تر و سەردەمێکی تر پەرستگای تریان بنیات ناوە ، بەرز بوونەوەی یەك لەدوای یەکی پەرستگاکان لە سەر یەك بووە هۆی سەرەتای دروست بوونی زەقورە ، بەڵگەشمان بۆ ئەم بۆچوونە سەکۆ یەك لەدوا یەکەکانی شاری (ئەریدۆ ) یە کە یەکەم پەرستگای بۆ چاخی (عوبید ) دەگەڕێتەوە [٣] . یەکەم زەقورە کە دروست کرابێت بۆ سەردەمی ( ئۆرنەمۆ ) ی پاشای سۆمەرییەکان (٢١١٣-٢٠٩٦ پ.ن) دەگەڕێتەوە [٤] سەبارەت بەوشەی زەقورەش ، دیارە وتەیەکی بابلییە و لە ( زەق – زەقارۆ ) پێك هاتووە کە بە مانای (بەرزی) یان (لوتکە) دێت لەم وشەیەوە بابلیەکان وتەی زەقورەیان بەکارهێناوە و ئاشوورییەکانیش وشەی (سەکورە ) یان بۆ بورجی پەرستگا بەکارهێناوە ، پێ دەچێت وشەی ( سەکۆ ) ی کوردی درێژکراوەی ( سەکورە ) بێت کە بەمانای شوێنێکی بەرزی دروست کراو دێت.

لە شارە گەورەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووباردا بورجی پلەدار لە پەرستگا سەرەکییەکاندا هەبووە و بە خشتی کاڵ دروست کراوە، هەر چینە و لە چینەکەی ژێر خۆی بچووکترە ژمارەی چینەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕدرێت ، ئەم چینانە بە شێوەیەکی چوارگۆشە لە سەر یەك دروست کراون و چینی ژێرەوە گەورە تر و بەرز ترە لە چینەکەی سەرووی خۆی ، گرنگترین زەقورە زەقورەکەی ( بابل ) ە کە لە تەوراتدا ئاماژەی بۆ کراوە تاکو ئێستاش پاشماوەکەی نەدۆزراوەتەوە ، پاشان زەقورەی (ئور ) و زەقورەی ( خورساباد) کە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە.

وەك هونەرێکی بینا سازی بۆ زەقورە ، دیوارەکانی دەرەوەی بەرەو ناوەوە شانی داداوە و لە خشتی کاڵ و زەل و قامیش دروست کراوە بەخشتی سوورەوە کراو

[٣] محاضرات د. واثق الصالحي على طلاب المرحلة الاولى سنة ١٩٨٦.

[٤] د. مؤيد سعيد، العمارة من عصر فجر السلالات الى نهاية العصر البابلي الحديث،حضارة العراق ج٣ ، ص١٠٤.

داپۆشــراوە و ڕووی دەرەوەی بــە شــێوازی (دەرچوون و بەناوچوون) ( طلعات و دخلات) دیوارەکــانی ڕازاوەتــەوە ؛ لــە لوتکـــەی بورجەکەدا پەرستگایەکی بچووکی لێ بووە و لە سێ لاوە بە پلیکانە بۆی سەردەکەوێت پلیکانەیەك لە ناوەڕاستی ڕووی بورجەکەوە و دوانەکەی تری لەم لاولای بورجەکەوە بۆی دەڕوات ، هەرســـێکیان لـــە پەرســـتگا بچووکەکـــەی لوتکـــەی بورجەکـــەدا یـــەك دەگرنـەوە، لـەم پەرسـتگایەدا هـەندێ ڕێ و ڕەسمی ئـایینی تایبـەتی بـەڕێ دەکرێـت بـە تایبەتی لە جەژنی سەری ساڵدا کە بە زمانی بابلی پێی دەوترێت جەژنی ( ئەکیتۆ) ، لەو بۆنەیەدا قوربانی پێشکەش بە خواوەندەکان دەکرێـت ، وەك ئاماژەمـان بـۆ کـرد ئـەم پەرستگایە شوێنی حەوانەوەی خواوەندەکان بووە و لە کاتی هاتنیان لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی لــە ئاهــەنگ و بۆنــە تایبەتیــەکاندا ، مامۆستا تەها باقر وای بۆ دەچێت کە لە کاتی گەشەسەندنی شارستانیەتی بابلیەکاندا ئـەم بورجانـەیان بـۆ کاروبـاری فەلـەکی و بینینـی ئەسـتێرە بـەکارهێناوە ، هـەروەها لـە هـەندێ جاردا بۆ کاروباری جەنگ و بینینـی سـوپای دوژمن بەکارهاتووە [٥] .

دروست کردنی زەقورەی عەگەرگوف:

یەکێ لە بەرهەمە بیناسازییەکانی کاشییەکان دروسـت کردنــی زەقــورەی عەگــەر گوفـە ، بناغەی زەقورەی عەگەرگوف لە سـەر چینـێ خاکی کلسـی دروسـت کـراوە ، کە بێگومـان ئەمـەش سـوودێکی زۆری هەیـە بـۆ ڕاگرتنـی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی ئـاوی نـاو زەوی ، سەرەتا چینێك لە گڵی سوور دانراوە و پاشان چینێك لە لمی نەرم بە ئەستوورایی ( ٧ سم ) ڕاخـراوە کـە سـوودێکی زۆری هەیـە بـۆ پاراسـتنی هەیکـەل و بناغـەی بیناکـە لـە بوومەلەرزە و لە تەقاندنی دیوارەکانی بەهۆی قورسـی و پەسـتانی زۆری دیوارەکـانی ، هەروەها پێدەچێت بۆ ڕێگە گرتن بێت لە مارو مێروو قرتێنـەرەکانی نـاو زەوی ، پاشـان بـە چینێکی تەنك لەگڵی سوور دانراوە ، لەسەر ئەم گڵە سوورە یەکەم چینی زەقورە بەخشتی کاڵ دروست کراوە بە پێوانەی٣٠ X ٣٠ X ١١ سم و ٣٠ X ٣٠ X ١٢ سم و ٣٠ X ٣٠ X ١٣ سم و نیوە خشتی ستاندەر١٥ X٣٠ X١١ سم. خشتەکانی لە قوڕی سوور دروست کراوە ، بۆ پتەو و قایم کردنی ( کا ) ی تێکەڵ کراوە ، کە یەکێکە لە سیفەتی دروست کردنی بیناسازی وڵاتـی نێوان دوو ڕووبـاردا هـەبووە ، درکیـان بەوە کردووە کە ئاستی ئاوی ناو زەوی بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات و کاردەکاتە سەر بیناکان ، بۆیە هەڵبژاردنی شوێنێك کە ئەم دیاردەیەی کەمتر پێوە دیار بێت شوێنی ئێستای شاری عەگەرگوفە ، ئەستووری نێوان چینێك خشت و چینێکی تر دەگاتە (١سم)، هـەر لـە بناغەوە لە دیوی دەرەوەی زەقـورە پـەیرەوی ریـازەی (دەرچـوون و بـەناواچوون ) کـراوە، کـە خەسڵەتێکی بیناسازییە لـە بینـای پەرسـتگا سـۆمەرییەکان دا پـەیرەو کـراوە ، بـەڵام بـە هـاتنی کاشییەکان بۆ وڵاتـی میسـۆپۆتامیای خـواروو زیـاتر گرنگیـان دا بـەم شـێوازە بیناسـازییە و پـەرەیان پێـدا کـە لـە شـێوەی تـاقێکی سـتوونی بـارێکدا دەردەکـەوێت

[٥] طه باقر ، نتائج تنقيبات الحكومة العراقية في عقرقوف .مجلة سومر ، سنة ١٩٤٥ ، ص ٤٤.

هەروەکوو لە پەرستگای گەورەی شوێنەواری ( تل محمد) دا بەدی دەکرێت.( بڕوانە وێنەی(١) بیناسازی کاشی بۆ پتەو ڕاگرتنی و بەستنەوەی چینەکان پێکەوە ریزێك حەسیر و زەل و قامیشیان داناوە کە بێگومان فاکتەرێك بووە بۆ کەم کردنەوەی شێ و هەڵمژینی ئاوی ناوچینەکان لە کاتی باراندا هەروەها بینا ساز لە نێوان چینەکاندا کونی بەڕاست و چەپدا لەم سەرەوە بۆ ئەو سەری زەقورە کوناو دەر بە پێوانەی (٧٠ X ١٣ ) دانراوە سوودی ئەم کونانە بۆ کەم کردنەوەی پەستانی هەواو تێپەڕ بوونی هەوا تاکو باری ستونی بیناکە ڕابگرێت بەشێك لەم کونانە بە تونێکلی قامیشی بادراوو لە سەر شێوەی گوریس پڕکراوەتەوە بە ئەستووری ٧سم بڕوانەی وێنەی (٢) .

بینا سازی کاشی ، سوودی لە هونەری



بیناسازی زەقورەی (ئور ) وەرگرتووە و دیوارەکانی لەگەڵ بەرزبوونەوە دا بەرەو ناوەوە لار کردۆتەوە لەیەك مەتردا دیوارەکانی نزیکەی (١٢سم) پاڵی بە پشتەوە داوە ، چینی یەکەم نزیکەی ١٤م بەرزە و لە ٩٧ ریز پێك هاتووە، لەیەك ریزدا ٥٦,٣٠٠ خشتی کاڵ بەکارهاتووە ، کۆی گشتی خشتەکانی چینی یەکەم دەگاتە ٥,٤٦,١٠٠ خشت [٦].

بینای زەقورەی عەگەرگوف چوار گۆشەیە و درێژی لایەکی ٦٧م هەر چوار لاکەی ڕوویان کردۆتە چوار لای سەرەکی .

داپۆشینی ( تغليف ) زەقورە : -

خەسڵەتێکی تری هونەری بیناسازی کاشییەکان داپۆشینی قەوارەی دەرەوەی بیناو پەرستگاکانە بە شێوازی دەرچوون و بەناواچوون ، زەقورەی عەگەر گوف رووی دەرەوەی بە خشتی سوورەوە کراو و قیر ڕازاوەتەوە بە ئەستووری چوار مەتر ، تاکو بەرزبێتەوە ئەستووری بەرەو کەمی دەڕوات ، لە پێوانە کردنی خشتەکاندا دەرکەوتووە کە چەند قەوارەیەکی جیاجیای هەیە لەوە دەچێت لە چەند شوێنێکی جیاجیاوە دروست کرا بێت ، بۆیە وا قەوارەکانیان لە یەك ناچن.

ڕیزی یەکەمی لە سەر چینێك لم بەرزکراوەتەوە بەو خشتانەی کە زیاتر لە خشتەکانی تر لە کورەدا سوور کراونەتەوە، لە سەر ئەم ڕیزە خشتە قامیش و زەلی کوتراو دانراوە و ئینجا چینێك قیر کە بە خۆڵی کلسی گیراوە خراوەتە سەر ئەم چینە بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی ڕیزەکان ، بەمەش ڕیزێکی پتەو قایم لە بناغەی بیناکە دروست دەبێت ، سوودی قامیشی کوتراو و زەل بۆ بەستنەوەی

---

[٦] عبدالاله عبدالرزاق الجميلي ، نتائج اعمال الصيانة و التحريات و التنقيب في زقورة عقرقوف ( الموسم ١٠-١٣)، مجلة سومر ، سنة ١٩٧١ ، ص ٧٣.



قیر و خشتەکانە پێکەوە ، دوای وشک بوونەوەی قیرەکە چینێك قوڕیان داناوە پاشان دەست کراوە بە ڕیزی دووەم بەم شێوەیە ڕیزەکانی ترکاریان تێدا کراوە، بە هەمان شێوەی دیوارەکانی ناوەوەی بیناکە دیوارەکانی بەرەو ناوەوە لار بۆتەوە بە پێوانەی (١٠سم) لە هەریەك لە دەرچون و بە ناواچوندا دوو ئاوەڕۆی ستوونی لار دەردەکەوێت ، پانیەکەی ( ٤٨سم) و قوڵیەکەی ( ١٦سم) و لە ناو ئەم ئاوەڕۆیەدا ئاوە ڕۆیەکی بچووکی تر بە قولایی ١٦سم دەردەکەوێت.

ئەم ئاوەڕۆیانە لە بەرزی ١٥ ڕیز لە ڕووی زەوییەوە بە هۆی ئاوەڕۆیەکی ئاسۆیییەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە و لە کاتی کنەو پشکنیندا ئاوەڕۆی لە گڵێنە دروست کراو دۆزراوەتەوە کە لە شێوەی بۆڕی و جۆگەلەی هەڵبەستراو بەخشتی سوور لە ژێر زەوی دروست کراوە و بەرەو دەرەوەی شورای پەرستگاکان دەڕوات ، ئاوەڕۆکان بە قیر سواغ دراون [٧].

پەیوەندی و هاتوچۆ لە نێوان پەرستگای گەورە و پەرستگای باڵا لە لوتکەی زەقورەدا لە ڕێگەی سێ پلیکانەوە ئەنجام دراوە یەکێ لەم سێ پلیکانەیە لە دوانەکەی تر گەورە ترەو ، پلیکانەی سەرەکی زەقورەی عەگەرگوف کە دەکەوێتە ڕووی باشووری زەقورەکەوە بە شەقامی کەژاوە ( الموکب ) بەستراوەتەوەو بەرەو پەرستگای گەورەی خواوەندەکان درێژ دەبێتەوە ، بە هۆی نەمانی بەشی زۆری پلیکانەکان و بەکارهێنانی خشتەکانی لە سەردەمە جیاجیاکانی دوای کاشییەکاندا ، بەشێکی کەم لە خشتەکان دۆزراونەتەوە و لە سەر ئەو بنەمایە بەڕێوەبەرێتی گشتی شوێنەواری عێراق لە ساڵانی شەستەکان تا ساڵانی حەفتاکان توانیان بەشێك لە سیمای پلیکانەکان بدۆزنەوە ، کە بە خشت و قیر

---

(٧) هەمان سەرچاوە ، ص ٧٨.



دروست کرا بوو ، سەر لەنوێ دروستی بکەنەوە.

تایبەتمەندییەکی تری زەقورەی عەگەرگوف کە جیاوازە لە زەقورەکانی تر ئەوەیە کە زۆربەی زۆری زەقورەکان پلیکانەی دەملاولایان بەرامبەرییەک بەرز دەبنەوە لەگەڵ پلیکانەی سەرەکی لەسەر سەکۆیەک یەک دەگرنەوە و بەرەو پەرستگای بالا لە لوتکەی زەقورەدا دەڕۆن ، بەڵام زەقورەی عەگەرگوف پلیکانەی ئەم لاولای لەهەردوو لای خۆرهەڵات و خۆرئاوادا دەست پێدەکات و لە ڕووی باشوورەوە بەرەو باکوور بەرزدەبێتەوە ، هەروەکو بەشەکانی تری زەقورەکە بەخشتی سوور و قیر داپۆشراوە بۆ پتەوی و توند ڕاگرتنی بەرەو ناوەوە پشتی دلوەتەوە و بە دەرچوون و بە ناواچوون ڕازێنراوەتەوە ،(بڕوانە وێنەی(۳)، لەهەریەک لەو دەرچوون و بەناواچوونەدا دوو ئاوەڕۆی ستوونی تێدایە پێنەچێت هەمان ئەستووری و قوڵی ئاوەڕۆیەکانی تری هەبێت.

چوار دەوری زەقورە و پەرستگاکانی بە شورایەکی پیرۆز دەورە دراوە پێی دەوترێت ( تیمۆس ) واتە (شورای پیرۆز) ، ئەرزی نێوان زەقورە و پەرستگاکان بە خشتی ۳۷X۳۷X۷ و ۳۷X۳۷X٦,٥ خشت ڕیزکراوە ، هەندێکیان نوسینی مێخیان لە سەرە و ناوی خواکانی لەسەر نووسراوە ، بیناسازی کاشی ڕەچاوی گەورەیی و فراوانی زەوییەکەی کردووە بە شێوەیەک خشت ڕیزی کردووە کە حساب بۆ ئاوەڕۆ بکات ، هەروەها لە ژێریدا گونجی لەخشت دروست کراو دانراوە بۆ دەرچوونی ئاوی باران و ئاوەڕۆی پەرستگاکان ، ئەرزی نێوان زەقورە و پەرستگای گەورە بە هەمان شێوەی بناغەی زەقورە دانراوە ، سەرەتا زەوییەکە ڕێک کراوە و پاشان بە چینێک لە لم و زیخ ڕێک کراوە ،

پاشان بە خشتی سوورەوەکراو فەرش کراوە بە قیری تێکەڵ بە کلس نێوانەکانی گیراوە[8].

بەرزی و ژمارەی چینەکانی زەقورە : -

ژمارەی چینەکان و بەرزی زەقورە بە تەواوی نەزانراوە لە بەر لەناو چوون و فەوتانی بەشی زۆری زەقورەکە بەهۆی باو باران و بەکارهێنانی خشتەکانی لە سەردەمە جیاجیاکانی تردا چەندین راو بۆچوونی جیا لە سەر بەرزی و ژمارەی چینەکانی هەیە ، مامۆستا تەها باقر وای بۆ دەچێت کە بەرزی زەقورە کە هێندەی درێژی چینی یەکەمەو ژمارەی چینەکانی شەش چینە[9]. هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە لە سێ چین پێك هاتبێ ، هەندێکی تریان وای بۆ دەچن کە لە پێنج چین پێك هاتبێ. لێرەدا پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی پێوانەیی بیناسازی زەقورەکە بکەین ، ئەگەر درێژی باڵی چینی یەکەم ٦٧م بێت و بەرزی ئێستای زەقورە (٥٦) مەتربێت ، ئەوا پێدەچێت بەرزی زەقورە لە (٥٦) زیاتر بێت بگاتە نزیکەی ٦٢م [10] و بەهۆی باران و هۆکانی تر بەشی سەرەوەی نەمابێت ، هەروەکو هونەرێکی ئەندازەیی و بیناسازی و گەورەیی و بەرزی و فراوانی ئاستی چینی یەکەم ئەوە نیشان دەدات کە زەقورەی عەگەرگوف ژمارەی چینەکانی بگاتە شەش چین و بەرزی زەقورەکە بگاتە زیاتر لە ٦٠م ، پێدەچێت چینەکانی تری زەقورە بە هەمان دەستووری چینی یەکەم دروست کرابێت و دیوارەکانی پشتیان دادابێت بەرەو ناوەو دیوارەکانی بە (دەرچوون و بەناواچوون ) رازێنرابێتەوە ، هەروەها وەك هونەرێکی بیناسازی پێدەچێت کە چینی دووەم لە چینی یەکەم بچوکتر و نزمتر بێت و پانی پارەوی چینی یەکەم١٢ مەتر بێت و پانی پارەوی چینەکانی تر بگاتە ٥-٦ م بەم پێوانەیە پێدەچێت پەرستگای باڵا لە سەر دوا چینی دروست کرا بێت و لە ژوورێکی ٩-١٢م بە بەرزی ٤-٦م بووبێت.

راو بۆچونمان لە سەر زەقورەی عەگەگروف:-

ئاشکرایە پاشماوەی شاری دورکورگالزۆی کای و زەقورە بەناوبانگەکەی دەبنەبەشێك لە میراتی شارستانیەتی کاشییەکان ، کە نیشانەی هونەرمەندی ئەو گەلە زاکرۆسیەیە کە بۆ نزیکەی پێنج سەدە فەرمانرەوایی هەموو عێراقی کۆنی ئەوسایان گرتبووە دەست ، زەقورەی عەگەرگوفیش بەیەکێ لە خەسڵەتە بیناسازییە گرنگەکانی کاشییەکان دەژمێردرێت، کە تاکو ئێستا پاشماوەی ماوە ، دیارە بنیاتنانی پایتەختێکی نوێ نیشانەی پتەوی دەسەڵات و هێمن و ئاسایش لە ناوچەکەدا دەسەلمێنێ هونەرمەندی بینا سازی کاشیش لەوەدایە کە هەموو کارێکیان لە زەقوورەی عەگەرگوفدایە پێوانەی ئەندازەیی ئەنجام داوە، بیریان لە ئاوەرۆ و دەرباز بوونی ئاوی باراناوی زەقورەکەش کردۆتەوە. هەروەها بۆ پتەوی هەرچوار لای زەقورەکە بە شێوازێکی ئەندازەیی زۆر گرنگ بەرزیان کردۆتەوە کە هەر چوار لا پاڵ بدەن بەیەکەوە و یەکتری ببەستنەوە.

دیارە ئەم کارە بیناسازییە هونەرییە لە گەلێکی بلیمەت و هۆشمەندی وەکو کاشییەکان دەوەشێتەوە.

---

[8] هەمان سەرچاوە ، ص ٧٨

[9] طه باقر ، مجلة سومر ، سنة ١٩٤٥ ، ص ٤٥.

[10] عبدالاله الجميلي - هەمان سەرچاوە ، لاپەرە ٧٨.

# صلاح الدینی ئەیوبی خەڵکی دوینی ئەرمەنستانە نەک (دوین)ی هەولێر

عبدالرقیب یوسف.

(( تێبینی :

دەقی ئەسڵیی ئەم گوتارە کە ( ٣٧) لاپەڕە بوو، ڕۆژی (١٩٩٩/١٢/٢٧ ) تەسلیمی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (برایەتی) کاک فەرهاد عەونی و بەڕێوەبەری نوسینی ئاسۆ کەریم کرد بۆ بڵاوکردنەوە، لە کاتێکدا خۆم ڕۆژی ١٢/٢٦ لە ئامادە کردنی بوو بوومەوە ، بەڵێنیان دامێ کە چوار شەممەی داهاتوو ئەڵقەی یەکەم و پاش جەژنی ڕەمەزانیش دوو ئەڵقەکەی دیکەی بڵاو دەکەنەوە ، گوتیان سێ چوار ناوی تێدا هەیە و هەر ڕستەو وشەیەکی توندی هەبوون ، لایان دەبەین لەوە زیاتر هیچ بەهانەیەکیان نەبوو، ڕازی بووم لایان ببەن، بەڵام هەر بڵاویان نەکردەوە بۆ ئەوەی عەبدولخالق سەرسام کتێبەکەی لەسەر صلاح الدینی ئەیوبی چاپ و بڵاو بکاتەوە، لە بەر ئەوەی ئەگەر ئەم ڕاستییانە بکەوتبانە بەرچاو وشێواندن و چەواشەکاری ( تحریف)یە ئەنقەستەکانی مێژووی دەربکەوتبان ڕەنگە کەس ئەو کتێبەی بۆ چاپ نەدەکرد ، ئەوانە کە ئەم گوتارەمیان بڵاو نەکردەوە و ئەو شێواندن و چەواشە کاریانەیان شاردەوە ، بوونە بەشداری ناوبراو لە شێواندنی ئەو مێژووەدا و ئەوەش گوناح و تاوانێکی گەورەیە. ئەوانە ئەگەر بەڵێنی بڵاو کردنەوەیان نەدایە بەمن دەمتوانی لە هەولێر لە شوێنێکی دیکە بڵاوی بکەمەوە و منیان خافڵاند. بۆیە بە پێویستی دەزانم لە گۆڤاری (( هەزار مێرد) دا بلاو بکەمەوە ، لە بەر ئەوەی گومانیشم هەیە گوتارەکەمیان خستبێتە بەردەستی ئەو کابرایە و سودی ناڕەوای لێ وەرگرتبێ ، من هەر دەق وەکوو خۆی هێشتمەوە و تەنیا لاپەڕە (٣٦) م لابردووە کە دەبوە شتێکی دووبارەوە بوو لە بابەتە تازەکەی کێلەکاندا ، هەروەها سێ دێڕم لە لاپەڕە (١٨) تەرك كرد ، ئەگەر ڕستە یا زانیاریەکی نوێم خستبێت ناوی ، ئەوا لە نێوان دووکەواندا دامناون ، و ئێستا مەوزوعی ( دوین : شوێنەوار و مێژووی ) م زیاد کردوە لەسەر ئەسڵی ووتارەکەو دانە ئەسڵیەکەشم بۆ مێژوو لەلای خۆم و هەندێ کەسی دیکە پاراستووە تا ئەگەر سوودێکی ناڕەوای وەرگتبوو و لە کتێبەکەیدا دیم و زانیم زانیاری منە ، ببێتە شایەتی ئەو

راستییە و لەم بارەوەش بە مێژووی (٢٠٠٠/٢/٢٠) دا نامەم نووسیوە بۆ کاك فەرهاد و بەرێوەبەری نووسین تا بزانن مەسئولیەتی تاریخی هەیە لەو بەشداری کردنەیان لە ( تحریفی) بە ئەنقەستی تاریخ دا.))

ئەوا نزیکەی دوو ساڵە کاك عبدالخالق سەرسام پروپاگەندە بڵاودەکات کە چوەتە دێی ( دوین ) ی باکوری هەولێر و لە دوین و دەورو بەرەکەی شوێنی لە دایك بوونی ئەیوبی باوکی صلاح الدینی ( اکتشاف ) کردووە ، لە ( گۆڕستانی فەقێ ئەیوب ) و ناوی (شادی ) ی باپیری لە دوین هەیە کە قەبرستانی ( دێگە)یە کە ( دێگە) لە (شادێگە) وە هاتووە و ئەویش لە (شادی) یەوە هاتووە و ( شادی ) ش لە ناوی دێی ( چفور سعد) ەوە و ئەویش لە ( جێگۆڕ سعد) ەوە هاتووە و دەڵێ شەرەفخان ناوی دێ ( چفورسعد) ی هێناوە ؛ لەگەڵ ئەم هەموو چەواشە و ( مهزلە) یەش پاشان باسی دەکەین کە شەرەفخان نوسیویەتی (کرنی چفور سعد) ئێستا ناوی (دوین)ی ئەرمەنستانە هەر شەرەفخان مەخسەدی دوینی هەولێر نیە.

هەروەها پروپاگەندەی کردووە کە گۆڕی مامی باوکی صلاح الدین کە پیر ابو بکرە و گۆڕی باپیرە گەورەی صلاح الدینی (اکتشاف ) کردووە کە ( پیرمروان ) ی گوندی پیرمەروانەی باکوری رۆژئاوای (دوین) ە بە مەسافەیەکی دور. لەگەڵ چەندین (اکتشافات) ی خەیاڵیی دیکەی و دەڵێ سی (٣٠) بەڵگەم هەیە کە صلاح الدینی ایوبی خەڵکی دوینە یانی دوینی باکوری هەولێر.

کاك عبدالخالق هەرایەکی زۆری دروست کرد لە هەولێر، تا ئێستا بەلای کەمەوە پازدە جار ئەم (اوهام) و ناڕاستی و یاری کردن بە تاریخ و بە ئەمانەتی تاریخی بڵاو کردووە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا وەك حەوت جار لە ( گولان) عەرەبی دا و چەندین جاریش ئەمەی بڵاو کردۆتەوە لە تەلەفزیۆنەکاندا تا بەرێز مامۆستا دکتۆر محسن محمدی هەولێریشی لە لیبیا بە هەڵەبردووە و( د.محسن) نامەیەکی پڕ لە ستایشی بێ (تاریخ) ی بۆ ناردووە و وەسفی داوە بە ( الباحث) و نوسیویەتی ( و قد عثر علی مفتاح السر للعمل كباحث يتسم مع تطلعات العصر...) ئەم نامەی دکتۆر ئەوە دەهێنێتە بیرم کە چۆن بەرێزان دکتۆر کمال مظهر و مسعود محمد و کاك محمدی مەلا کریم و خوالێخۆش بوو حلمی علی شریف لە ژمارە ( صفر) ی رۆژنامەی ( ئاسۆ ) دا زۆر مەدح و ستایشی رۆژنامەکەیان کرد لە کاتێکدا رۆژنامەکە جارێ لە دایك نەببو تا بزانن پلە ( مستوا)ی چۆن دەبێ وەك منداڵێك لەزکی دایکیدا بێ و هەندێك بەشان و باڵی دا هەڵدەن کە (ئاسۆ) خۆی هی موخابەراتی بەعس بوو ئەم جۆرە دورکەوتنەوە لە عەقڵییەتی علمی نەدەوەشایەوە لەگەڵ ئەم بەرێزانە ، جا خاوەن ( اکتشاف) نامەی بەرێز دکتۆر محسنی بۆ خۆی کردە پرۆپاگەندە و

بەڵگەیەك بۆ چەواشە كردنەكانی و لە ڕۆژنامەی ( خەبات ) ژمارەی ڕۆژی ( ٢٥-٦-١٩٩٩) وێنەی بلاْو كردەوە و دەڵێ (( و انـي اعتبرها شهادة فخر و اعتزاز من مختص و باحث لتلك الفترة الزمنية)) كە دكتۆر محسن خۆشی ناوی دوینـی هەولێری نەهێناوە لە كتێبەكەیدا ( اربيل في العهد الاتابكي) ، كە (٤٣٧ لاپەڕەیە) و هـی ( عصـر)ی صلاح الدینەش چونكە ناوی ئەم وێنە لە سەرچاوەكانی سەدە ناوەنجیەكاندا نەهاتووە بەڵكو تەنیا ناوی د ینی ئەرمنستان هەبووە). هەندێ لە مامۆستایانی زانكۆی صلاح الدین و دائیرەی ئاسارەكانی هەولێر و بەڕێز كاك محمد اسماعیل كە مەعلوماتی لە تاریخ هەیە و هەروەها كاك نزار احمد بامەڕنیش وەك لەو ژمارەی ( خەبات ) دا تێیە زانین - هاواریان لە عبدالخالق كردوە كە معلوماتەكانی ڕاست نین بەلاْم گوێی نەداوەتە پێیان چونكە خۆشی دەزانێ مەعلوماتەكانی ڕاست نین و دروست كراوەی خۆیەتی و چەواشە (تحريف) كردنی قسەو نیازی چەندین مێژوو نووسە. لە ڕۆژی ٢٢ مانگی تشرینی دووەمی رابوردودا كە تەواو بوم لە تۆمار كردنی دوو حەڵقە بۆ سەتەلایتی پارتی لە بارەی ئەم مەوزوعەوە عبدالخالقم دیت لە بینایەی سەتەلایتەكە لای بەڕێوەبەری كاك بەدران احمد و پێم ووت ڕۆژانی (١٨ و ١٩) ئەم مانگە كامێرای سەتەلایتەكە لەگەڵ خۆم بردو چوم بۆ دوین و دێهاتەكانی دەوروبەری و ڕۆژی یەكەم كاك معتصم احمد هەولێری و ڕۆژی دووەم كاك سەروەت عبدالغنی هەولێری لە وێنە گرانی سەتەلایتەكە لەگەڵم بوون و هەندێ كەسی



دیکەش وەك برام مەلا احمد یوسف و چاو پێکەوتنمان کرد وە لەگەڵ چەند کەسێك لە خەڵکی دوین ( وێنە ا) و شێخ مەمودیان و ئاژگە و باباجیجك و پاشان لەگەڵ بەڕێز خاڵە صدیق قادر عزیز لە خەڵکی ئەسڵی دوین و دانیشتوی مەسیف صلاح الدین کە چەندین کەس بە منی وتەو ئەو لە هەمو کەسێك شارەزا تره ) و بە عبدالخالق ووت زانیارییەکانت ڕاست نین و ئەو دوینەی صلاح الدین خەڵکی وێیە دەوری (٢٥ کم) لە باشوری ڕۆژ ئاوای ( یەریڤانە ) و ابن خلکان و دائرەی معارف ئیسلامی و مینۆرسکی هەروەها دەڵێن ئەویش بە منی وت بە ئامادە بونی بەڕێزان کاك بەشدار احمد و کاك امیر فەندی: ( ابن خلکان و دائیرەی معاریف و مینۆرسکی و هەزار مێژوو نووس چین ئەوانە هیچ نازانن و من هەموو مامۆستایانی زانکۆم بەزاندووە من باحسم باحس ) وێنی هەندێ لاپەڕەکانی ابن خلکان و دائیرەی معارفیشم بە فۆتۆکۆپی کراویم پیشانی دا لەگەڵ خەریتەیەکی نێو کتێبەکەی بەڕێز دکتۆر جمال رشید ( لقاء الاسلاف ).

جا بەیەکێك ئەمە عەقڵییەت و مەنتیقی بێ موناقەشەی زانستیانە لەگەڵی بێسوودە و کابرا لە چەواشە کردنی خۆی واز ناهێنێ و بە ئەنقەست مێژوو چەواشە دەکات و ئەمانەتی عیلمی و تاریخی لەلای نیە و هەست بە مەسئولییەت ن[illegible]ات وزانیم تەنیا سوود لەوەدایە وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپکردنی کتێبەکەی ڕاگری چونکە ئێستا مەوزوع کردووەتە کتێبیش و لە ژێر چاپدایە (یان دەیەوێ چاپی بکات). وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرپرسە بەرامبەر گەندەڵی کردنی تاریخ بە کۆمەڵەیەك ناڕاستی و تەحریف کردنی قسەونیازی چەندین مێژوونووس و هەڵبەستنی درۆ بەملی مێژوونووسانەوە لە کاتێکدا ئەمە عەسری پاك کردنەوەی مێژووە لە هەڵە بە پێی لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵ و بەپێی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی زانستیانە ( منهج البحث العلمي) لە بەر ئەمە وەك ئەرکێکی مێژوویی لە (٢٩-١١-١٩٩٩) دا یاداشتێکی شەش لاپەڕەییم نووسی بۆ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری (مامۆستا فلك الدین) حەقیقەتی مەوزوعم تێدا ڕوون کرد و ناردم و دانەشم نارد بۆ دەزگای گوڵان و خەبات و برایەتی و زانکۆی صلاح الدین و داوام کرد چاپ کردنی کتێبەکەی ڕابگیرێ و لیژنەیەك دروست بکرێ بۆ هەڵسەنگاندنەوەی لە هەندێ مامۆستایانی بەشی تاریخ لە زانکۆی صلاح الدین و دائیرەی ئاسار و مێژوونوسان تا بڕیار لەسەر چاپکردن و یان چاپ نەکردنی بدەن (چونکە لە بلاو کردنەوەی ئەم کتێبە ئەم تحریفەدا مەسئولییەتی تاریخی هەیە).

من لێرەدا کۆمەڵە ڕاستییەك دەخەمە بەرچاوی خوێنەواران نەك بەرچاوی چەواشەکەر خۆی چونکە لەو بێ هیوام و هەروەك خۆی ووت هەزار مێژوونووس لەلای هیچ نین و هیچ نازانن و دەڵێ ( من باحسم باحس ) ، نەخۆی



دەزانێ ( باحثية) و سیفاتی ( باحث) چی‌یە و وادیارە ئەوانەی پێشی ووتون ( باحس ) نازانن و بابچن کتێبەکانی ( مناهج البحث العلمي ) بخوێنن بە تایبەتی کتێبە گرنگەکەی مامۆستای ڕەحمەتی دکتۆر علی جواد الطاهری قوتابی زانای گەورەی عێراق و ولآتانی عەرەبی مصطفی جواد کتێبی (منهج البحث الادبي :الفصل الثاني/ الباحث) (ل ٣٨-٥٥). ئەم برادەرە هیچ عەلاقەیەك بە تاریخەوە نەبوە و هیچی لێ‌نازانێ تەنیا نەخۆشی خۆ بە دەرخستن ( حب الظهور ) لەسەر حسابی ئەمانەیی علمی و تاریخی هەیە و دەبا گۆڤار و ڕۆژنامەکان ئەو هەموو ڕێگا فراوانەیان نەدا بانە پێی ئەو هەموو گاڵتە کردن و چەواشە کردنە بە مێژوو تێیاندا بلآو بکات، ئەو کتێبەی نەك کتێبێکی لاوازە تا ڕێگای لێ نەگیرێت و چاوپۆشی لێ بکرێت بەڵکوو ( تحريف ) ێکی تەواوە. لە ڕۆژنامەی خەبات (ژمارە ٩٢٨) لە ( ١٩٩٩/٦/١١) دا بلآوی کردوە کە سی بەڵگەی هەیە بۆ ئیسپات کردنی ئەوەی کە صلاح الدين خەڵکی دوینی هەولێرە و بەڵگەکانیشی نوسیوە کە ئێستا ڕەدی دەدەمەوە ئەو وتارەش لەگەڵ ووتارێکی دیکەی لە ١٩٩٩/١١/١٧ کەوتە بەردەستم:

١- لە پێشیەکەیدا نوسیوە ( اصبح لدى (٣٠) ثلاثين دليلا بصدق البحث و الاكتشاف و اطلب (٧) سبعة ادلة فقط ممن يريد اثبات اثار دوين اخر ).

جارێ لە پێشدا عەربیەکەی زۆر لاوازە ( فاعل) ی مرفوعی ( منصوب ) ی کردوە و ( مؤنث) ی کردوەتە ( مذکر) و ( مذکر) ی ( مؤنث ) کردوە لەگەڵ سستی پەیوەندی نێوان ڕستە و عبارەتەکان. بۆ نمونە (اسم ) ی ( اصبح) کە (مرفوعە) ( منصوب)ی کردوە کەدەبا (ثلاثون)

ی نوسیبا نەك ( ثلاثین) و نوسیوە ( اثار دوین اخر ) کەدەبا نوسیبایە ( اخری) چونکە ( دوین ) (مؤنث) ە چونکە شار ( مدینە )یە و (هەروەها ووشەیەکی عەرەبییە (کلمة اعجمیة) و نوسیوە ( من الاطراف الاخر باب دوین) کە دەبا نوسیبا ( الاخری) یان ( من الطرف الاخر) و ( تثبت قول ابن کثیر ) ڕاستەکەی (یثبت قول ابن کثیر ) لەگەڵ ئەمەش زۆر لە ڕستە و عبارەتەکانی پچڕ پچڕن و نەتوانیوە بەیەکتریان ببەستێ یانی بەعەربی ( تفکك الجمل و العبارات) ( دلیل) ەکانیش سی (٣٠) نین چونکە جار هەیە یەکیان کردوەتە چەند (دلیل) ەك بۆ نمونە ( دلیل ٢ و ٣و ٤و ١٩) هەموو یەك شتن کە زرزاریی ابن کثیرة لەو دوو دێڕەی سەرەوەش دەزانرێ کە گومانی هەیە لەوەی ( دوین)ەکی دیکە ل غەیر ( دوین)ی هەولێر هەبێ لە بەر ئەوە داوای حەوت بەڵگەی کردووە و هەروەها نوسیویەتی ( و اتحدی جمیع المؤرخین في العالم بتحدید (دوین) اخری ان وجدت ب (٧) سبعة ادلة فقط علی ارض الواقع... ).

ئەگەر مەخسەدی ب ە ئەوە نەبێ بە ئەنقەست شاری دوینی ئەرمینیا لە خوێنەواری بشارێتەوە ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فڕی بەسەر تاریخەوە نیە و لەو پەڕی نەزانین دایە لە بواری تاریخ دا چونکە ناوی شاری دوینی لە سەدان سەرچاوەی مێژووی دا هەیە و زۆر بە ناوبانگتر بووە تا سەدەی یازدەهەمی زایینیش لە شاری هەولێر. دوین پایتەختی ئەرمینیا بووە لە کاتی ساسانی دا و لە کاتی خەلافەتی ئیسلامی دا وە هەروەها ماوەیەك پایتەختی دەوڵەتی ( شەدادی ) ی کورد بووە ( ٩٥١-١١٩٨ یان ١٠٧٥ زا) .

جا شارێك سەدان ساڵ پایتەختی هەرێمێك بوبێ چۆن وجودی نەبوە و چۆن گومان لە هەبونی دەکرێ و چۆن دەشارێتەوە.

لە ( دائرة المعارف الاسلامیة) دا مەوزوعی تایبەتی لە ژێر ناوی ( دوین ) دا هەیە و هەروەك تێدا هاتووە ناوی ئەرمەنی دوین (Dwin) و سوریانی دوین (Dewin) ە و یۆنانی ( پرۆکوپیوس) ە و عەرەبی ( دبیل) ە و لە ساڵی (٣٥٠ زا) دا لە لای دەوڵەتی ساسانیەوە ئاواکراوە و لە (٤٢٩ زا) دا بوەتە پایتەختی ئەرمینیا.

هەر لە دائرة المعارف الاسلامیة : ( مادة الایوبیون) دا هاتووە کە باوکی صلاح الدین کوردی خەڵکی شاری دوین بووە کە شارێکە لە ئەرمینیە لە ساڵی ( ٢٩٠ك - ٦٤٩ زا) دا کەوتە دەستی لەشکری ئیسلام وەك بلازری احمدی کوڕی یحیی لە ( فتوح البلدان) قسمی ال ٣٣٩ لە سەدەی نۆیەمی زایینی دا باسی کردووە وەك لە نامەی ماجستێری بەڕێز اسماعیل شکر رسول ( الشدادیون في بلاد اران من ٣٤٠ الی ٥٩٥ هـ) ل ٣١ داهاتووە کە بە ڕونیو نوسراوە.

هەر لە سەدەی نۆیەمی زایینی - سێی کۆچی دا یعقوبی ( احمدی کوڕی واضح) لە (البلدان) ل ١١٦ دا نوسیویەتی : دبیل وقالیقلا و خلاط

بـــلاد القبـق ( القـوقـاز ) في القـرن العـاشر الميـلادي




و شمشاط لە ئەرمینیای یەکەمن ، قالیقلاش ئەزەرۆمە و شمشاط خەرپوتی کۆنە .

هاوکاتی ابن خرداذ بە ( عبید اللەی کوڕی عبدالله ) لە ( المسالك و الممالك ) ( ل ١٢٢) دا دبیل لە ئەرمینیەی سێیەم حیساب کردووە و لە ل ١٢٣ و ١٧٨ و ٢١٣ و ٢٤٦ دا دیسان ناوی هێناوە.

قدامة بن حعفر ( نێوان سەدەی نۆیەم و دەیەمدا ژیاوە) لە کتێبی ( الخراج و صناعة الکتابة ) (چاپی دار الرشید ١٩٨١ ) لە ( ل ٣٣٠) دا نوسیویەتی : عبدالعزیزی برای عبداللەی کوڕی حاتمی باهلی لە کاتی معاویە دا دبیلی ئاوا کرد ، لە ل ١١١ و ١٤٦ و ١٧٦ و ٣٢٣ دا دیسان ناوی دبیلی هێناوە.

المقدسی لە احسن التقاسیم ل ٣٧٧ دا نوسیوە دبیل شارێکی گەورەیە و قەڵاتی قاییمە ... لە ژێر دەسەڵاتی کورد دایە ئەگەر چی زۆربەی خەڵکەکەی مەسیحیین مەقدسیش دەوروبەری ساڵی (٣٧٥ ك) کتێبەکەی تەواو کروە.

( ابن حوقل) ی خەڵکی باژاری نسێبین (نصیبین ) ی هاوکاتی مەقدسیش لە کتێبەکەیدا ( صورة الارض ) لە ل ٢٩٤ دا نوسیوە : دبیل مەڵبەندی ئەرمینیەیە و لە ئەردەبیل گەورە ترە ( و فیها دار الامارة).

هاوکاتیان ابن الفقیە الهمدانی ( ابو بکر احمد بن ابراهیم ) لە کتێبەکەیدا (کتاب البلدان ل ٢٨٧) نوسیو دبیل لە ئەرمینیەی سێیەم و لە ٢٨٨ نوسیوە قوبادی کوڕی فەیروزی باوکی انوشیران ئاوای کردوە و لە ل ٢٩٢ نوسیوە عبدالعزیزی کوڕی عبداللەی باهلی ئاوای کردوە ، لە ل ٢٩٤ دانوسیویەتی خزیمە ی کوڕی حازم لە کاتی خەلافەتی هارون الرشید دا نظامی (مساحە) ی ( یانی هێ کشت وکاڵی

و خەڕاجەکە ) لە دبیل دا دامەزراندوە ، پێشتر باسمان کرد کە ( قدامة ) نوسیویەتی عبدالعزیز برای ( عبدالله )ە و ڕەنگە مەخسەدی همدانی لێرە دا ئەوە بێ کە عبد العزیز دبیلی نوێ کردوە.

هاوکاتیان یانی (لە سەدەی چوارەمی کۆچی - سەدەی دەیەمی زایین) اصطخری (ابواسحاق ابراهیم بن محمد الفارسی ) لە (مسالك الممالك ل ۱۸۸ ) دا نوسیوە: دبیل مەڵبەندی ئەرمینیەیە و جێگەی حوکمڕانی یە و ( سنباط ) ی کوڕی اشوط ( میری ئەرمەن)ی لێ بوو . لە کتێبە بە نرخەکەی دکتور جمال رشید ( لقاء الاسلاف ) ناوی ( دوین ) ی ئەرمینیای هاتووە لە ل ۲۳٦ و ۲٤۱ و ۲٤٦ و لە نەخشەی ئەرمینیای نێو ئەم کتێبەدا ناوی نوسراوە کە نەخش ـە لەگەڵ ئەم ووتارەمە:

هەروەها باسی دبیل ( دوین ) لە چەندین لاپەڕەی نامەی ماجستێری بەڕێز شکر اسماعیل هەولێری دا ( الشدادیون في بلاد ارّان) دا هاتووە چونکە یەکەم جار پایتەختی دەوڵەتی شدادیی کورد بووە هەروەها ناو و شوێنی لەسەر هەردوو نەخشە (خارطة ) ی نێو ئەم کتێبە دا هەیە بۆ نمونە تەماشای ل ۳۱ بکە و هەروەها ناوی هەیە لە ل ۳۲ و ۳۳ و ٤۰ و ٤۱ و ٤۹ .

هەروەها ناوی لە چەندین سەرچاوەی دیکەدا هاتوە کە لەم ووتارەماندا باسیان دەکەین وەك ( الكامل فی التاریخ ) ی ابن الاثیر ( مادة دوین) بەرگی ( ۱۱ ) ل ۲۸٦ و ۲٤۱ و ب (۱۲) ل ۱۸۳ و ٤۱٤ و ٤۳٥ و (مادة دبیل) ب (۳) ل ۸٥ و ب ۷) ل ٥۹ و ٤٦٥ و ب (۸) ل ۱۷۷.

هەروەها کتێبەکەم (دیوانا کرمانجی) چاپی ۱۹۷۱ ل ۱۲٤ و ۱۳٥ و کتێبەکەم ( حضارة الدولة - الدوستكية في كردستان الوسطى) بەرگی دووەم مەوزوعی ( صناعات النسيج) ل ۲۹۸ و ۲۹۹ و پێشتریش ل ۹۸.

خۆی کە نەخشەی (لسترنج) ی کردوەتە بەڵگە بۆ خۆی ئەی چۆن ناوی ( دبیل) و شوێنەکەی لە سەر ئەم نەخشەیەی نەدریت کە وێنەی نەخشەکەش لەگەڵ ئەم ووتارەمە بۆ بڵاو کردن ، لسترنج نوسیوە لە ل ۲۱٦ - ۲۱۹ لە کتێبەکەی ( بلدان الخلافة الشرقية)دا و دەڵێ (كانت قصبة ارمينية الاسلامية في الازمنة الاولى دبيل و تسمى ايضا دوين و توين) لێرەدا ئامانجم ئەوە نیە کتێبێك لە بارەی دوینی ئەرمینیایەوە تەئلیف بکەم کە لە کاتی باوکی صلاح الدین دا کوردی ڕەوادیی عەشیرەتی صلاح الدین لێ بون و لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوە ، هێندە بەسە کە لێرەدا لەم وتارەمدا چەند جار) پتر لە (۷) حەوت بەڵگە دەهێنم کە خاوەنی ( اكتشافات) تەحەدای هەموو مێژوو نوسەکانی جیهان کردوە ئەگەر بتوانن (۷) حەوت بەڵگە بهێنن بۆ ئەوەی (دوین)ەکی دیکە هەبێ، کە نوسیویەتی (و اتحدى جميع المؤرخين في العالم بتحديد دوين اخرى ان وجدت ب(۷) سبعة ادلة فقط على ارض الواقع جغرافيا و مصدريا و اثريا) جا تەحەداکەی لە کوێ ما ؟؟

بێ گومان ئەم جۆرە قسە زل و پڕوپوچانە ئەوا نیزیکەی دووساڵە لەم لاو لەو لا بڵاوی دەکات بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵك و بۆ خۆ هەڵکێشان و چەواشە کردنی ئەم مەوزوعە لە مێژووی کورد بۆ خۆی کردوەتە دەف و زوڕنا لە سەر حیسابی ئەمانەت و ویژدانی عیلمی .

ناوی دوین لە سەدان سەرچاوەی عەرەبی و فارسی و روسی و ئەرمەنی و هی دیکە دا هاتووە و دور نیە ئێستا کتێبێك بەبەرگێك و یان پتر لە بارەی دوینەوە هاتبێتە بلاًف کردن چونکە لە ساڵانی پەنجاکانەوە و تا لە کەمەوە ساڵی ١٩٧٩ شارە وێرانەی دوین لە ژێر (تنقیبات) دا بووە لە لای یەکێتی سۆفیاتی دا وەك بەرێز ( الکساندر خەجاتریان) ی ئەرمەنی نامە بۆمنی نوسیوە بە مێژووی (١٢-٧-١٩٧٩ ) کە داوای زانیاریم لێی کردبو لە بارەی دوینەوە کە قوتابی دکتورا بو و داوای زانیاری ێ کردم بە تایبەتی نوسینەکانی سەر ئاسارەکانی ناوچەکانی بدلیس و موش و ( وان ) کە لە بەرێز کاك جمشید حەیدەر ی بیستبو کە لە ١٩٧٧ دا گەشتێکی شوێنەواری فراوانم کردوە لە کوردستانی باکوردا و پتر لە هەزار و سەد وێنەم گرتوە و ئەنجامی ئەو گەشتەش بوەتە کتێبێك لە ٨٤٨ لاپەڕەدا منیش زانیاریەکی باشم بۆ نارد ، لە نامەکەیدا هاتوە شارەکی نوێ بە ناوی ( دوڤین ) ەوە لەلای دوین ئاوا کراوە کە ناوی ئەوی هەڵگرتوە چونکە لەلای ئەرمەن بە دوینیان وتوە ( دوڤین).

**دوین سەر بە ئەرمینیە بوە یان ئەزربیجان .**

لە سەرچاوەکانی سەدەی نۆهەم و دەیەمی زایین دا ئەوانەی لە بەردەستمانن دوین (دبیل) لە ئەرمینیە حیساب کراوە وەك : البلدان یێ یعقوبی ل ١١٦ و المسالك و الممالك ل ١٢٢ یێ ابن خرداذبه و صورة الارض ل ٢٩٢ یێ ابن حوقل و احسن التقاسیم ل ٣٧٧ یا المقدسي و مسالك الممالك ل ١٨٨ یێ الاصطخری و کتاب البلدان ل ٢٨٢ یێ ابن الفقیة الهمداني.

سەرچاوەکانی سەدەی دوازدەیەم تا سێزدەیەم زۆربەیان دوین لە ئەزبیجان حیساب کردوە وەك :

کتاب الروضتین في اخبار الدولتین

١- بەشی ٢ ل ٢٣٩ یێ ابو شامة المقدسي و الکامل في التاریخ یێ ابن الاثیر ب ١٢ ل ١٨٣ مەوزوعی ( ذکر ملك الکرج مدینة دوین ) لە ساڵی (٥٩٩ ك )دا بەلاًم لە ب ٧ ل ٥٨ و ٤٦٥ دا لەئەرمینیەی حساب کردوە ، و هەروەها ( البدایة و النهایة ) ب (١١) ل ٢٥٩ ش لە ئەزبیجانی حساب کردوە و هەروەها وفیات الاعیان یێ ابن خلکان ب ٧ ل ١٤٤ و معجم البلدان یێ یاقوت الحموی : مادة ( دوین) ئەمانەش کەوتون لە ئەزربیجانە مەخسەدیان لە ڕوی ئیدارییەوە بوە نەك نەزانیون لە ئەرمینیایە چونکە ئەرمینیا و ئەران (ئەزربیجانی یەکێتیسۆفیاتی پێشوو) تابعی ئەزربیجان بوون و هەرسێ یەك

وەحدەی ئیداری بوون کە مەڵبەندەکەی ئەزربیجان بو چونکە ( والی) لە ئەزربیجان دادەنیشت تا لە هەموکات و یان زۆربەی کاتی ( عباسی) یشدا.

عبدالخالق سەرسام لە ووتارەکەیدا نوسیویەتی (٣٠) بەڵگەی هەیە لەسەر ئەوەی کە صلاح الدین خەڵکی دوینی هەولێرە و بەڵگەکانی باس دەکەین وو ڕەدیان دەدەین :

١- نوسیویەتی : (ان ابن خلکان و شرفخان البتلیسی و جمیع المؤرخین قالوا : انه (ای صلاح الدین ) من قریة اجدانقان (اجدانکان) مقابل باب دوین و ان جمیع اهلها من الروندیة ).

ئەم قسەیەی کە دەڵێ شەرەفخان و هەموو مێژوو نوسان ووتیانە صلاح الدین خەڵکی (اجدانقان)ە ڕاست نیە چونکە هەمویان ناوی (اجدانقان) یان نەهێناوە بەڵکو ئەوی بزانم و من دیبم تەنیا ابن خلکان و الحنبلی ناوی هێناوە شەرفخانیش ناوی نەهێناوە بەڵکو ئەمەی نوسیوە لە (ل ٨٣ ) دا لە شەرەفنامەی چاپی قاهرەی فارسی : ( ... جد ملوك مصر شادی بن مروان در اصل از اکراد رونده دوین ازربیجان است کة اکنون ویران کشتة و قریة کردنی چغور سعد اشتهار دارد ) یانی دەڵێ باپیری مەلکەکانی مصر شادی بە ئەسڵ لەکوردی ڕەوەندی ( دوین ) ی ئەزربیجانە کە ئێستا وێران بوەو بە دێی ( کردنی چغور سعد) بەناوبانگە ، شەرەفخان هیچی دیکەی نەووتوە ، ئەم مێژوو نوسانەش ناوی اجدانقانی نەهێناون : ابن الاثیر و ابن خلدون و ابن کثیر و ابن شدادی خاوەنی النوادر السلطانیة و المحاسن الیوسفیة و هەروەها ابو شامة المقدسي و بدر الدین العیني و ابو الغداء و و لاتناس ( بلداني ) یاقوت الحموي تا ( دائرة المعارف الاسلامیة )ش جا کامە (جمیع المؤرخین ناوی ( اجدانقان)ی هێناوە ، ئاوا ئەم درۆیەی خستۆتە ملی شەرەفخان و هەموو مێژوونوسان. الحنبلی ( احمدی کوڕی ابراهیم ) کە لە (٧٨٦ ك ) وەفات بوە ناوی هێناوە بەڵام بە (صیغە)ی ( اجدایقال ) ەوە .

یەکەمین مێژوو نوس کە ناوی هێنابێ ابن خلکان ( شمس الدین احمد کوڕی محمد) ی هەولێری بوە کە لە (٦٨١ ك ) داوەفات بوە وەك نوسیویەتی لە (ب -٧ ل ١٣٩ دا لە وفیات الاعیان) دا:

دەڵێ زانایەك لە خەڵکی دوین بۆمنی باس کردوە کە لەدایك بونی باوکی صلاح الدین لە ( اجدانقان) بوە نزیك دەرگای دوین. بەڵام کامە دوین دوینی نزیك یریڤان یان دوینی باکوری هەولێر ؟ بێ گومان مەخسەدی دوینی یەکەمە کە پێشتر لە هەمان لاپەڕەیەدا ووتویەتی : ئەهلی تاریخ یانی مێژوو نوسەکان یەکن لەسەر ئەوەی باوکی و خێزانی لە خەڵکی دوینن کە شارێکە لە ئاخرین ناوچەکانی ئەزربیجان بەلای ئەرران و گورجستانەوە (جۆرجیا) ( اتفق اهل التاریخ علی ان اباه و اهله من دوین بضم الدال و کسر الواو و سکون الیاء المثناة من تحتها و

بعدها نون و هي بلدة في آخر عمل اذربيجان من جهة و بلاد الكرج و انهم اكراد روادية ، ... و الروادية بطن من الهذبانية ... و هي قبيلة كبيرة من الاكراد و قال لي رجل فقيه عارف بما يقول و هو من اهل دوين : ان على باب دوين قرية يقال لها اجدانقان بفتح الهمزة و سكون الجيم و فتح الدال المهملة و بعد الالف نون مفتوحة و قاف مفتوحة و بعد الالف الثانية نون اخرى و جميع اهلها اكراد روادية و مولد ايوب والد صلاح الدين بها ) ئەمەش وێنەی لاپەڕەکە .

جا ( با حسی باحس) چەندین جار لەم ووتارەدا تحریفی نوسین و نیازی ( ابن خلکان) ی کردوە و گوندی ( اجدانقان) ی لە دوینی باکوری ڕوباری ئاراسەوە ڕاکێشاوە و هێناویەتی بەردەم دوینی هەولێر و چەندین جاری نوسیوە و دەڵێ اجدانقان لەبەردەم دوینی هەولێرەو ابن خلکان وای ووتوە لە بەرگ و لاپەڕەی هندەدا لە کتێبەکەی ( وفیات الاعیان) و هەموو ئەو عبارەتەی پێش ئەم قسەیەشی بڕیوە و باسی نەکردوە ، و هەڵەی بە ئەنقەستی خۆی دەخاتە پاڵ ابن خلکان و خوێنەرەواری هەڵدەخەڵەتێنێ و پێ لە ئەمانەتی علمی دەکات و ئەمەش دەکاتە بەڵگەیەکی هەرە گرنگ بۆ ئیدعای خۆی کە صلاح الدین خەڵکی دوینی هەولێرە کەبەڵگەی پێنجەم و دوازدەیەم بەڵکو یەکەمیشە هەر ئەم چەواشە ( تحریف )ەیەشی خستوەتە ملی هەموو مێژوونوسان کە نوسیویەتی ( ان صلاح الدین اسمه یوسف بن ایوب بن شادی بن مروان الکردی الزرزاري الهزباني الروندی اصله و قریته اجدانقان اجدانکان کما هو متفق علیه ) و ناڵێ مەخسەدی مێژوو نوسانی متفق علیه دوینی ئەرمینیەیە نەک دوینی هەولێر ( الدلیل الثالث عشر ) یش هەر هەمان تحریف و بەستنی ئەم درۆیە بە ملی ابن خلکانەوە .

ئەمەش لە کاتێك دا کە هیچ دێیەك بە ناوی اجدانقان لە ناوچەی دوین و هەولێریش نیە بەڵام کابرا وەهای دروستی کردوە و دەڵێ: –

(( الدلیل الثاني عشر : اکتشاف قریة (اجدانقان) اجدانکان و التي تسمى الان ( قەلاَ تەجن) ( قەلاتی اجندقکان ) و بوجود ینبوع (کان اجندان ) و بتقدیم و تأخیر التسمیتین نحصل على ( اجندانکان) و کان ینبوع و اجندان = جمع الجن کما ان ابن خلکان اشار الى اسم القریة في ص ١٣٩ من کتابه وفیات الاعیان) و نوسیوەش لە( الدلیل الخامس ) دا قەبری ( مروان ) ی باپیری گەورەیان لەدێ اجدانکانە یانی اجدانکانی دروست کراوەی خۆی یانی کانی اجندەکان.

نەك هەر دروست کردنی ناوی دێیەك بەناوی اجندانکانەوە بەپێش و پاش کردنی ناوی کانییەك ( کانی اجندان) ڕاست نیە و نابێتە بەڵگە بەڵکو ئەگەر دێیەکیش بەناوی (اجدانقان ) هوە لەدەوروبەری دوینیش هەبێ هەر نابێتە بەڵگە چونکە ابن خلکان نوسیویە دێی اجدانقان بەرامبەر دەرگای شاری دوینی

# السلطان صلاح الدين

أبو المظفر يوسف بن أيوب بن شاذي ، الملقب الملك الناصر صلاح الدين صاحب الديار المصرية والبلاد الشامية والفراتية واليمنية : قد تقدم في هذا الكتاب ذكر أبيه أيوب وجماعة من أولاده وعمه أسد الدين شيركوه أخيه الملك العادل أبي بكر محمد ، وجماعة من أولاده وغيرهم من أهل بيته : وصلاح الدين كان واسطة العقد ، وشهرته أكبر من أن تحتاج إلى التنبيه عليه .

اتفق أهل التاريخ على أن أباه وأهله من دُوِين ، بضم الدال المهملة وكسر الواو وسكون الياء المثناة من تحتها وبعدها نون . وهي بلدة في آخر عمل أذربيجان من جهة أرّان وبلاد الكرج ، وأنهم أكْرَاد رَوَّادية ، بفتح الراء والواو وبعد الألف دال مهملة ثم ياء مثناة من تحتها مشددة وبعدها هاء – والروادية : بطن من الهذبانية – بفتح الهاء والذال المعجمة وبعد الألف نون مكسورة ثم ياء مشددة مثناة من تحتها وبعدها هاء : وهي قبيلة كبيرة من الأكراد . وقال لي رجل فقيه عارف بما يقول ، وهو من أهل دُوِين: إن على باب دُوِين قرية يقال لها أَجْدَانَقَان، بفتح الهمزة وسكون الجيم وفتح الدال المهملة وبعد الألف نون مفتوحة وقاف مفتوحة وبعد الألف الثانية نون أخرى ، وجميع أهلها أكراد رَوّادية ، ومولد أيوب والد صلاح الدين

٨٤٦ – من المتعذر حصر المصادر الأصلية عنه وعن أخباره ، ويكفي أن نذكر تاريخ ابن الأثير وسيرة ابن شداد والروضتين ومفرج الكروب والفتح القسي والبرق الشامي ومضمار الحقائق ورسائل القاضي الفاضل ومرآة الزمان والسلوك ... الخ ، هذا عدا عما كتب عنه في اللغات الأجنبية ، والدراسات التي تناولته (تخصيصاً أو تعميماً للحروب التي سميت باسم الحروب الصليبية) .

ئەزربیجانە بەلای اران و گورجستان (جۆرجیا) وەیە . وەها شوێنی بەتەواوی رون کردوە. جار هەیە چەند شار ویان گوند ویان شوێنی دیکە بەیەك ناو هەن بەلام هەریەکیانی جیایە لەوانەی دیکە بۆ نمونە فنك ناوی دێیەکە لە بۆتان و دێیەکە لە(سمرقند) و ناوی قەلاتێکە

لە ( قرطبة ) لە اندلس (اسپانیا) و(نسبة) بۆ هەمویان (فنکی) یە. هەروەها (طنزی) دێیەکە لە بۆتان و گەرەکێك بوە لە بغداد . هەروەها (جودی) ناوی شاخی جودیی کوردستانە و ناوی شاخێکە لە افغانستان یان بلێین(خراسان)ی کۆن و (فیشابور)یش لە لای

زاخۆ هەیە و لە خراسانیش هەیە لەبەر ئەوەی (تیراهی) یەکان وروداویەکانیان لەلای جودی و فیشابوری خۆراسان بوە وئیسلام نەبون. برێك مێژوو نوس وایان زانیوە ئەو جودی و فیشابورە جودی وفیشابوری کوردوستانن وئەسڵی ئێزدیەکان کر دونەتە (تیراهی). جا مێژوو نوسانی ئێستا توشی برێك لەم جۆرە هەڵەیانە بون وەك چۆن (حریری) رەسامی بەناوبانگی ناوچەی (بصرە) یان کردۆتە خەڵکی حریری ناوچەی هەولێر وەك ئەم مەوزوعەم باس کردوە لە کتێبە دەستنوسەکەمدا (منهج البحث لتاريخ المدن مطبقا على المدن الكردية).

لە ( الدليل السادس عشر ) دا نوسیوە : ((اكتشاف مكان ولادة ايوب والد صلاح الدين قرب ( دوين) باسم گور فقی ایوب )) یانی دەڵێ شوێنی لە دایك بونی ئەیوبی باوکی صلاح الدینم اكتشاف کردوە کە ( گۆڕی فەقێ ئەیوبە). قەبرسانێك هەیە لە سەر شاخی باکوری ڕۆژهەڵاتی دێی شێخ مەمودیان و باکوری دێ ئاژگە ، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی دوین بە مەسافەیەك دور و هەروەها زۆر دوورە لە دێی ( ڕێباروك) ی پشت شاخەکەش کە گۆڕی شەخسێك بە ناوی فەقێ ئەیوبەوە لێیەتی ، من کە عبدالخالقم دیت پێم وت : ئایا قەبرسان و گۆڕ شوێنی مردن و مردوەکانە یان شوێنی ولادەتە؟ جا ( باحسی باحس) قەبری فەقێ ئەیوبی کردوە شوێنی ولادەتی ئەیوبی باوکی صلاح الدین ( و ئەو ئەیوبە ناسراوە کردوەتە ئەیوبی باوکی صلاح الدینیش) ئایا ئەمە ئەو پەڕی مەهزەلە نیە؟

پرسیمان و تۆمارمان کرد لە (١٩-١١-١٩٩٩) دا لە برێك لە خەڵکی ئاژگە و شێخ مەمودیان - بە کامێرای سەتەلایتەکە و لە سەر شریتی کاسێتی خۆمیش وتیان ئێمە هیچ لەو (فەقێ ئەیوبە) نەزانیوە و پاش عبدالخالق دەڵێن گۆڕی باوکی صلاح الدینە.

جا هەر کەسێك بێ باوکی صلاح الدین نیە چونکە ئەگەر لەو قەبرەدا لە دایك بوبێ ئەوا (متناقضة ) لەگەڵ قسەی خۆی کە نوسیوێتی لە ( الدليل الخامس و الدليل الثاني عشر ) کە ولادەتی لە قەڵاتەجن و لە ( کانی اجندان) یانی لە ( اجدانقانی ) دروست کراوی خۆیەتی کە قەڵاتە جن لە باکوری ڕۆژئاوای دوینە و لێیەوە دورە و لێیەوەش دیار نیە و لەبەر ( باب دوین) نیە هەروەها ( گۆڕی فقی ایوب) شوێنی گۆڕی باوکی صلاح الدینیش نیە چونکە لە مصر وەفات بوە لە ساڵی (٥٦٨ ك ) دا.

لە ( الدليل الرابع عشر دا نوسیویەتی : ((اكتشاف قبر پیر ( الشيخ ) مروان في القر یە .... و هو قبر الجد الاكبر لصلاح الدين )) مەخسەدی دێی قەڵاتەجنە ( اجدانکان)ی دروست کراوی خۆیەتی عبارەتی ئەم دەلیلە و (الدليل الخامس عشر اكتشاف ضريح ابو بكر) في دوين کە لەمە دا نوسیوە ( و يقول اهالي المنطة) بأنهم ابناء عمومة مع مروان ...

و ان اسم الملك العادل اخو صلاح الدين اسمه ابو بكر و ابن لصلاح الدين اسمه ابو بكر ... (انظر ص ٢٤٢ من سيرة صلاح الدين او المحاسن اليوسيفية و اسم حفيد ابو بكر كان ابو بكر انظر شجرة السلاطين للمؤلف الستابلي بول )) ئەم دو سەرچاوە هیچ عەلاقەیان بە پیر مەروان و پیر ابو بکرە نیە مەسەلە مەسەلەی کوڕ و نەوەکانی صلاح الدین نیە بەڵکو ئەمەش بۆ هەڵخەڵەتاندنی خوێنەوارە تا بڵێ پشتی بە سەر چاوەکان بەستوە.

هیچ بەڵگەی نیە کە ( پیر مروان) با پیرە گەورەی صلاح الدین بێ و خەڵکی ئەو سێ دێیە و دێ ( بابجیجك )یش وەك پرسیشمان ووتیان هیچ لە پیر مروان و پیر ابو بکر نازانین بەڵکو مرادخان پیروی موختاری دوین کە هەرکیە و هەردوو ڕۆژ پرسیارمان لێ کرد ڕۆژی دووەم ووتی ئەم قسەیە پاش هاتنی عبدالخالق سەرسام بۆ ئێرە پەیدا بووە و دەنگیان لە شریتیڤیدیۆی سەتەلایتەکەدا هەیە هەروەها ووتیان قەڵاتە جن هەیە بەڵام (کانی اجندەکان) نەمان بیستوە هەبێ. لە ئاژگە چاوپێکەوتنمان کرد لەگەڵ ئەم بەڕێزانە : عبدالکریم صادق قادر و ناصح احمد و محمد قادر خدر و مەلا صلاح الدین عزیز مەلا رسول، مەلا رسولیش ماوەیەك مەلای گوندی دوین بوە ، لە گوندی شێخ مەمودیان کە چەند ماڵێکە و زۆربەشیان خەڵکی ئەسڵی نین پرسمان لەم دووتەمەندارانە کرد و برێك هەرزەکاریش حازربون : مراد فەقێ کوڕی اسماعیل شێخە و محمود محمود احمد.

خاڵە صدیق قادر عزیز لە خەڵکی ئەسڵی دوین و دانشتوی صلاح الدین ووتی ئەمان بیستوە پیر مروان و پیر ابو بکر کەسی (صلاح الدین ) بن بەڵام بیستومانە صلاح الدین خەڵکی دوین بوە. هەروەها ووتی پیرابوبکر سەیدی بەرزنجەیە و لە دێی (درەمیر ) سەید هەنە و دەڵێن خزمایەتیمان لەگەڵ پیر ابو بکر هەیە. ( قەبری) پیر ابو بکر لە ڕۆژئاوای قەڵاتە لە نیزیك زگی دۆڵەکە و لە نێو کەلەك ( کاڤل) ەك دایە بە تەنیایی و درێژی قەبر ( ٣,٨٠م) و کاڤلەکە (٥ x ٥,٥٠م) ئاسەواری قەبری ئەسڵی نەماوە وەختێك خەڵکەکە بە بەرد وەك قەبرێکی کۆن قەبرێکیان بۆ دروست کردون و سێ کێلی بۆ دروست کردون کێلی ناوەڕاست ( کێلی مەلایەتی) یە و بەهەڵە لە تەنیشتی باکوری قەبرەکە دانیون کە دەبا لە تەنیشتی باشور (قبلە) بایە وەك عادەتە ، هەرسێ کێلیش ئەسڵی نین چونکە لە سەر ئەرز دانراون و لە ئەرزدا قەیم نەکراون وەك کێلەکانی دیکەی قەبرسانی پیر ابو بکر کە قەبرسانێکی کۆنە و گەورە نیە و یەکێکە لە چوار قەبرسانی دوین.

خەڵك اعتقادیان پێیەتی و مام صدیق قادر عزیزی دوینی کە زراریە دەڵێ ساڵێك چاوی ( یونس ) ی برام کول ( التهاب ) بو و بردمە سەر قەبری و یەکسەر چاك بوو پیر ابو بکر

سەیدی بەرزنجەیە و هەروەها دەڵێن بیستومە صەحابەشە چونکە قەبری گەورەیە.
شایانی باسە دێی دوینی ئەسڵی کە لەلای قەلاّتی دوین بوە و دەوری بیست ماڵێك و هندەکیان رەواندزی بون و خۆی دێی سعید بەگی ڕەواندزی بووە لە زوریەتی بنەماڵەی میرانی سوران- لە لای حکومەتەوە وێران کراوە و دەوری دووکیلۆمەتر لە باشوری ئەو حەوت هەشت ماڵی هەرکی هەن و کۆچەرن و مەعلوماتی باشیان نیە جارێك دەڵێن بەڵێ و جارێك دەڵێن نا.
قادر عزیز زاری خەڵکی دێ سوێلی ڕۆژئاوای دوین ووتی ئەو قسە هەبوە کە صلاح الدین خەڵکی ئێرە بوە و قەبرستانەك لەولا هەیە هی مەلا ئەیوبە و دەڵێ هیباوکی صلاح الدینە (یانی (قەبری ئەوە و نازانن لە مصر وەفات بوە) و نەووتون پیر ابو بکر و پیر مروان کەسی صلاح الدینن ، هەروەها وتی کانی اجندە لێرە نیە ئەگەر لەو دیو هەبێ و قەلاّتە جن عەلاقەی بە صلاح الدینەوە نیە.
جا کامە (( اهالی المنطقة)) یە دەڵێن ئێمە ئامۆزای پیر مروانین ئەمەش درۆیەکی دیکەیەتی.
لە عبارەتێکی نارێك دا کە هندە دەزانم مەخسەدی ئەوەیە ( پیر مەم) کە قەبری لە نێو شارۆچکەی ئێستای صلاح الدینە کوڕی پیر ابوبکرە و لە ئەقرەبای صلاح الدینە و دەڵێ(شێرەسوار ) ( کە شەخسێکە لەگەڵ شەخسی (مام خەلیفە)لە ( پانکە) لە باکوری ڕۆژهەلاّتی کۆڕی نیزیك ڕێگای گشتی تەنیشتی ڕۆژهەلاّت) - دەڵێ لە فورسانەکانی صلاح الدین بووە، جا شتی وای ووتوە نە ئەسڵی هەیە و نە ئەساس هەروەها دەڵێ دێی باوە خەلان و مام خالان ڕەبتی هەیە لەگەڵ راکردنی ( ابن باخل الزرزاری ) یانی کە ئەسیر کرا بوو لە لای صەلیبیەکانەوە و رایکرد بوو لە چنگیان و ناوی لە الروضیتین دا هەیە ، ئەم پڕوپوچانە لە خەیاڵی خۆیەوە دروست کردوە وەك چۆن نوسیویەتی لە ( الدلیل الثامن و العشرون) دا : ( وجود کوفیە مجریە علی قبر ( صوفی سەربەپەڕ) في بابجیسك ) و (تشابهە ( الصحیح تشابهها) مع کوفیە (سەرمیزرە) علی شاهد صلاح الدین و دفن سیف صلاح الدین في قبرە و توافقە مع رسم الخنجر و السیوف علی شواهد القبور في دوین کعادة للهذ بانیین و کشف العلاقة بین العلم الاصفر ( زەڕ) و زەرزاری و وجود الشمس علی القبور و ( سەرموزەڕ) الکوفیة الصفراء کان صلاح الدین یلبسها )).
مرۆڤ بێزی لەم قسانەدەکات نەك هەر بەڵگە (دلیل) نین بەڵکو ئەم قسانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤەکی زۆر نەزانە و بە قسەی مرۆڤێك ناچن عەقڵی تەواو بێ.
ڕۆژی دووەم ئێمە چووین بۆ دێی بابجیجك لە باکوری دوین لە دامەنی زنجیرە شاخی باکوری زنجیرە شاخی دوین کە لەپشت ئەو دەشتە تا دەربەندی ( بێخمە) و نێوانیان دەوری بیست کیلۆمەترە قەبرسانێکی



(وێنەی ب)

گەورەی لێیە و زۆر کێل قەبری بەنرخ لە نێو دا هەن کە وێنەی خەنجەر و شمێشر و هەندێ شتی دیکە لە سەریان هەیە و لە زینوەکەش (قەبرستانی پیر خدر) هەیە و بچوکە کە ئەویش زۆر گرنگە و قەبرەکانی یێ دووکاتن وێنەی ئەو کێلانەم گرت و وتارێکی تایبەتی لەو بارەوە بلاو دەکەم.

خەڵکی بابجیجکیش دەڵێن لە کاتی عوسمانیدا بابجیجك ناحیە بوە ، ڕەنگە ڕاستبێ و یان مەخفەرێك لەوێ هەبوبێ چونکە تەئسیراتی عوسمانی لە قەبرسانەکەیدا دیارە . من بەدور نازانم ئەگەر ( بانقلی ) یان ( راجە) یا ( حنیسا ) بێ چونکە بناغەکانی کۆن لە ژێر ئەرز دەدۆزێن و ئێستا دەوری بیست ماڵە. هەروەها وتیان داری تێل ( یانی تلغراف ) لە کاتی عوسمانی هاتوەتە بابجیجك و لە خارەوە هاتوە و بەرەو ڕەواندز چوە و لەو کاتەدا (٦٤٢) ڕەزی هەبوە و ڕێگای گشتی لە دۆڵی ژێریەوە دەهات و پاشان تورك ڕێگای عەرەبانە خستە سەر دوین.

چاوپێکەوتنمان کرد لەگەڵ بەڕێز ناصح سەید حسن کە لە هەموان شارەزاتر و بە تەمەن تر بوو هەروەها عیسی اسماعیل کە تەمەنی دەوری شەست ساڵ بوو و سعید ناصح و صالح ناصح و رسول قەترە و نادر عبدالله و میکائیل عزیز دەنگیان لە فلمەکەدا هەیە.

قەبری ( صوفی سەربەپەڕ) لە نێو کاڤل-کەڵەکەبەرد ( غەرا) یەك دایە لەگەڵ دەوری دە پازدە قەبری دیکەی کۆن.ناوی صوفی نازانن



(وێنەی ج)

و ناوی کوڕی صوفی رسول ( کارەسول) بوە و قەبرەکەی لە بەرسنگی قەبری صوفی و هەردوو نیزیك زاویەی رۆژئاوان بەرزی کێلە گەورەکەی دەوری (١م X ٤٠ سم) ئەمەش وێنەی قەبری صوفی لە دەستە چەپ و قەبری کوڕی لە دەستە راست ( وێنە د) دەوری دە پەیکەرە بەردی مێزەر ( عمامة) ( وێنەی ه) لەوێ کەوتون ونازانرێ کامەیان یی (صوفی)یەو پرسیشمان ووتیان نازانین و ناوی صوفیش نازانین بەڵام خالە ناصح ووتی لەکاتی خانزادی سور (یانی خانزادی سۆران) دا لە ئێرانەوە هاتوە ئێرە و من لە زوریەتی ئەوم و شەجەرەمان هەیە وشەجەرەکەی هێنا کە لە ناصح تا ئەو نۆ پشتە و بەرزنجییە. بەم شێوەیە: ناصح کوڕی سەید حسن بن شێخ ابراهیم بن شێخ عبدالرحمن بن عبد العزیز بن سلیمان بن اسماعیل بن الشیخ ملا احمد ابن الشیخ رسول ابن مام صوفی سەربەپەڕ البرزنجی پسر روستم پسر سید مصطفی پسر سید احمد برزنجی بن سید محمد ابن رشید ابن علی البرزنجی ابن سید رسول ابن سید قلندر بن عیسی الاحدب ابن سید عیسی البرزنجی ابن سید بابا رسول الهمدانی ( هەتا دوایی ) ئەمەش وێنەی شەجەرەکەیە (وێنەی و) . جا بەپێی ئەو نۆ پشتە دەتوانین بڵێین صۆفی لە سەدەی شانزەهەم یان حەفدەهەم تێپەڕ نابێت چونکە بەپێی زۆربەی شەجەرەکان چوار پشت لە سەد ساڵ دا دەگەنە یەکتر .

پەیکەرەکانی مێزەر (شاشك -عمامة) لە تەرزی مێزەرکانی مەلا و شێخەکانی کوردستان نین بەڵکو تەرزی مێزەر و سەر و



(وێنەی د)

کلاوەکانی تورکە عوسمانیەکانن ئەگەر تەماشای ئەوەی لەسەر کێلی کارسول (کێلی دەستە ڕاست) بکەین لە وێنەی ڕابردوودا کە سەرەباریکەی کلاوی درێژ لە نێو مێزەرەکەوە قیت بوە و بەرامبەر بکەین لەگەڵ سەروکلاوی سوڵتان سلیم لە تابلۆی بیستەمدا لە تابلۆکانی شەرەفنامە کەکاری دەستی شەرەفخانی مێژوونوس و هونەرمەندە دەبینین یەك تەرزن کە نەوعی (سکە)یە و ئەگەر تەماشای ئەوەی سەرکێلی (سۆفی) بکەین کە کێلی دەستە چەپە و بەرامبەر بکەین لەگەڵ سەروکلاوەی یەکەم وێنەی پیاوی ژێر سوڵتان عوسمان لە دەستە ڕاست لە تابلۆی حەڤدەیەمدا دەبینین یەك تەرزن و هەروەها هەمان تەرزی سەروکلاوی سوڵتان محمد فاتحە لە تابلۆی نۆزدەیەمدا وەك ئەو تابلۆیانەمان بلاو کردوە لە کتێبەکەماندا (تابلۆکانی شەرەفنامە ) چاپی سوید و چاپی هەولێر و لە ل ١٤٧ دا. لە بارەی سەروکلاوی عوسمانیەکانەوە لە چواچێوەی لێکۆڵینەوەکانی تابلۆکاندا ئەمەی خوارەوەمان نوسیوە: بە پیّی وێنەکانی شەرەفنامە و ڕاستی و واقیعی مێژوویی لە تابلۆکاندا، جگە لە فێس و کلاوی ڕێبەرەکان ، مێزەری عوسمانیەکان سپی و زلە و زۆربەیان بە شێوەیەکی درێژ و خڕ و لووس بۆ سەرەوە هەڵگەڕاونەوە و نیوچە لوولەکێك پێکدەهێنن بەلام هیی وەزیر لە گشتیان گەورەترە و بەشی خوارەوەی لە شێوەی چادر یا بلێین ( کارگ - کۆم فەقیرك) دایەو لە هیی سوڵتان ئەستوور تر و کورت ترە و لە لوولەك ناچێ و کلاوەکەیشیان باریك و تیژ و کەمێك لە مێزەرەکەوە دەردەکەوێ.

مێژوو نووسی تورك ئەحمەد ڕاسم لە کتێبی (عوسامنلی تاریخی) دا ( بەرگی یەکەم ، پەراوێزی ل ٥٥٦ -٥٦٥ ) باسی جل و بەرگی



(وێنەی ٥)

عوسمانیی کردووە و گوتویە: لە زەمانی (سوڵتان عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول) دا کڵاوەکانیان لە هی دەروێشە ( مەولەویەکان ) و سوورمەدار بوو و مێزەری لە دور دەبەسترا و ناوی ( سکە) بوو ، جاروبار بەسەر و کڵاوی پیاوانی سوڵتان دەگوترا ( دستار یوسفی) ، ئەم کڵاوە سەرتیژە ئێستا لەسەری هێندێك دەروێشی کوردی سلێمانیدا هەیە ، (فەرەیدون ئولوو عارف ئەفەندی) ی نەوەی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی قاتێك جلی دەروێشە مەولەویەکانی پێشکێش بە سلێمان پاشای ڕزگارکەری ( ڕۆم ایلی) کرد کە بریتی بوو لە سکە و فراجە و تەنوورە و کەمەرە ، سوڵتانە عوسمانیەکان تا زەمانی سوڵتان (محمد الفاتح) ئەم جلەی مەولەویەکانیان دەپۆشی پاشان مێزەر بە سورمە نەخش دەکرا و پێ یان دەگوت ( تەکیە - طاقیە ) و ناوی تەنوورەش کرا بە ( خەفتان ) و فراجەیش بە ( بنش ) و ( قونتووش) و کەمەرەیش بە ( قانون قوشاغی) - واتە پشتێنی ( قانوون) ، مێزەری کەڵە وەزیر (الصدر الاعظم) لە شێوەی چادردا بوو بۆ پێشەوە لاربووبووەوە و مێزەری ( شیخ الاسلام ) بچوك بوو ، لەم پەیکەرە بەردەی سەر ئەم کێلە دەزانرێ کە تەرزی سەرو کڵاوی جیایە لەگەڵ تەرزی سەرو کڵاوەی سەر کێلی صۆفی بەرزنجی ( کێلی دەستە چەپ لە وێنەدا) و هەروەها هی پەیکەرەکەی لە ئەرزیش. پێویستە بڵێم ئەم دوو پەیکەرە لەسەر کێلەکان نەبون بەڵکو وەك ئەوانەی دیکە لە ئەرز بوون و خۆمان خستماننە سەر دوو کێلەکە تا وێنەیان باش دەرکەوێ لەبەر



(وێنەی و)

ئەمە نازانرێ لە هەموو پەیکەرەکان کامەیان هی صۆفی‌یە و کامەیان هی کاك ڕەسولە ، پەیکەرەکان چەند تەرزێکن و لە قەبرستانەکانی ئیستەمبول دا هەمان تەرز هەن وەك ئەو قەبرسانە بچوکەی سەر تەنشتی شەقامی مەیدانی سوڵتان احمد - بایەزید کە وێنەیم گرتوە لە زستانی ( ١٩٩٥ - ١٩٩٦ ) دا کە وەك بەمن ووترا قەبرستانی بنەماڵەی سوڵتانەکان یان وەزیر و پیاو گەورەکانی عوسمانین لەم قەبرستانەدا پەیکەرەکان وەك هی کێلی (مەلا نەبی ) لە دێی ئەستریلانی نزیك چواقورنە و ئەمانەی بابجیجك لە کێلەکان جیانین بەڵکو سەرە کێلن. لە نێو قەبرستانی ( نەبی دانیال) لە قەڵای کەرکوك چەند کێلە قەبرێك هەیە هی ئەفسەرە گەورەکانی کاتی عوسمانین و زۆر کۆن نین، دیسان سەرە کێلەکان یانی سەرەکڵاو و فێس تەرزی عوسمانین کە وێنەی ئەوانەش و نوسینەکانی سەر کێلەکانیشم گرتون وەك کێلی ( الحاج محمد لوطفی پاشا) فەرماندەی فرقەی دووەم لە فەیلەقی شەشەم کە لە (١٣٠٤ ك ) دا وەفات بوە و کێلی میر ئالآی (مستەفا نافذ) کە لە ( ١٣١٥ ك ) دا وەفات بوە. هەروەها لە قەبرستاتی شاری جزیرای بۆتانیش لەم جۆرە نمونانە هەن. لەلام گومان نیە پەیکەرەکانی سەرەمێزەر ( عمامة ) ی قەبرستانی بابجیجك لە بابجیجك دروست نەکراون و هەروەها هی مەلا نەبیش کە لە تەرزی سەرەمێزرەکانی زانایانی دینییە کە لە ( گندور - کاڵەك) ەی ( سامرا) دەچێ بەڵکو لە شارێکی‌دیکە ئەمانە وەك مادەیەکی تجاری لە لای کێل هەڵکەنەکانەوە دروست کراون و فرۆشراون بە بەڵگەی ئەوەش کە شێوەی تاشینی پەیکەرەکان جیایە لەگەڵ هی کێلەکان و ڕەنگە بەردیش قایم تربێ چونکە بە مەهارەت و شێوەیەکی هونەری تاشراو و دروست کراون بەڵام کێلەکان خۆیان زۆر سادەن و هەتا باش نەتاشراون و ساف نەکراون. بەڵگەی سێهەم ئەگەر ئەمانە لەم شوێنانە هاتبان دروست کردن هەر بەشێك لە کێلەکان دەبون یان سەرەکێل دەبون و بۆچی لەکێلەکان بەجیا دروست دەکران و وەستانیان لە سەر سەری کێلەکان مەزمون نیە



(وێنەی ز)

چونکه به چەندین سەبەب دەکەونه خوارەوه .چوارەم بەڵگە ئەوەیە کە سەرەکێلەکان تەخت و ساف نەکراون بۆ شوێنی پەیکەرەکان وەك له وێنەی کێلی صۆفی دا زۆر دیارە بەلاّم له سەر سەرەکەی کێلی ( مەلانەبی) قوڵتەیەك دروست کراوه و ـەروەها یەك دووکێلی دیکەش تا پەیکەرەکە بخرێتە سەر قوڵتەکەتا خۆی بگرێ. هەروەها وەك کێڵە هەرە بەرزەی نێو قەبرستانی ( پاشقۆتەڵ - بەردەحوشتر ) له باکوری رانیەش که ( ٣م و ٨٥ سم) بەرزه له سەر ئەرزەوه بەلاّم پەیکەرەکە لەسەر قوڵتکەی ئەم کێلە بڵندە نەماوە و دیار نیە وەك لەم وێنەیەدا قوڵتەکەی دیارە کە دەچمە سەر کێلەکە بۆ پێوانەی ( وێنەی ز) لێرەدا به پێویست دەزانم ئەمەی خوارەوە زیاد بکەم لەسەر ئسلی ووتارەکەم و بڵێم لەم سێ یان چوار کێلەی ( بەردە حوشتر) کە پاششقوتەڵی ئێستایە و ئەستریلانم پتر نەدیوە کە چاڵەکە لەسەری سەریان هەبوبێ بۆ دانانی سەروکلاّوی مردووه وە رەنگە هی پاشوتەڵی کۆنتریش بێ و هیچ بە دوور نازانم شێوەی ئەمانە لە هەندێ کێلی کۆنتر وەرگیرابێ کە ئێستا نەمابن و یان تا ئێستا نەکەوتبنە بەرچاومان ، هەروەها بەدوور نازانم ئەگەر ئەم عادەتە زۆر کۆنبێ و کوردە ئیسلامەکان هەر لە کوردەکانی زەردەشتی کاتی ساسانییان وەرگرتبێ چونکە لە کاتی ساسانی دا قەبر هەبووە بریتی بووە لە ستونە بەردێکی تاشراو لولەیی یان گۆشەدار لە سەری سەرەکەی چاڵەکە یەك هەڵکەنراوە بۆ جێگیر کردنی بنی ( کوپە قەبر ) یانی پاش ئەوەی تەرمی مردوە خراوەتە بەردەمی باڵندە بۆماوەی سێ رۆژ ئێسانەکانی کۆکراون و خراونەتە نێو کوپە ( گۆزە)یەکدا و دەمەکەی گیراوە و خراوەتە سەر ئەوستوونە بەردە و بنی کوپە کە لە چاڵەکەدا جێگیر کراوە ، شوێنەوارناسانی رۆژئاوا لە ئێران نمونەیانی دیون و پاش دیتنی نوسینی پەهلەوی لە سەر هەندێکیان بۆیان مەعلوم بووە کە ئەمانە گوربون وەك لە نوسینێکی (لئوترومپلن) دا هەندێ وێنەی هێلکاری‌یش بۆ ئەم شێوە گۆرانە هەیە کە برای بەرێز مامۆستا شێرزاد

حسن لە فارسییەوە کردوەتە بەکوردی و لە گۆڤاری ( هەزارمێرد ، ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٩ ) دا بڵاوی کردووە ، ئەمەش وێنەی یەکیانە ( وێنەی ح)



دەبێ لە کوردستان لەم جۆرە گۆرە ئەستونیانە هەبوبن و ئەم شێوە کێلە چاڵکدارانە لەوانە وەرگیرابن ، لە پەساری ڕۆژئاوا لە چیای ( کەلها کەڤن) - سوچی باشور لە شاخە بەردە سەختە و بلندەی بەرامبەر بازاڕی ( ئاکرێ) پارچەیەك لە شاخەکە بە پێنج سوچ تاشراوە وەك سەکوەکی گەورەیان ئەستونێکی زل و لە سەر سەرەکەی چاڵکەیەك هەڵکەنراوە کە ڕەنگە ئەمە یەکێکبێ لەو شێوە گۆڕانە بەڵام لەبەر سەختی نەم توانی بچمە سەری و ( قیاساتی) بکرم کە تەنیا برای بەڕێز و شوێنەوار پەروەر ( مەردان صدیق باشقالالی ) لەگەڵم بوو (وێنەی ك). ئەگەر گۆڕیش نەبێ ئەوا سەکوێکی ئاگری زەردەشتیی عەنتیکەیە لە هنداوی ئەشکەوتێك کە کراوەتە حەوزە ئاو و جۆگەی لە شاخە بەرد کۆڵدراوە و لە و بەری شاخەوە ڕاکێشاوە کە لە ویش شوێنی دیارە و بە ئەسڵ بە مەسافەی (٣-٤کم) لە ( کانیا پاشا) یەوە هاتوە. لە نزیك ئەشکەوتەکە بناغە ستوورەکانی کاتی ئەشکانی هەن و لە (١٩٩٨/١١/٣) و ماوەی بیست سەعات بە فیلمی ڤیدیۆ ٤١ فلیمی فۆتۆغرافیش و وێنەی ئاسارەکانی ئاکرێ و بناری زنجیرە شاخەکەییم گرتوون لە ڕووباری خازەرەوە تا هەردوو بەری دەربەند بێخمەی سەر زێی گەورە ، گورە قەبرێکی دیکەی نزیك بەم شێوەیەم دیت لە گوندی ( خرپێ ی ڕۆژئاوای ئاکرێ).

بایەخدانم بە قەبرستان و کێلەکانیان لە ڕوویی



(وێنەی ك)

ئەســـەری و تـــاریخی و کەلـــەپوری و هونەری‌یـــەوە بـــوە. مخـــابن مێژوونـــوس و رۆشنبیران نرخـی ئـەم بابەتـەیان نـەزانیوە و زۆر لەو کێلە بەنرخانە لەلای کەسانی نەزانەوە هاتونەتە شکاندن. لەشکری حکومەتیش کە دەستی گەیشتە بناری قەندیل لە ( ١٩٨٨) دا هەندێ لە کێلە بەنرخەکانی بردەوە بۆ بەغداد. بـرادەری خـواوەن ( اکتشـاف ) و ( باحســی باحس ) سەرەمێژەری صۆفی بردوەتـە سـەر هی صلاح الدین و صۆفی و (شێرەسـوار) ی بردون بۆ کاتی صلاح الدین و هیچ لە تاریخ و



ئاســـار نـــازانێ. شـــەجەرەکەش گـــەورەترین بەڵگەی نوسراوەیە. لە (قەبرستانی پیر خدر ) کە لە نێو شورایەکی بەردینی و رێکوپێکدایە

لە زینۆی بـابجیجك (بابـاجیجك ) دا. دیسان هەندێ سەرەکێل هەن کە هی کـوردی نین و گومان نیە ئەوانەشی لە دەرەوەی کوردستان هێنراون کە دەبینین تەنیا دوو لەتـە قومـاش بـەجیا لـە یـەکتر لـە دەوری جـۆرە فێسـێك هاتونەتە ئاڵاندن کە هی چینی نزمە لە پیاوە دینیـــەکان وەك نیمچـــە مـــەلا و کوێـــرە خوێندەوارەکانی و قورئـان و مجێورەکـان کـە کـڵاوی مـەلا عوسمـانی موصلـی وەك وێنـەی بـڵاو کـرا لـە حـەفتاکاندا و لـە تەلـەفزیۆنی بەغداد دا نزیك لەم تەرزە وەك ئەم سەرەکێلە :

(وێنـەی ی) برێـك کێلـی بـەنرخ لـە نێـو ئـەم قەبرســتانی پـیر خـدری بابــاجیجکن کــە هەندێکیان لە هـەندێکیان کۆنترن هـەندێکیان گەورەن و لە سەر ئەرز کەوتون وەك ئەم کێلە کە وێنـەی قەفـەزەی سـنگی مـردوو (القفص الصدری ) لە سەر بەشی سەروی هەڵکەنراوە کە زۆر شتێکی نایابە ( وێنەی ك) . شـایانی باسـە لـەنێو قەبرستانی بـابجیجك دا قـــەبری کەریم خانی خەیلانی هەیە کە لە (١٣٦٦ك = ١٩٤٥ ز) دا وەفات بوە و بەخـەتێکی ( ثلـث ) ی جوان ئەم نوسینە لە سەریەتی:

(( هـذا قـبر المرحـوم المغفـور لـه کریـم خـان رئیـس عشـیرة خیلانـی تـوفي في شـهر محـرم ١٣٦٦ه و عمـره سـبعین سـنة )) وەك پێمـان ووترا پاشان خاڵە صدیق قادر دوینیش ووتی : کەریم خان و فتاح ئاغای هەرکی و خورشید ئاغای برای فتاح ئاغا لەگەڵ (سمکۆ) چوبون کە سمکۆ کوژرا لە شنۆ کەریم ئاغاش بریندار

بوو بەڵام پیاوەکانی قوتاریان کرد چونکە لەدواوە بو ، جا دیارە سمکۆ هەندێ لە ئاغاکانی لەگەڵ خۆی برد بو تا ئێران خیانەتی لێ نەکات کە ئەم خاڵە نەنوسراوە و وامان دەزانی تەنیا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خۆی چوەتە شنۆ و تەسلیمی ئێران بووە.

## جـبـل جـور :

لە ( الدليل السابع عشر ) دا نوسیویەتی (اكتشاف جبل جور حيث جبل كوری )، پێشتر لە ( الدليل السادس عشر) دا نوسیویەتی کە لە ( كتاب الروضتين ل ٢١٠ ) داهاتوو :(( ولد ايوب في جبل جور و عاش في الموصل )) هەروەها و توویەتی مەخسەد بە (الموصل) ( الجهة الغربية من جبل كوری حيث ارض الموصل ثم اصبحت ارضا لاربيل). پێشتر ابو شامة المقدسي ( عبد الرحمن بن اسماعيل ) کە لە ( ١٩ رمضان ٦٦٥ ك ، ١٣-يونيو ١٢٦٧ز) وەفات بوە نوسیویەتی لە ب ٢ قسمی ١ ل ٣٢٩ ( وكان اسد الدين و اخوه نجم الدين ايوب و هو الاكبر ابنا شاذى من بلد دوين و هي بلدة في اخر بلاد اذربيجان مما يلي الروم و اصلهما من الاكراد الروادية و هذا القبيل من اشرف الاكراد ). پاشان لە (ل ٥٣٥) دا نوسیویەتی ( قال ابن ابي طي و كان مولد نجم الدين ايوب ببلد شبختان كذا حكاه مؤيد الدين ابن منقذ و حدثني جماعة ان مولد نجم الدين بجبل جور و ربي في بلد الموصل و نشاء شجاعا باسلا).

عبدالخالق سەرسام وشەی ( في بلد ) لە (في بلد موصل ) حەزف کردوە تا بڵێ:



مەخسەدی ئەرزی موصلە و تا دوینیش ئەرزی موصلە و دەڵێ : جبل جور شاخی (کوڕێ) یە لە پشت شاخی مصیف صلاح الدین .

بە نیسبەت ( جبل جور ) ەوە لە ( المسالك و الممالك ) ی ابن خرداذبەدا ل ١٩٩ ( جور ) ناوی شوێنێک بوە لە ناوچەی هەمەدان و نێوانیان پێنج فرسخ بوە یانی دەوری (٣٥کم) و لە ل ٥٥ داهاتووە جور ( رستاق ) ێك بوە لە

( اردشیر خره) لە هەرێمی فارسی یانی وەك قەزایەك بوە. بێ گومان ئەم دوانە دورن لە مەوزوعمان یانی لە مەسەلەی ئەسڵی ئەیوبییەکان. یاقوت الحموی لە معجم البلدان لە باسی / ( جبل جور) دا نوسیوە : (( اسم لکورة متصلة بدیاربکر من نواحي ارمینیة اهلها نصاری ارمن و فیها قلاع و قری )).

ابن شدادی حەلەبی لە ( الاعلاق الخطیرة في ذکر امراء الشام و الجزیرة :قسم الجزیرة ) ی دەستنوسی نامە خانەی بودلیان (نمرە ٣٣٣) پەڕەی ٦٨ دا باسی ( جبل جور ) ی کردووە لەنێو شار و قەڵاکانی سەر بە هەرێمی دیار بەکر .

ابن الاثیر لة الکامل دا ناوی هێناوە وەك ب ١٠ ل ٣٩٢ و ب ١١ ل ٥٢٤: ڕووداوەکانی ساڵی (٥٨٢ ك ) کە صلاح الدین جبل جوری لە ئەرتوقیەکان ستاند و دایە تقی الدین کوڕی و هەروەها ب ١٢ ل١٥٦ و ٣٤٢ و ٤٢١ و ٤٨١ .

جبل جوریش ناوی گۆڕاوە و ڕەنگە ئەمەش بەهۆی داگیر کردنی دەوڵەتی عوسمانیی‌یە بوە و بوەتە چەپەق چور ( چیقچور) کە شاری (بینگول ) ی ئێستایە و مەڵبەندی ولایەتی بینگولە لە کوردستانی باکور.

من ئەم ( جبل جور) ە یانی ( چیقچور)ەش بەدور دەزانم بە نیسبەت ئەسڵی ئەیوبییەکانەوە بەڵام بە دور نازانم ئەگەر (جبل جورنی)ی نزیك دوین ( دبیل) بێ کەوەك لەنامەی الکساندر خجا تریان دا هاتووە کە نامەکەی بەعەرەبی نوسیوەو ووتویەتی: (بل جورنی) لەنێوان دوین و ( اردشاط) دایە کەبەپێنج کیلومەتر ( دوین و ارشاط) لەیەك دوورن (ارد شاط) لە سەرچاوەکاندا بەناوبانگە بە بۆیاغ کردنی جل و بەرگ بە (قورمز)جا هیچ بە دور نازانم کە لە نێوانیان ڕووباری (جورنی) هەیە ، ئەگەر (نون و بێ ) لە نوسینی ناوەکەدا کەوتبن لەلای نوسەری نوسخەیەکی ( الروضتین) یان کتێبی ابن ابی الطي یان ئەمە باش لەیادی نەمابێ پاش ئەوکاتەی ( اسامە بن المنقد) پێی ووتبێ و (جبل جورنی )ش شاخی دوین ( دبیل) بێ و دورنیە هەر ئەم (جورنی)یە بێ کە لە شەرەفنامەدا بە کرنی (گورنی) هاتوە لە ناوی گوندی ( کرنی چقور سعد)ەی کە شەرفخان هێناویەتی لە ( ل ٨٢) دا : ئێستا دوینی وێران بەناوی ئەم گوندەوە ناو دەبرێ.

بەنسبەت (شَبَخْتان) ەوە کە(ابن ابي طي)لە (ابن منقذ) یانی لەاسامەی کوڕی منقذی وەری گرتووە کەباوکی صلاح الدین خەڵکی (شَبَخْتان) بوە تەنیا ئەوەم دیوە کە شبختان شارۆچکە یان ناوی ناوچەیەك بووە سەر بە(ماردین) ولەساڵی ٥٩٩دا بەینی الملك القاهر غازی کوڕی صلاح الدین تێك چوو لەگەڵ میری ماردین (کەئەوسا الملك المنصور ارتق ارسلانی کوڕی حسام الدین یولق ٥٩٧ تقریبا تا ٦٣٧ دا حوکمی کردووە) بەلام پێکهاتن لەسەرئەوەی میری‌ماردین سەدو پەنجا هەزار دینار بدا بە الملك الظاهر لەگەڵ گوندی (قرادی) ی‌سەر بە شەبەختان .لەساڵی

(٦١٥ك)یش دا ملك اشرف ایوبی هێرشی هێنایە سەر ئەم میرەی ماردین لەئەرتوقیە تورکمانەکان ودەشتی ماردینی داگیرکرد وپێکهاتن لەسەرئەوەی سی(٣٠)هەزار دینار بدابە الملك الاشرف لەگەڵ گوندی (موزر) لەشبختان.وەك لە ابن الاپیر دا هاتووە ب ١٢ ل ١٨٠ ول ٣٤٣ .جا ڕەنگە شەبەختان لەناوچەی قزل تەپە (دنیسر)یان (اورفا) بێ.
یاقوت لە معجم البلدان ج ٢ل ٤٣ دەڵێ:- ((تل قراد حصن مشهور من بلاد الارمن من نواحی شبختان)).
ئەگەر شبختان لەناوچەی دوین (دبیل) نەبێ ئەوا دوور نی‌یە ئەو قسەیەی ابن ابي طي لەوەوە هاتبێ کە عمادالدین زنگی اسد الدین شێرکوی( حاجی صلاح الدین ) کردە خاوەن دەسەڵات لە(موزر) کەناوچەیەك بووە لەولایەتی ئورفا (رها) ی ئێستا لەوبەشەی نزیك فورات کە شارۆچکەی (نصیبین الروم) لەناوچەی (موزر) ەو لەسەر فوراتەوجیایە لەگەڵ (نصیبین)ی ماردین. لە الروضتین .ب١قسم ٢ل٥٣٨ دا ابو شامە باسی ئەوەی کردوە کەعماد الدین ئەو ناوچەیە داوەتە شێرکۆ.وەك لەپێشدا باسمان کرد .ابن الاثیر شبختانی کردووەتە ناوچە و (موزر) ی کردووەتە دێیەکی ناوچەکە ومەعلومیشە ئەرمەن لەناوچەی ئۆرفادا زۆربوون .وئەم قسەی (ابن ابي الطي)یش راست نیە.
کەووتوویەتی باوکی صلاح الدین لە شەبەختان لەدایك بووە.هەروەها لە الروضتین داهاتووە: عماد الدین زنگی هەندێ شوێنی لەشهرزور داوەتە اسد الدین ونجم الدینی برای .بەڵام ئەم قسەیە بەدوور دەزانم چونکە لەساڵی (٥٣٢ك) دا هەردوو لەتکریت چوونەتە موصل لای عمادالدین ولەساڵی دواییدا نجم الدینی کردووەتە حاکمی بعلبك .ئەگەر واشبێ دەبێ بۆماوەیەکی کەم بێ .هەر(باحسی باحس) لە (الدلیل السادس عشر)دا نوسیوویەتی (قەبرستانی دێگە) کەلە ڕۆژئاوای دوێنیهەولێرە جێگای (شادی) ی‌باپیری صلاح الدینە ووتوویەتی چونکە بتلیسی یانی شەرەفخان نووسیویەتی دێ(چغور سعد) هەیە وهەرئەوەش (جیگور سعد) ەو(سعد)یش بەکوردی بەمانای (شادی)یە یانی شادیگە وقەبرستانی دیگە لەتێکە لەشادیگە یانی ناوچەی شادی.
جارێ کابرا نەووتووە بتلیسی ووتویەتی دێ (چغور سعد) لەکوێیە ویەکسەر قەبرستانی دیگەی بەملی بتلیسی‌یەوە کردووە لەکاتێکدا شەرەفخان نووسیوە ((کرنی چغور سعد)ناوی دوینە کەکاتی ئەو دێبووە نەك شار چونکە شارەکە وێران بووە و وشەی (کرنی) یش کەبەشێکە لەناوەکەی کابرا حەزفی کردووە لەکاتێکدا شەرەفخان نووسیویەتی (کرنی چغور سعد) ئێستا ناوی دوینی ئەزربایجانە شوێنی ئەسڵی باپیری صلاح الدینە.
ئەمەش دەقی عیبارەکەتەیەتی لە ل٨٣دا:
((..کەجد ملوك مصر شادی بن مروان در اصل از اکراد رونده دوین ازربایجان است

کەاکنون ویران گشته وبقریه کرنی چغور سعد اشتهار دارد))شەرەفخانیش شارەزایی لەم ناوچەیە هەبووە چونکە ماوەیەک حاکمی ناوچەی شیروان بووە لەقەفقاسیا ولەساڵی (١٥٨٣)دابەشداری کردووە لەشەڕی (روان)یانی یریڤان دا وەک لەفەرمانێکی سوڵتان مرادی سێیەم دا بۆ فەرهاد پاشا باسی ئەم بەشدارییەی هاتوە کەدەق و وێنەی ئەو فەرمانەم بلاوکردوە لەکتێبەکەم (تابلۆکانی شەرەفنامە ل ٢١٤-٢١٧)دا.

خاوەنی ووتارەکەی سی بەڵگەکان ووشەی (چغور)ی تورکی کردوە بە ((جێگوپ)) ی کوردی یانی شوێنی گۆڕ کە(چغور) وشەیەکی تورکی کۆنە بەمانای (قوڵ)ە وەک مێژوونوسی بەتوانا مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی بو منی نوسیوە لەنامەیەکی خۆیدا کەبەمێژووی (١٩٩٧/١٠/٢) .و(سعد)یش لێرە ناوە (علم-اسم مکان)ە نەک تەرجەمەی ووشەی (شادی)ی کوردیە و نەشیزانیوە (سعد) بەمانی (یمن)ە یانی بە مانای بەرەکەتە لە عەرەبیدا نەک بە مانای شادی بە (فرح) بە مانای شادیە. و(دێگە)ش ئاسەواری کۆنە دێیەکە لەلای ئەو قەبرستانە وەک خەڵکی دوین بۆ ئێمەیان ووت نەک ناوچەیە.جالە (الدلیل السادس عشر)دا حەوت هەڵەی کردووە لەوانەش (تحریف)کردنی مەخسەدی شەرەفخانە جائەمە بەڵگەو دەلیلە یان پەستنی حەوت هەڵەو تەحریفە لەسێ دێڕدا لەغەیر هەڵەکانی دیکە هەر لە الدلیل السادس عشردا وەک ئەوانەی پێشتر باسمان کردن کەیەکیان ئەوەبوو قەبری (فەقی ئەیوب)ێکی نەناسراوی کردوەتە شوێنی لەدایک بوونی ئەیوبی باوکی صلاح الدین.

ئایا ئەو قەبرە (نەخۆشخانەی ولادە)بوە؟!!.

لە(الدلیل الثامن عشر) دا لەبارەی ناوی(هذبانی) یەوە هەندێ شتی ووتووە و وەک مەسەلەی (چغور سعد)ی لێکردووە. ووتوویەتی مێژوونوسان بەهەڵە نوسیویانە (هذبانی) بەڵکو (هوزبانیە) وهوزە بانیش (کوزبان) ی لای دوینە...و نەیزانیوە مانای (کوزەبان) یش چیە کەمانای کوزی مەڕە یانی جێگای کوزی مەڕ وەک خەڵکەکەش وەهایان مانایانکرد.

لە(الدلیل العشرون)دا نووسیویە:- ((اکتشاف فخذ لاچین فی قریتی سەرکەندو وکەلەکین خیلانی ماهم الابقایا ابن لاچین ابن اخت صلاح الدین (ست الناس) وهم من الخیلانیین وکون الخیلانیین متأتی(الصحیح متاتیا)من خالانی بکون صلاح الدین خالهم وتفاخرهم بذلك)).

هەزاران شوێن ناویان بەیەکتر دەچن هەزاران کەس ناویان احمد ویان محمدە جادەبێ هەموویان یەکبن ویان پەیوەندییان بەیەکترەوە هەبێ ئەم شتانە نابنە بەڵگە. ئەی کابرا چی لە (لاچین) ی پشت مەهاباد دەکات کەدێی هێمنی شاعیرە. خەیلانی لەکوێو خاڵانێتی صلاح الدین لەکوێ .کابرا لەلای خۆیەوەشتی دروست کردووە بێئەوەی هەست بەئەمانەتی

عیلمی بکات و ناشزانی تاریخ نووسین چوونه و لەووتارێکی خۆشدا دەڵێ: لەم ساڵانەی ئەخیریش گۆڕانکارییم لەمێژوو کردوە.

ئەزربیجان

(باحسی باحس)هەرێمی ئەرزبایجانی سەر بەژێر کردووە کۆتاییەکەی بەئەوەلەکەی حیساب کردووە وئەوەلەی بەکۆتایی وەك وێنەی مرۆڤێك سەر بەژێر بەدیوارێکەوە هەڵواسی)مێژوونوسان کەنوسیویانە دوین لە کۆتایی ئەزبیجانە ئەو کۆتاییەیان نەکردوونەتە دوین ودۆڵی پشت (شاخی سەربەن -پیرمەم-پیرمام) یانی شاخی مصیف صلاح الدین وکۆتاییەکەشی کەروباری ئاراسه ویان مقدارێکیش لەباکوری ئاراسیش نەکردونەتە ئەوەلی ئەزربیجان)جا نازانێ بەنسبەت مێژوونوسانی عێراق وشامەوە کەباسی دەکەن ئەو هێڵە دەبێتە کۆتایی وهێڵی باشور وباشوری ڕۆژئاوا کەی دەبێتە ئەوەلی (ئەزربیجان) (و هەروەهاش بەنسبەت خط الاستواء ەوەش) .

بەڵام بەنسبەت مێژوونوسانی ئەرمن و روس بەپێچەوانەیە بە نسبەت شوێنیانەوە نەك (خط الاستواء) .هەروەها کەنووسیویانە و ناوی (دوین)یان هێناوە مەخسەدیان ئەو دوێنەیە (نەك دوینی هەولێر) ئیتر وای بۆ خێندەواری پێشان داوە هەر وەك ئەو دوینە وجودی نەبێو تەحەددای مێژوونوسانی عالەمیشی کردووە ئەگەر بتوانن حەوت بەڵگە بێنن وئیسبات بکەن دوینەك لەغەیر دوینی هەولێر هەبێ لە کاتێکدا مێژوو نوسان هەر ناوی دوینی هەولێریان نەهێناوە و لەهیچ سەرچاوەیەکی کۆندا ناوی نیەو ئەگەر مەخسەدیان ئەم دوینە بایە هەر جارێك یەکێکیان دەووت دوین لەنیزیك هەولێرە ویان ڕۆژهەڵاتی دجلەیە ویان لەناوچەی موصلە ویان نیزیك سنوری هەرێمی الجزیرە ویان عێراقە.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە هیچ مێژوو نوسێك ناوی شوێنەکی نەهێناوە لەهەرێمی ئەزربیجان لەشاری شنۆ(اشنە) بەم لایەوە بێ تەنیا اصطنخری بەهەڵەچووە کەوەك باسی دەکەین وتا اصطنخری خۆشی لەم لایەی شنۆیەوە ناوی هیچ شوێنەکی دیکەی لەئەزربیجانی نەهێناوە بەڵکو تەنیا ناوی شنۆ (اشنە)ی هێناوە. لەخەبات ژمارە (٩٣٠)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٦/٢٥ دا درۆی خستوەتە ملی یاقوت الحموی کەنوسیویەتی ((وقول یاقوت الحموی عن کون رواندوز بلدە فی اذربیجان))بەڵکو یاقوت ناوی(روینذن) ی هێناوە. کەنوسیویەتی ((قلعە حصینە من اعمال اذربیجان قرب تبرین)) تەماشا مادەی (روینذن) بکە لەمعجم البلدان.یاقوت هەرناوی رواندزی نەهێناوە یاقوتیش لە(٦١٧ك) دا هاتۆتە شنۆو دەڵێ((بلدة شاهدتها فی طرف اذربیجان من جهة اربیل) یانی دەڵێ لەقەراغی اذربیجانە جانەگەر تاپشت هەولێر اذربیجان بایە دووت (فی وسط اذربیجان تەماشە (مادة اشبه) بکە لەمعجم البلدان.

ابن حوقل لە صورة الارض ل ٢٨٧ و ٢٨٩ لەباسی ئازربیجان دا باسی شنۆی کردوە ولەم لاتری ناوی هیچ شوێنێکی دیکەی نەهێناوە ونوسیویەتی :-

((غزيرة القسط من سائر ماخصت بة ارمية والمراعة من رفق باديتها والتفاف الخيرات بها من جهة اكرادها الهذبانية وبها يصيفون واياها ينتجعون وبها جميع مايملكون ويدخرون)).

ابن خرداذبە لە المسالك والممالك ل٩٤ لەچاپی بریل باکوری هەولێر وبارزان وبرادۆست (بابێش)لەناوچەی موصلی حیساب کردووە کەناوی حبتون وبانقلی وبابغاش وهەروەها (حزة)یانی هەولێر ودەشتی هەولێریش یانی ناوچەی دوینیش لەم هەرێمەی حیساب کردووە کەبەرەئی من (حبتون)دوینە.

ابن الفقیە الهمدانی لە کتاب البلدان ل ١٣١ لەچاپی بریل ئەویش حزە وحبتون وبانقلی وبابغیشی هەر لەهەرێمی (الجزیرة)حیساب کردووە نەك لەئەزربیجان و ناوی (اشنە)ی نەهێناوە.

ابن حوقل لة صورة الأرض ل ٢٠٥ ناوچەکانی نێوان هەردوو زێ لەهەرێمی (الجزیرة) ی حیساب کردوە و نوسیوویەتی کەئێستا دواکەوتوە ولەخەڵك یانی لە خەڵکی جێنشین چۆل بووە ولەزستانان (مشاتي للاكراد الهذبانية) یانی لەوەرگەها زستانانیەتی ولەهاوینان هەوارگەی عەشیرەتی ((بني شيبان)) ە.

حزە و(کفر عزی)وحبتون وبانقلی و راجە و بابغیش هەموویان لەنێوان هەردوو زێدایە یانی زێی‌گەورە وزێی پچووك کەلەنەخشە (خارطة)کەیدا کەنەخشەی هەرێمی (الجزیرە)یە ناویان نووسیوە .ولە ل١٨٧ و١٨٩ دا(شرح)ی نەخشەکە نووسراوە لەلای یەکێکەوە کەلەسەدەی سیزدەیەمدا ئەو دانەی (صورة الأرض)ی‌نووسیوە. شایانی باسە ناوچەی هەولێر و بەهدینان وبۆتان ئەگەرچی لەرۆژهەلاتی دجلەن ولەنێوان دجلەو فورات نین بەلام وەك ابن حوقل لە ل ١٨٩ دا دەڵێ داخلی (الجزیرة) کراون وەك هەندێ شوێن لەرۆژئاوای (فورات) یش هەروەها الاصطخریش لە(مسالك الممالك ل٧٢)دا ووتوویەتی لەبارەی ئەو ناوچانەی ڕۆژهەلاتی دجلە ورۆژئاوای فوراتەوە .لەمەوزوعی هەرێمی ئەزربیجان (ل ٢٨٩) دا ئاخرین شاری ئەزربیجان بە لای ئێمەوە (یانی بەلای باشوری ڕۆژئاواوە) کە ناوی هێنابێ شنۆ (اشنە) ە و سنوری ئەزربیجانی بەم لایەوە نەهێناوە یانی ئەم جوغرافی زانانە ناوچەکانی باکوری هەولێری نەخستونەتە نێو ئەزربیجان دا تاناوچەی ڕەواندزو برادۆست و بارزانیش.

المقدسی لە احسن التقاسیم ناوی(اشنە)و حزە وحبتون وبانقلی وراجە وبابغیشی نەهێناوە.(حزە) ش ئەگەر لە (کفر عزی) یانی دی(عزە-عزە وقونیان)یش هاتبێ هەر

تەمسیلی هەولێر (اربیل)ی دەکات و حزە و(حەدیاب)یەکن.

لەووتاری (خەبات ٩٣٠)دا سنووری ئەرزبیجانی راکێشاوە تا نێزیکی هەولێر یانی تا دۆڵێ مصیف صلاح الدین وکوری ودوین وئەمەش خستوەتە ملی یاقوت اصطخری ولسترنج.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کەدرۆی خستوە ملی یاقوت و یاقوت هیچ ناوی رواندزی نەهێناوە و با بێین سەر اصطخری کەلە(مسالك الممالك ل١٩٠ )دا وەهای نوسیوە ودەڵێ:-

((و اذربیجان حدها الجبل حتی ینتهي الی ظهر الطرم الی حد زنجان الی ظهر الدینور ثم یدور الی ظهر حلوان وشهرزور حتی ینتهي الی قرب دجلة ثم یطوف علی حدود ارمینیة)).

لەم عیبارەتەیدا (تناقض) هەیە چونکە هێڵی سنورەکەی لەپشت شاری دینەورەوە هێناوە بۆ باشوری (سنە)ولەوێوە بۆ(پاوە وەك تخمین دەکەین یانی ناوچەی پشت حولوان (زەهاو) وبۆ پشت شهر زور چونکە ((وشهرزور)) (عطف) ەبۆ سەر (حلوان) ەوە کەدەبێتە (الی ظهر شهرزور)یانی شاخەکانی پشت ناوچەی شارەزور کەناوچەی سلێمانی‌یە وپشدەر وقەندیل (تخت شیرویە) لەشهرزور حیساب کراوە لەسەرچاوەکاندا وهەروەها (دربند قرابلی)یش کەدەربەندی رانیەیە یانی هێڵی سنور تا قەندیلە وەعلومیشە شاخەکانی قەندیل وحاجی ئومەران تا (گادەر)ی

ڕۆژئاوای شنۆ هێڵێکی سروشتی‌یە بەنسبەت دەشتی خانی‌و پەسوێ ودەشتی نەغەدەو شنۆ.وها اصطخری لەگەڵ جوغرافی زانانی کاتی خۆی ومێژوونوسانی پاش خۆی یەکتردەگرن لەبارەی سنوری باشوری ڕۆژئاوا لەئەزربیجان .هەر اصطخری خۆی لە(ل ٢٠٠ )دا ناوچەی شهر زور لەزۆمنی هەرێمی (جبل)حیساب کردووە کەئەمەش بەڵگەیە لەسەر هێڵی قەندیل وەك باسمان کرد.لە(ل١٨٢) دا شنۆ (اشنە) کە لە شارەکانی ئەزربیجانی حیساب کردوە لەوێ وەستاوە وناوی هیچ شتێکی دیکە لەسنوری شنۆیەوە تاهەولێر نەهێناوە کەلەئەزربیجانیێ. و ناوی بابغیش وحبتون واربل ویان (حزە)شی نەهێناوە .بەڵام کەنوسیوویەتی ((الی قرب دجلة)) ئەمە (متناقض)ەلەعیبارەتی خۆی پێشوو وبەهەڵە چووە.دەنا کەناوچەی رانیە وپشدەر لەئەزریجان نین بەپێی ((الی ظهور شهر زور)) وناوچەی شهرزوری لەهەرێمی (جبل)ژمارتووە زۆر دوورە سنوری ئەزربیجانی وەك(جیب)ێك لەتەنیشتی‌دا ڕاکێشابێ بەدرێژی دەوری (٢٠٠کم) تانزیکەی دجلە.ئەگەر اصطخری ناوچەی هەولێری بە ئەزربیجانی ژمارتبێ ئەوا بەپێچەوانەی جوغرافیە کۆنەکانی کاتی خۆی ومێژونووسانی چووەو(هەڵەیە).شایانی باسە لەبارەی (دوین-دبیل)ەوەش لەل١٨٨ دا نوسیویە دبیل مەڵبەندی ئەرمینیە یە وشوێنەکشی لە ل٣٩٣ دا دیسان وازحی

کـــردوە ولـــەل(١٩١)دا چیـــای حـــارث (ئـــارارات)وحویـــــرث (ئـــــاراراتی پچووك)لەشاخەکانی دوینی ژمارتووە وناوی دوینـی هـەولێری نـەهێناوە وهـەروەها نـاوی (اربل)یش نەهێناوە.

بەنسـبەت (لسـترنج)ونەخشـەی لسـترنجەوە کەکردوەتە بەڵگە بۆ ئەوەی سنوری ئەزربیجان تاپشت مصیف صلاح الدینی هێناوە -لسترنج بەنووســین لــە(ل١٩٣)دا شــنۆ و پەســوۆی (بســوی)لەئــەزربیجانی ژمــارتووە و لــەوێ وەسـتاوە وهیـچ باسـی ڕەوانـدوز وحـەریرو شـــەقلاوە ودوینیشـــی نـــەکردووە ئـــەوەش لـە(بلـدان الخلافـة الشـرقیة)دا یـانی ئـەوەش لەسنوری باشـوری ڕۆژئـاوای ئـەزربیجان دا لەسەر ڕێچکەی کەسانی پیش خۆی چووەو ئەمـــەش بەڵگەیـــە کەنەخشـــەکەی هەڵـــە تێکەوتووە چونکە هێڵی سنوری ئەزربیجانی تا دەوروبەری شـەقلاوە یـا حـەریری هـاتووە وهـەروەها تـاهنداوی شـاری (ئـامێدی)شـی هـاتووە وتـانیزیك شـاری (شـرنەخ)ی پشـت چیـــای (جـــودی)ش یـــانی ناوچـــەی هەکاریوهـــەندێکیش لەبـــەهدینان و بۆتـــان داخلـی سـنوری ئـەزربیجانی بـوە ئەمـەش ئاشـکرایە کەهەڵەیـە چونکـە هیـچ کەسـێك نەوتووە بەشێکی بەهدینان وهـەموو هـەکاری وبەشێکی بۆتان لەئەزربیجانە کەئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەنەخشە(خارطة)ی ورد نیە و هـەروەها وبەڵگەیەکـە ئـەو نـیزیك بوونـەوەی هێڵەکە لەهەولێریش هەڵەیە. ئەمەش وێنـەی نەخشـەکەیەتی (وێنـەی نەخشـەکە) نـاوی (دبیـل)یـش وشوێنەکەشـی لـەم نەخشـەیەدا هەیە کەچۆن نەکەوتوەتە بەرچاوی (باحسـی باحس).

شایانی باسە لەخەباتی (٩٢٨)دا چەندین جار عبدالخالق سەرسام باسـی ئەو سنور دانـانی خۆی بو ئەزربیجانی کردوە تا نوسـیویەتی: ((الدلیـل الحـادي والعشـرون اکتشـاف قریـة ازران خلف دویـن کونة متاتیـا مـن اذربیجـان والجبل المطل علی رواندوز (بیجان)متاتیا من اذربیجـان ))کەئەم قسـانەش ئەسڵونەساسـی نی یە.

هـەروەها ئەمـەش دووپـات (تکـرار)یکـردووە لە(الدلیل الثامن)دا والدلیل العاشر دا هـەردوو (دلیل)ەکانیش هـەر ئەمەن ونووسیوشیە ابـن الآپیر نوسیوە:

((ان دویـن في اخـر اعمـال اذربیجـان ممـایلي الـروم)) ووتوویـەتی ئـەم قسـەی ابـن الاپـیر ((یتطـابق مـع موقـع الاکتشـاف وموقـع دویـن الحالي حیث بلاد الروم الشرقیة)).

ئایـا کـەی هـەولێر دراوسـێ سـنوری ڕۆم (دەوڵـەتی بیزەنتی)بووە وکـێ ئەمـەی وتـووە .کـێ ووتویـەتی موصـل ویـان تابۆتـانیش دراوســـێ ئـــەم دەوڵەتەیـــە (ممـــایلی الروم).سنوری روم بەسەد ساڵ لەپێش لەدایك بوونـــی بـــاوکی صـــلاح لەپشـــت مـــەلاتیا (ملاطیـة)بـووە ولـەزەمانی ابـن الاثـیردا زۆر چوەتـــە ئـــەولاتریش و لـــەنێوان هـــەولێرو (ملاطیة) پترە لە حەوسەد کیلۆمەتر.کاتێ



تفليس
كرجستان
باب الابواب
شروان
شماخي
جنزه
شمكور
برذعة
دبيل
الران
البيلقان
ارمينية
نخوان
جلفا
موقان
بيلسوار
ورثان
باجروان
برزند
اذربيجان
اردبيل
خوي
مرند
تبريز
سلماس
ارمية
اشنه
المراغة
وان
اخلاط
بدليس
ارجيش
اربل
الموصل
الزاب الاسفل
الزاب الاعلى
شهرزور
مقياس بالاميال الانكليزية

الذي يلي الروم من ارمينية قاليقلا واليها يغزو اهل اذربيجان)).
(قاليقلا)ش ئەزەرومە ولەکاتی اصطخری دا یانی لەسەی دەیەمی زایینیدا قالیقلا لەدەستی دەوڵەتی بیزەنتی دابووە.

## بـابـغـیـش

له (الدليل العاشر) دا نوسیوه: یاقوت الحموی نوسیویەتی بابغیش ((بلدة بین اذربیجان واربل قرب الزاب الکبیر ...ماهي الا بابجيسك بجانب دوين)).
ئەم عبارەتەی یاقوتی بەهەڵە نەقلی کردووە:راستیەکەی وهایه ((بلدة بين اذبيجان واربل يمر بها الزاب الكبير))یانی زێ لەنێویدا دەبورێ.
ئەم قسەیەش راست نیە ،بابغیش (بیت بغاش)بابجیجك (خەڵکی غەیری بابجیجك پێ لەزاخۆ بووم لەمانگی ئەیلولدا دیتم لەتەلەفزیۆنی پارتیدا دەڵێ:- دوین کەووتراوە (من ثغور الروم)راستەو دوینیش بەمانای دەمە کەهیچ کەسێك لەمێژوونوسان نەیوتووە ناوچەی هەولێر وبەهدینان وموصل من(ثغور الروم) ە یانی لەناوچە سنوورییەکانی کەدوژمن دەتوانێ لێیەوە هێرشی بهێنێ سەر خاکی ئیسلام کەئەمە مانای (مصطلح)ی(الثغور)و(الثغر)ە لەتاریخی ئیسلام دا.
مەخسەدی ابن الاثیریش دوینی ئەرمەنستانە کەنیزیکی سنوری روم بووە بەدەوری (١٥٠کم)ئەمەش باشتر روون دەبێتەوە بەم عیبارەتەی الاصطخری کەلە (ل١٨٨)دا نوسیویەتی دبیل ((وهي قصبة ارمينية ...وهي مملكة الارمن متاخمين للروم ..والثغر دەڵێن بابجیك)نیە بەڵکو دەکەوتە پشت چیای بێخمە تا هەموو ناوچەی بارزان وتا شەمدینان وگەڤەر لەهەکاری وەك لیکۆڵەری گەورە الاب البیر ابونا دەڵێ لەپەراوێزی ل ٩٩ دا لە(کتاب الرؤساء)دا یێ تۆما اسقف المرج هەروەها البیر ابونا لەسەر نەخشەکەشی شوێنی دەستنیشان کردوەو نەخشەکەش هەر لەم کتێبە دایە.
روفائیل بابو اسحق لە(مدارس العراق قبل الاسلام ل٥٠)دا چاپی ١٩٥٥ نوسیویەتی مەرکەزی بابغاش دێ (بای)بووە کەئێستا پێی دەڵێن (بیاو)لەباکوری رۆژئاوای رواندزا بەپێنج سەعات رێگا (بەپێ).ئێستا دۆڵی زێ لەپشت بێخمەوە تا دێ(شانەدەر)پێی‌دەڵێن (دۆڵی بیاو)هەروەها بەمەسافەی دیسان دەوری پێنج سەعات لەباکوری رۆژئاوای رەواندز دێ (بای وێ-بایوە)هەر لەرۆژهەڵاتی خەردن هەیە و لەزۆیەوە وخەڵکەکەی بڵاوییان لێکردوە وزۆربەیان هاتنە (خەردن)وەك کاك میران خەردنی بۆمنی باس کرد.هەروەها باسی (دۆڵی بیاو)یشم وەرگرت لەکاك احمد حەسۆ شانەدەری کە(زەڤیاچەمی)موڵکی خۆیانە کە(سوڵێکی )شوێنەواری کۆنترین خانو لەجیهاندا لەم زەویەدا دۆزی کەتائێستا بەهەڵە نووسراوە (زاوی چمی).زەڤیەکە لەخاردێی شانەدەرە لەسەر زێ. بەپێی

نووسینی یاقوتیش هەر نابێتە بەڵگە بۆ ئەو بەڵکو بەپێچەوانەوەیە چونکە یاقوت بابغیشی داخلی ئەزربیجانی نەکردووە چونکە نوسیوە :دەکەوێتە نێوان ئەرزبیجان وئەربیل ونەوتووە لەئەزربیجانە. ناوی (بیت بغاش) لە کتێبە دەستنوسەی تاریخ قدیم لکنیسە اربیل (ل٥٢) دا هاتووە لە کاتی ساسانیدا هەیّ (مشیخازخا) کە لە سوریانییەوە مەترانی زاخۆ بطرس عزیز کردوەتە عەرەبی و دانەی فوتوکوپی لەسەر دانەی مامۆستا کوچکردو گورکیس عواد لەلامە. لەسەرچاوە کلیسایەکاندا بەسیغەی (بیت بغاش)ی هاتووە بە مانای جێگەی بغاش و بغاغیش لەلام خوداوەند بەغا(بغا)یە کەخوایەکی ئاریەکان بووە و سیّ (یەسنا) لەئاوێستادا بەناوی (بغان یشت) ەوە هەن کە یسنای (١٩و٢٠و٢١) ەو ئەناهیت خوداوەندی ئاو و پیت وفەڕ بەناوی(بغانو ئەناهیت) ەوە هاتووە لەنمیژی ئاودا.تەماشە ئاوێستای هاشم رضا چاپی چاپخانەی خواجەبکەن. لەکتێبی ایران فی عهد الساسانیین ل ١٤٦ ییّ کریستنسن وەرگێڕی یحیی الخشاب دەزانریّ کە ناوی کۆنتری ئەم خوداوەندە (بی) یەو پاشان بوەتە (بغا) وپاشا ساسانییەکان لەگەڵ ناو و نازناوی خۆیان هێناوە.

لەکتێبی (تاریخ کیش زردشت) کەلەگۆڤاری هەزارمێرد ژمارە (١٠)داعومەر رحیم هەندێکی بلاوکردەوە بەوەرگێڕانی کوردی لە ل١٥٣-١٥٩ دا هاتووە مادەکان لەسەدەی هەشتەم وحەوتەم دا لەهەموو خواکان زیاتر ڕێزیان لە(بغا)یان گرتووە ولەکاتی مادو ئەخمینی ووشەی (بغا) لەگەڵ زۆر ناوی هاتووە وەك(میثرا بغا) و (بغدات) یانی بەخشندەی خوداوەند بەغا و(بغبانا) و(بغافرنە) و(بغ مزدا) و(بغامهر) و(بغا دوست) یانی دۆستی خوا و(بغستانا) یانی شوێنی خوا ڕەنگە لەبەرئەوەی کە دیانەتی زەردەشتی زۆر بەهێزبووە لەناوچەی (بابغیش . بیت بغاش)دا یان چونکە عیبادەتی (بغ-بغا)زۆری تێدا بلاوبووە ئیتر ئەو ناوەی لێکراوە لەکاتێکی نەزانراودا.

هەروەها دوور نیە ناوی(بای-بیاو-دۆڵی-بیاو) کە بەسەر هەوراز دەچیّ بۆمێگەسور لە(بی-بغ-بغا) یەوە هاتبیّ.

مەعلومیشە پەرستگای زەردەشتی لەشاری (کاریان) یلورستان کەدانیشتوانی کوردی لوردبوون و یەکێك لەسیّ پەرستگای هەرە گەورەی کاتی ساسانی بو ناوی (اذر فر بغ) بووە.

***ئەوانەی ووتوویانە باوکی صلاح الدین خەڵکی دوینی ئەرمەنستانە .***

لەزۆر سەرچاوەدا نووسراوە کەباوکی خەڵکی ئەم دوینەی ئەرمەنستانە وهەندێکیان دەڵێن دوینی ئەزربیجان چونکە زۆرجار لەناحیەی ئیداری یەوە سەر بەئەزربیجان بووە وەك لە پێشدا باسی ئەم خاڵەمان کرد بەلام لێرەدا باسی سەرچاوەکانی کاتی صلاح الدین ویان نزیکی کاتی ئەو دەوڵەتەی ئەیوبی دەکەین

کەسەرچاوەی ئەسڵین بۆ ئەم مەسەلەیە وپاشان زۆر سەرچاوەی دیکە لەوانەیان وەرگرتووە.

ابن الاثیری کاتی صلاح الدین وشارەزای وڵاتی کوردستان ودانیشتووی موصلی نیزیکی هەولێر لە (تاریخ الكامل) ب ١١ ل ٣٤١ لە بارەی کوچی دوایی اسد الدین شێرکۆی مامی صلاح الدینەوە نوسیوە: ((فانه کان واخوه نجم الدین ایوب ابنا شاذی من بلد دوین وأصلهما من الاكراد الروادية وهذا النسل هو اشرف الاكراد.))پێشتر باسمان کرد کەمەخسەدی ئەم دوینەیە (وەك لەب ١١ل٢٨٦ و ب١٢ل١٨٣ و٤١٤ و٤٣٥ و هیچ جارێك ناوی دوینی هەولێری نەهێناوە.یاقوت الحموی (لە ٦٢٦-١٢٢٩ز)دا وفات بووە وهاوکاتی صلاح الدین بووە لەمعجم البلدان مادە: دوین دا نوسیویەتی: ((بلدة من نواحي أران في اخر حدود اذربيجان بقرب تفليس منها ملوك الشام بنو أيوب)).ابو شامة المقدسي (٦٦٥ك-١٢٦٧ز) لەکتاب الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية چاپی قاهرە ١٩٦٢ (ب١ قسم ٢ ل٣٢٩)دا نوسیویە: ((وكان اسد الدين واخوة نجم الدين ايوب وهو الاكبر ابنا شاذي من بلد دوين وهي بلدة في اخر بلاد ازربيجان مما يلي الروم وأصلهما من الاكراد الروادية)) ولە (ل٥٣٥) یشدا نووسیوە ((بیستوومە شاذی کوڕی مەروانی کوڕی یعقوبە )پاشان ئەو نەسەبە عەرەبییەی کەبرازای صلاح الدین (اسماعیل کوڕی طغتكین) ی حاکمی (یمن) دروستی کردبوو بەدرۆ خستەوە.

هەروەها ابن خلكانیش لە وفيات الاعيان ب ٧ ل١٤٤ دا وەك لەپێشدا باسمان کرد کەنووسیوە :مێژوونوسان هەموویان ڕێکن لەسەرئەوەی باوکی صلاح الدین خەڵکی دوینە (ی قەفقاسیایە).

المقريزي (احمدی کوڕی علی)لە(السلوك لمعرفه دول الملوك ب ٢ القسم الاول) چاپی ١٩٣٤ (ل٤٢)دا نوسیویە :شادی ((من بلد دوين في اخر اعمال اذربيجان من جهة أران وبلاد الكرج ))(یانی جورجیا).

الحنبلي (احمد کوڕی ابراهیم) لە (شفاء القلوب في مناقب بني ايوب) دا وەك لەپێشدا باسمان کرد و(اجد انقان)ی بەناوی (اجد ایقال)ەوە هێناوە. ئیتر پێویست ناکات ئیشارەتی زۆر سەرچاوەی پاش ئەو مێژوونوسانە ومێژوونوس وسەرچاوە نوێیەکان بکەین تاوەك دائره المعارف الاسلامیه مادە: الايوبيون وهەروەها مینورسکی کەدێ کوردەی (اجدانقان)ی شوێنی ولادەتی باوکی صلاح الدینی کردووە بەڵگە لەسەرئەوە کەکورد لەباکوری ڕوباری ئاراس هەبوون تالەپێش ئیسلامیش تەماشە لقاء الاسلاف ل٢٠٦-٢٠٨ بکەیێ دکتۆر جمال رشید.

ابن كثير(اسماعیل کوڕی عمری دمشقی کەلە ٧٧٤ك دا وەفات بووە)لە (البداية والنهاية ج١٢ ل ٢٥٩ )دا نوسیویە : اسدالدين الكردي

الزرزاري وهم اشرف شعوب الاكراد وهو من قرية يقال لها درين من اعمال اذربيجان)).(درين)يش بەهەڵە لەباتی ((دوین)) ی هاتووە.

بەڕێز اسماعيل شكر رسول ( شكر اسماعيل) لەنامەی ماجستیرەکەی (الشداديون في بلاد اران ل٤١ )دا رەخنە لەم قسەیەی ابن كثيری گرتووە کەووتوویەتی اسد الدين (زرزاری)یە اسماعیل وتوویەتی ئەمە پێچەوانەی قسەی مێژوو نووسانە وهەروەها رەخنەی لێ گرتووە کەعەشیرەتی (زرزاری)نەگەیشتووەتە شاری دبیل .ئەم رەخنەیەش لەشوێنی خۆیدایە .

خاوەنی ووتارەکە ئیتر چەندین جار ئەمەی دوویات کردوە لە(الدلیل ٢و٣و٤و١٩ وهەموویان یەك شتن) ووتویەتی :صلاح الدين زەرزاری بووەو زەرزاریش لەناوچەی هەولێر بوون .بەلام بەدووری نازانم ئەگەر زەرزاری وەك رەوادی تیرەیەکی عەشیرەتە گەورەی هەزبانی بوو بێ وهەروەها چەندین عەشیرەتی دیکەی ئێستاش کەلەناوچەی هەولێرن ویان هەندێ لەعەشرەتەکانی ئەودیوی کوردستانی ژێر دەستی ئێرانیش چونکە ئەو هەزبانیە گەورەیە قڕی تێنەکەوتووە و(انقراض) نەبوو بەڵکو ناوی(هذباني) نەماوە وتیرەکانی لەژێر ناوەکانی دیکەدا ماون و ئێستا تەنیا ناوی (رەوەندۆك) (روادی) ماوە کە (١٠)دە دێن لەبرادۆست ولەدەوروبەری (لولون) ماوە. شایانی باسە بدرالدين العينی (محمودی کوڕی احمدی عەینتابی )ی خەڵکی کوردستان کەلە(٨٥٥ك)دا وەفات بووەلە (السيف المهند في سيره الملك المؤيد ل١٧)چاپی قاهره ١٩٦٧ دا ناوی (صدیان) ی هێناوە ودەڵێ ((ومن الصديان بطن يقال لهم الروادية ومنهم اصل السلطان الملك الناصر المظفر صلاح الدين )) ئەم ناوەی سەدیان (صدیان) کەتەنیا لەم سەرچاوەمدا دیوە زۆر گرنگە لەم بارەوە.

هەزبانی عەشیرەتێکی زۆر گەورەو عەقلییەتەکەی سیاسی هەبووە لەل(٤٠)لەنامەی ماجستیری کاك اسماعيل دا هاتووە وەك لە(جامع الدول)ی منجم باشی وەری گرتووە شەددادیەکانیش لەم عەشیرەتە بوون جابەم شێوەیە دەبینین هەزبانی دروست کەری سێ دەوڵەتی کوردە لەگەڵ دەوڵەتی ئەیوبییش و خاوەن دەسەلاتەکی گەورە بووە تا ئەرمینیا وئەزربیجانی روسیای پێشوو تا گورجستان و دوورنییە کوردەکانی (کوردستانی سور) یان هەندێکیان لەنەوەکانی ئەم عەشیرەتە بن بەلام بەداخەوە یەکێتی سوڤیاتی زاڵم زۆر لەوانەشی پەرتو بلاوکردون. ئەو ناوچانەی قەفقاس کەکورد تاپێش ئیسلام تێیاندا بوون ولاتێکی ئەسلی کوردە لەپێش هاتنەوەی تورکمانەکان بۆ قەفقاس وهەردوو ئەزربیجانەکان.

جائەگەر ئەسڵی صلاح الدين لەم تیرەی زەرزاریش بوو بێ و(زراری) ش لە(زەرزا)بووبن کەلەسەدەی دوازدەیەمدا خاوەنی میرنشینیەك بووە لەهەولێر - ئەوا هەر خەڵکی ئەم دوینەی

هەولێر نەبووە چونکە مێژوونوسانی کاتی صلاح الدین وکوڕو نەوەکانی بەهەڵە نەچوون کەهەمووان نوسیویانە خەڵکی (دوین)ی ازربیجان یان (بڵێین)ئەرمینیە بوون تا ابن شدادیش مەخسەدی هەر دوینی بەناوبانگ بووە هەروەها ابن خلدونیش کەلەتاریخەکەیدا (ب٥ل٢٧٨)دا نوسیویەتی باوکی خەڵکی (دوین)بووە ئەگەر چی نەوتووە دوینی ئەزربیجان یان ئەرمینیە بەڵام مەخسەدی هەر ئەم دوینەی باکوری ئاراس بووە چونکە باسی کردووە کە مەعلوماتەکانی خۆی لەم بارەوە لەابن الاثیر وابن خلکانی وەرگرتووە.

## (دویــن )ی هــەولــێر

ناوی دوینی باکوری هەولێر کەدەوری (٣٥-٤٠کم) لەهەولێر (اربیل) ەوە دوورە لەسەرچاوەکانی پێش کاتی صلاح الدین وپاش کاتی ئەویش تاچەند سەد ساڵەکی نەهاتووە ئەگەر سری حبتون نەبێ یانی بەناوی دوینەوە نەهاتووە ولەو هەموو سەرچاوە مێژوویەکاندا ناوی نەکەوتوەتە بەر چاووم جائەگەر لەم دووسەد یان سێ سەد ساڵەی ئەخیردا ناوی هاتبێ ئەوەش نازانم یەکەم جار لەچی سەرچاوەیەکدا هاتووە بەڵام ئیتر چۆن ئەو قسەیە هەبووە لەنێو خەڵکی دوین دا کەصلاح الدین خەڵکی وێ بووە وکەی ئەم قسەیە پەیدا بووە ئەوەش نازانرێ رەنگە سەبەبەکە ئەوەبێ کەناوی یەکە لەگەڵ ناوی دوینی ئەرمە ..تانی شوێنی بنەماڵەی صلاح الدین و لەهندەك لەمەلایانی ناوچەکە وشارەزای تاریخ بیسترابێ کەصلاح الدین خەڵکی دوین بووە (دوینیئەرمەنستان) ئەوجا هندەك کەس وتبن ئەم دوینەیە یان کوردە رەوەندەکانی هەزبانی کەئەمەیان لەزویەوە و پشت بەپشت زانیون وهندەك لەتیرەکانی کەوەك باسمان کرد کوێستان وگەرمیانیان کردوە لەدەشتی هەولێر هەتا(شنۆ) یان ئەولاتریش لەئەزربیجان وناوی ئەم شوێنەش دوین بووە ئیتر نەوەکانیان ووتویانە ئەم دوینەیە بۆ شانازی کردن بەصلاح الدینی خۆیانەوە ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر ناوی ئەم شوێنەش لەکۆندا دوین بووبێ ویان پاشان پەیدابوونی ناوەکەی یانی پاش کاتی صلاح الدین وەك بڵێین پاش کاتی ئەو هەزبانیەکان ئەم ناوەیان لێکردبێ بەیادی ئەو دوین و بەیادی صلاح الدینەوە وەك چۆن پاش کەعەشیرەتی (هەمەوەند) لەچەمچەماڵی (کەرمانشا)یەوە هات بۆ ناوچەی بازیان ناوی ئەم چەمچەماڵە لەشوێنی چەمچەماڵی نێوان سلێمانی وکەرکوکیان کردووە وناوی بوو بەچەمچەماڵ .عبدالخالق لە(الدلیل الثالث والعشرون)دا نوسیوە لە(دلیل الاثار العراقیة) دا دوین بەناوی قلعە صلاح الدینەوە نووسراوە. بێ گومان لیژنەی دەزگای گشتی شوێنەواران کەهاتووە دوین بۆ تەسجیل کردنی شوێنە ئەسەرییەکانی ناوچەکە ئەم هەڵەی لەخەڵك وەرگرتووە .دەلیلەکانی (٢٦-٣٠)لەدەلیلەکانی دیکەش بێکەڵك ترن ولاوەکیشن و شایەنی خوێندنەوەشی نین.

## حبتــون

ناوی شارۆچکەیەکی کوردستــان لــەباکوری هــەولێر کەلــەپێش ئیسـلام هــەبووە بــەناوی حبتونەوە هاتووە لەفتوحاتی ئیسلامیدا :ابن الاثـیر لـه ب٢ ل٥٢٤ لەباســی ڕووداوەکــانی ســاڵی(١٦)شــازدەی کۆچــیدا نوسـیوە لــەم ساڵەدا (عتبة بن فرقد) ئەم شارو شوێنانەی رزگار کرد: نینوی والمرج وبانـهذرا وباعذرا وحبتــون وداســن . وجميــع معــاقل الاكــراد وقردی وبازبدی .

(مرج)یش لـە (مێرگ)ەوە هاتووە کەناوچــەی ئاکرێیــە لەدەربــەندی بێخمــەوە تاڕووبــاری (خازەر) تاشوێنی گەیشتنی هەردوو روباری خازەر و(گومل).

(بانهذری)ش لەئەلقوشەوە تادهۆك تا زاخۆشە (باعذری )ش باعەزرای نیزیك عەین سفنێیە (داســن) یــش چیــای گــارێ هــەتا پشــت بەواریبالاً وهەتا (جیلـو) و (زارنـێ ) یـە ( و ناوی ( داسن)یش پاش کاتی ئاشووری پەدا بووە کە دورنیە لە ( دیۆیەسنا) یەوە هاتبێ وەك لـە کتێبـە دەستنوسـەکەمدا (پەرسـتگای زەردەشــتی دهــۆك) دا بــە درێــژی باســم کــردووە).. (قــردی)یــش بۆتانــە یــان بەشــی باشـور و ڕۆژهــەلأت لــەبۆتان کــەهیچ کەسـێك شوێنی شاری(قەردا-قردی) نەدۆزیوە لەغەیر شــاگردی رەحمــەتیم شەهســوارێ کەلــەپورا کوردی د کوردســتانا باکوردا (مــەلا خەلــەفێ بافــەیی) کەئاســارەکانی ((بــاژارێ قــەرد)) بــەپێی نــاوی ئێســتای دۆزی لــەژێر چیــای جودی ل نك گوندێ (گرێ چولیا) لـەباکوری شاری (سلوپی) یئێستا.

(بازبدی )ش بەرامبەر ناوچەی باقەردایە یانی ڕۆژئــاوای دجلــە کــەجزیرا بۆتــان وهــەتا ڕۆژئـاوای شـاری هـەزەخ هـەتا (چیایێ ئیلـم) وهەتا نێوان شاری دێرك (مالكيه) وقامیشلی و لــە باشـورەوە تاروبــاری ســەفان (صفــان) وچیــایێ قەرەچوخــە .مــن شــوێنی (بــازفتێ) کەگوندێکــە لەباشــوری ڕۆژئاڤــایێ جزیــرێ بەشوێنی شاری(بازبدی) دەزانم وەك چەندین جارم دیوە.

حبتــون لەنەخشــەی (صــورة الارض) ی ابــن حوقـل لەناوچــەی دوینــە ولــەولأتی الراجــە (راجه) یە. لەلاپەرەی (١٣١)الهمدانی لە(کتاب البلــدان)دا نــاوی هێنــاوە لەگــەڵ نــاوی حــزە وبانقلی وباعذرا وهــەندێ شــارۆچکەی دیکــە لەبەهدینان :ئەوەش وەك ابن حوقل لەسـەدەی دەیەمی زاینیـیدا بووە (شایانی باسـە نـاوی (راجه) نزیکە لە گەڵ ناوی دێی رەزگە).

قەشەی مێرگێ(مرج)کەبەئەسڵ خەڵکی گوندی (نحشون)ی شێروانا مەزنەی ناوچەی بارزانە لەســـــەدەی نۆیـــــەمی زایینـــــیدا نــاوی(حبتــون)یهێنــاوە لــە(کتــاب الرؤســاء) ل١٥٥و١٧٢ دا ولەلاپــەرەی ئــەخیردا نوســیوە ((جبل حبتــون بجوار الـزاب)) کەبــەردی گــەچ لێیەتی ولەم بەرەی زێبووە نەك لەبەری ئاکرێ .وەرگێری ((کتاب الرؤسـاء)).لەسوریانییەوە بــۆ عــەرەبی لێکۆڵــەری شــارەزای کــۆن وقوژبنــەکانی بــەهدینان (الاب البــیر ابونــا)

تەمەنی درێژبێ وئێستا لەبەغدادە لەپەراوێزی (ل١٥٥)دا نوسیوە حبتون (مرعیث حبتون) لەباکوری (معلتا الزاب) ولەرۆژئاوای (حنیثا)یە لەنەخشەی البیر ابونا شدا شوێنی هەرسێیانی دیارە.

شایانی باسە کەنوسیوە(معلتا الزاب) تا جیا بکات لە(معلثا . معلتا. ملطا) ی‌نیزیک دهۆک . زانیاریەکانی ابونا لە(ل١٠٠) دا لەبارەی شوێنەکانیان نارێکە لەگەڵ ١٧٢ ولەگەڵ نەخشەکەشی .

لەهەشتاکاندا لیستەیەکم بەناوی شوێنەکۆنەکانی باکوری هەولێری (بەگشتی) ئامادەکرد کەتەعقیبێکی شوێنەکانم دەکرد وناردم بۆ خوالێخۆش بوو مامۆستا زبیر بلالی مێژوونوس ودانەشم دایە هەندێ کەسی دیکەش تاپپرسن لەخەڵکی ناوچەکە بەڵکو ناویان وشوێنیان بدۆزن بەلام وەلامم وەرنەگرت.

ناوی حبتون بەبێ (تفاصیل)لەزۆر سەرچاوەدا هاتووە بەتایبەتی لەسەرچاوەکانی کلیسایی مەسیحی چونکە مەڵبەندی مەرعیس (مرعیث) یێکی مەسیحی بووە وەك مەعلتا وحنیسا (مرعیث)یش ناوچەیەکەی دینی‌یە کە(ابریشیە) لەچەندێکیان پێك دێت و(مطر فولیط) یش لەچەند ئەبریشی‌یەك (پێك دێت).

ناوی ئەم شوێنانە لەخەڵکی ناوچەکەم پرسی یانی ناوچەی دوین ووتیان ئەم ناوانەمان نەبیستووە ونیین.

بەرەئی من (حبتون) شاری کۆنی دوینە وبەدوورنازانم ووشەی دوین لەووشەی (حبتون)ەوە هاتبێ کەناوەکە بووبێتە (تون-توین-دوین) کەپێشتر باسم کرد لسترنج لە(بلدان الخلافية الشرقية ٢١٦و ٢١٩ دا ووتوویەتی (دوین) ئەرمەنستان بەصیفەی (توین) یش هاتووە.

بەلام ناتوانم بڵێم احتمالی ئەوەنیە دوین (معلثا)ش بێ کە(معلثا)بەسوریانی بەمانای (دەربەندە) یاقوت الحموی لە معجم البلدان (ب٢ل٢١١)باسی حبتون وەهای نوسیووە:

((حبتون بالكسر ثم السكون وضم التاء فوقها نقطتان وسكون الواو والنون جبل بنواحي الموصل عن الازهري وهو اعجمي لا اصل لة في العربية)). ناوی حبتون لە کتێبە دەستنوسەی (مشیحازخا) دا نەهاتووە بەلام ناوی ( حنیثا) لە ٢١ و ٢٨ دا هاتووە کە لە سەدەی دووهەمی زایینی دا قەشەنشین بووە).

البیر ابونا لەپەراوێزی (ل ١١٩) نوسیوە هۆڤمان یەکەم کەس بووە کە شوێنی (مرعیث)ی حنیسا وحبتونی دەستنیشان کردووەو (السمعانی) و(بدرج) بەهەڵەچوون کەحنیسایان لەناوچەی (بانوهذرا)ی حیسابیان کردووە .جائەگەر هوفمانی شوێنەوارناس هاتبێتە دوین ئەوا دەبێ زانیاریەکی باش لەبارەوەی نووسیبێ .پێویستە بۆ دەستنیشان کردنەوەی تەواوی ئەم سێ شوێنە وێی (راجە)و(بانقلی) وهەندێ شوێنی دیکەی کۆن گەرانێکی زۆرو وورد وفراوان لەناوچەی نێوان چیای سەربەن

(مصیف صلاح الدین) وشەقلاوە وحەریر تابێخمە وقەراغەکانی ڕۆژهەڵاتی زێ بکرێت. دوین دەکەوێتە سەر ڕێگای کۆنی هەولێرو ڕەواندوز و ئەزربیجان .لەهەولێرەوە ڕێگا دەچوو بەحرکە - درەخش - دێری مەجید ئاغا - دوین - گراو - بابجیجک - سپیلک - گەلی عەلی بەگ - بێخاڵ و ڕەواندوز. لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ عەرەبانەی هەسپ ڕێگا فراوان کرد بۆ غەرەزی عەسکەری ڕێگا کەپێشتر لەنێو دەربەندی ژێر قەلاتەوە دەچوو یان لەڕۆژئاوای دوێنەوە ڕێگا هێنا بوو قەلات خۆی ولەتەنیشتی ڕۆژهەلاتی دەربەند ئاساری پردێك هەیە.

شایانی باسە سەیدا مەلا عبدالرحمن خەندەکی کەلەباشترین مەلایانی کوردستانە کەبیستبووی من خەریکی ئەم مەوزوعەم یازدە لاپەرە مەعلومات لەبارەی دوینی ئەرمەنستانەوە وەری گرتبوو لەبیست وپێنج سەرچاوە ومەعلوماتەکان دایەپێم. لەوسەرچاوانە :الذهبي اعلام النبلاء ب٢١ل٢٧٨ والسبكي /طبقات الشافعية ب٧ ل٣٢٢ و٣٣٩ والقلقشندي /صبح الاعشی ب٤ ل٣٥٣ وابن واصل مفرج الكروب في اخبار بني ايوب ب١ ل٧ ١٥٢،١٣١ وابن العماد الحنبلي /شذارات الذهب ب ٤ل٢٩٨ وشمس الدين سامي/قاموس الاعلام بەتورکي عوسماني ب ٢ل١١٧٤ وحيات انسكوثەديس بە تورکي :اسلام تاريخي ل٦٨٦ وابن الاثير /الباهر ل ١١٩ وامين زكي /مشاهير كرد وكردستان ب١ ل١ والزركلي /الاعلام ب ٩ ل٢٩١ وەهەندێکی دیکە کەهەموویان نووسیون ئەسڵی صلاح الدین لە دوینی ئەرمەنستانە.

ئومێدەوارم بەم نووسینەم ئیسباتم کردبێ کەزانیارییەکانی کاك(عبدالخالق سەرسام) هەمووی هەڵە ودروست کراون کەوتوویەتی صلاح الدين ئەیوبی خەڵکی (دوینی) باکوری هەولێرە.

زانیاریـیەکانی راست نین وبەئەنقەست (تحریف)ی قسەو نیازەکانی مێژوونوسەکانی کردووە وپێ لەئەمانەتی علمی و تاریخی کردووە وتەشجیعی ئەم ڕێبازە تاوانە بەرامبەر سەلامەتی تاریخ لەهەڵەو تحریف وبەرامبەر ئەمانەتی علمی و دەتوانم زۆرتریش لەم بارەوە بنووسم ئەگەر پێویست بکات. ئەم نووسینەوەش بەرگری کردنە لەمێژوو ولەمێژوونووسان وبەرگری کردنە لەو مێژوونوسانەی درۆ خراوەتە ملیان.

لەبارەی شاری دوینەوەش لەڕوویی ئەسەرییەوە ووتارێك بلاودەکەم وپێم خۆشە لەگەڵ دائیرەی ئاسارەکانی هەولێر پێکەوەش سەردانێکی دوین بکەین، پێم خۆشە زوو وێنەکانی خۆی بلاوبکات چونکە هەرکاتێ ئەم ووتارە لەبارەی شاری دوێنەوە بلاو بکەم دەبێ وێنەی کێلەکانی لەگەڵدا بێ لەکۆتاییدا :ئەگەر خوێندەواری بەڕێز هەندێ ووشەی توند کەوتە بەرچاوی لەم نووسنەوەمدا بالەتۆڵەی مێژوونوسانی حیساب بکات.

١٩٩٩/١٢/٢٦

# دوین
# شوێنەوار و مێژووی

## شوێنی جوگرافی

دوین دەکەوێتە باکووری هەولێر و دەوری (٣٥- ٤٠ کم) لێیەوە دوورە و ، وا لە باکووری بەشی باکووری خۆراوا و لە ( چیای سەریەن)ە کە لە جـ گرافیای نوێدا بە چیای پیرمام (پیرمەم) ناسراوە و بە چیای ( هاوینە هەواری سەلاحەدین) ناو براوە[1] . دوین وا لە نێو سەر زنجیرە چیای دوین - کۆڕێ لەلای بەرایی شاخەکە کە لە تەنگی دوینەوە دەست پێدەکات تا گوندی ( کۆڕێ ) ی سەر ڕێگای شەقڵاوە و بناری بەرایی چیای سەفین کە بەرزیەکەی ( ١٤٧٥م)ە . بڕبڕەی پشتی چیای دوین - کۆڕێ شاخە بەردە و بەرامبەر چیای پیرمەمە و نێوانیان لە هێندێک شوێندا لە کیلۆمەترێک زیاتر نایێ یان کەمتریشە.

ئەوی ڕاستی بێ ئەم شاخە بە سەفینەوە بەستراوەتەوە و ، هەردوو یەک زنجیرە پێکدێنن و لەگەڵ چیای باکووری خۆراوای دویندا کە لەزێی گەورەوە دێت و نزیکی دەشتی بیتوێن لە پشت ( سماقوڵی) کۆتایی دێت . ڕەنگە بەرزایی چیای دوین - کۆڕێ (١٠٠٠م) بێ .

دێهاتەکانی کۆڕێ و هەردوو ئەرمەوان ئەرمەوانی سەروو ( ئەرمەوانی سۆفیان ) و ئەرمەوانی خواروو ( ئەرمەوانی کوسان) و دێی زرگوێز و ئاژگە و شێخ مەمودیان لە دۆڵی نێوان ئەم زنجیرە شاخە و زنجیرە چیای پیرمەمدان و ، هەموویان لە کۆندا سەر بە خێڵی ( ماوەلوو ) بوون و ، دەوری حەفتا ساڵ لەمەوبەر چوونەتە نێو خێڵی خۆشناو و ئێستا بە خۆشناو دەژمێردرێن ، بەلأم ڕەنگیشە هەر بە ئەسڵ خۆشناو بن[2]. ڕووی باکووری شاخی دوین - کۆڕێ پێی دەڵێن شاخی بیران ، پان و پڕ درەختە و ، دەبێتە بەری باشوور لەدۆڵی فراوان و دوور و درێژ و پرکەندی ( ناوکەندان ) ی نزیکی دێی (حوجران) ی خۆرئاوای شەقڵاوەی و لە نزیکی کۆڕێوە دەست پێدەکات تا نزیك دوین ، ئەو دۆڵە بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەت و کەم ئاوە و ، کۆچەری هەرکی زستانان تێیدا دادەنیشن[3] . تەنیا دێی ( زێباڕۆك ) لەم بەری شاخەکە هەیە و نزیك بە بنی دۆڵەکە و چەمە و ، ڕەزگە نزیك و خۆرهەلأتی دوینە لەوبەری چەم.

بەشێکی دیمەنی باکووری شاخەکە
وێنەی (١)

ئاوی شەقلأوە لە تەنگی دوین ( واتە دەربەندی دوین ) ەوە سەر بەرەوخوار دەبێتەوە بۆ دۆڵی دوین. ئەم گوندانە لەسەر ئاوەکەن و لە دەورەبەریدان : سەرکەند لەوبەر چەمەکەیە و ، دێی پڵنگە و هەردو دێی



(ماوەران ) ی باکووری خۆرئاوای شەقلاوە وە لە دوینەوە دیارنین. ڕەزگەش لەوبەری چەمە و چەمەکەش لە پشت چیای بەری باکووری ناوکەندانەوە دەڕوات کە درێژکراوەی شاخی بابجیجکە. شوێنەواری پردێك لەسەر چەمەکە و پشت قەلاَی دوین و لای دەربەند هەیە. خاکی باکووری دوین لەوبەری قەراغی چەمەکەوە تەختە و دێی ( گراو) ی لێیە - هەتا بابجیجك. ئەوبەری چەمەکە ناوچەی خێڵی ( خەیلانی ) ە کە تا ئێستا لە لایەن هەندێ کەسەوە بە کۆچەر حسێبن[٤]. خاکی باشووری دوین تا دەگاتە چیای پیرمەم شەپۆلدار و کەم ئاوە و ئێستا کشتوکاڵی لێ ناکرێ . چەند ماڵە هەرکییەك دێیەکیان لەو نێوانەدا دروست کردووە کە دەوری دوو کیلۆمەترێك لەباشووری دوینی کۆنە. بەلاَم دوینی ئەسڵی کە بیست ماڵ بووە، حکومەت سالی ١٩٨٨ وێرانی کرد و ، لەلای شارەکۆنەکە بوو و ، لەگەڵ ڕەزگەدا لە دێهاتی خێڵی زرارییە و ، هەر شەش ماڵیان زراری بوون و ئەوانی دیکە زۆربەیان ڕەواندزی بوون چونکە دێی سەعید بەگی ڕەواندزی بووە. ئەو ناوچەیە لەسەرەتای چیای پیرمەمەوە تا سنووری خێڵی گەردی هەر زرارییە. ئەگەر چی دوین زرارییە ، بەلاَم موڵکی سەعید بەگی ڕەواندزی بووە و ، ڕەنگە زەمانی محەمەد پاشای ڕەواندزیش هەر موڵکی ئەو بنەماڵەیە بووبێ. قەلاَی دوین بە قەلاَی پاشای ڕەواندزیش ناسراوە[٥] دۆڵێکی فراوان لە تەنگی دوینەوە دەست پێدەکات بەرەو باشووری خۆرئاواو چەمەکە بەو دۆڵەدا دەڕوات تا دەگاتە زێی گەورە و ، زەوی وزارێکی باشی کشتوکاڵیش لەم دۆڵەدا هەیە کە گەرمە و وەکوو ناوکەندان بەفر نایگرێتەوە ، دێی پانکە لەسەر قەراغی باکووری چەمەکەیەو، دێری لێ هەبووە و ئێستا وێرانە. گوندی ( دێر مەروێنە) لە خۆرئاوای دوین و بەری باکووری چەمی دوین و ، دێی ( دێر بەروش ) یش هەر لە خۆرئاوای دوین و لەوبەری دوینە. دوین ڕەنگە ( ١٥کم) ێك لە زێوە دوور بێ.

(وێنەی ٢)

ناوچەی دوین و بابجیجك ( باباجیجك) ئەگەر چی ئێستا بەناوچەیەکی دوورە دەستی چەپەك دەژمێردرێن ، بەلاَم تا کۆتایی حوکمی عوسمانی و سەرەتاکانی حوکمی ئینگلیز



(وێنه ٢)



(وێنه ٣)

ڕێگای گشتیی هەولێر و ڕەواندز و ئەزربیجان بووە و دەوڵەتی عوسمانی ڕێگاکەی بۆ عەرەبانەی ئەسپ فراوان کردووە (لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی دا) لە باباجیجك لە کاتی عوسمانی دا مەخفەرێك هەبوە و لە پاش داگیر کاری ئینگلیزیش تا ماوەیەك مەخفەری پۆلیسی لێ بووە لەبەر ئەمە شوێنکەی گرنگ بووە.

## شاری کۆنی دوین

شوێنەوارەکانی شارە کۆنەکەی دوین لەبەری خۆرئاوای شاخەکە و بە بەرزاییەکەوەیە و ناوەڕاستی بەرز و تەختە. شارەکە لە ڕێکی ناوەڕاستی بورجیدووەم و سێیەمی قەڵاکە و لە باکوورەوە دەست پێدەکات ، چونکە کەمێك ئاسەواری سەرەتای شووورای شارەکە بەشاخی بەردی قەڵاوە دیارە. شارەکە لەو گۆشەیەی باکوورەوە دەست پێدەکات و بەرەو باشوور دەبێتەوە .

( وێنەی ٣)

شوێنەواری یەکێك لە دەرگاکانی شارەکەم لە خاڵی دەوری هەشتا مەتری ڕێکی قەڵادا بینی و ئەستوریی شووراکەم لەم بەشەدا بەیەك مەتر و بگرە پتریش مەزندە کرد. شووورا و شوێنەواری خانوەکان بە ئەرزەوەن و تەخت بوون و هەموو کەسێك فەرق بە شووراکە ناکات. بەدووریشی نازانم دوو شووورا هەبووبن و ماوەی نێوانیان دەوری (١٠م) بووبێ . پاش ئەمە شیوێکی تەنك دێت و شار لێی تێپەڕ دە ێ بەرەو باشوور و دەبێتەباسکێکی بچووك و شوێنەواری شووووراکە بزر دەبێ وهەر لە چەند شوێنێك گومان لە هەبوونی دەکرێ .شوێنەوارێکی پڕی بینا کۆنە گرنگەکان بەسەر بەرزیی ئەم باسکە بچوکەوەیەو ،دوور نییە قەڵاو شوێنی بەرگریکردن بێ .ڕێگا نوێیە قیرتاونەکراوەکە زیانی لە شوێنەوارەکە داوە . ئەمجا شارەکە لەباشوورەوە بەرەو خۆرهەڵات پێچ دەکاتەوە تا دەگاتە شاخە بەردینە هەرە بەرزە کەی چیا کە لەوێ دەوری (٣٠م) ێك بەرزەو شاخێکی ئاسکەو زۆریش قەڵشی داوە وهێندێك جێی چینی سەرەوەی ڕووخاوە وهێندێکیشی بەرەو (وێنەی ٤)

ڕووخان دەچێ. جاروبار لە چەند جێیەکی ئەم بەشەدا شتێکم لە شوێنەواری شوورا دەکەوتە بەرچاو. گومان دەکرێت دوو شووورا لەم بەشەی باشووری خۆرهەڵاتی نزیکی شاخیش هەبن و نێوانیان دەوری چوار مەترێك بێ. ڕەنگە جێیەکی بەگریکردن لەلای شاخەکە هەبووبێ بە پێی ئەو چەند بناغە ئەستووره بینراوە کە هەن و ، گومانم هەیە دەرگایەکیش لەوێ هەبووبێ .

(وێنەی ٥)

شوێنەوارەکانی شار بە دووسەد مەترێك یا کەمتر لە باشووری قەڵاوە کۆتاییان دێت. شارەکە بەباری درێژیدا ، لەباکووری خۆرئاوا وە بۆ باشووری خۆرهەڵات هەڵکەوتووە و دەوری دووسەد و پەنجا مەتر درێژە .

ئەستووریی دیواری هێندێك لەخانوەکان



(وێنه ٤)



(وێنه ٥)



(وێنە ٦)



(وێنە ٧)

(٤٠سم)ە وهەیشە زیاترە . (وێنەی بەشێکی جێگا تەختانەکەی شار ) .(وێنەی ٦)

### دەرگای خۆرهەلاَت

دەرگـای خۆرهـەلأتی شـار کـە ڕێگـا لێیـەوە چووەتـە ناوچەکانی خۆرهــەلأت و بـاکووری دویـن ، کـەم و زۆر لـە مـەودای ناوەڕاسـتی شـاردا هەلّکـەوتووە و لــە بـەردەم دەرگـای قەلاّیە. شاخەکە لەوێدا بە سروشتی نزم بووە و شێوە زینۆیـەکی تـەنکی پـەیدا کـردووە و ، باکووری دوینی تا زینۆی بابجیجك لێوە دیارە شـوێنێکی زۆر دڵگـیرە.وە دەرگاکـە لەبـەری باشـووری خۆرهەلاّتـە بەرامبـەر بـە دەرگـای قەلاّت. شوێنەوارەکانی شوورا لە دەرگایـەوە تـا دەرگـای قـەلاّ بـەهۆی ڕێگـا کردنـەوەوە تێکـدراون، بورجێکــی بازنـەیی لـە بـەری باکووری خۆرئاوایدایە یانی دەبێتە تەنیشتی دەرگـاو بـەردەکانی گـەورە و داتاشـراون و هێندێکیـان بـەدەوری (١,٥ ) تـەن مـەزەندە دەکرێن ، پانی دیواری بورجەکە (٩٠سم )ەو وشکە کەڵەك یان قوڕی تێدا بەکار هاتووە . (وێنەی ٧)

ئەوبەری دەستە چەپی دەرگاکە بەردە شاخە ، بەلاّم بەرز نییە شوورا گەیشـتووەتە دەرگـا ، بینایـەك لەوبـەرەی دەسـتە چـەپی دەرگـادا و لەسـەر شـاخەکە هـەبوە بـۆ پاراسـتنی و ، قەلاّیەکی بچووك بووە – هەمانکات– لە نێوان دووشـورای سـەر هـەردوو قـەراغی بـاکووری خۆرهەلاّت و باشووری خۆرئاوادا کـە سـەری شاخەکەی زۆر باریك و بەرتەسکە و پانیی لە بیست مەتر کەمترە.

شوورای پێشەوەی هنداوی شار لە دوو دیوار پێکهاتووە کـە هەریەکـەیان هـی کـاتێکن و ، ئەستووری هـەردووکیان پێکـەوە (٩٠م) ە و ، ئەوی پێشـەوەیان لـەوی دیکە ئەستور تـرە و شوورای پشتەوەی هـەر شـوورای پشـتەوەی شـــارە یـــانی شـــوورای ڕۆژهـــەلاّت و بنچینەییەکەیە. (وێنەی٨)

لە نزیك دەرگادا شوورای پشتەوە یەك دیوارە و بـەردەکانی گـەورەن و قـایم دروسـتکراوە و پانــترە ،چونکــە شــوورای دەرەوە بــووە و سەردەمانێك بەبەردی گچکە تر تەعمیر کراوە (وێنەی ٩ و ١٠)

هێندێکی ئەو شوورایەی ناوەوە کە باسمـان کـرد ، هـی کـاتێکی نوێیـە و ، لەوانەیـە هـی زەمـانی دروسـتکردنی بورجـەکانی قـەلاّ بـێ. واتـە شـووراکانی سـێ دەورانـی مێژوویـی لێرەدا هەن. ( وێنەی ١١)

### شووراکانی دیکە

جگە لـەو شوورا باسکراوانە ، خـەڵکی دویـن گوتیان شوورایەکی دیکە لەسەر شاخ هەیە تا لوتکـەی ناوەڕاسـتی هەرسـێ لوتکـەکانی باشـووری خۆرهـەلاّت چـووە و بەبـەردی زل دروسـتکراوە ، مخـابن لەبـەر کـەم وەختـی نـەچووم بیبینـم . سـێ شـوورا بەبـەری خۆرهەلاّتی قەلاّوە هـەن ، یـەکێکیان نوێیـە و لەسـەر بـەرزی شـاخەکەیە و پێدەچـێ هـی زەمـانی بورجـەکانی ئێسـتای قـەلاّ بـێ و ئەستووریی (٩٠سم) ە و ، دووی دیکە لە



(وێنە ٨)



(وێنە ٩)



(وێنه ١٠)



(وێنه ١١)

خوارترن و لە ژێرگڵدان و ، ئەم دوو شوورایە ڕاستەو ڕاست لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری قەڵا نەچوون ، بەڵکە تا بەرەو ناوەڕاست بچن فراوانترن وە هێڵێکی چەماوە تا زیاتر ئەرز بکەوێتە بەر قەڵەمڕەوی قەڵا ، ئەوێ خانوو وبەرەی سەر بە قەڵای لێ هەبوون. ( وێنەی١٢) مرۆڤ پتر دەرك بە هەبوونی شوورای ناوەند دەکات کە دیارە پاش شوورای سێیەمی خوارتر دروستکراوە ، پێم وایە ئەم شوورایەی خواروو کۆنترە و سنووری قەڵا یەکەمجار لەوبەرەدا فراوانتر بووە و ، پاشان بەرتەسك کراوەتەوە و شوورای دووەم (ناوەڕاست ) ئاوا کراوە و ئەوی دیکە و خانوەکانی بەجێ هێڵراون ، سنوورەکە لە سەردەمێکی دیکەدا تەسکتر کراوەتەوە تا باشتر بەرگری لێ بکرێ و شوورای سێیەم دروستکراوە و ، شوورای دووەم و خانوەکانی بەجێ هێڵراون ، شایانی باسە ئەم بەرەی خۆرهەڵات سەخت نەبوە و دەرەتانی ئەوەی هەبووە خانووی لێ ئاوابکرێتەوە ، بەڵام بەری خۆرئاوای قەڵات سەختە ، بەم پێیە بەم سێ شوورایە دەزانین کە قەڵا سێ دەورانی مێژوویی بەسەردا تێپەڕیون.

## قەڵا

بەشی کۆتاییی شاخە بەردینەکە تا هنداوی دەربەندە قووڵەکە کراوەتە قەڵا و یەکسەر وا لە ئاستی بەشی باکووری خۆرئاوای شارەکە و قایمکاریی بەرگریکردنی لەسەر کراوە ، پانیی ئەم بەشە باریکەی شاخ وەك لە ڕێکی بورجی دووهەمدا پێوامە ( ٢١م) ەو ، لە هێندێك شوێندا پانترە ، بەڵام بە زۆری لە بیست و یەك مەتر بەرتەسکترە تا دەگاتە دەوری (١٠م) و تا بەرەو باکوور بێینەوە شاخەکە تەسکتر دەبێتەوە ، درێژیی شوێنی قەڵا لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بۆ باکووری خۆرئاوا کە ئەمە شێوەی هەڵکەوتنی زنجیرە چیای دوینە ، دەوری سەدو پەنجا مەترە یان کەمتر.

دەرگای قەڵا بەرامبەر بە دەرگای خۆرهەڵاتی شارە و فراوانیی - وابزانم - (١,٥م) ە و ئەستووریی دیواری (١٤٠سم) ە ، هێندێك پێوانە و زانیاریم لە فلیمی ڤیدیۆدا تۆمار کردبوو ، دانەیم لەلانیە ، هەموو دیوار و بورجەکان ، بە بەردی سپیی داتاشراو و گەچ دروستکراون، چوار بورجی لوولەیی (اسطوانی) لە قەڵادا هەن ، بورجێکی خڕ لە بەری دەستەچەپی دەرگادا هەیە ، بەرزیی دەوری (١٠م) و ئەستووریی دیواری (٨٠سم) ە ،تیرەی بورجەکە (١٨٠سم) بینایەك لەوبەری. ( وێنەی ١٣) دیکەی خۆرهەڵاتی دەرگاکەدا هەیە ، ئەستووریی دیواری (٩٠سم) ە ، بینایەك لە پشت دەرگاکەوە هەیە ، لە ناوەوە پێوانەکەی (٣ X ٣,٥ م ) ە، بەری خۆرهەڵاتی پێشی قەڵا لە بەرەکەی دیکە سەختترە . بورجی دوووەم کە دەوری (١٥م) لە بورجی یەکەمەوە دوورە و لە بەری خۆرهەڵاتدایە ، لوولەییە و هەندێکی رووخاوە و ئێستا بەرزیەکەی (٨م) و ئەستووری دیواری



(وێنە ١٢)



( وێنە ١٣)

(٩٠سم) ە و نۆ كونە مەتەریزی بۆ شەڕە تفەنگ تێدایە ؛ پێوانەی كونەكان لە سەرەتاوە ( ٣٠ X ٤٠سم) و لە كۆتاییدا (١٩X ١٢سم)ە . (وێنەی ١٤).

بورجی سێیەم كە شوێنەكەی بە سروشتی لەوانەی دیكە نزمترە هەمان تەرزی هەیە و بەرزیی (٣م) ە و لە خۆرهەلاتدا كەمێك بەرزترە ، مەتەریزەكانی هەمان پێوانەی ئەوانەی بورجی دووەمیان هەیە. (وێنەی ١٥) ئەمە وێنەیەكی دیكەی هەمان بورجە كە بورجی دووەم و بەشێكی زۆری چیای دوین - كۆرێی لێوە دیارە ، بان ( سەقف) ی ئەم بورجە نەكەوتووە .

(وێنەی ١٦) بورجی چوارەم لەولاترە و لە هەمان تەرزە و هێندێكی سەرەكەی ڕووخاوە ، شوێنەواری برێك خانوو لەسەر قەلا هەن ، لە پشت دەرگاوە تا دەوری پەنجا مەترێك زۆرترن ، چەندانێكیان لە نێو شوورایەكی تایبەتدان ، ئەستووریی (وێنەی ١٧) شووراكە ( ٩٠سم ) و دیوارەكەیان ( ٧٠ سم)ە ، شتێكی شێوە بیر لەبەری خۆرئاوای ئەم بینایەدا هەیە ، لە ناوەوە بەبەردی لاكێشەیی داتاشراوی مەیلەو گەورە هەڵچنراوە ، بەلام قووڵیی دەوری دوو مەتر یا كەمترە ، ڕەنگە بۆ پاشەكەوتكردنی ئاوی باران بووبێ ، یان لە كانییەوە ئاویان بۆ هێنابێ بەكەر و بار. (وێنەی ١٨).

بەشێكی بیناكانی سەرقەلا لە بەشێكی دیكەیان كۆنترن ، هێندێكیان پێدەچێ هی كاتی بورجەكان و كاتی ئیسلامی بن ئەوانەیش كە لەنێو شووڕای تایبەت و لە پشت بورجی یەكەمدان كۆنترن و ، ڕەنگە لەگەڵ شوێنی ئاوەكەدا هی كاتی ساسانی بن.

## ئاوی شاری دوین

خەڵكی دوینی ئێستا و كاك خالید سدیق قادری خەڵكی دوینی ئەسڵیش پێیان گوتین : ئاوی شارەكە لەوكانییەوە هاتووە كە لە باشووری خۆرهەلاتەو كەمێك دوورە كانیی دێی دوینیش هەر ئەوە بووە ، گوتیان ئاویان بە گونج-لولیك ( بۆریی لە قوڕی سوورەوەكراو) بە ژێر ئەرزدا هێناوەتە نێو شارەكەو ، چەندین جار ئەو گونجانەمان دیون كە دەركەوتوون ، كانیەكەیش لە پەساری ژێر شاخەكەدایە ، شوێنێك لە نێو شوێنەوارەكانی شاردا و لە ئاستی یەكەم بورجی قەلادا هەیە كە هی ئاوە و وەك نیوەبیرێك بە بەرد و گەچ ئاوپۆش كراوە ، دیوارێكی دیكەی بەردو گەچ لە تەنیشتیەوە بەرز كراوەتەوە و ، ئەو تەنیشتەی دەمەكەی بۆ دانیشتن بە بەردو گەچ سازكراوە ، جا نازانم ئەمە كانیەكە و هێندێك جار دەژێتەوە ، یان كۆنە و لە گونجەكانەوە ئاوی پێ گەیشتووە بەلام ئەو دیوارانەی ڕەنگە هی كاتی قەلات بێ یان باشتر ڕەنگە ئەمە (كانی قەسر) بێ ، ماوەم كەم بوو بە وردی لێی بكۆڵمەوە و بگەمە ئەنجام ، كاك خالید سدیق گوتی : ( كانی قەسر ) هەیە لە نێوان قەلا و گۆڕستانی پیر ئەبووبەكردایە و



(وێنە ١٤)



(وێنە ١٥)



(وێنه ١٦)



(وێنه ١٧)

ناوی کەمە ، کانییەك وا لە ژێر گۆڕی پیر ئەبووبەکر و دەوری یەك کیلۆمەتر یا کەمتر لە شارەکەوە دوورە، ناوی چەمەکەیش دوورترە و زەحمەتە شار توانیبێتی سوودی لێ وەربگرێ .

## سەردەمی شار و قەڵا

کات و سەردەمی ڕاستەقینەی ئەم شارە کۆن و وێرانە بە تەواوی نازانرێت تا دەزگایەکی شوێنەوار ناس کۆڵین و پشکنینی تێدا ئەکات شوێنەوارەکانی سێ سەردەمی مێژوویم تێدا دۆزیونەوە ، ئێستا بیرم بۆ ئەوە دەچێ کە دەرگای خۆرهەڵاتی شار و شوورا و شکەکەڵەکی پشتەوەی نزیکی دەرگا هی سەردەمی ئەشکانی ( فرپی ) ( لە کوردستان ) بن ( ١٢٧ پ.ز- ٢٢٧ پ.ن) و هێندێك لە بیناکانی سەر قەڵا هی کاتی ساسانی بن ، واتە شارەکە لەدەورانی ئەشکانیدا هەبووبێ . سەبارەت بە قەڵایش کە شوێنەکەی گرنگ و ستراتیجی و لەسەر ڕێگای گشتی هەولێر ڕەواندز - ئێران بووە ،بێگومانم کە بورجەکانی لە سەدەی شازدەهەم واوەتر ناچن . بەڵام پێم وایە ناگەنە سەدەی شازدەهەم وکاتێك ئەم بورجانە ئاوا کراون شارەکەی ئاوەدان نەبوە وزۆر لەوەو پێش وێران بووە و، هۆی وێران بوونە کەیشی نازانین . کۆنترین ئاماژەیەکم لەم بارەیەوە دیبێ ئەوەیە کە مێژوونوسی بەهەشتی حسێن حوزنی موکریانی لە ( موجز تاریخ امراء سوران ، ترجمة محمد الملا کریم ، ص ١٨) دا نووسیویە : ( ئوغوزی کوڕی عەلی بەگ) ی (باپیری محمد پاشا ) کە ساڵی ١٢٠٧ ی کۆچی ( ١٧٩٢-١٧٩٣ی ز) کۆچی دوایی کردووە قەڵای دوینی ڕزگار کرد و تەعمیری کرد، جا بە دووری نازانم ئەم بورج و شوورا نوێیانەی قەڵا هی کاتی ئەو بووبن ، دوور نییە کە تەعمیری کردۆتەوە ، هەندێك لە چەکدارەکانی تێیدا نیشتەجێ بووبن و ، هێندێك خەڵکیش خانوویان لەنێو دار و پەردووی شارە وێرانەکەدا دروستکردبێ و ، ئەم شوێنە بووژانەوەیەکی بە خۆوەیەوە دیبێ ، هەروەها لە ( ل ٤٩) دا نووسیویە : محمد پاشای ڕەواندزی کۆتاییی ساڵی (١٢٣٩ی ك ١٨٢٤ی ز) چەند پردێکی لەسەر چەمەکانی دێرە و بەروش و دوین ئاوا کردنەوە . زۆر پێدەچێ قەڵاکە لەوکاتەوە ئاوەدان بووبێ تا ئەو دەمەی کە محمد پاشای ڕەواندزی لە ١٨٣٧ دا کۆتایی بە حوکمداریەکەی و بە ژیانیشی هات ، وەختێك لە شاری ( ئاماسیە) وە برایە ئەسکەلە ( مینا و ) ی سامسون (صامسون) و سواری پاپۆڕێك کراو فڕێدرایە نێو زەریای ڕەش و خنکێندرا ، وەك ئەمە لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی دا هاتووە بە نمرەی ( H.H/22305) و مێژووی ١٢٥٣ ی ك (١٨٣٧-١٨٣٨ ی ز) لەسەر دراوەکە لە ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی عوسمانیی شاری ئەستەمبوڵدایە.ئەمەیش وێنەی بەڵگەنامەکەیە کە بە پێویستی دەزانم لێرەدا بیخەمە بەرچاو، چونکە تا ئێستا چۆنیەتی لەنێو بردنی محمد

پاشامان بۆ ساغ نەبوەتەوە و نەدەزانرا ئایا کوژراوە و یان فڕێدراوەتە زەریای ڕەش . ( وێنەی بەڵگەنامەکە)

دیارە وەك پێشتریش گووتومە ، قەلا لە دوین بە قەڵای محمەد پاشای ڕەواندزیش ناو دەبرێت و دەڵێن ئەو ئاوای کردووەتەوە و دووریش نییە لەلایەن ئەوەوە ئاوا کرابێ. وەك باسیشم کرد دێی دوین موڵکی سەعید بەگی ڕەواندزی بووە و زۆربەی دانیشتوانی ڕەواندزی بوون. شایانی باسە دوو سعید بەگی ڕەواندزی هەبوون یەکیان لە زوریەتی ڕەسووڵ پاشا بووە و دێی ئالانەی باشووری خەلیفان هی ئەو بووە. دووهەمیان سەعید بەگی کوڕی عەبدوڵلا پاشا و باوکی ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی بووە. سەعید بەگی دووهەم ساڵی ١٩١٨ کوژراوە لە تایەفەی بەگ زادەیەکە بە ئەسڵ لە میرانی سۆرانن و پێش محمەد پاشایش ئەو تایفەیە هەبووە ، ئیسماعیل بەگ کە لە ١٩١٩ دا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کراوەتە حاکمی ڕەواندز و پاشان نائب بوو و بلاویشە کوردایەتیی دەکرد لە ١٩٣٣/٦/٨ دا لە سپیلك لە تەمەنی دەوری (٣٤) ساڵیدا کوژرا بەهۆی دوژمنایەتی لەگەڵ ماڵی باویل ئاغای ڕەواندز وەك ڕەحمەتی عەلی باویل ئاغا کە بەشدار بووە لەگەڵ نووری باویلی برای لە کوشتنی دا بە درێژی بۆمنی باس کردووە و بیرەوەرییەکانیم تۆمارکردووە لە ١٩٨٢/٧/٢٩ دا و وێنەی ئیسماعیل بەگ بەهۆدەی خۆیەوە هەڵواسی بوو تەماشای دەکرد و دەگریا و دەیگوت حەیف بوو بەڵام ئیسماعیل بەگ دووبرامنی دابووە کوشتن لە (١٩١٩) دا جا دوین موڵکی ئەم سەعید بەگەی باوکی ئیسماعیل بەگ بووە.

ڕەنگە کاتی ئوغوز بەگ یان پێشتر و یان پاشتر میرانی سۆران دەستیان بەسەر ئەم دوینەدا گرتبێ بە موڵکایەتی و هەندێك لە بنەماڵە یان لەوێ جێ نشین بووبن بەتایبەتی بۆ پارێزگاری کردنی قەلای دوین و ناوچەکەی کە بە نیسبەت میرنشینی سۆرانەوە گرنگ بووە، چونکە دەسەلاتی قەلات گەیشتوەتە پشت هەولێر و شوێنێکی ستراتیجی بووە دەکەوتە سەر ڕێگای گشتی هەولێر و موسڵ – ڕەواندز – ئێران و زۆر پێ دەچێ قەلات ( بورجەکانی ئێستا ) پێش کاتی ئوغز و یان بلێن پێش کاتی میرنشینی سۆران ئاوەدان نەبووبێ چونکە ئەگەر ئاوەدان بوایە ڕەنگە زۆر جار ناوی بکەوتبایە بەر چاو لە سەرچاوەکاندا .

لە لای قەلات پارچە گوللە تۆپی کونمان دیت ، ئەوانەی کە لەگەڵماندا بوون گوتیان ئەم پارچە ئاسنانە چەندین جار بەرچاومان کەوتوون. پارچەیەکیشم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە ، دەبێ هی کاتێك بن کە بەتۆپ لە قەلا دراوە و ، دوور نییە هی کاتی شۆڕشی محەمەد پاشا بن کە هێزێکی لەوێ بەرگریی کردبێ ، دەبێ هەندێ لەهێزی عەلی پاشای لازیان (هێزی عوسمانی لەعێراق) کە یەکەمین





(وێنە ١٨)

شەڕی لەگەڵ هێزی محەمەد پاشا لەلای ئاڵتون کۆپری بوولە ڕێگای دوینەوە بەرەو ڕەواندز چووبێ .

ئەو کێلە نەخشدارانەی گۆڕەکانی دوین هیی کاتی میرنشینی سۆران.لە دوین پێویستیم بەسەفەرێکی دیکەش هەیە بۆ دیتنی شووری سەرشاخ وتۆمارکردنی هێندێك تێبینی و سەرنجی ئەسەری دیکە لەبارەی قەڵاوە.وەك پێشتر نووسیومە ،بەڕای من دوین شاری (حبتون)ی پێش ئیسلامەو تا ماوەیەکی لەکاتی ئیسلامیش ئاوەدان بووە. (ابن فضل الله العمري) لە(مسالك الابصار)دا(لەنێوان سەدەی سیازدەهەم و چواردەهەمدا ژیاوە) بە(تل حبتون) ناوی هێناوەو ،گوتوویە وڵاتی سۆران (بلاد السهريه) لەولای (تل حبتون)ە،وەك عباس العزاوی لە(عشائر العراق الكرديه ،ص١٥٥)دا لێی وەرگرتووە.

## گۆڕستانەکان

لە دوین ئەم گۆڕستانانە هەن:

١-گۆڕستانی شێخ عەلی کەپێشیی دەڵێن(گۆڕستانی سەخسی قەرەقاچ)و دەکەوێتە بەری باشووری شارەکە وەك لە(وێنەی ٣)دا دیارەو لەهەمووان گەورەترە بەڵام کێلی نەخشداری تێدا نییە.

٢-گۆڕستانی پیرئەبووبەکر لەخوارووی شارەکەو نێزیکی بنی دۆڵەکەیە وەك پێشتر باسم کرد. کێلی نەخشداری تێدا نییە.دارقەزوانی گەورە لەم مەودایەدا و پەسارەوە زۆرن و قەزوانێکی زۆر دەگرن و،خەڵك بەگۆڕستانی پیرئەبووبەکری دەزانن و ئێستا موڵکی کەس نین وهەرکەسێك بیەوێ دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ .

کەبەرەو خوارتر چووین بۆ بینینی گۆڕی(پیر ئەبووبەکر) ،چاڵێك کەوتە ڕێمان قووڵیی

دەوری یەك مەترو خڕ بوو وتیرەکەشی دەوری یەك مەترو لەناوەوە بەگەچ سواخ درابوو کونێکی وەك کونی تەنووری هەبوو ودوو داری درێژ لەسەر دەمەکەی بوون.سەرم لێ دەرنەکرد ونەمزانی چییە ،لەکاك مرادخان پیروی هەرکیم پرسی ،گوتی: ئەمە چاڵی پوختەکردنەوەی بنێشتی قەزوانە .هەموو ساڵێك هەورامی لەناوچەی هەڵەبجەوە دێن و بنێشت لەم دارقەزوانانە دەکەن و بنێشتەکە دەخەنە سەر دارەکان وهەتاو لێی دەدات و دەتوێتەوەو دەکەوێتە نێو چاڵەکە ولەم کونەوە دێتە دەرو بۆ خۆیانی دەبەن. گوتی پارەیان لێوەرناگرین ،چونکە دارقەزوانەکان هیی کەس نین وهیی پیرئەبووبەکرن وخێری ئەوە.دیارە لەپێشدا قەدی دارقەزوان (دارەبەن) کە قەدەکەی بریندار دەکەن و(کۆجەڵە)ی لە قوری وەك نیوەتاسی دەنێنە بەر تا بنێشتەکە وورده وورده دەرژێتە ناوی،و پاش ماوەیەك بنێشتەکەی لێ دەردێنن پیر ئەبووبەکر لەهەموو سەخسەکانی ئەو دەوروبەرە بەناوبانگترە وزیاتر رێزی لێ دەگیرێ تالەدار قەزوانەکانیشی رێز دەگیرێت.

(وێنەی ١٩)

٣-گۆڕستانی نێو شوێنەوارەکانی شار لەبەردەم دەرگای خۆرهەڵاتدا .ئەم گۆڕستانە لەنێو بناغە کۆنەکانی شاردا دروستکراوەو سێبەشە ؛بەشێك کۆنەو یانی کۆنترە لەدوو بەشی داهاتوو و دووەم بەش هیی کێلە نەخشدارەکانەو سێیەم هیی ئەم زوانەیە کەگۆڕی نوێن و لەنێو کەڵەکەبەردێکدا بەربەردو چیمەنتۆ کراون.

گۆڕستانی (دێگە) مەودایەك دوورەو لەدوینەوە دیارەو سەر بە دوین نییە، بەڵکە لەسەردەمێکدا دێیەك لەوێ هەبووە، لەبەرئەمە پێی دەڵێن (دێگە) ،یانی شوێنی دێ.عەبدولخالق سەرسامی چەواشەکەری مێژوو، ئەمەیشی بەئەنقەست چەواشە کردووە وەك لەپێشدا باسمان کردووە.

### کێلە نەخشدارەکان

بەشی دووەمی گۆڕستانی نێو شارەو نێزیك و لای باشووری دەرگای خۆرهەڵاتەو دەوری شەست گۆڕێك لەنێو کەڵەکەبەردێکی تایبەتدا هەن. گۆڕستانەکە لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا دەوری (٤٠م)ە و،لەباشوورەوە بۆ باکوور کەمترە.

(وێنەی ٢٠)

لەکێلەکانی ئەم بەشە کێلەکانی دەوری ١٨-١٩ گۆڕیان نەخشدارن وەنەخشی ئەندازەیی سێگۆشەو پاقلاوەیی (معینی)و نیوە پاقلاوەیی (نصف معینیە) ونیوە پاقلاوەیی تێکپەڕیوو (متداخل)ولاکێشەیی وبازنەیی و نیوە بازنەیی تێکپەڕیوو وهێڵی شەپۆلدار وچەماوەی تێکپەڕیوو هێڵی پچووکی رێك و ،خوارووی هێندێك کێلیش نەخشی وەك ریشووی دامێنی کراسی درێژیان لەسەرە. هەروەها وێنەی چەندین شت لەسەر بەشێکی ئەم کێلە بەردانە هەڵکۆڵراون ،وەك وێنەکانی خۆرو مانگ و شمشێرو خەنجەرو کیفی



(وێنە ١٩)



(وێنە ٢٠)



خەنجەر کەوێنەیان لەوانی دیکە زۆرترن وهەروەها وێنەی تفەنگ و دەمانچەو فیشەك ورەختی فیشەك (فیشەکدان) وقەمەو کوولەکەی ڕۆن بۆچەورکردنی شمشێرو خەنجەرو دەمانچەو ،وێنەی گۆچان و حەیوانە کێوی .کێلەکان لەبەردی کلسی سپین (لایمستون-حجر اللکلس) ،بەداخەوە نووسین و مێژوویان بەسەرەوە نین.

کێلی (١)لەبن سەری مردووە. بەشێکی بەری سەرەوەی شکاوەو بەرزیی (١٨٠سم یان ١٠٨سم)وپانیی (٣٦سم) ە. وێنەی دوو شمشێریشی(وێنەی١) لەسەرە و،وێنەی دەمانچەیەك لەنێوانیانیدایە کەلەشێری چەخماخەکەی باش دروست نەکراوە بەڵام تەوقی دەمەکەی بەباشی دیارە سەرووتر وێنەی شتێکی شێوە لاکێشەیە کەرەنگە کیسەی گوللەی دەمانچەکە بێ. سەرووتریش وێنەی کولەکەی باروتی دەمانچە ویان کوولەکەی ڕۆنە بۆ چەور کردنی دەمانچەو شمشێرەکان چونکە کوولەکە بۆ هەردوان بەکاردەهات ،کوولەکەی گوولـلە لەتابلۆی نووەمی شەرەفنامەدا هەیە. بەشی خوارووی لای چەپی کێلەکە وێنەی چەکووشی شەکرشکێنی لەسەرە کەنیشانەی ئەوەیە مردووەکە خاوەن دیوەخان و پیاوێکی گەورە بووەو ،شمشێرو دەمانچەکەیش نیشانەی مێرخاسین.ئەمەش وێنەی دەمانچەکەیە(وێنەی ٢)



کێلی (٢)هیی هەمان گۆڕەو لەبن پێی مردووە. وێنەی خۆری تیشکدار لەسەر ڕووی ناوەوەی هەیە، تیرەکەی (٢٠سم) ەو شێوەیەکی چوارگۆشە لەژێریدایە .وێنەی دوو شمشێر کەیەکیان (٥٢×٤سم)ە، لەگەڵ وێنەی خەنجەرێکدا لەژێر خۆرەکەدایە. وێنەی خەنجەرێکی دیکە لەتەنیشت خۆرەکەیە.هەروەها وێنەیخەنجەرو سەرووتر وێنەی کیفی خەنجەر لەسەروو خۆرەکەیە و هەردوو بەشێوەیەکی ئاسۆیی هەڵکۆڵراون .پێوانەی خەنجەرێکیان (٣٥×٦سم)ە. پشتی ئەم کێلە ولەڕووی دەرەوەی و بەشی سەرەوەیدا ،چوار شێوەی نیوە پاقلاوەییان پێوەیەو،خوارتر نەخشی حەوت سێگۆشە لەنێو شێوەیەکی ئەستوونیدا هەن.ئەمە وێنەی کێلەکەیە.

(وێنەی ٣)

کێلی (٣)لەبن سەری مردووە .وێنەییەک شمشێرو یەک خەنجەرو یەک گۆچان (گۆپاڵ) بەسەریەوەن .وێنەی تفەنگێک لەنێوان شمشێرو گۆپاڵەکەدایە .وێنەی شتێک لەولای دیکەی گۆپاڵەکەیە ،هەردوو سەرەکەی راست ورێک بڕدراون ودەسکی نییەکە دارێکەکە بەدەست دەگیرێ نەک نیشانەی شوانیو کۆچەرایەتی یە وەک کابرا گوتوویەتی هەردووش نیشانەی حوکم و فەرمانڕەوایی وگەورەیی دەبەخشن ئەمەش وێنەی کێلەکەیە(وێنەی ٤)

ئەم کێلە کەوێنەی گۆپالّی لەسەرە، بایەخێکی تایبەتی هەیە، کێلی ژێر پێی







مردووەکەیش وێنەی دوو خەنجەر وچەقو وشمشێری لەسەرن.

کێلی (٤)وێنەی، حەیوانەکێوی وبزنێک نەخشی پاقلاوەیی بەبەرزاییەکەیەوەن ،لەشی حەیوانەکە (١٣سم) درێژو بەرزیی(٨سم) وشاخەکەی(١١سم)درێژە کەمانای راوکردن دەبەخشێ.

وینەی(٥)

کێلی (٥)پێوانەکەی (٤٠×١٤٥سم) وئەستووریی (٨سم)ە. ئەم کێلە بەشێوەیەکی هونەریی بەرز دروستکراوەو بەنەخشە شەپۆلدارەکان و ریشوەکانی دامێنیەوە زۆر جوانە. شێوە پێچاوپێچ (اهلیلجی) یەکەی تەختی سەرەوەی کەوێنەی(+) ی لەنێودایە، مرۆڤ پێش مێژوو و لەچەرخەکانی مێژوودا وەك نیشانەی ژیان و خۆرو هەرچوار لا(الجهات الاربعە) بەکاریانی هێناوە. ئاریەکانیش کردوویانەتە نیشانە خوا- میثرا-میترا(مهر) ی خۆیان، کەبەباوەڕی ئەوان رووناکی خۆر بۆ هەرچوار لای گەردوون کۆنترۆڵ دەکات. هەمان کاتیش وێنەی ئەستێرە دەبەخشێ.

وێنەی حەیوانەکێویش لەبەشی خوارەوەیدا هەلکۆلراوەو ،بەپێی باریکی دەموچاوی دەبێ(مامز) بێ نەك نێری، وێنەی خەنجەرێکی دەم تیژ لەلای راستی هەیەو، نووکە تیژەکەی گەیشتووەتە بەرلاقی دواوەی. شێوەی خەنجەرەکە لەخەنجەری کوردیی مەیلەو چەماوە ناچێ. بەلکو دەمەکەی ڕاستەو ڕاستە کە جوری خەنجەری یەمەنیە. ئەم جۆرە و جۆری دیکەی خەنجەری یەمەنی کە تیغەکەی کورت و پان و زۆر چەماوەیە و لە کوردستانی باکور پێی دەلێن ( عکفی) وە بە عەرەبی ( معکوف) پێی دەلێن هەردوو جۆر سنعەتی ولاتی ( یەمەن)ن و بە شێوەی بازرگانی دەهاتنە کوردستان وە کوردەکان دەیان کری بەلام وەك خەنجەری کوردی بەنرخ نەبوون. جیاوازی نێوان ئەم خەنجەرەی



یەمەنی لەگەڵ خەنجەری کوردی لە غەیری شێوەی تیغەکەی کە ڕاستەو شوێنی بە دەست گرتنی دەسکەکەی درێژ ترە لە هی کوردی و سەرە دەسکەکەشی بەشێوەی ئاسۆیی درێژتر و بارکتر و تەنك ترە لە سەرە دەسکەکەی هەنجەری کوردی. هەرلەولایەوە تفەنگێك ئاراستەکراوە ولوولەکەی گەیشتووەتە نێزێکی شاخەکەی‌و چەخماخی تفەنگ و پەلەپیتکەکەی زۆر باش دیارن.ئەمەش وێنەی تفەنگەکە(وێنە٦).دیسان دوای شەش هێڵ قەمەیێکی تیژ لەسەرەوە ئاراستەی ئەم حەیوانە کراوەو، نووکە تیژەکەی گەیشتووەتە نێزێکی شاخەکەی (قوچی)تاشوێنەکانی قایم کردنی لەتفەنگیش باش دیارن . کێڵ تاشەکە بەمەهارەتەوە قەمە (سنگۆ)ی دروست کردووە.لەولاتری لاى، چەپدا لوولەی تفەنگێك لەسەرەوە هاتووەو دەمەکەی ئاراستەی مامزەکە کراوەو لەشاخی نێزێك بووەتەوە. بەشێوەی پەپکەی هەردوو تفەنگەکەدا دەزانرێ کەهەردووکیان لەیەك جۆرنین، بەڵکە دوو جۆرن .ئەڵقەی پاراستنی پەلەپیتکەی تفەنگی دەستەراست دوو سووچی هەن، یانی وەك نیوە لاکێشەیەك وایەو، ئەوەو ئەڵقەکەی دیکە شێوە سێگۆشەیەو بنەکەی گۆشەیە. ئەم هەموو ئامرازانەی ڕاوو سەربڕین بەم چەشنە ئاراستەی مامزە کێویەکە کراون. ئەمەش وێنەی کێلەکەیە.(وێنەی٧)

ئێستا بیرم نایەتەوە ،فیلمی ڤیدیۆشم





لەلانیە ،تابزانم ئەولای دیکەی ئەم کێلە چیی لەسەرەوکێلەکەی دیکەی گۆڕەکە چۆنە.ئەگەر هێندێك وێنەی دیکەیان لەسەر نەبێ. تا ببنە بەڵگە کەخاوەنی گۆڕەکە پیاوبووە -دەبێ قەبری ژن بێ‌و ئەوجا دەتوانین والێکی بدەینەوە وبڵێین ئەو مامزە نیشانەی ئەوەیە کەخاوەن گۆڕ کچ یان ژنێکی لاوی شۆخ وشەنگ بووەو کوژراوە، یا کچێکی جێی چاوتێبڕینی زۆر کەس بووەو جوانەمەرگ بووە .شێوەی سەری کێلەکەیش زیاتر لەسەری ژن دەچێ کەبە داپۆشرابێ. نەخشە شێوە هێلە شەپۆلدارەکانیش زیاتر شێوەی قژو جلوبەرگن و پێچەکانیان لەهیی ژن دەچن.جێی باسە وێنەی نێرییەکی حەیوانە کێوی لەسەر کێلێکی دیکە هەیە.

کێلی (٦)نەخشێکی گرد لەسێگۆشەوە نیوە پاقلاوەیی لەبەشی سەرەوویدا هەیە. خەنجەرێك لەنێو کیفیدایەولەژێر ئەودایەو بەشێوەیەکی ئاسۆیی هەڵکۆڵدراوەو تفەنگێك لەژێر خەنجەرەکەدایە بەهەمان وەزعەوە .رەختی فیشەك (فیشەکدان) .(وێنەی ٨)

لەژێر تفەنگەکەدا هەیە، سەرەکەی ئاسنێکی پانی چوارسووچەو بەشێك فیشەکەکان لەفیشەکدانەوە دیارن (وێنەی٩)



،ئەم شێوە تەرزە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم وهێندێکی سەدەی هەژدەهەمدا هەبوە کەهەمان شێوە لەسەر تەنیشتی گۆڕێکی نێو گومەزی دێی (جامرێز)ی‌باشووری چیای (ئاژداغ)ی‌گەرمیان هەیەکە چەند گۆڕێکی ئاغاکانی ئەوکاتەی خێڵی (دەلۆ) لەنێو ئەو گومەزەدان وبەشێکی بانەکەی کەوتووە. بابانەکان لەبەر دڵسۆزیی ئەم خێڵە کوردپەروەرە بۆ میرنشینی بابان دێی (جامرێز)یان پێ‌بەخشین و ،ئێستا جافی تێدان. نەخشەکانی سەرکێڵ و لاتەنیشتەکانی



(وێنەی ١٠)

زۆر جوانن وبریتین لە وێنەی گوڵ و خەنجەرو کێردی بەر خەنجەرو قەمەو تەورزین و قەڵغان و تیرو تیردان و ک ەربەست و شتی دیکە. کێل و بەردە مەرمەڕەکانی لاتەنیشتەکانیان گرانبەهان ،یەکێکیان گۆڕی (مستەفا کوڕی عەلی) یەو مێژووی (شهر شعبان ١٢١٥) (=١٦ی کانوونی دووەم -١٤شوباتی ١٨٠١)ی لەسەرەو ،یەکیشیان هیی محمەد تەقی کوڕی مستەفایە ویەکیش هیی (محمد...) .ڕۆژی (١٩٩٧/١٠/٣) لەگەڵ بەڕێز کاک سدیق ساڵح و کەمال محمەد کەریم دا وێنەکانیم گرت .ئەو سەفەرە کاک شێخ بورهانی شێخ نەجیبی قەرەداغیشمان لەگەڵدا بوون و چووینە جامرێزو ئاژداغ .ئەمەیش وێنەیەکیان کەنەخشی دوو دەمانچەو فیشەکەکانیان لەسەر دیارن.

ئەمەش وێنەی لاتەنیشتی گۆڕێکی جامرێز

کێلی (٧)

ئەم کێلە بەرزە و هی بن سەری مردووەکەیە .سەرەکەی نیوبازنەیی داتاشراوەوکێلێکی پانەو لە هەرە کێلە گەورەکانی قەبرستانەکەیە .دیمەنی نەخشکاری‌یەکەی شەپۆلدارە وپێکهاتووە لە هێڵەکانی چەماوەی بەخشندەی شەکلی(محدب) وخڕە قوڵی(مقعر) و باشپێنی(تکعیبی)وتێکپەڕیووی (متداخل) ونیو پاقلاوەیی ونیزیك بەشکلی پەلکەزێڕینە (قوس وقزح) و زکزاکی وهی دیکەش بەشێوەیەکی سەرنج راکێشەر کەنیشانەی لێهاتوویی کێل هەڵکەندەکەیەتی. سێ نەخشی پاقلاوەیی (معینی) تەنکی تێکپەڕیووی نیزیکی یەکتر بەتەختی پێشەوەی سەریەوەن لەنێو دوو هێڵی گەورەی نیزیك بەپەلکە زێڕینە وچەند هێڵی دیکە

گچکەی تری وەك هێڵەکانی سەر پەنجە کەپێکەوە شەکلێکی وەك(پەنجەمۆر) (طبع الاصابع) پەیدا دەکەن.

ئەخش شەپۆلدار لە سەر ئاسارەکانی کوردستانی پێ ئیسلام هەیە وەك تەنیشتی دەرگای (کەلها شو ـى).

ئەمەش وێنەی کێلەکەیە کەخاوەنی ئەم (بەحس)ە لەلای راوەستاوە.



(وێنەی ١١)

لەژێر شەکلی وەك (پەنجەمۆر) وێنەی مانگی چوارده شەوی (بەعەرەبی بەدر) لەنێو بازنەیەکدا هەیەو بازنەیەکی پچووك لەناوەندی مانگەکەدایە کەنیشانەی ناوەندی مانگەکەیە ویان نیشانەی هەرە هێزەی رووناکی‌یەکەیەتی بەپێی بینینی چاو و یا خەیاڵ. وێنەی خەنجەرێك لەلای راستی مانگەکەیە سەرە دەسکەکەی باریکەو مەیلە درێژە بەپێچەوانەی سەرە دەسکە پان وکورتی خەنجەرە ئەسڵی‌یەی کوردی‌یەی سەر کێلی (٦،٢) وهەندێ کێلی دیکە کەئەمەش جۆرە خەنجەرێکی دیکەیە.دەسکەکەی شێوەی دەسکە خەنجەری یەمەنی‌یە کێلتاشی هونەرمەند لەم وێنەیەدا خەنجەری کوردی و یەمەنی کۆکردۆتەوە چونکە کوردی‌یە تیغەکەی تیغی خەنجەری کوردیە لەگەڵ زیاد ڕەوییەی باسمان کرد لەچەماندنی تیغەکەیدا.

لەبەر بەرتەسکی ئەو شوێنە وەستای هونەرمەندی کێل تاشەکە دەمەی خەنجەرەکە لەرادەیخۆی پتر چەماندووەتەوە. شمشێرێك لەژێر خەنجەرەکە هەیە و کوولەکەی رۆن لەنێوان شمشێرو خەنجەرو مانگەکەدایە ،شایانی باسە کورد بۆ رۆنی چەورکردنی ئامێرەکانی جەنگ وهەروەها داسی دروێنە شاخی حەیواناتیشی بەکاردەهێنان و وەك لەسەر هەندێ کێلی قەبرستانی جزیرا بۆتان هەیە کەهی نێوان سەدە هەژدەهەم و نۆزدەهەمن وەك وێنەی شاخ(سترۆ) لەسەر کێلێکی عەنتیکەی هەڵکەندراوە لەگەڵ رم و شمشێرو تفەنگ وکوولەکەی باروت و دوو

تەیری هەڵۆ ڕاو وهەندێ شتی دیکە لەگەڵ سوارێك كە بە ڕەنم گۆڕی محمەدی بەگی میری بۆتانە کە لە . ساڵی ١٢٠٧ك (= ١٧٩٢ - ١٧٩٣ز) دا وەفات بووە ئەوەش بەپێی ئیشارەتێك كە لە ( سترانا نێرێنی عەفنۆ) دا هاتووە کە سترانبێژی (محەمەد بەگ) (لاڤژی پیر) لە شینی ئەودا هوناندویەتی و لە ل١٠٨ دا لە کتێبەکەم بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد) وێنەی هەیە . لەژێر شمشێر دوو چاکوچی سەربەژێری (شەکرشکێن) هەیە کەنیشانەی گەورەیی ودەوڵەمەندی وسەخاوەتی مردووی خاوەن دیوانخانەیە .ئەم دوو شەکرشکێنە وهەندێکی دیکەش سەربەژێر وێنەیان هەڵکەندراون چونکە دەستووری پەسارتنی چەکوچ بە پاڵ دیوارەوە وەهایە نەك کێل تاشەکە بەهەڵەچووە و ڕەنگە مەخسەدیش لە هەمان کاتدا ئەوەبێ بە سەربەژێرکردنیان ببنە نیشانەی خەفەت وکۆتایی پێهاتنی کاتی پیاوەکە ودەسەڵات وسەخاوەت و دیوانخانەکەی هەروەها وێنەی خەنجەرێك لەتەرزی خەنجەری پێشوو کەزۆر بە ووردەکارانە دروست کراوەلەبەشی خوارووی کێلەکەدایە.

کێل(٨)ئەم کێلە هی ژێر پێی مردووەکەیە ولەگەڵ کێلی حەوتەم هیءیەك گۆڕن.

نەخشێکی پاقلاوەیی بەتەختی پێشەسەری کێلەکەوەیە ونیشانەی (+)یلەسەری هەڵکەنراوە کەپێشتر لەوەمان کۆڵییەوە کەماناکەی چییە لەرووی شوێنەواری تاریخی ودینییەوە و هەمانکاتیش وێنەی ئەستێرەیەکی گەشی گەورەشە. لەژێر ئەودا وێنەی مانگی چواردەی (بدر)لە نێو دوو بازنەدا هەیە کەدەتوانین بڵێین دوو بازنەکە وەك بازنە مانگی چواردەی کێلی حەوتەم. تەمسیلی خەرمانە (هالـة)یدەوری مانگ دەکەن کەخەرمانە جوانیەکی پتر بەمانگ دەبەخشێ ولەکوردەواریشدا باسی جوانی مانگی خەرماندار هەیە ولەبەر ئەم جوانیەش شاعیری گەورەی کورد مەلای جزیری کەلەنێوان سەدەی شازدەهەم وسەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە، ڕوومەتی دڵدارەکەی و قژی نێوچاوانی لەگەڵ وزوڵفەکانی وە قردێلە (لەف)وریشوەکانی سەرپۆشکەی بەمانگی چواردە(بەدر)ی خەرمانە(هالـة)دەورەدراو چواندووە کەگوتوویە:

**دێمێ دبسك و خەمرییان ( تا ) و ولەفێن دشترییان**
**مانە تەمامی کەسك و سۆر ( بلدر )ەلەدورێ هالەکر**

وێنەی (١٢)،جێی گووتنە ،خۆرو مانگ لەسەر هێندێك کێلی گۆڕستانی(شەمس و قەمەر)ی دێ سورداش هەن کەهیی سەردەمی بابانین.وێنەی خۆری پرشنگداریش بەپێشەسەری کێلەکانەوەو وێنەی مانگی چواردەیش لەدامێنیانەوە ،هەروەك ئەمانەی دوین پەپکە (قرص)یەکی سادەن ،بەڵام بازنە(خەرمانە)یان لەدەور نییە وئەمەوێنەی یەکێکیانە .



(وێنەی ١٣)

وێنەی شمشێرێك لەژێر مانگەکەدایە وژێر ئەویش خەنجەرێك هەیە ،لەگەڵ کوولەکەی رۆن و نەخشی شەپۆلدار .دوو ریز ریشوویش لەدامێنیدایە .وێنەی چەکوشی (شەکرشکێن)لەلای راستی مانگەکە سەربەرەوژێر دروست کراوە. هەردوو کێلی(٧،٨)هیی یەك گۆڕن و دیمەنی گشتییان لەرووی نەخشەکانیانەوە لەیەك دەچن .بەڵام هەردووکیان کاری یەك وەستا نین وهەریەکە هیی وەستایەکە، چونکە کێلی پێشوویان جووڵەی هێڵەکانی زۆر بەووردی وپڕتر



دروست کراوە و لە ڕوویی هونەرییە بەرزترە و جوڵەی دەستی نەرم ترە.

کێل(٩) نەخشێك کەدوو سێگۆشە (نوشتەیی)یەلەسەری هەڵکەنراوە یەك لەژێر یەك شێوەیەکی لاکێشەیی پچووکی لەناوەراستی دووەمیاندایە دوو هێڵی شکاوە(منکسر) کەوەك دوو نێو پەقلاوەیی گەورەو تێکپەرِیووی دروست کراون لەهەردوو تەنیشتی هەردوو جووتە سێگۆشەکان وهێڵەکان هەمووان لەسەرەوە پێکەوە بەستراون وهەریەك لەسێگۆشەکان لەنێو هێڵێك لەچەشنی خۆیاندان دایە.



(وێنەی ١٤)

لەژێـر ئـەوان لەتەنیشـتی راسـتی کێلەکـە وێنـەی کوتـەك (دوقـك) هەیـە کەنیشـانەی دەسـەڵاتداری وحوکـم کردنـە ولەتەنیشـتی راستی کوتەك نەخشی نیوپاقلاوەیی هەیـە و لەتەنیشـتی دیکـەی کێلەکـەش زنجـیرە نەخشێکی سێگۆشەیی پچووك هەیە.

ناوەراسـتی کێلەکـەش لـەنێوان کوتـەك و زنجیرەی سێگۆشـەکان کەهێڵـەکی راسـتەو راسـت وئاسـۆیی لەژێرەکـەی کێشـراوە و نەخشێکی پـانی د ،لـە لاکێشـەیی دروسـت بـووە هـەردوو سـوچی سـەرەوە بـەباریکی هەریەك بەمەیلی بەلای تەنیشتێکی کێلەکەوە چووە رەنگە ئەمەش مانایێکی هـەبێ کـەبۆم مەعلوم نیە.

لەکۆتـایی لێکۆڵینـەوەی ئـەم کێلانـەدا پێویسـتە بڵێـم :کێڵـە نەخشـدارەکانی ئـەم گۆرستانە هیی یەك سەردەم و قوناغن ،چونکە سـیماو تـەرزی گشـتییان بـەپێی وێنـەی ئامرازەکانی جەنگ و ئەوشتانە کەپێوەندییان پێیانـەوە هەیـە،یـەکن. ئەگـەر چـی لـەرووی هونـەری‌و ووردەکـاریی داتاشـینەوە یـەك نـین،لەبەرئـەوەی هـەندێکیان لـەرووی هونەرییـەوە لاوازن. بـۆ نموونـە کێلـەکانی (٢،١).

رازاندنـــەوەی کێلەقـــەبر لەکوردســـتان بەئامێرەکانی جەنگ لـەم چەند سـەد ساڵەی ئـەخیردا بوەتـە بـاو بەتایبـەتی لەسـەدەی هەژدەهـەم تا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بەڵکو تاپاش ئەم کاتەش بەکار هـاتووە وەك کێلـەکانی قەبرسـتانی (شـیخ اللە)لەنێوشاری هـەولێر وەك قـەبری ((الحـاج عبداللە بن الحـاج عبـدی تـوفی رجـب ١٢٢١)) یـانی ١٨٠٦ وقەبری ((مولود اغا بن علـي اغا تـوفي في شهر ذی الحجة ١٢٨١))یـانی ١٨٦٧ و((عبدالقـادر زادە بـن الشـيخ يونـس ١٣١٢ك))،١٨٩٤-١٨٩٥ز و ((عمـر بـن پـیرە (١٢٣٩ك، ١٩٢٠-١٩٢١).لـە(١٩٨٦/١٠/٦) داوێنـەی قـەبرە نەخشدارەکانی (قەبرستانی شیخەاللە )م گرت و یادداشتێکم لەوبارەیـەوە دایـە (کۆمەڵـەی وێنـەگرانی هـەولێر) وەك لـەگۆڤاری رەنگـین ژمارە(٢٥)ساڵی ١٩٨٩ دا باسم کـردووە لـەم

ووتارەمدا (وێنەی مقەس لەسەر شوێنەواری یەزیدیـەکان). لەبەرئـەوەی وێنەیـەکی زۆری کێلـە نەخشـدارەکانی کوردسـتانم گرتـووە لەمەجموعی شازدەهەزار وێنەیە کە لە ئاسارو کەلـەپوری شارسـتانێتی کـورد دا گرتومـن شارەزایەکی زۆرم لەم بوارەدا پەیداکردووە.

لە سـەدە ناوەنجیـەکاندا باونـەبووە وێنـەی ئامێرەکانی جەنگ لە سەر کێل هەڵبکۆڵدرێن و زۆر قەبری ئەوکاتانە لە کوردستان ماوە بۆ نمونـە کێلـە بەنرخـەکانی قەبرستانی شـاری (خەلات) لە سەر قەراغی باکوری دەریاچـەی (وان) بەڵکو نەخشی جۆراوجۆری ئیسلامی و ئایەتەکانی قورئان و دوعا و نـاوی مردوەکان و مێـژووی وەفاتیـان و هـەروەها نـاوی کێـل تاشەکان لە سەریان هەیە وەك اسد بن هـاوند و هاوند بن یوسف و هاوندبن برگی و اسد بن ایوب هەندێ لەم خێلانەش هی کاتی دەوڵەتی ئەیوبین کـە خـەلات لـە ژێـر دەسـتی بـووە، و هـەروەها کێلـە قـەبرەکانی بنەماڵـەی مـیرانی بدلیـس لـە بینایـەی تەنیشـتی ڕۆژئـاوای مەدرەسەی (اخلاصیە) ی سەرەفخانی مێـژوو نووس ، لە سەدەی شازدەهەمیشا لـە چـەند شـوێنێکی گرنگـم نـەدیون وەك قـەبرەکانی نێو(مەدرەسـەی طـانزێ) لە بۆتـان و گومـەزی مـەلای جزیـری لـە شـاری جزیـرا بوتـان کـە هەندێکیان هی پێش کاتی (مەلا)ن بەلام باشتر لە جزیر بووەتە باوو ،کێلی زۆر گۆڕی سەدەی هەژدەهـــەم ونۆزدەهـــەم وهەتاســـەدەی بیستەمیش لـەنێو گۆڕستـانی جزیـردا هـەن

وێنـەی شمشێرو خەنجەرو تفەنگ ومرۆڤیـان لەسەرە. گۆڕەکانی میرانی بدلیس لـە سـەدەی حەڤدەهـــەمدا لـــەو دووگومـــەزەی پێـــش مەدرەسەی ( اخلاصیە) ئـەم شتانەیان لەسەر نییە. گۆڕی میرانی موکری لەگومـەزی (بـوداق سـوڵتان) ودەوروبـەریدا لەسـابلاخ (مـەهاباد) ئـەم شـتانەیان لەسـەر نییـە. هـەروەها گۆڕسـتانی (قـەلای دمـدم) تـەنیا نووسـین و نەخش لەسەر هەندێکیان هەیەو، زۆر شوێنی دیکـــەی گرنـــگ کەلـــەباکوور وباشـوورو خۆرهەلاتی کوردسـتان دیومـن و وێنـەیانم گرتـووە. بـەلام دیومـە وێنـەی ئـەم جۆرە شمشێرو خەنجەرانە لەسـەر کێلـەکانی ســەرەتاکانی ســەدەی حەڤدەهەمــەوە هـەڵکۆڵدراون ،وەك کێلـی (قـەرو گوڵـەزەر) وکێلـەکانی (ناوەزینـان)ی بـاکووری رانیـەو کێلەکانی ناودەشتی نێزێکی قەندیل. ئەمانە هەمووی یەك تەرزن. دەتوانم بڵێم نەمدیوە ئەم جۆرە کێلانەی پێش سەدەی حەڤدەهەم شتی وایان لەسەر بووبێ .ئەگەر هەیشبووبێ ،دەبێ زۆر کەم بن.

واتـە گۆڕەکـانی نێـو ئـەم (کەڵەکەبـەردە)ە تایبەتـەی دوین هـی یـەك سـەردەم و دەورانـن کـەکاتی میرنشـینی سـۆرانە لـەئوغوزەوە تانەوەی محمەد پاشی رەواندوزی ،یانی زیاتر بیرم بـۆ ئـەوە دەچـێ کەتـەنیا هیـی نیـوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهـەم بـن و، گۆڕسـتانی رەواندوزیـەکانبێ لەبنەماڵـەی مـیرانی سـۆران وگـــەورەپیاوانی میرنشـــین وهیـــی ئـــەو

چەکداروخێزانانەی ئیانە کە بۆ پارێزگاری قەڵای دوین وئەم ناوچەیە لەویٚ نیشتەجیٚ بوون، نەك هیی سەدە ناوەنجیەکان و سەردەمی سەلاحەدیینی ئەییوبی وباب و باپیرانی ،وەك دیومە ئەوکابرا چەواشەکەرەی مێژوو لەسەر تەلەفیزیۆن گوتوویەتی: ئەم شمشێرانە هیی کاتی سەلاحەدینن و بەو شمشێرانە شەڕی خاچپەرستان کراوەو، لەلای منیش هەروای گوت.

شوێنی دروست کردنی کێلەکانی دوین و هەروەها باباجیجکیش بۆمان مەعلوم نیە کە ئایا لە یەکێك و یان لەم دوو شوێنانە دروست کراون و یان لە هەندیٚ شار.

(باحسی باحس) لەوەڵامی ئەو یاداشتنامەیەمدا بۆ وەزیری رۆشنبیری لەژمارە(٢٦٠)ی (٢٠٠٠/١/٦) ی(گوڵان)یکوردیدا نووسیوویە :- ((ئەگەر ئەم قەبرانە هی کاتی سەلاحەدین نەبن و هیی سەدەی شازدەهەم وحەڤدەهەم بن ،بۆچی وێنەی تفەنگ یان ئەسەرێکی باروتیان لەسەر نیەوبۆچی لەوێنەکانی شەرەفنامەدا وێنەی تفەنگ هەیە؟)) ئەم قسەیەشی بەڵگەی نەزانینیەتی کەتەنانەت وێنەکانی تفەنگ ودەمانچە وفیشەك وفیشەکدانی سەر کێلەکانیشی نەناسیونەوە. هەبوونی تفەنگ ودەمانچە لەسەر هەندیٚ لەم کێلانە گەورەترین بەڵگەیە کەهی کاتی سەلاحەدین نین چونکە پێش نیوەی دوهەمی سەدەی پازدەهەمدا هیچ ئیشارەتێکم نەدیوە لەبارەی تفەنگەوە لەکوردستان بەڵام ئیحتمال زۆرە لەنیوەی یەکەمی ئەو سەدەیەدا تفەنگ گەیشتبێتە کوردستان بەهۆی میرنشینە بزەنتییەی تەرابزونی دراوسێی کوردستانەوە ولەکاتی دەوڵەتی ئاق قوینلودا تفەنگ لەکوردستان هەبووە ولەساڵی (١٤٦٦)دایان کەمێك پاشتر لەشکری ئاق قوینلو بەفەرماندەیی سلیمان بیژەن شەڕی لەگەڵ میر ابراهیمی میری بدلیس کردووە وتفەنگ تێیدا بەکارهاتووە وکۆنترین ئیشارەت بۆ چەکێکی ئاگردار لەتاریخی ئیسلامدا ئەوەیە کە ابن خلدون لەتاریخەکەیدا (ب٧ل١٨٨) باسی کردووە کە دەوڵەتی بەربەر (دولة بني مرين)لەباکووری ئەفریقیا لەپێش (ساڵی ٦٧٢ك-١٢٧٣-١٢٧٤ز) چەکێکی ئاگرداری بەکارهێناوە.

دەمانچە پاش تفەنگ پەیدابووە ولەسەدەی هەڤدەهەمدا لەدیاربەکر دروست دەکرا وەك بەدرێژتر لەبارەی هەردوانەوەم نووسیوە لەکتێبە دەستنووسەکەمدا (پەیدابوون و دروست کردنی چەکی ئاگردار لەکوردستان).

مەسەلەی شوێنە ئەسلیەکەی بنەماڵەی صلاح الدین حەقیقەتێکی رابووردووەو ناگۆڕێتەوە بەقسەی کەسانی نەزان چونکە مێژونووسانی کاتی ئەو ئەمەیان چەسپاندووە وئەگەر خەڵکی دوینی هەولێر با لەبەر ابن الاثير دانیشتووی موصل بزر نەدەبوو کەبەنسبەت دوینی ئەرمەنستانەوە لەبەر دەرگای ماڵی حسێب دەکرێت و بۆچی بازدەدا بۆ دوینی دەوری ئەرمەنستان و زۆر

ئاسـتتر و نزیکـتر بـوو بڵێـین صـلاح الدینـی ئەیوبی ئـەربیلی و یـان بڵێـین صـلاح الدینـی ئەیوبی خەڵکی ناوچەی ئەربیل چونکە ئەربیل نزیکترە بە نیسبەت مێژوونووسانی عێراق و شام و میسر لە ئەرمنستان.

هـەروەها لـەو ژمـارەی گولانـدا نوسـیویە عبدالرقیـب بەناهـەق شـەرەفخانی کردووەتـە ((رەسـام کەمەلایـەکی بـەئایین بـووە ورەسـم کردن لەمەزهەبی سوننەدا حەرامە)) .لێرەشدا نـەزانینی دەردەکـەوێ کەشـەرەفخانی مـیرە کـوردی مـەزنی زەمـانی خۆیـی کردووەتـە مەلایـەکی ئـایینی و لـەژیانی نـەزانیوە ؛وەك چۆن ئەییوبی باوکی سەلاحەدینی کردووەتە فەقێو گـۆڕی فـەقێی ئـەیوبێکی نەناسـراوی بەشـوێنی لـەدایکبوونی دانـاوە کەسـەر شاخێکی ووشك و برنگ ودوور لەئاوەدانییە ؛هـەروەها مـەڕوانی باپـیرە گـەورەی سەلاحەدینیشـی کـردووە بەشـێخ و پـیرێکی گەورەی تەسەووف و ناسناوی پیری لێ ناوەو گوتوویـە ئـەو (پـیر مـەروان)ەیـە کـەگۆڕی لەدێیـەکی بـاکووری خۆرئـاوای دوینـە و(پـیر ئەبووبەکر)یشی کردووەتە مامی باوکی کەهەر لەتاریخدا نەهاتووە باوکی مامی هەبووە یان نەبووەو کامە مێژوونوس ووتوویەتی مەروانی کوڕی یعقوب برای هەبووە وناوی ئەبوبەکرە؟ وەها بنەماڵەی کردوەتە بنەماڵەی عالم و شێخ و پـیرانی تەسـەووف .کـابرا نەعەلاقـەی بەتاریخـەوە هـەبووە ونەلـەتاریخ دەزانـێ ونەئەمانـەتی عیلمـی لـەلای هەیـە وەکۆمەڵـە درۆودەلەسەیەکی وەها خستە نێو مێژووەوە لەپێناوی خۆبەدەرخستن و درۆی خستووەتە ملی ئەم مێژوونوسەو ئەو مێژوونووسە.

هەروەها نووسیویەتی: (تانەیان ووت صەلاح الدیـن عارەبـە عبدالرقیـب بـەجواب نـەهات و وەڵامـی ئەوانـەیان نـەداو وەڵامـی منـی ددە کەرەگە ووردەکانی صلاح الدینم دۆزییەوە و وەڵامم دانەوە.).

منیـش دەڵێـم رەگ وریشـەی صـلاح الدینـت شـێواند نـەك دۆزیتـەوە. رەگ وریشـە کوردیەکـەی لەسـەدان سـەرچاوە دا هـاتووە وپێویسـت بـەوەڵام دانـەوەیان ناکـات و(خطیـب)ی (مسـجد الاقصـی)وەڵامێکـی هەمیشـە زیندوویـی داوە لـەرۆژی (٢٧رجـب ٥٨٣ك)دا رۆژی رزگـارکردنی (بیـت المقـدس) لـە(صلیبیـ)یـەکان لـەلای صـلاح الدینـەوە کـەرۆژی جومعـە بـووە ، خطیـب چـووە سـەر منبـەر وصـلاح الدیـن دانیشـتبوو وبـەم دێـرە شیعرە دەست بەخوێندنەوەی خوتبەی نوێژی جومعە کردو ووتی:

الحمد لله ذَلَّ دینَ ذي الصَّلـب وعَـزَّ بـالکردي دینَ المصطفی العربي

لێرەدا کـابرا خـۆی لەسـەرم کردوەتـە کـورد پـەروەرێکی گـەورە ئـەی لـەبیری چـوو کـە لـە تەلەفیزیۆنی هـەولێر دا پـار یـان پـێرار پێیـان ووت: (تـۆ بەعسـی بـووی) .ئـەی کـێ بـوو شـیعری بەبەعسـی هـەڵدەدا ولەرۆژنامـەکاندا بڵاوی دەکرد کەدانـەیان لەبەردەسـتە .ئەگـەر کوردپـەروەریا (تحریفـی)ی نەدەخسـتە نێـو

مێژووی کورد.

ئەو کاتە بەعسی بوو ئێستا کورد پەروەرە وئەوانەی نۆکەرو جاسوس بوون لەسەر رۆشنبیری کوردی ونووسەر ورۆشنبیرانی پاك وکوردپەروەر ئێستا لەبن باڵی حزبەکاندا لەپێشن و ئەمەش لەتاریخ بزر نابێت.

هەر لەو ژمارەیەی گولاندا نوسیویەتی ئەم دۆزینەوەیەم ((لەهەموو جیهاندا دەنگی دایەوە)) ئەم جۆرە قسانە لەیەکێك دەرناچێ ئەگەر عەقلی (سلیم)بێ وئەگەر نەخۆشی(نەفسی)ی نەبێ. شەرم بۆئەو کەسانەیە کەرێگایان دایە مرۆڤێکی وەها ئەم قسە بێ بنچینەو پووچەڵانە لەنێو خەڵکدا ودەوری بیست جار لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوی بکات کەمەسئولیەتی تاریخی تێدایە.

بەڵام فەرهاد عەو.. ..ر بەڕێوەبەری نوسین لە رۆژنامەی ب( برایەتی) نەیان ویست راستیەکان بکەونە بەرچاوی خوێندەواران وئەو ووتارەمیان بڵاونەکرد کەبەمە ئەوانیش بەشداری گوناهی شێواندن و چەواشەکردنی مێژوون .ئەگەر ئەم دوانە دڵسۆز بان بۆکاری رۆژنامەنووسی خۆیان دەبا مەمنوونیش بان جاروبار ووتاری بۆیان بنێرم لەم جۆرە ووتارانەم کەلەگۆڤاری هەزارمێرد ودهۆك و مەتین دا بڵاودەبن وئەگەر بڵاویان کردبا ئەم بەشەی ئەخیریش.. دایە پێیان کەئەوەی لەبارەی ئەم کێلانەوەم نوسیوە دراسەکردنێکی بەنرخی هونەری کێلە قەبرە لەکوردستانی باشوردا لەڕوویی هونەری وئەسەریەوە و تاریخیەوە و لێکۆڵینەوەیەکی وردە و نزیکە لە تەرزی لێکۆڵینەوەی وێنەکانی شەرەفنامە.

## پەراوێزەکان

١) ناوە ئەسڵیەکە (سەربەن) یانی (سەرپان)وەك بەئێمەیان ووت ،وئێستا ئەم ناوە بەکەمی لەسەر زمانی خەڵك ماوەو لەجوگرافیای نوێی عێراقدا بەچیای (پیرمام)ناوی هاتووەو جوگرافیا ناسان ئەم ناوەیان لەشەخس و گۆڕستانی (پیرمەم)ە وەرگرتووە کەلەنێوشاروچکەی مەسیف سەلاحەدینە.پاش ئەوەشی کەحکوومەتی عێراق ناوەڕاستەکەی کردە هاوینەهەوار ، بەشاخی مەسیف سەلاحەدین ناسرا. ئەوە لەلای خۆرهەلاتی دۆڵی دوینەوە دەست پێدەکات کەلەوێ پێی دەڵێن شاخی (بەبەن)و (گردخەلیل)وئەملاتر (سەردۆلان) وئەم لاتر (چوچیئاورێژ) و ئەم لاتر (سەربەن) ومەسیف وئەم لاتریش (سەری رەش).لەبەرئەوەی جێی دزو جەردەکان بووە حکوومەت یەکەمجار مەخفەرێکی لێدانا‌وەو پاشان کردوویە بەهاوینەهەوار.

٢) دێی (ماوەلوو)لەسەر چیای پیرمەمە لەنێوان مەسیف و سەری رەش و (بیرێژ)لەژێر (ماوەلوو)ە بەرانبەر بەسەفین و (گۆڕەشێر) لەخوار(بیرێژ)ە و دێهاتی بناری باشووری پیرمەم لە(گەلیاوە)و(بانەمان) ی دراوسێی کەلەسەر رێگای گشتییە و تادێی(گراو) هەر

عەشیرەتی (ماوەلوو)بوون .سوپاس هەیە بۆبرای بەڕێز کاک جەلال مام رەسووڵ مەولوود کاوانی کەئەم زانیاریانەی لەسەر ئەم خێڵە دامێ. (عباس العزاوی) لە(عشائر العراق الکردیە) دا ناوی عەشیرەتی مامەلووی نەمێناوەو (ماوەلوو)پێویستی ساخکردنەوە هەیە.

(٣) لە (١٩٩٩/١١/١٩)دا کەلەبابجیکەوە گەڕاینەوە،بەدۆڵی (ناوکەند)دا هاتین ،چونکە سالانی پاش راپەڕین ڕێکخراوێک ڕێگای ئوتومبیلی لەم دۆڵەدا کردووەتەوە بەلام قیرتاو نەکراوە. زۆر زنج وکۆختەی کۆچەرانی هەرکیمان لە دۆڵەکەیدا دیت کە چۆڵ بوون ،چونکە جاری کەلەکوێستان گەڕاونەتەوەو نەگەیشتوونەتە ناوکەند وتەنیا یەک گوندیان تێدا ئاوا کردووەتەوە. کانیاوەکانی کەم ئاون و بڕێکیان هاوینان ووشک دەکەن. زۆر کەندو گردۆڵکەی شینکین کەبەکەمی گیایان لێ شین دەبێت. بەلام بەرزیی لای باکووری شاخەکەی زنجیرە چیای دوین -کۆڕێ گیاو درەختی زۆرن و ئەولایە بە(چیای بیریێ) ناودەبرێ. چونکە وەک کاک جەلال مام رەسووڵ کاوانی گووتی: بیرێک لەولایەی شاخەکە هەیە و لە سەر هەرە بەرزترین جێی (تیرەشان)ی زنجیرە شاخەکە تەنیا یەک کانیی هەیە کەئاوەکەی ناخۆش و مەیلە گەڕاوە.ئەم ناو کەندە گەورەیە ، لەبەرئەوەی پڕکەندو دوورە دەست بووە ،کەسانی یاخی لەحکوومەت چوونەتە ئەو ناوچەیەو زەفەریان پێ نەبراوە.

دێی کاوانی ئێستا خانووەکانی شەقلاوەی پێ گەیشتوون ونزیکی دەروازەی ناوکەندانە، بۆیە کاک جەلال کەتەمەنی شەست ساڵ زیاترە زۆر شارەزای ئەوێو هەموو ناوچەی نێوان شەقلاوەو دوین و باباجیجکیشە وەدەڵێت: بیرمە هەرکی لەم ناوچەیە نەبوون .بەلام پاش شەهیدبوونی خورشید ئاغای برای فەتاح ئاغای هەرکی (و شەهید بونی شازادە هەرکی دیکەش) لەگەڵ شۆڕشگێڕ سکۆی شکاکدا لە (١٩٣٠) دا پەیدابوونی دوژمنایەتی نێوان هەرکیو ئیسماعیل ئاغای باوکی موشیر ئاغای ڕێوی) ی سەرۆکی خێڵی گورانی ناوچەی (بەردەرەش) ،بەشێک لەهەرکی لەگەڵ فەتاح ئاغادا هاتنە ئەمبەری سۆران و فەتاح ئاغا دێی (میرئاخوڕ)ی لەنێو گەردی کڕی وهەندێک دیهاتی دیکەی بەنیوەیی کڕی .سدیق میرانی شەقلاوەیی سەرۆکی بەشێکی زۆری خۆشناوەتیش بەفەتاح ئاغای گوت: باهەرکی بێنە (ناوکەندان) وڕێی پێدان ،چونکە خزمایەتی لەنێوانیاندا هەبوو کە (حەلیمەخان) ی خوشکی دابووە ئەسعەد ئاغای کوڕی فەتاح ئاغا.پێشتریش (مراری)ی خوشکی مەجید ئاغای حەمەد ئەمین ئاغای کوڕێ سەرۆکی خێڵی (ماوەلوو) یش ژنی خورشید ئاغا بووو ،ئەوانیش خزمایەتییان لەگەڵ میرانی قادر بەگ و سدیق بەگی کوڕیدا هەبوو. ئیتر بەم هۆیانە بەشێکی هەرکی هاتنە ناوچەی دوین و ناوکەندان و

هێندێکیان لەکۆڕێو حوجران وئەرمەوان نیشتەجێ بوون .بەلام هاوینان هێندێکی هەرماڵێکیان لەم دێهاتانە دەمێننەوە وهێندێکی دیکەیان لەگەڵ مەڕوماڵاتدا دەچنە کوێستانان .ئێستا هەرکی دەڵێن ئێمە چوارسەد ماڵین کۆچەرایەتی لەدوین و ناوکەنداندا دەکەین. ئەگەر چی زانیاری‌یەکانی کاك جەلال زۆر گرنگن ،بەلام هەرکی پێشتر هێندێکیان لەمبەری‌ناوچەی سۆران هەبو، . بەلام رەنگە دوای شەهیدبوونی خورشید ئاغازیاتر پەڕینەوەو گەیشتبنە ناو کەندان و حوجران .

٤)عەشیرەتی خەیلانی تا(١٩٦٢)یش کۆچەرایەتی دەکرد، بەلام پاشتر لەبەر باروودۆخی شۆڕشی کورد وناوچەکەیش سەرتاسەر بوو بەشەرگە ،بۆیە کۆچەرایەتی زۆر کز بوو.بەلام هەرکی کۆچەر، تائەمڕۆ هەر کۆچەرن و هاوینان دەچنە ناوچەی لۆلان و سەر سنووری شنۆو مەرگەوەڕ .پێش دەست دەستپێکردنی شۆڕش ،خێڵی گەورەی هەرکی کەزۆربەیان لەناوچەی ئاکرێ دادەنیشن، هەموو کۆچەر بوون وهاوینان دەچوونە چیاکانی باشووری مەرگەوەڕ و(دەشتە بێڵ)و تاتەرگەوەریش. بۆیە ئێستا زۆر هەرکی لەم سێ ناوچەیە ماوون .

پایزی ١٩٥٨ لەدێی (کانی سپی)ی دەشتەبێڵەوە لەگەڵ کۆچەری هەرکیاندا هاتمە دیانە لە رێگای برادۆستەوە.

ئەم رۆژانەی رابوردوو برای بەرێز عەریف سلیمان هەولێری کەبیرەوەریە بەنرخەکانی خۆیی لەسەر سەرەتاکانی شۆڕشی کورد نووسووەتەوە و نەخشێکی بەرچاوی لەوزەمانەدا هەبوو، گووتی: من کەعەریفی پۆلیس بووم لە(سیساوە) ،هەموو ساڵێك بەهارو پایزان نووسراوی رەسمی دەهات بۆ ئێمەو مەخفەرەکانی دیکە تادیانە بۆ ئەوەی رێگای گەلی عەلی بەگ حەوت رۆژ لەهاتووچۆی ئوتومبێلەکان قەدەغە بکرێت کە ئەو رۆژانە مەڕوماڵاتێکی زۆری کۆچەر (رەوەند) ەکانی خەیلانی وهەرکی وهیی دیکە هەموویان لەگەڵییەوە هاتووچۆی کوێستان و شوێنی زستانانیان دەکرد.هێندێك ساڵ دوو رۆژی دیکەیشیان بۆ زیاد دەکرا. بەلام کەشۆڕشی بەسەردا هات و شۆڕش بەهێزبوو ،ئیدی ناوچەکە بوو بەمەیدانی شەڕو زۆر لەکۆچەران نیشتەجێ بوون ،چونکە هاتن وچوونیان زەحمەت بوو.

ئێمە هەردوو رۆژانی ١٨و١٩ی تشرینی دووەم ١٩٩٩ تووشی کۆچەرانی هەرکی بووین لەدوین و بابجیجك ،لەکوێستانەوە دەهاتن.خاڵە(قەتو) قادر حەسەن هەرکیمان لەبابجیجك بینی، تەمەنی لەشەست ساڵ پتر بوو .زۆری باسی زیرەکیی خوشکە جوان جەمیل حاجی عەبدولا هەرکی کرد کەلەوێ بوو.گووتی: ئەو رۆژانەی پێشوو کەمەڕمان لەگەلی عەلی بەگەوە دەهێنا ،لەبەر هاتووچۆی ئوتومبێل زۆر سەخڵەت بووین .ئێمە سێ زەلام پەکمان کەوت. جوان لەهەموومان

بەهێزتر وزیرەکتر بوو، مەرەکەی لەگەڵ دەرباز کرد.جوان ژنێکی گەنم رەنگی جوانی چوارشانە وزۆر بەکارو لێهاتوو وڕووخۆش وسەربەست دەهاتە بەرچاو. مخابن کامێراکەم فیلمی تێدا نەمابوو تاوێنەی جوان و خاڵە قەتوو بگرم .ئەوی سەرنجی راکێشام ئەوەبوو: ناوی کوردی کۆن لەنێو ئەم هەرکیە رەوەندانەدا زۆر باوە. بیرم کردەوە لەوە کەدەبێ ناوی کوردی حەوتسەد یان هەشتسەد ساڵ لەمەوبەر چەند زۆر وناوی عەرەبی کەم بووبن. ئێستایش بەهۆی گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتیەوە ناوی کوردی لەشارەکاندا زۆر بووەو، ئەم ٢٠-٣٠ساڵەی دوایی لەهێندێك شاردا زۆر لەناوە عەرەبیەکان زیاتر بوون ،لەکاتێکدا پێشتر بەدەگمەن ناوی کوردی لەنێو خەڵکی شارەکاندا دەبیسترا.

٥)عباس العزاوی لە(عشار العراق الكردية) ،ص١٢٧ دا دوینی بەدێهاتی گەردی داناوەو گووتوویە گەردی لەخێڵی (شمر)ی عەرەبەو ،خێلاتی زراریو سوورچی و میرانی سۆرانیشی کردوونە عەرەب و نووسیویە :سەلاحەدین لەدوین لەدایك بووە و گەورەبووە ،بەپێچەوانەی هەموو مێژوونووسانەوە رەنگە عەزاوی ئەم هەڵەیەیشی وەك تاقمی دائیرەی گشتی شوێنەواران لەخەڵك وەرگرتبێ .مێژوونووسان هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کەسەلاحەدین لە(تکریت) لەدایك بووە، بۆیە پشت بەزانیارییەکانی نابەسترێ.

٦)مەسەلەی لەنێوبردنی محمەد پاشا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەکورتی وەهایە:

پاش ئەوەی محمەد پاشا بەبەڵێنەکانی رەشید پاشاچووە ئەستەمبووڵ ،سوڵتان مەحموودی دووەم لێی خۆش بوو وڕێی پێدا بگەڕێتەوە سەر میرنشینەکەی. ئەویش گەڕایەوەو (٦٧١ کم) رێگای بڕیو گەیشتە (ئاماسیە)،دوای دەرچوونی لەئەستەمبووڵ سوڵتان بە راپۆرتێکی عەلی رەزا پاشای والیی بەغدا بیری گۆڕیوە کەتێیدا نووسیویە: ئەگەر محمەد پاشا بگەڕێتەوە فیتنەو ئاژاوە لەناوچەکەدا بەرپادەکات و ،ئەگەر دووریش بخرێتەوە بۆ ئەنادۆڵ ولەوێ جێگیر بکرێ، هەر بەئارامی دانانیشێ جا داوای کردووە دوور بخرێتەوە بۆ (رۆم ئێلی) ،واتە ئەو ناوچە ئەورووپییانەی کەلەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون. ئەمە لەو هەمان بەڵگەنامەیە وهێندێك بەڵگەنامەی دیکەشدا هاتووەکەبەشێکیان هیی عەلی رەزا خۆین و دانەیانمان لەلا هەیە. ئیتر سوڵتان (یوسف)ی‌تەتەری بەدوای محمەد پاشا دا ناردووە و ڕۆژی بیست ونۆی مانگی (صفر)ی١٢٥٣ ك (=١٨٣٧/٥/٢٥ز) بەمحمەد پاشا گەیشتووە لەئاماسیەو بڕیاری وەستاندنیی لەئاماسیە داوەتە جێگر (متسلم) ی‌والی حاجی محمەد شاکر ومحمەد پاشایش ئاگادارکراوەتەوە ،وەك محمەد پاشا خۆی لەنامەیەکیدا بۆ سوڵتان نووسیویە وزۆر پێدەچێ دابێتە یوسف و بردبێتیەوە بۆ

سوڵتان.

پاشان (الحاج ولی) ی بڕواپێکراوی سوڵتان لەحەوتی (ربیع الاول) ی ١٢٥٣ ك (=١٨٣٧/٦/١١) دا گەیشتووەتە ئاماسیە بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەمان مەبەست. بەڵام لەنووسراوێکی حاجی محمەد شاکردا رۆژی هەشتی (ربیع الاول) نووسراوە، وەك حاجی محمەد شاکر لەنامەیەکی خۆیدا نووسیویە. محمەد پاشایش نامەیەکی دیکەی بەفارسی بۆسوڵتان نووسیوەو ،رەنگە هەر تەسلیمی حاجی وەلیی کردبێ. پاشتر سوڵتان بۆ حاجی محمەد شاکر ووالیی تەرابزوونیشی نووسیوەو بڕیاری داوە محمەد پاشا لەئاماسیەوە ببەن بۆ بەندەر (میناو)ی سامسوون (صامسون اسکلەسنە)ی سەر زەریای رەش و بیخاتە نێوپاپۆڕێك ولەرێدا ئیشی تەواو بکات و فڕێی بدەنە نێو زەریا((واثنای راهدة ایشی بتوردوب دکز القا ایلمسنك)) .داوایشی لەشاکر بەگ کردووە ،دوای جێبەجێکردنی فەرمانەکەی، ئاگاداری بکاتەوە.هەروەها سوڵتان تێیدا نووسیویە :- ((یان پاش ئەوەی دەیبەنە شوێنی دوورخستنەوەی ،واتە بۆ (ڕۆم ئێلی) ئەوەی پێویستە جێبەجێ بکەن.)). یانی لەوێ بیکوژن ،وەك لەسێیەم بڕگەی بەڵگەنامەکەدا نوسراوە و هەروەها تێیدا هاتووە : (کوشتنی تاوانبار بەڕاست هاتووەتە زانین)).محمەد پاشا لەئاماسیە سێ نامەی بۆ سوڵتان نووسیوە.

مێژوونووس حسین حوزنی موکریانی لەکتێبە گرانبەهاکەیدا (موجز تاریخ امارة سوران ، ص٦٩) نووسیویە:مەلا عەزیزی موفتیی ئامۆزای پاشا کەلەگەڵیدا بووە ، رۆژی دوایی کوشتنی پاشا ،کورك (فەروە)وپانتۆڵو جامانەی پاشای لەسیواس یا تەرابزوون بەدەستی دەڵاڵەکانی بازارەوە دیون. ئیتر لەگەڵ یاوەرانی دیکەی پاشادا بەپەلە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان.

جارێ لە نێو بردنی پاشا لەسیواس یا تەرابزوون نەبووەو، دەبێ محمەد شاکر بڕیاری سوڵتانی جێبەجێ کردبێ بەفڕێدانی بۆ نێو زەریا یان لەنێوبردنی پاش گەیاندنەوەی بۆ شوێنێکی (ڕۆم ئێلی) .لێرەدا فڕێدانەکەی بۆ نێودەریاو خنکاندنی زیاتر پەسەند (ترجیح) دەکرێ لەبەردوو هۆ :یەکەم کەپاشا لەمەلا عەزیز وئەوانی دیکە جیاکراوەتەوە لەئاماسیە ، ماونەتەوەو ،زۆری پێنەچووە ،مەلا عەزیز جلوبەرگەکانیی بەدەستی دەڵاڵەکانەوە دیون. جالەبەرئەوەی بەنرخ بوون ،بەتایبەت فەروەکە، ئەوانەی کەپاشایان بەرەو زەریا بردووە ئەو پارچانەی جلوبەرگەکانیان لەبەرداکەندووە تا بۆخۆیان بیانفرۆشن .مانای وایە لەزەریاوە نەیانگەیاندووەتە خۆراوای زەریای رەش کەلەوانەیە چوون و گەڕانەوە دەوری مانگێك یا زیاتر بخایانێو ،پاشان بۆچی ئەو زەحمەتە بکێشن کەسوڵتان ڕێی پێداوون لەولای ئەسکەلەی سامسوونەوە فڕێی بدەنە نێو

زەریـا ؛دووەم –مـن وغـەیری منیـش پێـش بەدەسـت خسـتنی ئـەم بەڵگەنامـە گرنگـە بیستوومانە ورەنگە لەمێندێك سەرچاوەشـدا نوسرابێ کـە محەمـەد پاشـا فڕێدراوەتـە نێـو زەریـای ڕەش و ئـەم قسـەیە هـەبووە،بـەڵام بەڵگـەی لەسـەر نـەبووە و هـەندێ کـەس باوەڕیان نەدەکرد.جا پێدەچێ مەلا عـەزیری موفتـی پێـی نـەزانیبێو واتێکەیشـتبێ کووشتوویانە.دەنـا مەسـەلەکە لـەرەواندزیش بـڵاو دەبـووەو حوزنـی موکریـانیی مـەزنیش وەریدەگرت ،چونکە زۆربـەی زانیاری‌یـەکانی خۆیی لەنێزیکەوە لەرە چە(جیل)ی دووەم لە کوڕانی کەسانی ئەفسەر یا چەکدارو سەرباز وخەڵکی سـەردەمی پاشـاوە وەرگرتـوون،وەك چەندین جار باسی کردووە .پێم وایە پاشتر ئـەو کوردانـە کەبەتایبـەتی کاربەدەسـتی ئەوکاتـەی دەوڵـەتی عوسمـانی بـوون و بەتایبـەت لەئەستەمبووڵ و یـان بـەغدا کـە، دوای ئەوەی عـەلی رەزا بـەرەسمی لەچۆنیـەتی خنکاندنی پاشـا لـەزەریای رەشـدا ئاگـادار کراوەتـەوە ئـەوانیش پێیـان زانیـوەو قسـەکە لەوانـەوە داکـەوتووە.گومانیشـی تێـدا نییـە کەسـوڵتان داوای لەشـاکر بـەگ کـردووە لەئەنجامی لەنێوبردنی محمەد پاشا ئاگاداری بکاتـەوە، ئـەوەیش نامـەی بـۆ سـوڵتان نووسیوەو ووردەکاریی بەسەرهاتەکەو رەنگە ڕۆژی فڕێدانە نێو زەریاکەیشی تێدا نووسیبێ . دوور نییـە بەڵگەنامەیـەك بـەم مەبەسـتەوە ڕۆژێـك لـەڕۆژان پـەیدا ببـێ ،چونکـە ١٠٪ی بەڵگەنامـەکانی عوسمـانی ڕێکخـراون ولەبەردەستدان وسـەرجەم دووسـەدو پـەنجا ملیۆن بەڵگەنامەن.

ئەو بەڵگەنامانەی ئاماژەم بۆ کردن و دەیان بەڵگەنامـەی دیکەیشم لەبارەی محمـەد پاشاو شۆڕشـەکەیەوە لـەلام هـەن و نیازمـە هـەموویان بەناونیشـانی بەڵگەنامـەکانی شۆڕشـی محمـەد پاشـای رەواندوزی یـەوە لـەکتێبێکی تایبـەتدا بەوەرگێڕانی کوردییانەوە بڵاوبکەمەوە .

لـەکۆتاییدا سوپاسـی بـرای بـەڕێز کاك سـدیق صالح دەکەم کەئەم بەشەی دوایـی بەشێوازی خۆی بۆ داڕشتمەوە و هەروەها ئەمەشـی زیاد کرد کە لە کتێبی ((رەوشـی کـوردان ،ل١٤٧)ی عـەبدولقادری کـوڕی ڕۆسـتەمی بابـان کـەکاك کـەریمی حیسـامی وەریگـێڕاوەو تێیـدا هـاتووە:– (( سـوڵتان بەسـەدری ئـەعزەمی گـوت، بۆحـاکمی بنووسـە کەدەسـت بـەجێ محمد پاشا دەجـەواڵێك بـدووریێو دەبـەحری باوێت )) بـەڕێز کـاك سـدیق صـالح لـەکاتی پاکنوس کردنی ئەم بەشەدا ئەم زانیاری‌یەی لەو سەرچاوەیەی وەرگرت))

تێبینـی : وێنـەی ئـەو ئاسـارەی ئـاکرێ کەوتوەتـە مەوزوعی جبل جـور لـە (ل ٦٠) دا بـەڵام وێنەکـەی (ل ٨٥).

# گرنگی لێکۆڵینەوە و خوێندنی زانستی مۆزەخانەکان ......

( شاری السماوی )

بە عەرەبی نووسیوە ، حەسەن عەبدول کەریم وەریگێڕاوەتە سەر کوردی

وڵاتانی جیهان بایەخێکی زۆریان داوە بە دامەزراندن و زۆر کردنی ژمارەی مۆزەخانەکان و بەرز کردنەوەی ڕادەی ڕێکوپێکییان بە مەبەستی ڕاکێشانی هاووڵاتیان و گەشتیاران بۆ سەردانی ئەو مۆزەخانانە و شارەزا بوون لەو کۆمەڵە ئەنتیکانەی لەوێدا دانراون ، لەم سەردەمەدا مۆزەخانە بووەتە پێوەرێك بۆ بەرزی و پێشکەوتنی میللەتان و، سەردانی ئەو مۆزەخانانە و شارەزا بوون لەو شتانەی کۆکراونەتەوە لەوێدا بەڵگەی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی هەر میللەتێکە. ئەمڕۆ لەڕێی مۆزەخانەکانەوە دەکرێ ئاستی سەرکەوتن و پێشکەوتنی میللەتان بپێورێ ، و لە هەمان کاتدا سەردانی مۆزەخانەکان و وردبوونەوە و تێگەیشتن لەو شتە کۆکراوانەی ئەوێدا وەك بەڵگەیەك پلەی پێشکەوتن و ڕۆشنبیرێتی هەر میللەتێك پێشان دەدات.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەموو پەیمانگە و زانکۆکانی جیهانی زانستی مۆزەخانەکانیان) تیا ئەخوێندرێ و کەسانێکی پسپۆڕ و شارەزای ئەو بوارە هەوڵ و کۆششی خۆیان تەرخان کردووە ؛ بۆ ورد بوونەوە لە بابەتەکانی ئەو زانستە و پەیمانگاکانی هونەری و ئاسەوار گرنگی تەواویان داوە بەو بوارە و ژمارەیەك لەمۆزەخانە گەورەکانی جیهان بە بەردەوامی خەریکی وتنەوەی وانەکانی ئەم زانستەن بەو کارمەندانەی کە لەو بوارە ڕۆشنبیرییە گرنگەدا کار ئەکەن و ئەم گرنگی دانە بە کەلەپووری شارستانییە لە بوارێکی سنووورداری ناوچەییەوە سنووری بەزاندووە بۆ هەموو جیهان . لەم سەردەمەدا لە سەرجەمی زانکۆ و پەیمانگاکانی جیهاندا ( بابەتەکانی زانستی مۆزەخانەیان) تێدا دەخوێندرێ کە ژمارەیەك لە پسپۆڕ و شارەزایان ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە، و بایەخێکی تەواویان بە وردبوونەوە لە بابەتە زانستی یەکان و پەیمانگەکانی هونەر و ئاسەوار داوە ، لەمەش بترازێ ژمارەیەك لە مۆزەخانە بە نێو بانگەکانی جێهانی بەردەوام وانەی زانستی سەبارەت بەم بابەتە و کارمەندانە دەڵێنەوە کە لە بەشی ڕۆشنبیری دا کاردەکەن ، هەڵبەت بایەخدان بە کلتوور و شارستانیەت لە چوارچێوەیەکی شەختە بەستووانەی نێو چەگەرێتیدا چووەتە دەرێ و سنووری هەموو جیهانی بەزاندووە.

ساڵی ١٩٤٧- ١٩٤٨ ئەنجومەنی نێو نەتەوەیی مۆزەخانەکان ( ئیکوم) دامەزرا ،

بەهۆی هەوڵی بەڕێز ( هاملان) بەڕێوەبەری مۆزەخانەی زانستەکان لە شاری ( بافالو) ی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، پاشان چەند لیژنەیەکی تایبەت لەو ئەنجومەنە نێو دەوڵەتییە جیابوویەوە ، ئەو لیژنانە لە ناوخۆیاندا زانیاری پیشەیی و زانستی ئاڵوگۆڕ دەکەن و هەروەها ڕێکخراوی یونسکۆ و ئەنجومەنی نێو دەوڵەتی مۆزەخانەکان بەهاوبەشی چەند گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە مۆزەخانەکان هەروەها گۆڤاری (COMNEWS) و چەند بڵاوکراوەی تر دەردەکەن و یونسکۆ پشتگیری ئەنجومەنی نێو نەتەوەیی مۆزەخانەکان دەکات.

زانستی مۆزەخانەکان هاوبەشی کردووە لە نوێکردنەوەی مۆزەخانەکاندا و بەرز کردنەوەی ڕادەی ڕێکوپێکییان ، ئەمەش بەهۆی دابینکردنی ئامێری تازە و پێشکەش کردنی خزمەنگوزاری جۆراوجۆر و دامەزراندنی ( فەرمەنگەیەکی پەروەردەیی) بۆ جێبەجێ کردنی خواست و ئارەزووی ئەوانەی سەردانی مۆزەخانەکان دەکەن.

پێشتر مۆزەخانەکان لە ناو ساختمان و تەلارە کۆنەکاندا دائەمەزرێنران وەك کۆشك و تەلارە کۆن و پەرستگاکان و شوێنی لەم جۆرانە بەلام ئێستا لێپرسراوان گرنگی دەدەن بە دروست کردنی ساختمانی تازە بۆ مۆزەخانەکان و هەموو زانیارییەك ئامادە ئەکرێ بۆ ئەوانەی سەر لەو مۆزەخانانە دەدەن.

ئەگەر مۆزەخانەکان شان بە شانی کتێبخانە و بەڵگە نامەخانەکان ، شوێنێکن بۆ پاراستنی میرات و کەلەپووری بۆنەوەکانی ئایندە ، ئەوا زانستی مۆزەخانەکان ئەو ئەرکەی گەیاندووە تەپلەیەکی بەرز و دووپات کردنەوەیەکی ڕۆڵی گرنگی مۆزەخانەکانە لە بەرەوپیش چوونی میللەتان لەبواری زانستی و کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیدا .

پوختەیەکی مێژووی زانستی مۆزەخانەکان .

سەرەتای ئەم زانستە لە سەدەی هەژدەهەمدا بووە یەکەم زانایەکیش کە لەو بوارەدا دەست بەکار بووبێ ( کاسپر .ف. ناکیل ) ە ، کە لە سەرەتادا بازرگانێك بوو لە شاری هامبورغ دا ئەم بازرگانە بەهۆی پێشەکەیەوە شارەزاییەکی تەواوی پەیدا کردبوو لە هەموو ئەو ئەنتیکە و شتەنایابە هونەری و سروشتیانەدا و چۆنیەتی هەلگرتن و پاراستنیان و لەم بارەیەوە کتێبێکی بە زمانی لاتینی دانا بە ناوی ( موزعرافیا ) ە هەروەها ئەو بازرگانە بەوە ناسرا بوو چی شارەزایی خۆی هەبوو پێشکەشی ئەکرد بەوکەسانەی شتیان لێ ئەکڕی و چۆنیەتی پاراستنی و گرنگیەتی مێژوویی ئەو شتانە .

سەرەتای سەرهەلدانی مۆزەخانەکان .

وشەی مۆزەخانە ، واتا ئەو شوێنە کە شتومەکی بە نرخ و دەگمەن و گرانبەها و هەموو ئەو شتانەی کەخەلك حەز دەکا سەیریان بکا ، تیا کۆکراوەتەوە ، مرۆڤیش هەر لە دێرزەمانەوە حەز لە هەلگرتنی شتی

دەگمەن و نایاب و ئەنتیکە دەکا ، هەر مرۆڤێکیش جۆرە ئارەزویەکی هەیە بۆ هێشتنەوە و هەڵگرتنی ئەو شتە نایابانە، وەك پارە ، سەعات،خشڵ ، پوولی پۆستە ، زۆرجاریش هۆی ئەم ئارەزو مەندییە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێزگرتن لە ڕابوردوو ، ئاگاداربوون لە سەرەتای پەیدابوون و ئەو گۆرانکاریيانەی بەسەر ئەو شتەدا هاتووە ، ئەم ئارەزوومەندانە پاشان هەستیان کرد بە پێویستی ژمارەکردن ، پۆلێن کردن ، ڕێکخستنی ئەو شتانە لە چەند دۆلابێکدا بۆ پاراستنیان.

ئەگەر ئاورێك بدەینەوە لە سەردەمی گەشەسەندنی شارستانیەتی ئیسلام مێژوو ئەوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە ئەوکاتە تا چ ڕادەیەك شەیدای ئەنتیکە و شتی نایاب بوون و چۆن هانی هونەرمەندانی هەڵکەوتوو پێشەوەرە دەست ڕەنگینەکان دراوە بۆ ئەوەی جوانترین بابەتی ئەنتیکە و گرانبەها و دەگمەن دروست بکەن ؛

ئەم خولیا و ئارەزرومەندییە لە پەرەسەندا بوو لای دەوڵەمەند و خەلیفەکانی ئیسلام بۆ کۆکردنەوە و بە دەست هێنانی چی بابەتی ئەنتیکە و هونەری گرانبەها و دەگمەن بوو.

هەر لەم بارەیەوە خەلیفەی عەباسی ( احمد الراضي بالله ٩٤٠ - ٩٤٤ ) لە نێو کۆشکەکەیدا دۆلابێکی هەبوو شتی نایاب و عەنتیکەی تیا کۆکردبووەوە ، مێژوو نووس (محمد بن يحى الصولى) دەرهەق بەو خەلیفە دەڵێت : لە هیچ شوێنێك بلوورم نەدیوە بە ئەندازەی ئەوەی کەلای خەلیفە (الراضي) هەیە و هیچ پاشایەك ئەوەی نەکردووە کە ئەم کردوویەتی و ئەوپارەیەی خەرج نەکردووە کە ئەم خەرجی کردووە ) لە سەردەمی (بوویهی) یەکانیشدا ( ٩٤٥- ١٠٥٥ ) ( عضد الدولة بن بوية) بایەخێکی تەواوی دابوو بەکۆ کردنەوەی ئەنتیکەی جوان و نایاب، ( ابراهيم بن هلال الصائبي الحراني ) ( ٩٢٥ - ٩٩٤ ) دەڵی ، کە گەلێك شتی گران بەهای لە پاش خۆی بەجێ هێشت لەگەو هەرو یاقوت و ئەڵماس و بلور و چەك و جۆرە کەلو پەلی زۆر زۆر .

هەروەها ( ابن الجوزى) لە کتێبێکیدا بە ناوی (المنتظم و ملتقط الملتزم ) دەڵێ: بەهائە الدين ئەوەندەشتی نایاب و بە نرخی کۆکردبوە وە کە هیچ کەسی تر ئەوەندەی ئەو لەو شتانە کۆنە کردووتەوە ؛ هەروەها (عبدالملك بن محمد الثعالبى ٩٦١ - ١٠٣٨ ) دەڵێ :/ خەلیفە ( المكتفى بالله ) بڕێکی زۆر چەك و کەلو پەلی نایاب و گەوهەر و خشڵی بە نرخی بەزێر ئەخشێنراوو ڕاخەری کرمانی و فەرشی گرانبەهای پاش خۆی بەجێ هێشت.
لە ساڵی ١٢٥٨ دا کاتێ کە ( مەغۆل ) و تەتار هێرشیان کردە سەر شاری بەغدا هەموو ئەو شتە گرانبەها و نایابانەی کە خەلیفەکانی عەبباسی کۆیان کردبووەوە هەموویان بەتاڵان بردو ئەو شارستانیەتەیان لە ناوبرد.

لە سەردەمی ( فاطمى ) یەکانیشدا لە میسر

گەلێك شوێنی جوان و ڕێك و پێكیان ئامادە کردبوو بۆ ئەو بابەتە گرانبەهاو بە نرخانەی کە هەیان بوو وەك .

١- دار السلاح - جبەخانە ، ابن علی العزیزی (١٣٦٤ - ١٤٤٣ ) دەڵێ ئەم جبەخانەیە چەکێکی زۆری تێدا بوو ، لە نێوانیاندا شمشێرەکەی ئیمام عەلی کوڕی ئەبو طالب کە بە ذوالفقار بە ناو بانگ بوو ، هەروەها شمشێرو قەڵغانەکەی خەلیفە ( المعز ) و شمشێرەکەی ئیمام حسینی کوڕی عەلی و شمشێرەکەی ئیمام جعفر الصادق و گەلێکی تر لەو شمشێرانەی کە بە ناوبانگ بوون.

٢-گەوهەر خانە .

٣- شوێنێك بۆ نەقش و نیگار.

٤-شوێنێك بۆ کەلو پەلی ناسك و نایاب و دەگمەن .

٥-شوێنێك بۆ کەل و پەلی ئەسپ وەك زین و شتی تر هەر لەم بارەیەوە لە سەردەمی خەلیفە و میرەکاندا لە ئەندەلوس کۆشکەکانیان پڕبوو لە جوانترین ئەنتیکە و شتومەکی بە نرخ و گرانبەها ، بۆ نمونە عبدالرحمن الناصر ٨٩١ - ٩٦١ ، کۆشکی ( الزهراء ) ی دروست کردبوو بۆ ئەو مەبەستە ، ابن رقیق القیروانی (١٠٢٦) باسی ئەو کارەساتە دەکا کە چۆن هێرش کرا بە سەر ئەو کۆشکە و چی شتی نایابی تێدا بوو هەمووی تالان کرا لەگەڵ هەموو کۆشکەکانی تردا لە شاری ئەندەلوس.

ئەم ئەنتیکە و شتە نایاب و بە نرخانە بازاڕی تایبەتی خۆیان هەبووە بۆ فرۆشتنیان و دەلاڵ و فرۆشیاری تایبەتیشیان هەبوە کە پەیوەندییان پەیدا کردووە لەگەڵ هاوڕێکانی خۆیاندا لە ئەوروپا و شوێنەکانی تردا ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە عەرەب و مسوڵمانەکان یەکەم کەس بوون کە دەسپێشخەرییان کرد لە کۆکردنەوەی ئەنتیکە و شتی نایاب و گرانبەها لە کۆشکە گەورەکانیاندا و ' هەر چەند بەم شێوەیەی ئێستا شتێك نەبوو پێی بوترێ مۆزەخانە، بەلأم ئەو کارە هونەرییانە و شتی بەنرخ و گرانبەهایانە کە کۆیان ئەکردەوە کۆشکەکانیانی کردبووە مۆزەخانەیەك.

لە ئەورووپاشدا هەر لە سەدەی چواردەهەمەوە هەندێك لە شازادە و میرەکان بوونە خاوەنی کۆمەڵە ئەنتیکەیەك ، بەناوبانگترین ئەوانەی میرەکانی ( بورجونی) و( دۆ بیری) و لە سەرو ئەمانەوە کۆمەڵەی خانەوادەی ( میتش) . لە سەردەمی ڕینیسانسیشدا ئارەزووی خەڵك بۆ پێکهێنان و کۆکردنەوەی شتی ئەنتیکەو گرانبەهاو شتی کۆن لە پەرەسەندندا بوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی لە ئیتالیا دەسکرا بە کنە و پشکنین لە شوێنە کۆنەکاندا و پشکنەرەکان چەند بابەتێکی نایابی کونی پێش سەردەمی ئایینی مەسیح یان دۆزییەوە.

ڕۆما شاری مۆزەخانەکان.

* لەساڵی ١٤٧١ دا پاپاسیکستی چوارەم

مۆزەخانـــەی بـــەناوبانگی ( کـــابیتول)ی دامـــەزراند لـــە تایبەتمەندییـــەکانی ئـــەو مۆزەخانەیەش ئەوە بوو کە یەکەم چی بابەتی ئەنتیکـەی تێـدا بـوو ریـز بـەندی و پۆلێـن کرابوون ، دووهـەم ڕێگادرا بە خەڵك بچن بـۆ سـەیر کردنـی ئەو شتانە، سێهەم دەسکرا بە تۆمار کردنی پارچە هونەرییە بە نرخـەکان ، ئەوانەی کەشایستەی تۆمار کردن بوون.

* ( پـول جـوف) ١٤٥٧ دەسـتی کـرد بـە کۆکردنەوەی کۆمەڵە وێنەو نیگاری گرنـگ و تایبەتی و وێنە کێشەکان ڕوویان کردە وێنە گرتنـەوەی ئەو نیگار و وێنانە و ئەو کۆمەڵە وێنانـەش بـەناوی خاوەنەکەیـەوە ناوبـانگی دەرکرد و پاش ئەو هەموو ئەو کۆمەڵە وێنانە بـوون بـە مۆزەخانـە لـە هـەموو وڵاتـانی ئـەورووپادا ؛ هـەروەها ڕۆشـنبیران و ئەوانـەی کەخاوەنی بیری تۆێخوازی بوون پشتگیرییان ئـەکرد لەدروسـتکردن و دامـەزراندنی چـەند هۆڵێکـی گـەورە بـۆ کـارە هونەرییـەکان ، هـەروەها لەکۆشکی ( لۆڤەر) دا مۆزەخانەیـەك کرایەوە و کەشۆڕشی فەرەنسا دەستی پێکرد گرنگی زیاتر درا بە مۆزەخانەکان و لە ساڵی ١٧٩٣ دا مۆزەخانـەی لۆڤـەر کـرا بەیەکـەم مۆزەخانەی نیشتمانی لە ئەورووپا دا و بوو بە ناودارترین مۆزەخانەکان ، بەدوای ئەوەدا و لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمدا گرنگی درا بە مۆزەخانەی ئاسەوار و دەسکرا بە کاری کنە و پشکنین لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا و ئەو پشکنینانە بووە هۆی دەوڵەمەند کردنی مۆزەخانەکان بەو شتە نایاب و ئەنتیکانەی کە ئەدۆزرانـەوە ، لـە سـاڵی ١٨٢٦ دا بەشێکی تایبـەت کرایـەوە بـۆ ئـەو ئەنتیکانـەی کـە پـەیوەندییان هـەبوو بـە وڵاتـی میسـرەوە ، هـەروەها چـەند بەشێکی تـر دانـران بـۆ ئـەو ئەنتیکانەی تایبەتن بەخۆرهەڵاتەوە .

* لە بەریتانیادا لە ساڵی ١٧٥١ مۆزەخانـەی بەریتانی دامەزرا ، کە لە سەرەتادا کـۆ مەڵە ئەنتیکـەکانی ئولیفیەسـلان ، کتێبخانـەی ئۆکسـفۆرد ، هـالالی ، ڕۆبـێر کوتـون ، ی لـە خۆگرتبوو ئەو مۆزەخانەیەش سەر بە دەوڵەت بوو ، لە سـاڵی ١٨٨٢ دا سـاختمانێکی تـازە دروست کرا بـۆ ئـەوەی جێگـای هـەموو ئـەو شاکارە هونەری و ئەنتیکانەی تیا ببێتەوە کە پـاش گرنگـی دان بـە پشـکنینی لـە وڵاتـە خۆرهەڵاتییەکاندا ڕۆژ لە ڕۆژ ڕوو لە زۆر بوون بوو.

* لـە ئەڵمانیاشـدا لـە نیـوەی سـەدەی هەژدەهەمـەوە ، ولهلیـم فردریـك ی دووهـەم کۆشکیکی گەورەی خۆی کە لەسەر ڕووباری ڕایـن بـوو ، بەخشـی بـۆ ئـەوەی بکـرێ بـە مۆزەخانەیـەك جێگـای هـەموو ئەنتیکـەکانی وڵاتـانی خۆرهـەڵات و عـێراق و یۆنـانی تیـا ببێتەوە ، بەم شێوە یە مۆزەخانەی ئەڵمانی بە پلەی سێهەم دێت پاش مۆزەخانەی لۆڤـەری فەرەنسـا و مۆزەخانـەی بـەریتانیا لـە ڕووی گرنگی و ناوبانگەوە.

## مۆزەخانە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا

مۆزەخانــــەکانی وڵاتـــانی عـــەرەب زۆر دەوڵەمـــەندن و ئـــەو ئەنتیکـــە و پاشمـــاوە کلتورییانەی کە تیایاندایە پەیوەندی هەیە بە شارستانیەتی وڵاتە عەرەبییەکانــەوە هــەر لــە سەرەتای پەیدابوونی شارستانیەتەوە و ئـەو گۆڕان و گەشە کردنەی بەسەریدا هاتووە.

ئـەو مۆزەخانانــەی کـــە هـــەن لـــەو وڵاتـــە عەرەبییانەدا هی دەوڵـەتن و لـە چاو وڵاتـانی تردا تەمەنیان کەمە و لە دەیەی دووهەمی ئەم سەدەیەوە دەسکراوە بەدامەزراندنیان و هـەر ڕوو لە زیاد بوونن ، ئەمـەش ئەوە ئەگەیـەنێ کە ئـەو وڵاتانە گرنگـی تـەواویان داوە بـەو مۆزەخانانە و بەشداری ئەکەن لەو کۆنگرانەدا کە هەموو ساڵانێك دەبەسترێن لەوڵاتانی تردا و لە ناو خۆیاندا زانیاری و ئەزموونی خۆیـان ئاڵوگۆڕ دەکـەن و لـە کۆنگرەکـاندا بـاس و لێکۆڵینـەوە دەربـارەی ئاســەوار پێشـکەش ئەکـەن ، لـە وڵاتـە عەرەبییـەکان خۆشـیاندا کۆنگـرەی سـاڵانە ئـەگیرێ بـە سەرپەرشـتی (ڕێکخراوی عەرەبی بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانست ) ، ئـەو کۆنگرانـەش یـەك لـە دوای یەك لە ( سـوریا ، عـێراق ، میسـر ، تونس ، مەغریب ، لیبیا ، یەمەن ، دەبەستری ) ،

مۆزەخانەی عێراقی

ساڵی ١٩٢٣ حکومەتی عێراق مۆزەخانەی بۆ یەکەم جار دامــەزراند و لـە سـاڵی ١٩٢٤ دا یەکەم یاسای دەرکرد بۆ پاراستنی ئاسەوار ، پاشتر لـە سـاڵی ١٩٣٦ دا یاسـایەکی تـازەی دانا و بە پەیڕەوی کردن لـەم یاسایە بڕێکـی زۆر ئاســەوار و ئەنتیکـــەی کۆکـــردەوە کـــە پسپۆڕە بیانییەکان دەیاندۆزییەوە ، لـە سـاڵی ١٩٦٣ دا شوێنێکی گەورە و نوێ دروست کرا بۆ مۆزەخانە پاش ئەوەی دەرکەوت مۆزەخانە کۆنەکـە جێگـای ئـەو هـەموو بابەتانــەی تیـا نابێتـەوە و لـە سـەر شـێوازێکی هاوچـەرخ دروست نەکراوە و هـەروەها لـە پارێزگاکـانی عـێراقدا گـەلێك مۆزەخانـــە دامـــەزرێنران و گرنگترینیان بریتین لەمۆزەخانەی هەولێر کە لە ساڵی ١٩٧٠ دا دروستکراوە ، مۆزەخانەی سلێمانی کە لـە سـاڵی ١٩٧٩ دا دامـەزراوە و گەلێك ئاسەوار و ئەنتیکەی گرنگی تیایە هـەر لـە چاخـە کۆنەکانـەوە تـا سـەردەمی هـاتنی ئیسلام. لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەندێ بیر و بۆچوون و پێشنیارە بخەمـە ڕوو دەربـارەی ئەم مۆزەخانەیە بۆ بەرەو پێش بردنی و گەشە پێدانی .

١- هۆڵـەکانی مۆزەخانـــە پێویســـتیان بـــە ڕێکخستنێکی نوێیە کە لەگەڵ بارودۆخی هاوچەرخ دا بگونجێ و بە دڵی ئەوانە بێت کە سـەردانی ئـەو مۆزەخانەیـە دەکـەن ، چونکـە لـــە ڕێکخســـتنی بابەتـــەکانیدا پـەیڕەوی مێـژووی ئەنتیکـەکان کـراوە و هـــەندێ جـاریش هـــەر ڕێکخســـتنەکە پەیوەندی بە یەك بابەتـەوە هەیە لە سەر دەمانی کۆنەوە تا سەردەمی ئیسلامی .

٢- ئەکرێ ژمارەی دۆڵابەکان کە ( ٥٧) دۆڵابن کەم بکرێنەوە و ئەو شێوەی ئێستایان کە بەرزو ستونین بگۆڕدرێن بەدۆڵابی دیواری بـۆ ئـەوەی کـە بابەتـەکان بـە شـێوەیەکی

جوانتر بخرێنە ڕوو و سەرنجی زیاتری ئەوانە ڕابکێشن کەدێنە سەیری کە زیاتر گرنگی ئەدەن بەو شێوازە ، لە هەمان کاتیشدا سوود وەربگیرێ لە دۆلابە کۆنەکان بۆ هەندێ کۆمەڵە پارچەی ئاسەواری تر لە گەنجینەکانی مۆزەخانەکەدا.

٣-مۆزەخانە پێویستی بە ئامێری ( ئاگادار کردنەوە لە کاتی ئاگر کەوتنەوەدا) هەیە ، چونکە ئەو ئامێرەی زەنگی مەترسی لێ دەدا کاتێك پلەی گەرما لە ڕادەیەکی دیاری کراو تێپەڕ بکات.

٤-مۆزەخانە پێویستی بە ئامێری پێوەری کەش و شێ هەیە ، بۆ پاراستنی ئەنتیکە و شتەکان لەکاریگەری شێ و گەرما و سەرما و کۆنترۆڵ کردنی پلەی گەرما لەمۆزەخانەکەدا.

٥-دابینکردنی شوێن و هۆڵی کراوە (گالێری) بۆ پێشانگای کاتی و ئەشکرێ ئەو شوێنانە بەکار بهێنرێن بۆ پیشاندانی فیلمی بەڵگەیی ( بە گوێرەی بەرنامەیەکی مانگانە ، هەروەها بۆ وتنەوەی وانە و موحازەرات.

٦- مۆزەخانە پێویستی بە تاقیگە هەیە و هەروەها پێویستی تەواوی هەیە بە کارمەندێکی شارەزا لەبواری کیمیادا بۆ چاککردنەوەی ئەو پارچانەی پێویستی‌یان هەیە بەدەسکاری کردن هەیە.

٧- پاراستنی مۆزەخانە لە دزی و وێرانکاری و ڕێگرتن لە چوونە ژوورەوە و دزەکردنی نایاسایی، ئەویش بەم شێوانەی خوارەوە.

أ- چاودێری کردن بەهۆی کامێرای تەلەفزیۆنی‌یەوە کە هاتوچۆی ناو هۆڵ و ڕاڕەوەکان ڕاستەوخۆ دەگەیەنێتە شاشەی تەلەفزیۆن و وبەرپرسان ئاگادار دەبنەوە لێی .

ب- بەکارهێنانی چەند ئامێری کارەبایی و میکانیکی لە ناو مۆزەخانەکەدا وەك دانانی کلیلی موگناتیس لە سەر دەرگا و پەنجەرەکان کە بەهۆی دەست بەرکەوتنیانەوە بەرپرسان ئاگادر دەبنەوە .

ج- ئامێری ئاشکرا کردنی جم و جوڵ بە هۆی مایکرۆ ویفەوە.

د- ئاشکرا کردنی هەر جۆرەجم و جوڵێك بەهۆی دانانی وایەر و تەلی کانزایی‌یەوەکەزۆر هەستیارن بەرانبەر هەر گوشارێك یا قورسایی‌یەك ئەکەوێتە سەر زەوی مۆزەخانەکە بەهۆی هات و چۆکردنی خەڵکەوە بەسەریدا.

هەندێك ئەرك و چالاکی مۆزەخانە: -

١-ڕێکخستنی هەندێ سەردان بۆ مۆزەخانە، لە ژێر چاودێری کۆمەڵێك کارمەندی ڕۆشنبیر و لێهاتوو بەمەبەستی یارمەتی دانی ئەوانەی سەردانی مۆزەخانەکە دەکەن، بۆ ڕوونکردنەوەی هەرشتێك کە پرسیار دەربارەی ئەکرێ کە پەیوەندی هەبێ بەمۆزخانە و ئاسەوارەکانیەوە .

٢-بڵاو کردنەوەی ڕێنمایی و نامیلکە بەقەوارەی بچووك و وێنەدار ،بەمەبەستی یارمەتی دانی ئەوانەی

دێنــە مۆزەخانەکــە و دەیانــەوێ شارەزایی پــەیدا بکـەن لـەو بابەتانـەی لەمۆزەخانەکەدایە و گرنگییان لە بارەی هونەری و مێژوویی‌یەوە.

٣-هاوبەشــی کــردن لەگــەڵ وەزارەت و دەزگاکانی ..دا بۆ سازدانی ئاهـەنگی جــەژن و بۆنــە نەتــەوەیی و نێــو دەوڵەتییەکانی ترەوە.

٤-والا کردنی دەرگای مۆزەخانە لەڕۆژانی جەژن و پشووەکاندا بۆ ئـەوەی بـوار بڕەخسێت تا خەڵك سەر لە مۆزەخانەکە بدەن.

٥-دەرکردنــی گۆڤــارێکی وەرزی بــۆ چالاکییـەکانی مۆزەخانـە و هاوبەشـی کردن لەبەرزکردنەوەی پلەی زانیاری و رۆشنبیری لە ناو خەڵکدا.

٦- ئامـادەکردنی جۆرەهـا چاپەمــەنی و بڵاو کراوەی تایبـەت بەمۆزەخانەکان و ئەو شوێنەوارانەی کە هـەن و هـەروەها مێژووی هونـەر و لێکۆڵینـەوە لـە سـەر شاکارە هونەرییەکان.

٧- ســازدانی کــۆڕو ســیمینار و وەرزی رۆشــنبیری کەرۆشــنبیرە گــەورەکان بەشــداری بکــەن تیــایدا و بــواری گفتوگۆی تێدا برەخسێ.

٨- نوێکردنەوەی مۆزەخانە بەبەردەوامی و دابینکردنــی ئــامێری نــوێ بــۆ پاراستنی شوێنەکەو هەروەها ئامێری ساردی و گەرمی و رووناکی.

٩-کردنەوەی پیشانگای کاتی کە باس لە چەند بابەتی دیاریکراو بکات.

١٠-ئامـادە کردنـی بەرنامـەی مانگانـە بـۆ پیشاندانی فیلمی بەڵگەیی.

١١-دابین کردنـی تـازەترین کتێـب و بـڵاو کراوە بۆ کتێبخانەی مۆزەخانەکە.

١٢-ئـاڵوگۆڕ کردنــی کردنــەوەی پیشــانگا لەگەڵ مۆزەخانەکانی تردا لەناو ودەرەوەی وڵات.

١٣-گرنگی دان بە باخچەی مۆزەخانـە بـۆ دروسـتکردنی خۆشـی لای ئەوانـەی دێنـە مۆزەخانەکەوە .

١٤-هەڵسـان بـەکاری کنـەو پشـکنین ، بـۆ دەوڵەمەندکردنی مۆزەخانەکە بە ئەنتیکەی راست و ناسینی و زانینی سـەرچاوەکانیان و چینی ئەوزەوییە کە دۆزراونەتەوە تیایدا و پــاك کردنــەوە و چاککرنــەوەی ئــەو ئەنتیکانە بەشێوەیەکی هونەری.

١٥-دەبێ مۆزەخانە هەوڵی ئەوەبدا کەشتی نایاب و دەگمەن بخاتە دەست خۆی ، ئیتر لە رێگای بازرگانەکانـەوە بێت، یا لای ئـەو کەسانەی کە هەیانە وەدەیانـەوێ بیفرۆشن بە نرخێکی گونجاو یا بە دیاری وەرگرتـن لەخـەڵك ، چونکـە زۆر کـەس هــەن بابــەتی ئەنتیکـەیان هەیـە و دەیانـەوێ پێشکەشـی بکەن بەمۆزەخانەی وڵاتەکەیان کە ئەمـەش نیشــانەی دڵســۆزییانە بــۆ نیشــتمان و نەتەوەکــەیان و بەشــداری کردنــە لــە پاراستنی کەلەپوورییاندا ، بەرامبەر بەوەش مۆزەخانە دەبێ رێز لەو هەڵوێستەیان بگرێ و دیارییەکانیان لە دۆڵابی تایبەتدا دابنێ و ناوی خاوەنەکەی لە سەر بنوسرێ.

دەس بەسەرا گرتن ، کاربەدەســتان هــەوڵی ئــەوە دەدەن کەکەلــەپووری کولتــووری بپارێزن و ئەو یاسا و رێنماییانەی دانراوە

بــۆ ئــەو مەبەســتە جێبــەجێی بکــەن و چاودێری دز و قاچاخچی و ئەوانەی کنەو پشکنینی نایاسایی دەکەن بکا و چییان لە لایــە دەســتبگرێ بەســەریدا و خۆشــیان ڕەوانــەی دادگــا بکــا و پاداشــت بــدا بەوکەسانەی کــە پارێزگــاری لــە سامانی وڵات دەکەن.

*** ئاڵوگۆڕ کردن:**

ئــاڵوگۆڕ کــردن لــە نێــوان مۆزەخانــەکانی جیــهاندا کــارێکی پەســەند و بەجێیــە و دەبێتــە هــۆی پتــەو کردنــی پــەیوەندی ڕۆشــنبیری و شــارەزا بــوون لــە کــەلتووری ڕۆشنبیری یەکتر هەر بۆ ئەو مەبەستەش مۆزەخانەکان نــاو بــەناو پێشــانگای چــەند ڕۆژی دەکەنەوە هی ناوخۆ و جیهانی.

لەکۆتاییشدا هــەر مۆزەخانەیــەك پێویســتی بە پاراستنی بابــەت و ئەنتیکــەکانی خــۆی هەیە و بە گوێرەی توانا دەبێ بــۆی دابین بکات و ئەشکرێ کادیرێکی دەسپاك ئەگەر بەچاکی ڕاهێــنرابێ بــەردەوام بســوڕێتەوە بــە نــاو مۆزەخانەکەدا و جگە لەوەش ئەکرێ چەند کەســێکی خانەنشــین چــاودێری هۆڵــەکان بکــەن لــەکاتی دەوامدا و جل و بــەرگێکی وا لەبەر بکەن کەشایستەی کارەکەیان بێــت ، ئەگــەر مۆزەخانەکە نەیتوانی ئــامێری نــوێ دابــین بکــا بــۆ پارێزگــاری کــردن ، ئــەوا دەتوانێ پەنا بەرێتە بــەر پۆلیسی ناوخۆ و داوای ڕاوێــژ و یارمــەتییان لێ بکــا ، لەگــەڵ هــەموو ئەمانەشــدا پێویســتە کارمــەندانی مۆزەخانــە بەشــداری بکــەن لــە پاراســتنی ســــامانی ڕۆشــــنبیری و شارســــتانی وڵاتەکەیاندا.

سەرچاوەی باسەکە : –

المجاميع المتحفية – علم المتاحف

ريا عثمان سعيد بشير الزهدي



مۆزەخانەی بەریتانی لە (لەندەن)



مۆزەخانەی لۆڤەر لە ( پاریس )



# چاو گێڕانێك بەڕابوردووی مێژووی زەردەشتدا
# بەشی یەکەمی بەرگی دووهەمی کتێبی
# (( مێژووی ئاییینی زەردەشت ))

وەرگێڕ : حەسەن عەبدولکەریم

*بەشی یەکەم لە بەرگی دووهەمی کتێبی ئاییینی زەردەشت*

لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا، هەندێ بەڵگە خرایەڕوو لەسەر ئەوەی زەردەشت لە چ سەردەمێکدا ژیاوەو ئەوەش باسکرا کەکەس و کاری زەردەشت لەو تیرەو تایفە زۆرانەی پێشتر نیشتەجێی باشووری رووسیا بوون و لەدەوروبەری سەردەمی (برونز)ی ئێراندا کۆچیان کردووەو هاتوونەتە ئەم ناوچەیە، کە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ١٧٠٠ – ١٠٠٠ ی پێش عیسا.

دانەری ئەم کتێبە دوای لێکۆڵینەوە و بەراورد کردن، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە تیرەو کەس و کاری زەردەشت، بەلای کەمەوە، لەسالانی منداڵیو گەنجی زەردەشتدا، لەجاخی بەردینی نوێدا ژیاون. بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونە ئەوەیە کەلە (گاتا)کانی زەردەشتدا، هیچ نیشانەیەك بەرچاو ناکەوێ بۆنی ئەوەی لێوەبێ کە ئاگای لەدابەشبوونی کۆمەڵگا بێت بەسەر سێ چین و توێژدا، ئەو دابەشبوونە کە یەکێك بوو لەتایبەتمەندییەکانی چاخی برونزی. مەبەستیش لەوسێ چینە، خاوەن ئاژەڵ، پیاوانی ئاییینی، جەنگاوەر. جەنگاوەریش بەوانە وتراوە کە عەرەبانەی جەنگییان لێخوڕیوە، کە ((رەتشتار))ی پێ وتراوە، ئەو جەنگاوەرانە لەئاویستای تازەدا ناویان هاتووە، پاڵەوانێك بوون لەپێناوی ناوبانگ و پلەو پایەدا تەمەنی خۆیان لەشەڕو شۆڕ و سواری و ڕاوکردن و ڕابواردندا بردووەتە سەر.

لەو کۆمەڵگایەدا کە زەردەشتی تیا گەورە بووەو کۆمەڵگایەکی کۆنترو هێمن تربووە، تەنیا دووچینی تێدا بووەو تازە بەرەو ئەوە هەنگاوی ناوە دابەش ببێ بەسەر سێ چیندا، ئەو کۆمەڵگایە کە پێکهاتبوو لە مرۆڤ و ئاژەڵی بەکەڵك. لەو کۆمەڵگایەدا ، ئەرکی هەر مرۆڤێك ئەوە بووە سەرپەرشتیو پارێزگاری لەئاژەڵەکانی خۆی بکاو پیاوە ئاییینییەکانیش ئەرکیان ئەوە بووە وەك توێژێکی خاوەن ئەزموون و هۆش ، بەهۆی ئەو یاسایانەوە کە نووسراوەتەوە کاروباری کۆمەڵگاکە بەرن بەڕێوە، لەو کۆمەڵگایەدا

جیـاوازی چینایـەتی نـەبوەو هـەموویان سەرقاڵی جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانەیان بوون بۆ دابین کردنی پێداویستی ژیانیان. ئەوەی کە توانیبێتی کاربکاو کارامەو شارەزا بووبێ توانیویـەتی چـەك هـەڵگرێ، چەکی ئەو سەردەمەش بریتی بووە لە گورز، قۆچەقانی، تیری لەبەرد دروستکراو، چەقۆو کـێردی بـەردین، نـێزە و ڕم. هـەر مرۆڤێـك جەنگاوەر بووەو جەنگاوەرەکانیش لەهەندێ کاتدا ئاژەڵدارییان کردووە.

لـەم کۆمەڵگایـەدا کـە پیـاوە ئایینیـیـە گەورەکان، پێشەوایی‌و ڕابەرایـەتی کۆمەڵـەی پیاوانی ڕیش سپی‌و خاوەن تەمەنیان ئەکرد، لەسەریان بووە کە هەموو کەسێك مل کەچی ئـەو یاسـایانەبن کـەکاری پـێ کـراوە لـە کۆمەڵگاکەدا.

وا دیارە لەو ڕۆژگارەی سەردەمی زەردەشتدا، ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن چەند تیرەو خێڵێکەوە هێرشی کرابێتـە سـەر، کەچـەکی لـە برونـز دروسـتکراو و عەرەبانـەیان هـەبوو بـێ کـە بەئەسپ ڕایان کێشاوە.

لـەجۆرە خێـڵ و تـیرەو کۆمەڵگایـەکی وادا، لـەنێوان ئـاژەڵدار و شـوانێکی وا کـەژیانی لەگەڵ ئاژەڵانێکی نەرم و لەسەر خۆ ڕۆیشتوو، بردبێتـە سـەرو، جـەنگاوەرێکی سـواری عەرەبانە، کە ئیتر ئامادە نیە ئەو جۆرە ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی جـارانی ئەنجام بداو لەپێناو سـامان و ناوبـانگدا ڕوو لەهەرلایـەك ئـەنێ‌و لەئـەنجامدا دەبێتـە پیـاوی دەسـەڵاتدارێکی شـەڕخواز، شتێکی ئاشکرایە کـە جیـاوازی



چینایەتی بێتە ئاراوەو پەیدا ببێ. ئەو ناوەش کە خودی زەردەشت بۆ ئـەم جۆرە کەسـانەی دانـابوو کـە زۆر بـێ ویـژدان و بـێ بـەزەیی‌و چـاوچنۆك بـوون (ئەفشـویانتو) بـوو ، ئـەو کەسانەی بۆ یاسا هیچ بەهاو نرخ و ڕێزێکیان دانەئـەنا، کـە زەردەشـت خـۆی شـەیدای ڕێزگرتن لەیاسا بوو، هەر وەها فەرمانڕەوایی زۆردارو ملهوڕەکانیان بەلاوە پەسەندتر بـوو، لەفـەرمانڕەوایی (ئەشـە)و خوایـانی شـەڕو ئاژاوەیان ئەپەرست لەبری خوایانی هەمیشە دادپەروەر.

ئا بـەم شێوەیە بوو کە حکومـەتی زۆرداران و ملهوڕان، جێگای شوورای ڕیش سپی‌و خاوەن ئـەزموونی گرتـەوەو زۆرو زۆرداری جێگـای حـەق و ڕاسـتی گرتـەوە. لـەو سـەردەمە پـڕ

لەئاژاوەو بشێوییەداو نمونەیەکی وای پڕ لەڕووداوی ناهەمواری توندو تیژ، هاوشان لەگەڵ کەم توانایی‌و بێدەسەلاتی کەس و کارو تیرەو تایفەکەی زەردەشت دا، وەك یەکەمین پێغەمبەرێك سرووش و ئیلهامێکی خوایی بۆ هاتبێتە خوارەوە، زەردەشت هاتە ئاراوە، کە مزگێنی ئەدا بەخەڵك بۆ قەرە بووکردنەوەی ئەو زۆرو ستەمەی تووشیان بووە، لەداهاتوودا دنیایەکی پڕ لەدادو میهرەبانی دەبینن.

هیچ کام لەو ڕووداو و تێبینی‌یانەی سەرەوە سوودی ئەوەیان نیە مێژوویەکی وردو تەواوی سەردەمی ژیانی زەردەشت مان بۆ دیاری بکەن، چونکە بەکار هێنان و سوود وەرگرتن لەبرۆنز، هەروەها ئاسن لەناو ئێرانییەکاندا بەیەك جۆرو لەیەك کاتدا نەهاتووەتە ئاراوەو نەبووە بەباو. ئەوەی کەبەلامانەوە ڕاست بێ ئەوەیە پێش دەست پێکردنی کۆچڕەوی گەورەی ئێرانییەکان، زەردەشت ژیاوە. پێش ئەوەی شەپۆلی کۆچکردووان یەك لەدوای یەك، بەرابەری‌و پێشەوایەتی جەنگاوەرانێکی تەواو پڕچەك بەرەو باشوور سەرەو خوار ببنەوەو ئەو خاك و بوومەی کە ئێستا پێی دەوترێ ئێران، بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوەو بیکەنە نیشتمانی خۆیان کە ڕێی تێدەچێ کەوتبێتە پێش ساڵی ١٢٠٠ی پێش عیساوە.

لەسروشتی زەردەشتی‌یەتدا خوای گەورە، خشترویریە - شەهریوەر کە بەپاسەوانی جەنگاوەران دادەنرێ، لەسەرەتادا، پارێزگاری ڕەگەزی پیاوان بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە خوای ئاسمانەکانیش بووە، پەرستراوی هاوکاریشی (سنتائەرمیتی) پاسەوانی زەوی‌و پارێزگای ژنانە، لەدەقێکی کۆنی ئاوێستادا هاتووە:-

(ستایشی زەوی ئەکەین، ئەو زەوییەی کە ئێمەی لێ پەیدا بووین، ستایشی ژن ئەکەین) پیاوانی ئایینی لایان وابووە لەگەڵ ئاهورامەزدا پەیوەندییەکی تایبەتیان هەیەو ئەگەر بەشایستەیان بزانێ لەفەڕوبەرەکەتی خۆی پڕیان ئەکات. دژایەتی نێوان (شەهریوەر، ئاسمان سەروەری، پیاوان) لەگەڵ (ئەسفەند، زەوی، کۆیلایەتی، ژنان) دیاردەیەکی لەبەرچاو بووە. لەنێوان شەهریوەر و پیاواندا، پەیوەندییەکی هەست پێکراوو بەرچاو هەبوە چونکە بەگوێرەی بیروباوەڕو بۆچوونی کۆن، ئاسمان لەبەرد دروستکراوە، گاوانە چەکدارەکانی تیرەی زەردەشت خۆی، کەبەچەکی لەبەرد دروستکراو دا کۆکییان لەخۆیان و ڕاستییەکان ئەکرد، ئەو جۆرە چەکانەیان بەکار ئەهێنا، کەلە کەرەستەیەك دروستکراوە کە شەهریوەر فەرمانڕەوایەتی دەکات کەئاسمانی لەبەرد دروستکراوە.

ئەم لایەنەی باوەڕ بوون بەشەهریوەر، دەبوا لەسەرەتادا، بۆ پیاوە ئایینییە زەردەشتی‌یەکان کێشەو گرفتێکی دروست کردبا، چونکە پەیدابوونی چەکی برونزی‌و ئاسن ئەو پەیوەندییە بەرچاو فیزیکیەی دەخستە مەترسی‌یەوە. بۆچارکردنی ئەم کێشەیە دەبوا بیرو مێشك بخرایەتەکار،

لەئـەنجامدا چارەکـەیان بـەم شـێوەیە بـوو، گوتیـان ئـەو بـەردەی کـەئاسمانی لێ دروستکراوە بلورێکی ناوشاخەکانە (وادیارە هەر ئەم بۆچوونە بوو پاشترلای یۆنانییەکان، ئەو خەیاڵەی دروستکرد کەئاسمانەکان توێژ لەسەر توێـژ لـەبلوور دروستکراون). لەبـەر ئـەوەش کـە بلـووری ناوشـاخەکان وەك کانزاکـانی تـری برونـزو ئاسـن لەناوبەردەکاندان، ئەو بلورەش وەك کانزایەك دانراو بەو هۆیەوە پەرستنی شـەهریوەر وەك سـەروەرو خـوای ئاسمانـە لـەکانزا دروسـتکراوەکان خرایـەڕوو و ئـەو پەیوەندییـەی نێـوان شـەهریوەری پـارێزەری جەنگاوەران و چەکە لەکانزا دروستکراوەکانی دەستیان وەك خۆی مایەوە.

پـاش نیشـتەجێبوونی نەتـەوە ئارییاییـەکان کێشەو گرفتێکی تریان بۆ هاتە ئاراوە، وردە وردە ئـەو ناکۆکیی-ە چینایەتییـەی هـەبوو لەنێوان ئاژەڵدار و شوانەکاندا کە لەم شوێنە تازەی نیشتەجێ بوونیاندا بەزۆری دەستیان دایـە کشـتوکاڵ و ئـەو جـەنگاوەرو مـیرو دەسترۆیشتووانە کەبوو بوونە خاوەن موڵك، رووی لەزیادی کرد. بەلای دەوڵەمەندو خاوەن زەوی‌و زارەوە شـتێکی نـەگونجاو بـوو، جوتیارێکی کـەم دەسـت لـەژێر پارێزگـاری خوایـەکدا بێـت کـە خـوای دەوڵەمـەندو وەجاخزادەکانە، لەئەنجامدا وەك جووتیـارێك - زەوی کێڵێك، بـێ ئـەوەی بـەچاوی رێـزەوە سەیر بکەین خرانە ژێر دەسەڵاتی (ئەسفەند - زەوی)یەوەو لەگەڵ ڕەگەزی ژناندا (ئارمیتی) بوو بەپارێزگاریان.

بـەم شـێوەیە ئـەو پەیوەندییـە شـکۆو ڕەونـەقدارەی ئاسمـان لەگـەڵ زەوی‌و پیـاو لەگەڵ ژندا کەوتە گێژاوێکی کۆمەڵایەتییەوەو ئەو ڕوناکییەی ڕێنماییەکانی زەردەشت و ئەو سـەروەرییەی داینـا بـوو بـۆ چارەنووسـی مرۆڤ، هـەوری رەشـی دەسـکاری‌و شێواندن خستیەژێر سێبەری خۆیەوە.

## بەردەوامی ئایینی زەردەشتی

لەگـەڵ هـەموو ئەمانـەداو هاوشان لەگـەڵ ئـەو گۆرانکارییانـە هاتنـە ئـاراوە لەسـەردەمی هەخامەنشـی‌یەکاندا، زەردەشـتی‌یەکان، وەك لەگاتاکانەوە بۆمان دەرئەکەوێ بۆ ماوەی سێ هـەزار ساڵ، واتە تاڕۆژگـاری ئـەمڕۆ پابـەندن بەو ئایینەوە. گومان لەوەدانیە کەئەمەوە نەبێ هـەر تەنـها بـەهۆی بـەهێزیی‌و باڵادەسـتی ڕێنماییـەکانی زەردەشـتەوە بێـت، بـەڵکوو بـەهۆی ئەوەشـەوەیە کـە زەردەشـتی پیـاوی ئـاییـنی کارامـەو لێـهاتوو، چـەند ئـەرکێکی سادەو ساکارو کارتێکەری دانا بۆ پاراستنی بیروبـاوەڕی پـەیڕەوانی خـۆی، هـەر ئـەو ئەرکەسـادانەیە بوونـە هـۆی ئـەوەی کـە ڕێنماییـەکانی لـە مێشـکیاندا وەك نـەقش و نیگاری سەربەرد بچەسپێ، ئەو ڕێنماییانـەی کـە بەسـوود بـوون و هیـواو ئومێـد یـان لای خـەڵك دروست ئـەکردو کاروبـاری ڕۆژانـەی خەڵکی بەخاوەن گرنگی‌یەکی جیهانی دادەنا.

زەردەشتی ئایینێکە دەبێ ئەوانەی پەیڕەویی دەکـەن، بـەدرێژایی تەمـەنی خۆیـان لەگـەڵیدا بژیـن و، هـەر ئـایینێکیش بـەو جـۆرە بـێ

دەمێنێتەوە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر. راستە کە ئاییینی بۆماوە، لەلایەن کۆن پارێزانی جیهانی ئەو ئایینەوە پارێزگاری لێ ئەکرێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لای یەکەیەکەی پەیڕەوانی ئەو ئایینە وەك ئەمانەتێك وایە، زەردەشتی ئایینێکە هیچ جۆرە پشتیوانیو پشتگیرییەکی نیە لای خودی پەیڕەوەکانی نەبێ. کەلەگەڵ ئەوەشدا بوونەتە جێگای رق و کینەو تووشی ئازارو ئەشکەنجەی راستەوخۆ بوون، توانیویەتی لەسەردەمانی دوایینی مێژووی دوورو درێژی خۆیدا، زیاتر لەیەك وڵاتدا هەربەردەوام بێو خۆی رابگرێ.

## دانیشتوانی خۆراوای ئێران، پاش سەردەمی نیشتەجێ بوون

لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا هەوڵ درا هەندێ بەڵگەی کەم بەدەست بهێنرێ لەسەر بڵاوبوونەوەی ئاییینی زەردەشتی لەنێو دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ئێراندا، کەبەزۆری پاش ئەوە بووە هێرشیان کردووە بۆ سەر ئەم خاکەی کە پاشتر ناوی ئەوانی لێ نراوە. مادو پارسەکان، لەلای خۆراوای ئەوانەوە، لەو شوێنانەی کەوتوونەتە نزیکی شاخەکانی (زاگرۆس)ەوە نیشتەجێ بوون، ئەو زنجیرە شاخە سەرکەش و گەورانەی لەدەشتاییەکانی نێوان دوو ڕووبارەکە جیاکردووەتەوە. وا دیارە ئاییینی زەردەشتی، ماوەیەکی دوورو درێژ پاش ئەوەی بووەتە ئاییینی ئامۆزا خۆرهەڵاتییەکانیان، گەیشتووەتە ناو دوو نەتەوەی مادوپارسە. بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو دەقە پیرۆزانەیە کە ئاوێستای لێ پێکهاتووە، کە پەیوەندی هەیە بە دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ئێرانەوە.

ئەو خاك و بوومەی کەوا دیارە ئێرانییەکان لەساڵەکانی ١٢٠٠ تا ١٠٠٠ی پێش عیسا نیشتەجێ بوون تێیدا، ئەو خاك و زەوییە وشك و بێ ئاوو گیایەی ئەمڕۆ نەبوەو، (جگە لەچەند شوێنێکی خوێڵێن و شۆرەزارو شاخە بەرزەکان) هەموو ئەو خاك و برومە بەجەنگەڵی زاگرۆسی داپۆشرابوو، مەبەستیش لەجەنگەڵی زاگرۆسی جۆرە درەختێکی گەڵاوردە کەلێرەو لەوی ئەڕوان و نێوانی ئەو درەختانە بەگیا داپۆشرابوو. ڕێگە بازرگانییە دێرینەکان کە جێگە پێی هاتوچۆ کەران کوتابوویەوەو دروستی کردبوو، ئەو جەنگەڵەی دەبڕی. ناسراوترین ئەو ڕێگایە پاشتر لە مێژوودا ناوی (شارێی خوراسان) بڕا بەسەریدا. ئەو ڕێگایەی کە لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەوە دەهات و شاخی زاگرۆسی دەبڕیو لەمایدەشتەوە (ئەو دەشتەپان و بەرینەی کە ئەمڕۆ کرماشان دەڕوانێ بەسەریا) تێپەڕیو پاشان بەکەناری بیابانی ناوەندیدا دەڕۆیشت تا ئەگەیشتە ئەو خاکەی لەژێر دەسەڵاتی ئێرانییەکانی خۆرهەڵاتدا بوو.

بۆچوونێك هەیە دەربارەی کۆچی ئێرانیەکان دەڵێ: ئەو نەتەوانە کە ماد و پارسەکان پێشەنگیان بوون، لەئاسیای ناوەڕاستەوە، ئەوەندە پێشڕەوییان کرد بەرەو خۆراوا تا گەیشتنە شاخەکانی زاگرۆس، بەڵگەش لەسەر ڕاستی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە

یەکچوون هەیە لەنێوان زمانی پارسی کۆن و زمانی (سوغد)ییەکاندا، ئەوانەش کە ئەم بۆچوونەیان بەلاوە ڕاست نیە، دەڵێن: چۆن ڕێی تێ دەچێو دەگونجێ، ئەو مادوپارسانە لەو خاک و زەوییە بەپیتەی خۆرهەڵات وازیان هێنابێو، بەناو ئەو جەنگەڵستانەی لەوەو پێشتر نەیاندیوە سامان و دارایی و ڕەوە ئاژەڵەکانی خۆیان دابێتەبەرو خۆیان خستبێتە مەترسی هێرش و هەڵمەتی دوژمنانەوەو، ئەوەندە بەرەو خۆراوا دوور کەوتوونەتەوە کە ئیتر نەیانتوانیبێ درێژە بەو ڕۆیشتنەیان بدەن.

بۆچوونێکی تر هەیە کە زۆر بەگەرمی داکۆکی لێ ئەکرێ، ئەویش ئەوەیە کە هێرش بردنە سەر ئێران لەلایەن ئەوانەوە، لەدوو لاوە بووە، واتا لەهەردوو لای دەریاچەی (خەزەر)ەوە بووەو مادەکان و پارسەکان جیاجیا لەرێی قەوقازەوە هاتوونەتە بیابانی ئێران.

ڕێی تێدەچێ ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان ڕاست بن، دوور نیە دانیشتوانی خۆراواو خۆرهەڵاتی ئێران پاش ئەوەی گەیشتوونەتە بیابانی ئێران بۆ ماوەیەک و چەندین وەچە پەیوەندییان پچڕابێ لەگەڵ یەکتردا، ئەوانەی کۆنتر نیشتەجێ بوون لەناوچەی زاگرۆسدا بەژمارە کەم بوون و مادوپارسەکان کە گەیشتوونەتە ئەوێ بۆ خۆیان و ڕەوە ئاژەڵەکانیان جێگایان دەسکەوتووەو لەگەڵ ئەو دانیشتوانە کۆنەی ناوچەکەدا ڕووبەڕووی هیچ کێشەو گرفتێک نەبوونەتەوە.

شوێنی سەرەکی نیشتەجێبوونی مادەکان، (مایدەشت)و دەشتی هەمەدان بووە هەندێ لەتیرەو خێڵە پارسەکان (وەک لەسەرچاوە ئاشووریەکانەوە دەرەئەکەوێ) لەناو مادەکاندا ژیاون، بەڵام بەشی زۆری ئەو پارسانە ڕوویان کردووەتە باشوورو لەناوچەی (ئەنشان)ی عیلامییەکاندا بار گەوبنەیان خستووەو ئەو خاکەیان بەناوی خۆیانەوە ناو ناوە (بەیۆنانی Persis ، بەفارسی ئەمڕۆ فارس ).

وا دیارە مادوپارسەکان چەند پشت و وەچێکی یەک لەدوایەک و دوورو درێژ بەشێوەی نیوە کۆچەری ژیاون. تەنانەت لەسەدەی پێنجەمی پێش عیسادا هیرودوت دەگێڕێتەوە کە تا ئەو کاتەش هێشتا چوار خێڵ وتیرەی سەرەکی پارسەکان هەر خەریکی ئاژەڵداریو کۆچەریەتی بوون. زانایانی بواری کۆنناسی، چەند گوندێکی سەردەمی مادەکانیان دۆزیوەتەوە، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سەدەی نۆهەم تا حەوتەمی پێش عیسا، لە نێویاندا شوێنەواری ( گۆدین تەپە) ، کە کەوتووەتە نێوان گردەکانی خۆرئاوی شاخی (ئەلوەند)ەوە (دوور نیە شارێیی خوراسانی ئەو سەردەمە لێرەوە تێپەڕ بووبێ)، هەروەها شوێنەواری (باباجان) کە کەوتووەتە شیوو دۆڵێکی بە پیتەوە لە ناوچەی کرماشان و ، تەپەی ( نوشیجان) لەباشووری هەمەدان دا.

ئەم بنکەی نیشتەجێبوونی مادانە پێکهاتووە لەقەڵایەک لەسەر تەپۆڵکەیەک دروستکراوە، لەگەڵ گۆڕستانێکی گەورەو گوندێک، یا شوێن نیشتەجێبوونێکی وەرزی، قەڵاکان جێگای

گەورەو سەرۆکی مادەکان بووە کە ئاژەڵ و مەرو ماڵاتەکانیان لەوێوە ئەنارده گەرمیان و کوێستان.

ئەو قەڵایانە شێوەی ساختمانێکی ناقوڵاو چوارگۆشە لەگابەردو بەردی ڕێك نەخراوو دیواری پان و ناقوڵایان هەبوو.

مل کەچ کردنی مادەکانی خۆراوا بۆ ئاشوورییەکان

دانیشتوانی خۆراوای ئێران بۆیەکەمجار لەساڵی ٨٣٤ی پێش عیسادا ناویان کەوتە لاپەڕەکانی مێژووەوە، هەر لەو ساڵەدا بوو کەشەلمانەسری سێهەم، کەلەناوچەی زاگرۆسدا شەڕی ئەکرد، مایدەشتی تالان کردو وێرانی کرد ئەوشای ئاشوورییە لەساڵنامەکەی خۆیدا باسی ئەوە دەکا کە سەرانەی لە بیست و حەوت (خان)ی پارسەکان وەرگرتووە: (لەسەر خاکی مادەکان... لەسەر خاکی (ئەرزیش) و(خەرخەر) نیشتمەوە، چی جەنگاوەریان هەبوو هەمووم لەناوبردن چی سامانیان هەبوو هەمووم بەتاڵان برد).

ناوی خەرخەر (خڕ خورە. وەرگێڕ)* چەند جار لەباسی شەڕەکانی دوایی ئاشوورییەکاندا هاتووە، دەبێ ئەو شوێنە لەلای خۆرهەڵاتەوە سنووری دەسەڵاتی ئاشوورییەکان بووبێ لەناوچەی ناوەندیی زاگرۆسدا، تیگلات پیلسەری سێهەم خۆی بەخاوەنی ئەوێ داناوە، بەتەواویش شوێنە کە نازانرێ کوێیە. دوور نیە لەبەشی ناوەندی خۆرهەڵاتی مایدەشتدا بووبێ، ئەو شوێنەی کە مادەکان هەڵیان بژاردبوو بۆ نیشتەجێبوونی خۆیان لەناو دانیشتووە کۆنەکانی ناوچەکەدا (ئیلیپی)یەکان.

مادەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە کەوتبوونە ژێر زەبرو زەنگی ئاشوورییەکان هەم وەك خاوەن مەڕو ماڵات و هەم وەك بازرگان، کاروباریان لەبرەودا بوو، ئەو سەرانەیەی کە ئەیاندا بە ئاشوورییەکان بەزۆری گاو مەڕو ئەسپ بوو، چەند دانە حوشتریشیان دەدانێ، ئەو حوشترانە کە مادەکان بۆ بازرگانی ڕایان ئەگرتن و ئاشوورییەکانیش بۆ باروبنە گواستنەوەی هێزە چەکدارەکانیان بەکاریان ئەهێنان. لێرەوە دەزانین کە لای کەمی بەشێکی ئەم بازرگانییە لەگەڵ ئێرانییە خۆرهەڵاتییەکاندا لەڕێگای ((شاڕێی خۆراسان))ەوە ئەنجام دراوە، کە ئەوان لەنێو ئەو نەتەوانەدا بوون لە ناوچەی زاگرۆس نیشتەجێ بووبوون و ((پیرۆزە))یان بۆ ئاشوورییەکان کۆئەکردەوە.ئەو ((پیرۆزە))یەی کە (ئەسەرهەدون) (٦٨٠ _ ٦٩٠) بە چاکترین بەرهەمی خاکی مادەکانی دائینابوو، سەرچاوەی سەرەکی ئەو پیرۆزەیەش دەبێ شاخە درەوشاوەکانی ناوچەی (باکتریا)ی دوور دەست بێ.

بڵاوبوونەوەی زەردەشتی لەناو مادەکاندا بەهۆی بازرگانییەوە.

گرنگی ئەم بازرگانییە لە مێژووی زەردەشتیدا ئەوەیە کە ناوچەی (باکتریا)ی ژێردەسەڵاتی ئارياییەکان وەك بنکەیەکی دێرینی ئایینی زەردەشتی ناسراوە. دوورنیە لەسەرەتادا،

لەهەمان ڕێگاوە کە (پیرۆزە)ی پیاداهێنراوە بۆ مایدەشت، ئایینی زەردەشتیش گەیشتبێتە خۆراوای ئێران، بۆ ئەو دانوستان و بازرگانی کردنە شاری ((رەگ)) ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ (رەی)و کەوتووەت باشووری تارانەوە.بازاڕێکی سەرسنووری سروشتی بووە. گوندێکی دێرینی پێش مێژوو، وەك (سیالك)کە کەوتووەتە سەر شاڕێی خۆراسان و لەژێر دەسەڵاتی مادەکاندا بووەو ئەو ناوە ئێرانییەیان بۆ داناوە کە بە مانا بناری کێوە. وادیارە (راگا) دوایین سنوری لای خۆرهەڵاتی خاکی مادەکان بووەو شوێنێکی گونجاو بووە بۆ بەیەك گەیشتنی کاروانە حوشتری خۆرهەڵات و خۆرئاوا کە لەوێ باروبنەیان خستووە بۆ کڕین و فرۆشتن. گرنگی ئەم شوێنە کە لە سەردەمە مێژووییەکاندا هەر بەردەوام بووە هەربەهۆی ئەوەوە بووە.

لەو زانیارییانەی دەسمان کەوتووە لەم جۆرە بازرگانیانەی شوێنەکانی ترەوە، بۆمان دەرئەکەوێ، کە بازرگانانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەو شارەدا کاروانسەرایان دروست کردووەو توانیویانە کەل و پەل و کاڵاکانی خۆیان لەوێدا هەڵبگرن و لەکاتی خۆیدا بیفرۆشن.

ڕێی تێدەچیو دوور نیە بازرگانانی ئێرانییە خۆرهەلاتییەکان بەلای کەمەوە لەسەدەی هەشتەمی پێش عیساوە هاوڕێ لەگەڵ خزمەتچیو پیاوە ئایینییەکانی خۆیاندا لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بووبن. ئەمانە یەکەمین گروپێکی زەردەشتی بوون کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی مادەکاندا ڕێ و ڕەسم و ئەرکی ئایینییان بەجێ هێنابێ. لەمێژووی ڕۆژگاری دواتردا وا دەرئەکەوێ کە بیروباوەڕو ڕێو ڕەسمی ئایینی ئەوان وردەوردە لەنێو دانیشتوانی مادی شارەکەدا سەرنج ڕاکێش بووبیو کۆمەڵێك لە باوەڕداران بە ئایینی زەردەشتی لەوێدا پەیدابووبن. ئەو شاری (راگا)یە بۆ مادەکان گرنگییەکی وا پەیدا دەکا کە پیاوانی ئایینی زەردەشتی تەنانەت لە سەردەمی هەخامەنشییەکانیشدا، ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە گۆیا خودی زەردەشت لەو شارەدا هاتووەتە دنیاوە. ئەوەش کە بووبووە بەڵگە لەسەر قسەکانیان، دەقێکی پیرۆزی (وەندیداد)ە. لەم دەقەدا ناوێك هاتووە هاوڕیشەیە لەگەڵ ناوی بەشی خۆرهەڵاتی ((رەغا))، ئەوان دەڵێن مەبەست لەم (رەغا)یە هەر هەمان شاری مادەکانە کە نازناوی (زەردەشتی)شیان لێنابوو و دەیان گوت زەردەشت خاوەنی ئەو شارە بووە. لەگەڵ سوودمەندیو کاریگەری ئەو دەقە پیرۆزەدا ڕێی تێدەچێ لەلایەکەوە ئایینی زەردەشتی زۆر لە کۆنەوە لە (رەگا) جێپێی خۆی قایم کردبیو لەلایەکی تریشەوە، موبەدە زەردەشتییەکان لە ناوچەی خۆراوادا بە چاوی بنکەی سەرەکی ئایینەکەی خۆیان سەیریان کردبێت.

## پەیدابوونی پاشایەتی مادە خۆرهەڵاتییەکان

ئایینی زەردەشتی وردەوردە لەناو تیرەکانی ماددا، کە دەبوا جگە لەو پەیوەندییە

ڕەگەزییەی کە هەبوو لەناویاندا، چەند خاڵێکی هاوبەشی تر بیبەستنایەتەوە بەیەکەوە، بڵاوبوویەوە. خێزانە ناسراوو دیارەکانیان دستیان کرد بە ژن و ژنخوازی لەگەڵ یەکترداو کورو کچیان دەدا بەیەکتر.

پیاوە ئاینییەکانیان (موغ)ەکانیان، وادیارە لەیەك تیرە بوون. چونکە هەموو ساڵێك بۆ ئەنجامدان و بەجێهاوردنی ڕێو ڕەسمی ئاینی، نوێنەری هەموو تیرە مادەکان، لەناو جەرگەی خاکی ماددا، لە بەغستان (بێستونی ئێستای کرماشان) لەگەڵ یەکدا کۆدەبوونەوە، ئەو شاخە پرشکۆیەی کەوتبووە کەناری شاڕێی خۆراسانەوە لەنیوەی ڕێگای مایدەشت و دەشتی هەمەداندا. کەل و پەلی بازرگانی خۆرهەڵات پێش ئەوە بگاتە دەستی ئەو مادانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەکاندا بوون، دەبوا لەو ناوچانەوە گوزرە بکا کە لەژێر دەسەڵاتی مادە سەربەخۆکاندابووە لە ئەنجامدا یەکێك لە سەرۆکی تیرە مادەکانی مایدەشت لە ساڵی (٧١١)ی پێش عیسا یەکەمین پاشایەتی مادەکانی لەناو مادە خۆرهەڵاتییەکاندا ڕاگەیاند، کەوا دیارە ئەو کەسە لە خێڵی بەهێزی (دیاکو) بوو و خۆی ناوی هۆخشترە بوو کە یۆنانییەکان بە دیوکس ناوی دەبەن. خزمەکانیشی لەگەڵ (مانین)ەکانداکە کەوتبوونە باکوری مایدەشتەوە پەیوەندییان هەبوو، هەروەها لەگەڵ پاشایەتی ئورارتوکاندا (ئەرمەنستانی دواتر) کە لە دەورروبەری (٨٤٠)ی پێش عیسادا، بەهێزێکی گەورە دادەنران و پاشتر بەدەستی سەرگونی دووهەم لەناوبران.

سەرگون یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی دیاکۆی دوورخستەوە بۆ سوریا بە بیانووی، ئەوەوە کە لەگەڵ ئورارتوکاندا سەروساختی هەیە. دوور نیە کە سەرگون ترسی ئەوەی هەبووبێ، ئەمیش وەك هۆخشترەی مادەکانی ناوچەی خۆرهەڵات، سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێ.

پاش گەڕانەوە لە سوریا بەهۆی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سیاسیو کارامەییو لێهاتوویی خۆی لە بەڕێوەبردنی کاروباردا، بە سەرپەرشتی، یا پاشایەتی خۆی، یەکیەتیەکی لە تیرە و خێڵە مادەکان پێکهێناو ئەکبەتانای (هەمەدانی ئەمڕۆ) کردە پایتەختی ئەو شانشینییە.

بەگوێرەی قسەکانی هیرودوت، ئەو شایە چەند شوورەیەکی قایم و کۆشك و عەمباری لەبەرد دروست کرد لە سەر شێوازی بیناسازی ئورارتوکان. کاریگەری ئورارتوو ئاشوورییەکان، لە سەر هونەرو دەزگای بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم شانشینییەدا، بە جوانی ئاشکرایە، هەر وەها ئەو شانشینە بۆ پەرەپێدان و گشتگیرکردنی لایەنی نوێو تازەی شارستانیەت و پێشکەوتن لە باری داراییەوە دەسکورت نەبووە.

پارسەکان لە (ئەنشان)دا

لە باشووریشدا پارسەکان کە لەگەڵ گاو گوێرەکەو مەرو ماڵاتەکانیاندا لە ناو عیلامیەکاندا بڵاو بوو بوونەوە، ئەوەندەی

ئەبرد کە دەستیان گرد بە سەر شانشینی ئەنشاندا، ئەو ناوچەیەی کە بەشی باکوری پارێزگای فارس ی ئەمڕۆ دەگرێتەوە. دەڵێن ئەم ناوچەیە لە رۆژگارێکدا ناوچەرگەی ناوچەیەك بووە کە شارستانیەتی کۆنی عیلامییەکانی تێدا خەملیوە. بەلام پایتەختی پێشووی ئەو ناوچەیە (ئەنشان) پێش هاتنی پارسەکان وێران بووە. پێدەچێ لە سەدەی هەشتەمی پێش عیسادا، بنەماڵەی هەخامەنشی یەکان دەسەلاتی حکومەتی ئەنشان یان گرتبێتە دەست و تیرەو خێڵەکانی تری پارسی یان مل کەچی خۆیان کردبێ و عیلامییەکانیشیان خستبنێتە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە، پاش ئەوە ناوچەکەیان ناونا (پارسوماش) یا (پارسە).

وا دیارە هەخامنشی یەکان، لە عیلامییەکانی پێش خۆیانەوە گەڵ شتیان بە میرات بۆ مابوویەوە، تا رادەیەك سیستمی دەوڵەتییان پاراست و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان سوودیان لە میرزاو کارمەندە عیلامییەکان وەرگرت و لە گەڵ عیلامییەکانی خۆراوادا کە پایتەختەکەیان لە شاری (شوّش) دابوو پەیوەندی سیاسی یان هەبوو.

فەرمانڕەوایانی ئەم شانشینی عیلامییە لە سەدەی حەوتەمی پێش عیسادا بە هۆی ئەوەوە کە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە هێرشیان دەکرێتە سەر، داوای یارمەتی و کۆمەکی لە پارسە جەنگاوەرەکان دەکەن.

نیشانەیەکی بچووك بەلام لە بەر چاو، بۆ کارتێکردنی شارستانیەتی عیلامی لە سەر پارسەکان، دەتوانین لەوە وە بەدی بکەین کە وەجاخزادە پارسەکان جل و بەرگ و پۆشاکی عیلامییەکانیان لەبەر ئەکرد، ئەو کراسە قۆڵ فش و فوڵە دەرەدامانە لە گەڵ پۆشاك و جل و بەرگی ئاسایی ئێرانییەکاندا کە هی سواری بوو و بە زۆریش بریتی بوو لە شەرواڵ و چاکەتێکی تەسك زۆر لە یەك جیاواز بوون. دەڵێن ئەو جۆرە پۆشاکە کە پی ی دەگوترا (جلو بەرگی مادەکان)، تەنیا لە کاتی شەڕکردندا دەیان کردە بەر.

لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەم پارسانە لە شەڕخوازی‌و جەنگجۆییدا بە ناوبانگ بوون بە قسەی هیرودوت، مل کەچی خەشتریتەی دووەمین پاشای مادەکان بووبوون. ئەو کە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش عیسادا هاتبووە سەر تەختی پاشایەتی، تەنیا بەوە رازی نەبوو هەر حوکم رانی و فەرمانڕەوایەتی مادەکان بکات، لەبەر ئەوە هێرشی کردە سەر پارسەکان و مل کەچی کردن بۆ مادەکان و ماوەی سەد ساڵ باج و سەرانەیان ئەدا پێیان و بە تەواوی کەوتبوونە ژێر دەسەلات و کاریگەری ئەو خزمە دەوڵەمەند و بە هێزو توانا ترەی خۆیان.

مادەکان، سکاکان و لە ناوچوونی ئیمپراتۆرییەتی ئاشووری.

لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پێش عیسادا هێرشەکانی دوو تاقمی جەنگخوازی ئەسپ سواری ئێرانی لە ناوچەی باکوورەوە بۆ خۆراوای بیابانی ئێران روویدا، سەرەتا (کیمری)یەکان لە خۆراوای قەوقازەوە پاشان

(سكا)كان لە خۆرهەڵاتی هەمان شوێنەوە هێرشیان هێنا. (سكا) تالآنچییەكان بە درێژایی سەدەی حەوتەمی پێش عیسا لە ئورارتوو زاگرۆس و نێوان دوو رووبارەكە، چەند كیان و قەوارەیەكی دەوڵەتی ناتەواویان پێكهێنا.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەسەرحەدوونی ئاشووریشدا خشتریتە بۆ ماوەیەكی كەم توانی یەكیەتییەك لە نێوان مادو مانا و سكاكان پێك بێنێ لە دژی ئاشوورییەكان. بەڵام لە ساڵی ٦٧٢دا (ئەسەرحەدون) توانی بە جۆرێك دەسەڵاتی ئاشوورییەكان بسەپێنێ بە سەر ناوچەی ئاشووردا، كە نۆ تیرەی گەورە لە ناوچەی زاگرۆس، لە ناویاندا مادەكان ناچار بكا ملكەچی ببن و سەرانەی بدەنێ، پاش ئەوە بە ماوەیەك سێ شازادەی مادەكان بۆ روو بەڕوو بوونەوە لە گەڵ ناحەزانی خۆیاندا داوای گۆمەك و یارمەتییان لە ئەسەرحەدون كرد، ئەویش كۆمەكی كردن و ئەوانیش لە سەر ملكەچی و سەرانەدانی خۆیان بەردەوام بوون.

دەڵێن خشتریتە لە شەڕێك لە گەڵ ئاشوورییەكاندا كوژرا، هۆخشترەی دووهەم، یا بە قسەی یۆنانییەكان (كیاكساراس) بوو بە شای مادەكان و لە جێگای ئەودا دانیشت ئەو شایە رابەرێكی ئازاو كارامە بووە. هیرودوت دەڵێ یەكەم كەس بووە سوپای مادەكانی رێك خست و كردنی بە چەند دەستەی جیاوازەوە، وەك دەستەی تیرهاوێژان، رم بە دەستان، سوارە، هەر لە سەردەمی پاشایەتی ئەو دابوو كە دوایین شای گەورەی ئاشوورییەكان، ئاشوور بانیپاڵ (٦٦٨ - ٦٢٧) لە ساڵی ٦٥٩ی پێش عیسادا بۆ دوایین جار، بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوەو سەركوتكردنی مادەكانی خۆراوا لەشكركێشی كردە سەریان. بە قسەی خۆی خاكی (٧٥) شاری مادەكانی بە توورەكە بێژاوەتەوە، لەوە پاشتر، زیاتر كاتەكانی خۆی بە شەڕەشۆڕ لە گەڵ دوژمنی دێرینی ئاشوورییەكاندا، واتە عیلامییەكان بە سەر برد. لە نێوان ساڵەكانی ٦٤٢ - ٦٣٩ زنجیرە شەڕێكی بەرپا كرد كە ئەنجامەكەی وێرانی و كاول بوونی ئەو وڵاتە بوو كە لە (شووش)ەوە بەڕێوە دەبرا، خۆی دەڵێ:

هەموو وڵاتەكەم داگیر كرد، وێرانم كرد، كاولم كرد، بە ئاگر سووتانم)، لەم لەشكر كێشییەدا پەلاماری شانشینی خۆرهەڵاتی (ئەنشان) پارسەكان ،نەدرا. بەڵام لە ساڵی ٦٣٩دا كورۆشی هەخامەنشی (كورۆشی یەكەم)، بۆ دڵنیابوون و بە مەبەستی خۆپاراستن (ئەروكو)ی كوڕە گەورەی خۆی لە گەڵ دیاری و سەوقاتێكی زۆردا، رەوانەی دەرباری ئاشووری كرد لە نەینەوا.

پاش مردنی ئاشوور بانیپاڵ (كیاكسارس)ی شای مادەكان، پەیمانێكی بەست لە گەڵ بابلییەكاندا دژی ئاشوور، پەیمانێك كە مادە یاخی بووەكانی خۆراواش بەشدارییان كرد تێیدا، دوای بەستنی ئەم پەیمانە، لە ساڵی (٦١٤)ەی پێش عیسادا، كیاكسارس لە گەڵ سكاییە هاوپەیمانەكانیدا هێرشیان كردە سەر ئاشوورییەكان و شارەكەیان داگیر كرد. پاش

ئەوە بە دوو ساڵ مادەکان لە گەڵ بابلیەکاندا بە یەکەوە شاری نەینەواو نەمرودیان داگیر کرد و تالانیان کرد. سکاییە تالانچییەکان کە هاوبەش بوون لەم سەرکەوتن و تالان کرنەدا، سەردەمێکی وەحش:گەرییان دەست پێکرد کە بیست و هەشت ساڵی خایاندو لە ئورارتو کە پێشتر بە دەستی ئاشووریەکان وێران کرا بوو، نیشتە جێ بوون و دەستیان کرد بە ئازاردان و زیان گەیاندن بە نەتەوەکانی دەوروبەریان. وەك هیرودوت باسی دەکا ((دلڕەقی و خۆ بە گەورە زانینی ئەوان بوو بە هۆی وێرانی و نابوود بوونی هەموو زەوییەکانی دەوروبەریان، ئەمانە نەك سەرانەیان لە هەموو کەس وەردەگرت بەڵکو ڕێیان بکەوتایەتە هەر شوێنێك تالانیان ئەکرد، هەر وەها لە ساڵی (٥٩٠)دا (ئالیاتە) لیدیاییەکان یەکیان گرت لە دژی مادەکان و دەسکرا بە شەڕ، شەڕەکە ماوەی پێنج ساڵ درێژەی کێشا، لە ئەنجامدا مادەکان ڕێکەوتن لە گەڵ لیدیاییەکاندا. لە سەر ئەوەی ڕووباری ( هالیس) لە ئاسیای ناوەڕاستدا بکرێتە سنووری نێوانیان و سکاکان ڕاونران بۆ شوێنی خۆیان لە باکوری دەریای ڕەش و ئورارتو و کاپار دۆکیا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی مادەکانەوە .

پاشایەتی مادەکان و پەیوەندی زیاتر لەگەڵ زەردەشتییەکاندا

هیرو دوت دەڵێ : ئەو بەری ڕووباری هالیس بەسەر تەواوی ئاسیادا فەرمانڕەوایی دەکرد ئێمە ئاگاداری ئەوە نین کە پاشایەتی ماد لە خۆرهەلاتدا تا چ شوێنێك درێژ بووەتەوە و دەسەلاتیان گەیشتۆتە کوێ ، بەلام دوور نیە ئەو مادە جەنگاوەرو چەکدارانە کە لە شەر و شۆڕی ناوچەی خورئاوادا ئەزموونێکی تەواویان بەدەست هێنا بوو تا یۆیان کرا بێ دەسەلاتی خۆیان سەپاندووە بەسەر اری خۆراسان و ئەو بازرگانییە بەسوودەی کە لەو ڕێگایەوە دەست ئەکەوت . لە لایەکی ترەوە ئەو سەرکەوتنە خێرایەی کوروشی گەورەی پارسەکان بەدەستیهێنا لە داگیرکردنی ناوچەی خۆرهەلاتدا پاش ئەوەی کەشکستی بەمادەکان هێنا نیشانەی ئەوەیە کە ئەو شوێنانە پێشتر لە ژێر دەسەلاتی مادەکاندا بووە و دوور نیە ( ئاستیاك ) ی کوڕی کیاکسارس کە دوای مردنی باوکی لە سەر تەختی شایەتی دانیشتبوو فەرمانڕەوایی کردووە بەسەر ئەو شوێن و نەتەوانەدا کە ئایینی زەردەشتی یان پەسەند کردبوو ئەمە جگە لەوەی کە هاوشان لەگەل بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ داگیرکردنی شوێنەکان و بەستنی پەیمانی بازرگانی و دۆستایەتی ، ژن ، ژن وخوازیش هۆیەك بووە بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانیان ، لەبەرئەوەی دوور نیە لەو سەردەمەدا کچانی وەجاخزادە و ناودارانی خۆرهەلات ڕێیان کەوتبێتە ناو بنەماڵەی شازادە و ناودارانی خۆرئاواوە و ئایینی زەردەشتی یان لەگەڵ خۆیاندا بەدیاری هێنابێ ، بەم شێوەیە ، ئەو ئایینەی کە تا ئەو کاتە لە ناوەندی بازرگانی ( ڕەگا) دا وردە وردە درەوشابوویەوە ، پەیڕەوانێکی زۆری لە ناو بنەماڵەی وەجاخزادە و ناودارەکانی خۆرئاوای ئێراندا دۆزییەوە .

# ناز خاتونی کچی ئەمیری کوردستان

میژوو نووسێکی کورد

## سەرەتا

هەرکات کتێبێکی بیانی دەربارەی کورد دەخوێنییەوە ، چ هی عەرەب بێ چ هی عەجەم ( مەبەست لە عەجەم غەیرە عەرەبی خۆرهەلات و خۆرئاوایە ) ئەوەت ئەدەن بە چاوا کە کورد لەمەوبەر نە دەوڵەتی بووە ، نەحکومەت ، نە ئالایەکی هەڵکردووە و، لەم سەردەمەدا بە زۆری زۆردارەکی خۆیان بەستووە بە ( ماد ) ەوە .

لە وەلام دا بۆ نووسەرانی عەرەب ئەنووسم بەر لە ئیسلام ، ئێوە شا نازی بەدوو سەرداریەتی (مەنازرە) و ( غەساسنە) وە دەکەن کە چەند عێلێکی ژێر دەستی ( ساسانی) بوون و (روومان) .هیچ کام لەم دوو سەرداری‌یە، نە ژمارەیان نە پێوانەی سنووریان بە ئەندازەی دەوڵەتی (شاهی‌نی) یا ( حەسەنەوەیهی ) یا (عەییاری ) یا ( دۆستەکی ) وە یا عێلاتی کۆچەری ( هەزەبانی ) یا (حەمیدی) نەبووە ، کەچی دەربارەیان سەدان کتێبی مێژوویی دانراوە ، ( بیانی ) مەگەر بۆسوێن ، ناوی حکومەتێکی کوردیان بردبێ ، (( حەمە رەزا) ی شاهەنشای ئێران ، کەنازناوی ( ئاریا میهر) ی بەخۆیەوە نا ، ( یا بریبیان بە بالایا ) گەورە ترین ئاهەنگی سازکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی هەخامەنشی ، کە لە سەر کولۆکۆی (ماد) دامەزرا ، زانایانی مێژووی کۆکردەوە کە سەدەها وتاریان نووسی دەربارەی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی ئێران ، بەلام مەیدانی نەدا کە یاد لە ١٨٠ ساڵ شاهەنشاهی ( ماد ) بکرێت ، ئەو ( ماد ) ەی کە ساڵەهای ساڵ لە نەبەردا بوو ، بەرامبەر ئیمپراتۆریی ئاشووری تا خاکی بە توورەکە بێژا ، هەروا دەربارەی (سکا )کان ... کە قڕی تێ خستن ، لەم ئاهەنگی ٢٥٠٠ ساڵەدا مێژووزانێکی پیرەمەردی زەردەشتی کۆنە جولەکە (پورداوود ) ئامادە نەبوو ئەو کاتێ کەمێژوونووسان کۆڕیان بەستبوو ، بۆ باسی ٢٥٠٠ ساڵە ، بە توورەیی کۆڕەکەی بەجێ هێشتبو چونکە ناوی ( ماد ) و ١٨٠ ساڵ ئیمپراتۆریەتی ( ماد) یان نەدابوویە قەڵەم ووتبوی : ئیمپراتۆریەتی ئێران (ماد) دایمەزراندووە ، نەك هەخامەنشی ،( کورش ) بەخیانەت داگیری کردووە ، من لە خیانەتی وەهادا هاوبەشی ناکەم ، گۆ یا شای ئێران لەوەبەر خیانەتێکی تری کردبوو ،دەستوری دابو ، بەکراندنی ئەو بەشەی ، بەردەنووسەکەی سەر تەختە بەردی چیای بێستوون ( بغ استان ) ی کە بە ( ماد ) ی نووسرابوو ، گەرچی دێرینەپشکنەران دیاری‌یان بۆ ئەم باسە نەکردووە ، بەلام لە (تەورات ) دا ( داریوش ) بە ( ماد ) دراوەتە قەڵەم نەك هەخامەنشی ، ( سەرنجی تەورات کتێبی دانیال بەشی شەشەم بدەن .. ) کە

ئەم باسەم بەر گوێ کەوت ، چوومە دیدەنی (پرۆفیسۆر پور داوود ) و لەباتی هەموو کوردی ، نەتەوەی ( ماد ) سوپاسم کرد ئنجا وتی : (( تۆلە هەمەدان چەند مانگ مایتەوە ؟ وتم : هەشت مانگ : وتی : نزاکەی پادشای (ماد )ت خوێندەوە ؟ وتم بەڵێ : لە خوابگاکەی ( ابو علی‌سینا) نیگارێکم بینی بە چیری ( خەتی) کۆن تەرجمەکەی بەم حۆرە بوو: ( خوایە ئەم وڵاتە بپارێزی لە درۆ ، لە درم ، لە برسێتی ) وتی: بەداخەوە خوانزاکەی ئەوی جێ‌بەجێ نەهێنا تا ئێستا درۆکردن ، و ساختە ، وەك ئاو خواردن وەهایە ، ساڵەهای ساڵ لە هیندستان ، لای موغان دەرسی کتێبەکانی ئاشو زەردەشتم خوێند ، تا توانیم کتێبەکان ئامادە و چاپ بکەم و ئاینی زەردەشتی لە ئەفسانە و پڕو پوچی (کاهینان ) ڕزگار بکەم ، ئێستە چەند کەسێك دێن ، مەتنە زەردەشتی‌یەکان بە قەیچی (مەقەص ) ئەبڕن و بە فارسی‌یەکەی خۆیان ڕاڤە و بەرسڤەی لە سەر ئەنووسن .

جا واز لە سەرەتا بهێنم بچمەوە سەرباسی (نازخاتونی کچی ئەمیری کوردستان ) لە لاپەرە ( ٥٦ ) ی کتێبی ( مطلع السعدین ) نووسینی ( کمال عەبدالرزاق سەمەرقەندی ) لە باسی ساڵی ٧٢٤ ك= ١٣٢٣ مەسیحی ، ئەم ناوەم بەرچاو کەوت ، پێم خۆشبوو ، بە ناوی (( کەڵە ئافرەتی )) کورد بیناسێنم بە کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد ، با ئەوەش دەربڕم من هەمیشە وشەی ( ئافرەت ) م پێ باشترە لەوشەی ( ژن ) ئەم وشەیە لە ( ئافەریدە) وە هاتووە کە دەکات ( خالقە) ی عەرەبی ، دروستکار وا دیارە یونانی‌یەکان لە سەردەمی ( ئەسکەندەر ) بە دواوە ، ئەم وشەیەیان گواستۆتەوە بۆ یۆنان کردوویانە بە (ئافرودیت ) هەندێ لە زانایان و نووسەرانی کورد بە هەڵە ، بە هەزار نقەجڕێ وشەکەیان بردۆتەوە سەر تورکمانی ( ئارواد ) و عەرەبی ( عەورەت ) لەگەڵ ئەوەشدا کە ( عەورەت ) لە عەرەبی دا هەرگیز ( ئافرەت ) نیە ، بەڵکو شتی پۆشراوە ، کە نابێ دەرکەوێ ئێمە کە فەقێ بووین لە ( فەتح القریب ) دا خوێندمان (عورة الرجل مابین فخذه و سرته ، اما عورة المرءة فماعدا وجهها و کفیها ) هەر لە سەر ئەم بناغەیە دەبێ ( ئافرەت ) جگە لە دەم و چاوو هەردوو لەپی تامەچەکی بپۆشێ لە کاتی کار و پیشەدانەبێ بەلأم لە دەورانی سەلجوقی و مەغول دا ( پەچە ) ( ڕوپۆش ) بە زۆر بەسەر ژناندا سەپێنرا ، کە هەرگیز شتی وەها هی ئاینی ئیسلام نیە.

ئەم باسە ، تێچەن بوو بە یادما هات کە باسی بکەم .خێوی ( مطلع السنین ) هەر ئەوەندەی وتووە: ( نازخاتونی کچی ئەمیری کوردستان) من لام وایە دەبێ ئەم کچە میرزادەیە کچی سلێمان شای هەیوانی بێ کە پایتەختەکەی (بەهار ) ی لای هەمەدان بوو ، ئەمیر خەلیل کوڕ ی بەدری خورشید)ی لە شەوا کوشت ، پاشان ( بەدر الدین ) مەسعوودی برای خەلیل سکاڵای بردە لای مەنگوتا ، مەغول ، کە هۆلاکۆ شاڵاوی کردە سەر بەغدا ، ئەم بەدرالدین مەسعودە هێزێکی پێك هێنا شاڵاوی کردە سەر سلێمان شای پادشای کوردستان ، کوشتی و ماڵ و منداڵی تالأن کرد و بەسەر خزمەکانی خۆیدا بەشی کردن ، جا من لام وایە ئەم نازخاتوونە کچی سلێمان شایە و ئەمەش داستانەکەیەتی : -

لە پاو مانی پادشایەتی ( سوڵتان محمد خدابەندە )) دا - کە لەوە بەرناوی (ئولجایتوخانی کوڕی ئەرغون خانی مەغول )

بوو و لە ساڵانی ٧٠٣ – ٧١٦ = ١٣٠٢ – ١٣١٦ زا ) یەکێ بو لە پادشایانی مەغۆلی داگیر کاری – ئێران – کوردستان – ئەنادۆڵ – عێراق ) لەم سەردەمەدا لە شاری (هەمەدان) ( قاضی محمد ) ناوێ هەبوو ، خەطیبی شاربوو لە سەر زەوی و زار و پایە و دەسەلاَت لەگەڵ دەستەی خاوەن دەسەلاَتی هەرێمەکەدا نێوانی ناخۆش و ناکۆك بوو ، لە دڵی خۆیا بریاری دابوو هەوڵ بدا بە سەر غەنیمەکانی دا ( منافس ) زاڵ ببێ و موڵك و زەوی و زارەکانیان داگیر بکات ، بەخت یاریدەی دا لە ناو تۆمار و کاغەزە کۆنەکانا قەواڵەیێکی دۆزیەوە هی ( ناز خاتونی کچی ئەمیری کوردستان ) بوو ، هەر کە ئەم قەواڵەیەی دۆزیەوە ،دەرووی ساختە و فێڵ بازی لە ڕوویا کرایەوە ، لەم کاتەدا ( ئەمیرچوبان کوڕی مەلیك تودان بە هادور ) کەیەکێ بوو لە سەردارەکانی ( سوڵتان محمد خدابەندە و پاش ئەو هی سوڵتان ، ئەبو سەعیدی کوڕی) ( قاضی محمد ) چووە لای و کەوتە هەواڵ و ڕاپۆرت نووسین و لە نامەیەکا نووسی : (کاتێ کە هۆلاکۆ خانی مەغول ) بریاری دا شالاَو بکاتە سەر بەغدا ، ئەو حەلە داگیر کردنی ولاَتی کوردستانی سپارد بە باوکت (مەلیك تودان بەهادور ) جا باوکت هەموو ولاَتی کوردستانی داگیر کرد و خاکی بە تۆوڕەکە بێژا سەر و ماڵی خەڵکەکەی بە تاڵان برد ، لەو حەلەدا (( نازخاتوون ) بەرتاڵانەکەی باوکت کەوت ، جا بەپێی یاسای داگیر کاری سامان و ئەملاك و ناو ماڵی ئەو خاتونە کە لە باوکییەوە بە کەلەپور بۆی بەجێ ماوە هەمووی هەقی باوکی تۆیە ، لەئەوەوە بۆتۆ بە کەلەپور ماوەتەوە )) ئەمیر چوپان کە ئەم هەواڵ و ڕاپۆرتەی بیست ، زۆری پێ خۆش بوو ، کەوتە ئارەزووی داگیر کردنی ئەو سامان و ئەملاکانەی سەر بە (نازخاتون ) بوو لە (قەزوین ) ەوە تا ( خەرقان ) تا ( هەمەدان ) تا ( کوردستان) – کە مەبەست کوردستانی ئەردەلاَنە– هەمووی داگیر کرد ، ئنجا فەلا و جوتیار و کێشا وەرزەکان کە لە ژێر دەستی دەرەبەگدا هاتبوونە تەنگ هەموویان سکالاَیان بردە لای ( ئەمیر چوپان ) بۆ ڕزگار کردنیان ، بێ ئاگا لەمەی کە ( شندە لەمندە ) کەمترنیە ، کەوتنە ددان پیانان و درکاندن کە هەموو ولاَتەکە هی ( نازخاتوون )ە و دەرەبەگ هەلیان بۆ هەڵکەوتووە ، داگیریان کردووە ، سەدان قەواڵەی تری ساختەیان بە ناو ( ناز خاتون)ەوە هێنا بۆ ( ئەمیر چوپان ) قاضی فەتوای بۆ دا ، کە ئەم سامان و موڵکانە بۆ ئەمیر چوپان لە شیری دایك حەلاَڵ ترە ، ئەمیر چوپان کەوتە ڕاو ڕووت ، فەلا و جوتیار لە کار کەوتن ، برسێتی و گرانی تەشەنەی کرد قات و قری رووی دا ، مەردم کەوتنە سکالاَ ناچار ( خواجە عەلی ) شای وەزیری سوڵتان ئەبو سەعید بە هادور خان ) هەرێمێکی لە ئاسیای بچوك بە بیست هەزارسکەی زێڕ فرۆشت بە ( ئەمیر چوپان ) و ناردی بۆ ئەوێ و کوردستان لە دەس ئەمیر چوپان ڕزگار بوو ، ٠ (قاضی محمد ) وەك کەرەدێز هەم تۆپینی خۆی و هەم مردنی خێوی بە چاو دی ، جا جوتیار و کیشاوەرز پەنجەی پەشیمانیان گەزی و لە سادەیی خۆیان پەشیمان بوونەوە و کەوتنەوە سەر کار و باری خۆیان و سەنگەساری قاضی.

# کوردەکانی عێراق

نووسینی : س.ج. ئێدمۆندز
لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی : سەلمان عەلی

-١-

کوردستان ئەونیشتمانە یە کە کوردەکان وەك کۆمەڵگەیەکی هاوڕەگەز تیایدا نیشتەجێ بوون ، ئەم خاکە لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراقدا دابەش کراوە و چەند بەشێکی کەمی بەر سوریا و یەکیەتی سۆڤیەت کەوتووە ، سنوورەکانی لەگەڵ هیچ سنورێکی نێودەوڵەتی یان دابەشکردنی کارگێڕی خۆجێیەتی دا یەکناگرنەوە.

سنووریکوردستانی عێراق ، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە، بە سنوورەکانی تورکیا و ئێران کۆتایی دێت ، لە کاتێکدا دانیشتوانی هەردوو دیوی هێڵەکە بە گشتی کوردن ، لە باشووری ڕۆژئاواوە ، سنوورێکی نەژادی خۆجێیی ، کەم و زۆر ، بە درێژایی هێڵی ئاسن لە سنووری سووریاوە بۆ شاری ( موسڵ ) ی سەر ڕووباری دیجلە و ، لەوێوە بە هێڵێکی ڕاست بەرەو ( مەندەلی ) ی سەر سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە ، بەم جۆرەش ، کوردەکان لە چوار لیوا دا کۆدەبنەوە ، کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ویلایەتی موسڵیان پێکدەهێناو ، بریتین لە: موسڵ (٣٥٪) لە کۆی گشتی دانیشتوانی ، هەولێر (٩١٪) ، کەرکوك ( ٥٢٪) و لیوای سلێمانی ( ١٠٠٪) و ،هەروەها زۆرینەی ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی پێکدەهێنن ، جگە لە کورد، چەند گوندێکی مەسیحی نشین لە باکور و ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و ، نزیکەی ( ١٠٠٠٠ دەهەزار ) ئاشووری لە ناوچە بەندەکانی هەرێمی ئامێدی دا نیشتەجێ بوون ، هەروەها چەند کۆمەڵەیەکی ئاوەکی ( جالیە) ی تورکمان ، کەم و زۆر ، بە درێژایی ڕێگەی موسڵ ، بەناو هەولێر وئاڵتون - کۆپری و کەرکوك وکۆیەدا بەرەو بەغدا بلاو بوونەتەوە ، ڕۆژئاوای موسڵیش زۆربەی دانیشتوانەکەی ئێزدین ، کە لە لایەن خەڵکەوە ، بە هەڵە، بەشەیتان پەرستەکان ناسراون ، لەگەڵ

ئەمانەشدا ، چەند ناوچەیەکی دابڕاوی کوردان ، کە دیارترینیان شاخی سنجارە ، لە دەرەوەی ئەو سنوورە بەدی دەکرێن.

بە پشت بەستن بە ئاماری ساڵی ( ١٩٤٧) ، دەتوانرێت ڕێژەی دانیشتوانی کوردی عێراق بە نۆسەد هەزار کەس و ، نزیکەی ( ٢٠٪) ی دانیشتوانی ، وڵات مەزەندە بکرێت ، هیچ ئامارێك بۆ کوردستانی ئێران لە بەردەستدا نییە ، بەڵام ژمارەیەکی هاوشێوەی ژمارەی سەرەوە ، دەشێ بەڕاست وەربگیرێت ، ئاینی زۆرینەی کوردەکانی عێراق و تورکیا و سووریا ئیسلامی سوننییەو ، ڕێبازی دەروێشی ( سۆفێیەتی)، لە هەموو پارچەکاندا پەیڕەوان و شوێنکەوتووانی بەرچاوی خۆی هەیە .

شارەگەورەکانی سلێمانی بە گشتی و هەولێر بە زۆری کوردن ، ئەو شارۆچکانەش کە کورد هەموو یاخود زۆرینەی ، دانیشتوانەکەیان پێکدێنێ بریتین لە : خانەقین ، کفری ، کۆیە ، ڕەواندوز ، ئاکرێ ، ئامێدی ، دهۆك و زاخۆ ، هەروەها شاری کەرکوك ، هەرچەندە تێکەڵەیەکی فرەڕەگەزە ، بەڵام کوردێکی زۆری تیادا دەژی . چینی ڕۆشنبیر و خاوەن کار و خاوەن زەوییەکان لە شارەکاندان و ، ژمارەیەکیشیان لە بەغدا ((دەرەوەی کوردستان )) نیشتەجێ بوون. گوند نشینەکان لە دەرەوەی شارەکاندا نیشتەجێ بوون ، خێڵە کۆچەریەکان کە زوو ژمارەیەکی زۆریان پێکدەهێنا ، ئێستە تەنها ڕێژەیەکی کەم پێکدێنن. لە ڕاستیدا هەرچەندە هەموو گوندنشینەکان سەر بە خێڵ وهۆزەکان نین ، بەڵام بە کردەوە ، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی شارەکاندا دەشێ بووترێت ، بە شێوەیەکی سەرەتایی ، خێڵایەتی (عشائریی) یەو ، لە هەندێ گونددا جۆرێك لە هەستی دەرەبەگایەتی لە لای خاوەن زەوییەکان یان شێخی یەکێك لە ڕێبازە دەروێشییەکان یاخود ئاغای خێڵەکان ، کەڕێی تێدەچێ بە زۆر خۆیان بەسەر گوندەکاندا سەپاندبێت بەدی دەکرێت سەرەڕای بەهێزبونی بەردەوامی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو بڵاوبوونەوەی خوێندەواری ، گوندنشینەکان بە شێوەیەکی نا سروشتی ، بەردەوام ملکەچی دانی ئەو باج و خەراجەبوون ، کە لە کۆنەوە وەکو نەریتێك دانرابوون و پشتیوانی یاساییان نەبوو ، هەر بەو هۆیەشەوە خانەدانەکان ، بە تایبەتی ئەو ئاغایانەی کەمافیان بەزەوییەکانەوە نەبوو ، دەیانتوانی لە پۆست و ئاستەکانیاندا بەردەوام بن و پارێزگاریان لێ بکەن ، بەڵام پێکهاتەی دێرین و لە مێژینەی کۆمەڵایەتی ، لە هەندێ ناوچەی وڵاتدا ، بەرەو هەرەس هێنان دەچێت.

سنووری باشووری خۆرئاوای کوردستانی عێراق زۆربەی بەدەشتەکاندا تێپەڕ دەبێت ، بەڵام بەرەو باکووری خۆرهەڵاتی هێڵەکە ، خاکەکەی بە خێرایی دەست بەبەرز بوونەوە دەکات ، سەرەتا لە شێوەی گردۆڵکە و ،

